MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

PDF4Kurd

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# ئاگری هەوەس

# ئاگری هەوەس

نووسینی

زوهرە قیرائی

وەرگێڕان

موتەلیب حەمەدەمین سەنگەسەری

هەولێر - ٢٠٠٨

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- ئاگری هەوەس
- نووسین: زوهرە قیرائی
- نووسین: موتەلیب حەمەدەمین سەنگەسەری
- نەخشەسازی ناوەوە: طـه حسین
- پیتچنین: موتەلیب سەنگەسەری
- بەرگ: موراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: (٢٦٧٣)
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٣٢٦)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

(( ئاگری هەوەس )) با ڕۆمانێکی چنراوی خەیاڵیش بێت، ئەوەندە لـە واقیعـەوە نزیکە، نەبێتەوە! تەنانەت هەر لاباس و بەسەرهاتێکی، ئاوێنەیەکی گەشـی بەرانبـەر واقیع ڕاگیراوە و، هەڵسوکەوتی تراژیدیی و کۆمیدیی ئینسانی تێدا دیاری دەدات...

خوێندنەوەی بۆ هەموو کوڕ و کچێکی کورد، بە تایبەتی بۆ کچان کارێکی زۆر پێویستە، بۆ هەرچی زیاتر بەرچاو ڕوون بوونەوە و، پتر ڕاسـت و چـەپی خۆناسـین؛ چونکە ڕێنوێنێکی چاکی ڕەوشت بەرزیی و مرۆڤایەتییە و، کەمتر لـەو بابەتـە لـە کتێبخانەی کوردیدا شت نووسراوە، یان وەرگێڕراوە.

**مستەفای سەید مینە**
**مامۆستای کۆلێژی زمان/ قەڵادزێ**
**٢٠٠٧/٧/٢٦**
**سەنگەسەر**

# ئاگری هەوەس

کزە بایەکی ساردی پاییزی بە دەم و چاوم دەکەوت. بە دڵەڕاوکێ و ترسەوە هەنگاوم هەڵدێنا. چەندە لەو کۆڵانە چۆڵە بیزار بووم، کە لەم کاتەی بەیانیدا وەك ڕێگەی سەرلێشێوان و گومڕایی تاریك دەهاتە بە چاو، لە دڵدا داوام لە خوا دەکرد کە دووبارە نەیەتەوە سەر ڕێگەم و ڕێگەم پێ نەگریت و بە قسە پڕوپوچە بێ ماناکانی ئازارم نەدات. بڕیارمدا کە هەنگاوەکانم خێراتر بکەم کە لەناکاو لە دواوەی خۆم گوێم لە دەنگی بوو.

بە شێوەیەکی ناشیرین گوتی: ((سڵاو، خانمی خانمان، وەك هەموو ڕۆژێ لەکاتی خۆیدا هاتی. ئەی بابە، لە کۆتاییدا تۆ هەر ناتەوێ لوتفێ بە من بکەی! من کە هیچ شتێکم لە جەنابت ناوێ، تەنها یەك دەقە ڕاوەستە و سەیرم بکە. هیچ نەبێ پێم بڵێ من هیچ عەیبێکم هەیە؟)). هەنگاوەکانم خێراتر کردن. بە هەمان شێوە دووبارە بەدوام کەوت و گوتی: ((ئاخر قسەیەك بکە، دە جنێویکم پێ بدە)) بیرم لەوە دەکردەوە پاشماوەی ڕێگاکە ڕابکەم. بەڵام تا من دەستم بە ڕاکردن کرد، ئەو لە دواوە جانتاکەمی توند گرت. هەر هێندە بەخۆم زانی کەوتمە سەر زەوی. دەستی بۆ یارمەتی من درێژ کرد و بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەوە گوتی: ((دەبێ بمبووری نەمدەویست بکەوییە سەر زەوی)). تووڕەیی و بێزاری سەراپای لەشمی داگرتبوو. لەناکاو دەنگی زللەیەکی بەهێز منی ڕاچڵەکاند، کە سەیرم کرد {سیامەك} لەسەر زەوی کەوتبوو. ((مەگەر تۆ خوشك و دایکت نییە ڕێگە بە کچی خەڵك دەگری؟!)) سیامەك لە کاتێکدا، کە هەوڵی دەدا خۆی لە سەر زەوییەکە ڕاست بکاتەوە و خەریکی ڕۆیشتنبوو دەستێکیشی بە جێگەی ئەو زللەیەوە گرتبوو کە بە ڕوومەتییەوە



دیار بوو. ڕووی لە پیاوە گەنجەکە کرد و گوتی: بەتۆ چی؟! بۆ تۆ وەکیلی خەڵکی؟! لە سەر قسەکردن بەردەوام بوو: خوشکمە!)) پیاوە گەنجەکە بە تووڕەییەوە گوتی: خوشکتە، درۆزن؟ من هەموو شتێکم بە چاوی خۆم بینی. ئەگەر جارێکی دی لەم کۆڵانە بتبینم لەوە خراپترت بە سەر دێنم. ئێستا زوو بڕۆ ملت بشکێنە)). سیامەك لە کاتێکدا کە خەریکی ڕۆیشتن بوو ڕووی لە پیاوە گەنجەکە کرد و گوتی: ((وا بیردەکەیەوە کە بەو ئاسانییە دەتوانی پاروو لە دەستی خەڵکی بڕفێنی؟ خەیاڵت خاوە، جارێکی دی لەگەڵ هاوڕێکانم دێم ئەو کاتە پێت دەڵێم: ((پووت چەند کیلۆیە)). هەموو ئەو ڕووداوانە لە ماوەیەکی کورتدا تێپەڕین، هاتمەوە سەر خۆم. لە کاتێکدا کە لە سەر زەویەکە هەڵدەستامەوە نیگام کەوتە سەر ئەو پیاوە گەنجەی کە بۆ یارمەتیم هاتبوو. ئەو پیاوێکی زۆر گەنج، باڵا بەرز و خاوەنی لەش و لارێکی ڕێك و دەموچاوێکی جوان بوو. لەوانەیە ئەگەر ئەوم لە جێگەیەکی دیکە دیتبا قەت بیرم لەوە نەکردبایەوە کە یارمەتی خەڵکی بدات. بە خێرایی کتێبەکانمی بۆ خڕکردمەوە و چاوێکی لە من کردو گوتی: حاڵت باشە؟ هیچ شتێکت بەسەر نەهاتووە؟

- سوپاس، باشم.

- بۆ قوتابخانە دەچووی؟

- بەڵێ.

لەو کاتەی کە جانتاکەمی دایەوە دەستم گوتی: دەتەوێت تا ئەو جێگەیەی کە مەبەستتە لەگەڵت بێم؟

- نا، زۆر سوپاس. تۆ زۆر زەحمەتت کێشا.

- بە هەرحاڵ تا سەری کۆڵان لەگەڵت دێم.

- نا، ئەگەر ڕوخسەتم بدەی بە تەنیا دەڕۆم. ماڵمان لەو نزیکانەیە نامەوێ دراوسێکانمان بە هەڵە لە من تێبگەن.

- بەڵێ، تێگەیشتم. بەڵام ببوورە من پێشتر دەڕۆم. خواحافیز.

- خوات دەگەڵ. دووبارە سوپاست دەکەم. دوای ئەو خێرا دوور کەوتمەوە.

لە هەموو چرکەکانی ئەو رۆژەدا بە تەواوی بیرم لەلای رووداوەکەی ئەو بەیانییە و ئەو گەنجە بوو. هەر چەندە هەوڵم دەدا لە بیری خۆمی بەرمەوە، بەڵام بێ سوود بوو. شەو لە سەر مێزی نان خواردن دووبارە خەیاڵ بردبوومییەوە. لە دەنگی باوکم بە ئاگا هاتمەوە کە دەیگوت:

– کچم {حۆرا} شتێك رووی داوە؟ ئەمرۆ شتێکی ناخۆش هاتۆتە رێت؟ شتێك ئازاری داوی؟

– نەخێر، بابە، چ بووە تۆ بەم شێوەیە نیگەرانی؟!

– ئاخر لەوەتەی لەسەر مێز دانیشتووی بەردەوام لە داڵغە دای و بێدەنگبوویی!

هەروەها دایکیشم بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی باوکم گوتی:

– بەڵێ باوکت ڕاست دەکات کچی خۆم، تۆ هەموو کاتێك کە لە قوتابخانە دەهاتییەوە ماڵەوە لە ورد تا درشت هەموو رووداوەکانی قوتابخانەت بۆ دەگێڕاینەوە، بەڵام ئەمرۆ زۆر بێدەنگی!.

– ئاخر دایکە هیچ شتێکی تایبەتی رووی نەداوە کە شایەنی باسکردن بێت. تەنها تۆزێك سەرم دیشێ.

دایکم نیگەرانییەوە گوتی: هەمووی ئیشی ئەوەیە کە زۆر دەرس دەخوێنی و لە سەر قسەکەی رۆیشت و گوتی: حەبێکی ئارامبەخشت بۆ بێنم؟

– نا، دایە، بنووم باشترە.

– دەی کەوایە زوتر برۆ بنوو. لە کاتێکدا کە خەریکی کۆکردنەوەی هەوری نان خواردنی ئێوارە بوو، گوتی: ئەو شەو پێویست ناکات سەعی بکەی.

– بە سەرچاو دایکە، شەوت باش، لە سەر مێزی نان خواردن هەستام. لە ژووەکەی خۆم لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشابووم، بەڵام خەوم لێ نەدەکەوت. هەر کاتێك چاوەکانم لەسەر یەك دادەنا وێنەی ئەو پیاوە گەنجە دەهاتە پێش چاوانم. سەرم لەوە سوڕمابوو کە بۆچی بەو شێوەیە ئەو گەنجە بیر و هۆشمی مەشغوڵ کردبوو. لەو رووداوە بەتەواوەتی نیگەران ببووم. بۆ ئەوەی ئەو شتە لە مێشکمدا نەهێڵم بڕیارمدا کتێب



بخوێنمەوە. بۆ لای کتێبەکانم چووم، یەکێکیانم هەڵگرت و تا من کتێبەکەم کردەوە، دەرگای ژوورەکەم کرایەوە، دایکم بە پەرداخە شیرێکەوە هاتە ژوورێ، بە شێوەی گلەیی ئامێز گوتی: ((قەرار نەبوو ئەم شەو دەرس نەخوێنی؟!)).

– ئاخر، دایکە من ئەم ساڵ کۆنکۆرم هەیە، ئەگەر دەرس نەخوێنم دەرناچم.

– یەکەمیان، بە شەوێکی چ نابێ. دووەمیش ئەوەیە کە من دڵنیام تۆ دەبی بە یەکەمی هەموو ئەو قوتابیانەی کە ئەم ساڵ بەشداری لە کۆنکۆردا دەکەن! ئەو هەموو سەعی کردنەی تۆ بۆ کەسانێکە کە هۆش و توانا و زیرەکیان بەقەد تۆ نەبێ، تۆ کە هەموو نمرەکانت بیست لە بیستە، نابێ خەمی کۆنکۆر بخۆی! دەستبەجێ کتێبەکەی لە دەستم دەرهێنا و منی بردە سەر قەرە وێڵەی نووستنەکەم، من کە تاقەتی قسە کردنم نە بوو، لە بەرانبەر دایکم بێ دەنگ بووم.

رۆژی دواتر دووبارە لە کاتی نزیکبوونەوە بە هەمان کۆڵان، کەوتمەوە شڵەژان و دڵە کوتێ. دڵی خۆم دەدایەوە بە شێوەیەك کە دەمگوت: ((ئیتر ئەمرۆ ناوێرێ بێتە سەر رێگەم و رێگەم پێ بگرێ.))، بەڵام کاتێك چوومە ناو هەمان کۆڵانی دوێنێ، لێدانەکانی دڵم خێراتر بوون. گەیشتبوومە نێوەڕاستی کۆڵانەکە، دووبارە دەنگە ناخۆشەکەی{سیامەك}م لەپشت دارێکەوە گوێ لێبوو.گوتی:

– سڵاو خانمە بچوکەکە، بە خێرایی لە پشت دارەکە هاتە دەرێ و خۆی گەیاندە من. دوێنێ هیچ جێگەیەکت ئازاری نەبوو؟

لەناکاو دەنگێکی پیاوانەم لە دواوەی خۆم گوێ لێبوو. گوتی:

– دەتەوێت من جوابی سەلامەکەت بدەمەوە؟!

{سیامەك} سەیری دواوەی کرد و هەوڵیدا کە ڕابکات. رووی لە من کرد و گوتی: ((ئیتر ئێستا تۆ بۆ خۆت پاسەوانی تایبەتیت گرتووە، هەموو کاتێك ناتوانی پاسەوانەکەت لەگەڵ خۆتدا بێنی. بابۆت بێنێ تا ئەو رۆژەی کە بە تەنیا دەبی.))

بۆ لای دەنگەکە گەڕامەوە، بەهەمان شێوەی دوێنێ بە نیگایەکی دڵڕفێنەوە.

– سڵاو، زۆر سوپاس. دووبارە لە کاتی خۆیدا گەیشتی.

- سڵاو، ڕێگاکەم لێرەوە تێدەپەڕێ.

- بەڵام، بۆچی تاکو ئێستا من تۆم لێرە نەدیتووە؟!

- ئاخر تازە ماڵمان هاتۆتە ئەم گەڕەکە. تۆ هەموو ڕۆژێك لەم کاتە بێرەدا تێدەپەڕی؟!

- بەڵێ، زۆر زووە دەزانم، بەڵام دەبێ لە کاتی خۆیدا لە قوتابخانە بم.

- باشە تۆ کە ئەو کێشەیەت هەیە لە کاتی دیاریکراودا مەیە کەمێك زووتر یـان درەنگتر وەرە.

- نابێ چونکە من هەموو ڕۆژێك لە کاتی دیاریکراودا لە ماڵ دێمە دەرەوە و لـە کاتی دیاریکراودا بۆ ماڵەوە دەگەڕێمەوە. ئەگەر زووتر یان درەنگتر بێمە دەرەوە دایك و باوکم هەست دەکەن کە کێشەیەکم بۆ دروست بووە و نیگەرانی من دەبن. نامەوێت ئەوان لەبەر خاتری من نیگەران بن.

- وا دیارە کە تۆ دایك و باوکت زۆر خۆش دەوێت.

- بە بڕوای من هەموو کەسێك هەر وایە.

- بەڕاست لە بیرم چوو بۆوە، کە تۆ ناتـەوێت کـەس بتبینـێ کـە لەگـەڵ پیـاوی بێگانە قسە دەکەیت خواحافیز.

- دووبارە سوپاست دەکەم. خوا ئاگادارت بێت.

ئەوە هەفتەیەك لەم ڕووداوە تێدەپەڕێت. ئیتر من بە دیتنی ڕاهاتووم. ئەمڕۆ شـەممە بوو دووبارە لە کاتی دیاریکراوی خۆی لەوێ بوو. بە هێواشی سڵاوم لێ کرد، دواتر ئـەو وەڵامی دامەوە و هات بۆ لام و گوتی: ((دەمویست پێت بڵـێم کـە ئـەم هەفتەیـە مـن دووشەممە و چوارشەممە نایەم، چونکە دەرسم نییە)) بە سەرسوڕمانەوە لێم پرسی:

- بۆچی تۆ ناچییە قوتابخانە؟

- لە کاتێکدا کە خەندەیەك هاتە سەر لێوەکانی بە هێواشی گوتی:

((بەڵێ، بەڵام قوتابخانەی گەورەکان)).

- واتە تۆ خوێندکاری زانکۆی؟!

- بەڵێ، بۆچی، لێم ناوەشێتەوە؟!



- باشە بۆچی نا، لێت دەوەشێتەوە. بەڵام تۆ بە درێژایی هەفتەی ڕابردوو هـەموو ڕۆژێك دەهاتی، پێم وابوو تۆش قوتابی مەکتەبی.

- هەفتەی ڕابردوو لەبەر ئەوەدەهاتم تاوەکو ئەو کوڕەی ڕێگەی پێدەگرتی، ئازارت نەدات و، ڕێگەت پێ نەگرێ.

بەڕاست! لەو کاتەوە نەهاتۆتەوە سەر ڕێت؟

- نەخێر، نەهاتۆتەوە سەر ڕێگەم، بەهەر حاڵ زۆر مەمنوونی تۆم.

- تکا دەکەم، کارێکم نەکردووە. باشە خواحافیز.

- خوات دەگەڵ.

سێ هەفتە بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی کە ئەوم تێدا بینی بوو.

ئەمڕۆ دوای چاك و چۆنی و هەواڵپرسییەکی کورت، کتێبێکی دامێ.

- ئەمە کتێبی چییە؟

- پرسیاری عەرەبییە.

- زۆر سوپاس، بەڵام ناتوانم لێت وەربگرم.

- بۆچی، مەگەر کتێب شتێکی خراپە؟

- نا، خراپ نییە. بەڵام هەست دەکەم کارێکی باش نییە و، لە هەمانکاتدا باوەڕ ناکەم کە بەکەڵکم بێت، ئاخر من بیرکاری دەخوێنم.

- دەزانم، هەر بە هۆی ئەوە کتێبی پرسـیارەکانی عـەرەبیم بـۆ هێنـای. چـونکە زۆربەی ئەوانەی کە بەشەکەیان بیرکارییە عەرەبییەکەیان لاوازە.

- تۆ لە کوێ دەزانی کە بە شەکەی مـن بیرکارییـە. ئـەی چـۆن دەزانـی کـە ساڵی کۆتاییمە؟!

- من هەموو شتێك سەبارەت بە تۆ دەزانم. بـۆ نموونـە نێـوی تـۆ {حـۆرا}یـە نازناوی بنەماڵەکەتان ((نازمی)) یە. تەمەنت حەڤدە ساڵە ئیشی باوکـت کارمەنـدی پلە بەرزی........ یە دەتەوێت ناونیشانی ماڵەوەشتان بدەمێ؟

لە كاتێكدا كە بەسەرسوڕماونەوە سەیرم دەكرد. شێوازێكی تووڕەبوونم لە خۆمدا نیشاندا و زۆر بەڕاستی پێم گوت:

– تۆ لە كوێ ئەم شتانە دەزانی؟ كێ پێی گوتویی؟

– زۆر بە ئاسایی و بە بێ ئەوەی خۆی تێك بدات، گوتی: پرسیارم كردووە.

– ئاخر لەبەر چی؟

– خۆ دەبێ بزانم كە من لەگەڵ چ كەسێك هاوڕێم.

– بە توانج لێدانەوە گوتم: كەواتە تۆ دەبێ ناونیشانی هەموو ئەو كەسانە بزانی كە لەگەڵ تۆ لە ناو كۆڵان و بازاڕدا هاوڕێن؟

– نا، هەموویان نا، تەنها ئەوانەی كە بایەخیان بۆم هەیە.

– دەتوانم بپرسم گرنگیی  من لە چ ڕوویەكەوە بووە؟ من بە هیچ شێوەیەك حەزم لەو كارەی تۆ نییە.

– كەواتە زۆر بە داخەوەم، بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەكەت بزانی...............لەوانەیە ڕۆژێك بتوانم تۆ هەڵبژێرم.

– هەڵبژاردن بۆچی؟

– بە ڕاستی نازانی بۆچی؟ بۆ هاوسەرگیری!!

لەو قسەیەی كە كردبووم هەم تەریق بوومەوە و هەم تووڕەبووم. لە كاتێكدا كە لێدانەكانی دڵم خێراتر ببوو، هەوڵمدا كە خۆم جددی و بێ مەیل نیشان بدەم بە شێوازێك كە پڕ بوو لە ڕق و كینە و بە وشكییەوە گوتم:

تۆ بە هەڵەداچووی، من بیر لە شووكردن ناكەمەوە. دەمەوێت لەسەر خوێندن بەردەوام بم.

– باشە شووكردن خۆ هیچ دژایەتییەكی لەگەڵ خوێندندا نییە، یەكەم جار شوو بكە، دواتر لەسەر خوێندن بەردەوام بە.

لەبەر ئەوەی كە زۆر بە ئاسانی قسەكانی دەكرد، بە هیچ شێوەیەك كەیفم پێنەهات. لە كاتێكدا كە نێوچاوانم گرژ كردبوو گوتم: هەست دەكەم كە ئەم باسە پەیوەندی بە خۆمەوە هەبێ.



– بەڵێ باش، تۆ ڕاست دەكەی من زۆر بەئاسانی و بە بێ پەردە قسەم كرد...

لە بەرانبەر قسەكانیدا بێ دەنگ بووم و لە سەر ڕۆیشتن بەردەوام بووم. بەدوامدا هات و گوتی ئێستا ئەم كتێبەم لێ وەرناگری؟

– نەء پێویستم پێ نییە.

– تكات لێ دەكەم لێم وەرگرە. كتێب هیچ گوناهێكی نییە. دەزانم كە بۆ تۆ زۆر بە سوودە.

من پێشتر سوودم لێ وەرگرتووە، زۆر بەكارم هات.

– بەڵام ئیتر بە هیچ شێوەیەك وەریناگرم.

– وەریگرە چی دیكە ناز مەكە، بە ڕاستی من داوای لێبووردن دەكەم. بەڵێن دەدەم ئەم قسانەی پێشتر دووبارە نە بێتەوە.

لە بەرانبەر تكا و پاڕانەوەكەی نەمتوانی خۆم ڕاگرم. كتێبەكەم لێ وەرگرت و پەڕەكانیم هەڵدەدایەوە. بە شێوەیەكی پێكەنین و توانجدارەوە گوتی: دڵنیابە هیچ نامەیەكی تێدانییە. پێكەنیم و سوپاسم كرد. وەك جاری جاران خواحافیزی لێ كردم و لە پێش مندا ڕۆیشت.

كاتێك كە گەیشتمە ماڵەوە، یەكسەر چوومە ژوورەكەم و زنجیری جانتاكەمم كردەوە و كتێبەكەم دەرهێنا. لە سەر بەرگی كتێبەكە نووسرابوو (عەلی ڕەزا هۆشمەند)، لە دڵی خۆمدا گوتم هەر نەبێ ناوی خۆی و ناوی بنەماڵەكەیم زانی. بە هەمان شێوە كە پەڕەكانی كتێبەكەم هەڵدەدانەوە، تاكو بزانم كتێبێكی چۆنە لە سەرووی یەكێك لە لاپەڕەكان چاوم بەژمارە تەلەفۆنێك كەوت. لە تەنیشت ژمارەكە هیچ ناو و نازناوێك نەنووسرابوو. لە دڵی خۆمدا گوتم: ((ناكا ئەمە ژمارە تەلەفۆنەكەی بێت!)).

شادی و خۆشییەكی بێ وێنە سەراپای لەشمی داگیركردبوو. ویستم بڕۆم تەلەفۆن بكەم لە كاتێكدا نەفرینم لە خۆم كرد و لە دڵی خۆمدا گوتم: ((كچی گەمژە. ئاخر ئەوە چ كارێكە كە دەتەوێت بیكەی؟. لەوانەیە هەرگیز ئەمە ژمارە تەلەفۆنی ئەو

نەبێ. ئێستا ئەگەر ئەمە ژمارە تەلەفۆنی ئەویش بێت، بەو کارەت لە نەفس بەرزیت کەم دەکەیتەوە، ئەو وابیر دەکاتەوە کە تۆش هەر وەك ئەو کچانە وای کە بێ ئەسڵ و نەسەبن و لۆتی سەر جاددەکانن کاتێك کە تەکسی هۆڕنیان بۆ لێ دەدات یەکسەر لەگەڵی سەر دەکەون.

ئابڕوو و شەرەفت بپارێزە، وەك هەموو کات هەموو پیاوێك وەك خاکی ژێر قۆندەرەکانت حساب بکە)).

ماوەیەك تێپەڕی، گێژ و هێژ ببووم لە ناکاو هێزێکی شاراوە منی بۆ لای تەلەفۆن برد، هەستم دەکرد خۆڕاگری و ئارام گرتن بێ سوودە. بۆ ئەوەی کە کارەکەم جێبەجێ بکەم گوتم: ((تەلەفۆن دەکەم، بەلآم قسە ناکەم، سەرەنجام لەو بەرزەخە خۆم ڕزگار دەکەم)).

به خۆشحاڵییەوە تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و بۆ ژوورەکەی خۆمم برد، هەستم دەکرد هەموو لەشم سووتاوە و گوێم لە لێدانەکانی دڵم بوو. لە کاتێکدا کە دەستەکانم دەلەرزین هەر وەك کەسێك کە بیەوێت تاوانێکی گەورە ئەنجام بدات. ژمارە تەلەفۆنەکەم لێدا. سەرم لە خۆم سوڕمابوو؛ چونکە هەر ژمارە تەلەفۆنێك کە یەك جار سەیرم کردبایە یەکسەر لەبەرم دەکرد، ئێستا بۆ ئەم ژمارە تەلەفۆنە، بۆ لێدانی هەر ژمارەیەکی هەموو جارێك سەیری ئەو ژمارانەم دەکرد کە لە سەر کتێبەکە نووسرابوون. لە کۆتایی ئەوەی کە ژمارەکەم لێدا دوای ئەوەی دوو جەرەس ڕۆیشت، خۆی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، چەند جارێك گوتی: ((ئەلو فەرموو))، بەلآم من وەڵامم نەدایەوە. دەتگوت تەلەسم کراوم. هەستم دەکرد کە دڵم لە قەفەسەی سینگم دێتە دەرەوە. بە خێرایی تەلەفۆنەکەم داخست.

هێشتا چەند چرکەیەك تێنەپەڕی بوو کە زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا. یەکسەر لەجێی خۆم دەرپەڕیم، بە پەلە تەلەفۆنەکەم هەڵگرت بە دەنگێکی پچڕ پچڕ گوتم: ((ئەلو فەرموو)) لە کاتێکدا کە پێدەکەنی گوتی:

((سەلام حۆرا خان، حاڵتان باشە؟!))



لە جێی خۆم وشکبوومەوە. ئیتر هیچ شتێك ناتوانم بڵێم. دەنگی خۆی بوو بەلآم ئەو ژمارە تەلەفۆنی ئێمەی لە کوێ پەیدا کردووە، دەمەویست قسە بکەم، بەلآم هەناسەکانم لە سینگمدا قەتیس مابوون کە نەمدەتوانی قسە بکەم، دووبارە دەنگیم بیست کە گوتی:

جوابی سەلامەکەم نادەیەوە؟ بە ڕاست بۆچی تەلەفۆنەکەت داخست؟!

هێزم دایە بەرخۆم و گوتم: تۆ، ژمارە تەلەفۆنی ئێمەت لە کوێ پەیدا کردووە؟

لە کاتێکدا کە پێدەکەنی گوتی: باشە هاتییە قسە. ئێستا گومانەکەم ڕاست دەرچوو.

گوتم : ژمارە تەلەفۆنی ئێمەت لە کوێ دەست کەوت؟

- من خۆ گوتم هەموو شتێك کە پێوەندیی بە تۆوە هەبێ دەیزانم، خۆت باوەڕت نەکرد.

- کارێکی زۆر ناشیرینت کرد، تکایە جارێکی دی تەلەفۆن بۆ ئێرە نەکەی.

- بە سەر چاو حۆرا خان، بە مەرجێك کە تۆش پێم بڵێی بۆچی تەلەفۆنت بۆ ماڵی ئێمە کرد؟

- باشە، هەر لە خۆڕا، من زۆر بزۆزم دەسکاری تەلەفۆنم کرد، من هەرگیز نەمدەزانی ئەو ژمارەیە ژمارە تەلەفۆنی ئێوەیە.

- زۆر باشە ئێستا کە دەزانیت. هەر کاتێك ویستت پەیوەندی بگری من خۆم تەلەفۆنەکە هەڵدەگرم.

- نا، من بە هیچ شێوەیەك ئەو کارە ناکەم، تکایە تۆش هیچیتر تەلەفۆن بۆ ماڵی ئێمە نەکەیت.

- بەلآم ئەوە تۆ بووی کە یەکەم جار تەلەفۆنت کرد. من ئەگەر ویستبام تەلەفۆن بکەم پێشتر دەم توانی، چونکە ژمارە تەلەفۆنی ئێوەم دەزانی.

بە تووڕەییەوە گوتم: تۆ زۆر فێڵبازیت، وەك مرۆڤی بەدکار لە پێشدا دانت ڕۆکردبوو.

- بۆ تۆ وا بیر دەکەیەوە کە نێچیریت؟

– ئەمە چ قسە یەکە کە تۆ دەیکەیت. من هیچ کاتێك لەو جۆرە بیرکردنەوانە دەربارەی خۆم ناکەم.

– بەڵام بۆ خۆت ئەم قسەیەت کرد.

– ئیتر زۆر تووڕەبوو بووم، بە تووڕەییەوە گوتم:

– من کارە نابەجییەکەی تۆم بەبێ ڕشتنی دانە هەست پێ کردبوو. خۆش بەختانە تۆ خوێندکاری زانکۆی، دەبێ لە مەبەستم تێ بگەی.

– لە کاتێکدا کە زۆر پێدەکەنی و گوتی: چەندە بەئاسانی تۆ تووڕەبووی.

ئەم قسەیە زۆر کاری تێ کردم، گوتم : نا، من زۆر ئارامم، بەڵام پێکەنینەکەی تۆ بەبێ هۆیە.

لە کاتێکدا کە ئاوازی قسەکانی هێشتا شێوەی پێکەنینی پێوە بوو گوتی:

– بەڵێ دەزانم. ئێستا دەکرێ دووبارە تەلەفۆنت بۆ بکەمەوە؟

– نەخێر. پێم گوت: هەرگیز نابێ.

– زۆر چاکە هەر چۆنێك کە تۆ پێت خۆشە با وا بێ. باشە ئەمرێکت نییە؟

– خواحافیز.

هەروەها ئەو دوای خواحافیزی تەلەفۆنەکەی داخست. دوای ئەوەی کە منیش تەلەفۆنەکەم دانا. لە خۆم تەریق بوومەوە. کە بە چ سادەییەك لە خشتە چووم. لە خۆم تووڕەبووم. بۆ تەنبێ کردنی خۆم، بۆ لای ئاوێنە چووم دە زللەی بەهێزم لە ڕومەتەکانمدا. بۆ لای پەنجەرە چووم پەنجەرەکەم کردەوە، سووتانەوەی پێستی ڕوومەتم هێشتا ئازاری دەدام. بڕیارمدا جارێکیتر هەرگیز بە گەڕەکەکەیاندا تێنەپەڕم.

بۆ ڕۆژی دواتر دیسان لە هەمان کۆڵاندا ئەوم بینی. بە ئارامی سەلامی کرد. جوابم نەدایەوە و لە سەر ڕۆیشتنم بەردەوام بووم.

گوتی: هێشتا تووڕەی؟

من هەر بێدەنگ بووم، دووبارە گوتی: ((داوای لێبووردنت لێ دەکەم لەوانەیە کارەکەم هەڵە بووبێ)).



کتێبەکەیم لە جانتاکەم دەرهێنا و لە بەرانبەریمدا ڕاگرت.

– بۆچی کتێبەکەم دەدەیتەوە، تۆ کە هێشتا نەتخوێندۆتەوە؟

– پێویستیم پێ نییە، زۆر سوپاس.

بە نیگەرانییەوە گوتی: ((کتێبەکە با بۆ خۆت بێت. ئیتر لێت وەرناگرمەوە، خواحافیز)).

بە پەلە ئەو ناوەی بەجێهێشت و ڕۆیشت.

لەو ڕۆژە بە دواوە نەمدیتەوە، لەو ڕۆژەوەی کە ئەو ڕێگەکەی خۆی گۆڕی بوو. هەستم دەکرد شتێکم ون کردووە. هەموو بیر و هۆشم لە لای ئەو بوو. لە کاتی کتێب خوێندنەوە بە هیچ شێوەیەك ئاگام لێنەبوو کە چی دەخوێنمەوە. بێنووم بە هەموو شتێك دەگرت خوڕەوشتم بە تەواوەتی تێکچوو بوو. دایك و باوکم هۆی گۆڕانی هەڵسوکەوتی منیان دەگەڕاندەوە بۆ زۆر دەرس خوێندن و فەزای داخراوی ماڵەوە. هەوڵیان دەدا من بۆ چیا و پارك و میوانی ببەن. بەڵام خۆم بە باشی هۆی نیگەرانی یەکەی خۆمم دەزانی. چوار هەفتە بە سەر ئەو ڕۆژەدا کە ئاخر خواحافیزی لێ کردووم تێدەپەڕێ. ئەمڕۆ بڕیارمدا بە بەهانەی وێدانەوەی کتێب تەلەفۆنی بۆ بکەم. بەو شێوەیە کە تەلەفۆنم بۆ کرد، خۆی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت:

– ئەلو فەرموو.

– ((سڵاو، کەمێك ڕاوەستام و گوتم: من حۆرام، تۆ باشی؟)).

– سڵاو، پێویستی نە دەکرد خۆت بناسێنی. خۆم دەنگت دەناسم. باشە حالت چۆنە. ئێمە نابینی باشی؟

– زۆر سوپاس، باشم.

– کەواتە دیارە، چونکە من نابینی بۆیە زۆر باشی.

– نا بەو شێوەیە نییە. بۆ ئەوە تەلەفۆنم کرد تا کتێبەکەت بدەمەوە.

– من خۆ پێم گوتی کە کتێبەکە وەرناگرمەوە.

- بەڵام من حەزناكەم كە كتێبێك پێوەندی بە منەوە نەبێ، لە لام بێت. من بە ئەمانەتم وەرگرتووە و پێویستە كە بیدەمەوە خاوەنەكەی.

- بەڵام من ئەو كتێبەم داوە بە خۆتان.

- جەنابی هۆشمەند! من حەز ناكەم شتێك بە زۆر لە كەسیك قبوولْ بكەم. بەس تكایە بەیانی وەرە و لێم وەرگرەوە.

- ئێستا كە وای لێهات، باشە، بە چاوان، بەیانی دێم لێت وەردەگرمەوە. بە ڕاست لە كۆتاییدا ئەو كتێبەت خوێندەوە؟

- بەڵێ خوێندمەوە.

- سوودت لێوەرگرت؟

- بەڵێ، كتێبێكی باش بوو. زۆر سوپاس كە وێت دام بیخوێنمەوە.

- تكا دەكەم.

- باشە كارێكت نییە؟

- وا زوو دەتەوێت تەلەفۆنەكە داخەی؟

- بەڵێ، ئەگەر ڕوخسەت بدەی؟!

- ڕوخسەتی ئێمە لە دەست تۆ دایە.

- باشە خواحافیز.

- خوا ئاگادارت بێت.

كاتێك كە دەسكی تەلەفۆنەكەم دانا هەستێكی باشم هەبوو. هەستم دەكرد كە باری خەمەكانم لە سەر سووك دەبێ. خەندە لە سەر لێوەكانم لا نەدەچوو بە شێوەیەك كاتێك دایكم بۆ بانگ كردنی نان خواردنی ئێوارە هاتە ژوورەكەم.گوتی:

بەهـ...بەهـ!! چەندە سەیرە دوای ئەو ماوە دوور و درێژە ئاخیری دیتمانی پێبكەنی، لەگەڵ كێ قسەت دەكرد كە بەو ئەندازەیە خۆشحاڵی كردوویی؟

گوتم: ((یەكێك لە هاوڕێكانم، زۆر قۆشمەیە. بە نوكتەكانی خەڵكی دێنێتە پێكەنین)).



بەیانی دووبارە لە هەمان كۆڵان دیتم. لە خۆشیان خەریك بوو باڵم لێ بڕوێن و بفرم. بەڵام خۆم كۆنترۆڵ كرد. سڵاوم لێ كرد و ئەو بە خەندەوە جوابی دامەوە. كتێبەكەم لە جانتاكەم دەرهێنا و بە سوپاسەوە وێم دایەوە. گوتی:

- پێویستە من سوپاسی تۆ بكەم كە سەرەنجام گەورەییت كرد و ئەو كتێبەت خوێندەوە، خۆ نێو پەڕەكانی بۆمبی تێدا نەبوو؟

بە پێكەنینەوە گوتم ((نا)).

- باشە ئەم ماوەیەت چۆن بەسەر برد؟

- مەبەستەكەی تێگەیشتم، بە ساردیی گوتم: ((وەك هەموو كاتێك، بۆ دەبێ چۆن تێ بپەڕێت؟)).

ئاهێكی هەڵكێشا و بە خەندەیەكەوە گوتی: ((هیچ، هەروا))، دوایە كتێبێكی لە بەرانبەرم ڕاگرت.

- ئەمە چ كتێبێكە؟ هەبێ و نەبێ ئەدەبیاتە!

- نەء، كتێبی پرسیارەكانی جەبر و هەندەسەیە. زۆر باشە. ئەگەر ناڕەحەت نابی بڵێم كە من سوودێكی زۆرم لێوەرگرتووە و زۆریش قەناعەتم پێیەتی.

- نا، كەواتە بێشك كتێبێكی زۆر باشە.

- زۆر بە كورتی و پوختی، پاش كەمێك ڕاوەستان گوتی: ((من بیركاریم خراپ نییە كاتێك كێشەیەك هاتە پێشت بۆ پرسیار حەل كردن، ئەگەر حەزت كرد، ئەوا تەلەفۆن بكە خۆشحاڵ دەبم یارمەتیت بدەم.

- زۆر سوپاس، كتێبەكە وەردەگرم، بەڵام باوەڕناكەم تەلەفۆنت بۆ بكەم.

- بە هەر حاڵ سوپاس كە كتێبەكەت وەرگرت.

- پێویستە من سوپاسی تۆ بكەم. ڕاستی لە زانكۆ بەشەكەت چییە؟

- ئەندازیاری كۆمپیوتەر، هەڵبەت زۆر گرانە.

- لە كام زانكۆیە؟

- زانكۆی............

- بەس وا دیارە نمرەكانت باش بوون.
- خراپ نەبوون، بۆچی؟
- هیچ هەروا، بەڕاستی خەریكە درەنگ دەبێ، خواحافیز.
- خوا ئاگادارت بێت.

شەو كتێبكەم كردەوە و پەڕەكانیم هەڵدایەوە، بەڵام هیچ شتێكی تێدا نە بوو. چەند پەڕێكم لێ خوێندەوە و چەند پرسیارێكم لێ شیكار كرد. یەكێك لە پرسیارەكان شیكاركردنی تۆزێك گران بوو. بەبێ ئەوەی كە هیچ بیر لە باسەكە بكەمەوە بۆ لای تەلەفۆنەكە ڕۆیشتم و ژمارەی ((عەلی هۆشمەندم)) لێدا ئەو زۆر بە ئاسانی جوابی پرسیارەكەمی دایەوە و شیكاری كرد. لەو شەوە بە دواوە كاری من ببووە تەلەفۆن كردن و پرسیار حەلكردن. بەڵام تەنها بۆ بیستنی دەنگی ئەو پرسیار شیكاركردنم كردبووە بەهانە. لەوە و بەدواوە خووم پێوە گرتبوو، بەردەوام تەلەفۆنم دەكرد. سەرەتا بەس دەربارەی پرسیار و نموونە قسەمان دەكرد، پاشان قسەكانمان بۆ لای كۆمەڵێك شتیتر ئاراستەی خۆیان دەگۆڕی.

شەوێكیان كاتێك لەگەڵ (عەلی ڕەزا) قسەم دەكرد. باوكم لە دەرگایدا. وامزانی دایكمە و شیری بۆ هێناوم، گوتم دایە وەرە ژوورەوە، كاتێك بینیم باوكمە خێرا تەلەفۆنەكەم داخست. باوكم گوتی:

- حۆرا لەگەڵ كەسێك قسەت دەكرد، لێم تێك دای؟
- دەستە وەستان گوتم: نا، كەسێك نە بوو، واتا گرنگ نە بوو. شتێك ڕووی داوە؟
- نەء حۆرا گیان، ڕوخسەت هەیە لەلات دانیشم؟
- بەڵێ باوكە فەرموو.
- باوكم لە سەر قەرەوێڵەكە لە تەنیشتم دانیشت. بە دەستێك دەستی گرتم و دەستەكەی دیكەی بە سەرم دادەهێنا و مووەكانمی نەوازش دەكرد. هەروەها زۆر لەسەرخۆ نێو چاوانی ماچ كردم. ماوەیەكی كورت تێپەڕی، بێدەنگییەكەی باوكم



ئازاری دەدام. چاوم بە دەفتەرێك كەوت كە بە باوكم بوو. هیچ كاتێك ئەو دەفتەرەم پێ نە دیتبوو، بە هێواشی لە باوكم پرسی:

- بابە شتێك بووە؟
- نا، خۆشەویستەكەم تكایەكم لە تۆ هەیە.

گوتم بابە پێم بڵێ، هەر كارێكت بوێت بۆت دەكەم.

- كاریگەری نابێ لە سەر دەرسەكانت؟
- نە خێر بابە، ئەمڕۆ پێنج شەممەیە من جومعە كاتم هەیە بۆ ئەوەی دەرسەكانم بخوێنمەوە. ئەگەر تۆ بتەوێت هەموو ڕۆژەكانی هەفتەی داهاتوو بۆ كارەكەی تۆ تەرخان دەكەم. ئێستا پێم بڵێ چییە؟
- زۆر سوپاس! داستانێكم نووسیوە، دەمەوێت تۆ بیخوێنییەوە و ڕا و بۆچوونی خۆتی لە سەر دەربڕی.

لە جێی خۆم دەرپەڕیم و بە خۆشحاڵییەوە گوتم: ((نەم دەزانی كە تۆ داستانیش دەنووسی)).

بە شێوازێكی زۆر سەیر گوتی: ((لە سەردەمی گەنجیمدا هەندێك جار دەستم دەدایە قەڵەم و داستان و چیرۆكی كورت و درێژم دەنووسین. هەڵبەت هیچ كات ئەوانەم وەهیچ كەس نەدەدان كە بیانخوێنێتەوە، تەنها بۆ دڵی خۆمم دەنووسین، بەڵام ئەمەی كە لە دەستمدایە حەز دەكەم كە تۆ هەر بیخوێنییەوە.

بە دەنگی بڵند گوتم: ((بابە ڕۆمانە؟)).

ئەو بەئارامی گوتی : ئەمە داستانێكی ڕاستەقینەیە كە من لە سەر پەڕەكانی ئەم دەفتەرەم تۆماركردووە. داستانی لە دایكبوونی خۆشەویستترین كەسی ژیانی منە! لەگەڵ دەربڕینی ڕستەی كۆتایی، بە چاو لێكردنیكی قووڵەوە سەیری منی دەكرد و حەپەسا بوو.

پەژارە و غەمێكی سەیرم لە دەنگ و نیگای باوكمدا هەست پێ دەكرد، دەفتەرەكەم لە باوكم وەرگرت، باوكم شەوباشی كرد و ڕۆیشت. بە شێوەیەك غەمی

باوکم کاری لە ڕۆح و لەشی منیش کردبوو. نیگەرانییەکی سەیر سەراپای لەشمی داگرتبوو. ئەمە چ داستانێکە کە باوکم بەو هەموو غەم و پەژارەیەوە نووسیویەتی!

دەفتەرەکەم کردەوە.

لە سەرەوەی دەفتەرەکە نووسرا بوو:

﴿بەناوی تۆ! کە دروستکەری هەموو بوونەوەری، خۆت گەورەی هەموو شتێکی﴾

﴿کۆمەکم کە، کۆمەکم کە، کۆمەکم کە...و، ﴾

- داستانی نووسراوی باوکم بەم شێوەیە بوو........

*********

تەکسی یەکی کۆن بە درێژایی یەکێك لە شەقامەکانی باشووری شار لە سەر ڕۆیشتن بەردەوام بوو. شۆفێرێکی زلەی قەڵەو لەپشت سوکانەکەی دانیشتبوو و (ئەحمەد کە بەژن و باڵایەکی بەرز و باریك و ڕێك و پێکی هەبوو لەسەر کوشنەکەی دواوە دانیشتبوو و پاڵی دابۆوە، چاوی لەو ناونیشانە دەکرد کە لە دەستی دابوو.

شۆفێر: کاکە ناونیشانەکە باش دەزانی؟

ئەحمەد: بە خوا من ماوەی چەند ساڵێکە لە دەرەوەی وڵات بووم، تازە بۆ ئێران گەڕاومەتەوە. ئەگەر ڕاستییەکەت دەوێ، من زۆر شارەزای گەڕەکەکانی تاران، بەتایبەتی باشووری شار، نیم.

- بۆیە کاکە گیان بە ڕەنگ و ڕوخسارت دیارە کە کاروباری تۆ لەگەڵ ئەم ناوچەیە، یەك ناگرێتەوە. ئێستا بۆچی دەتەوێت بەو شەوە بڕۆی بۆ ئەوێ؟ ئەگەر بە ڕۆژ بچی زۆر باشترە. باشە، زۆر زەرووره کە بڕۆی؟

- وەڵڵا ئەو شەو من کارێکی زۆرم هەیە. هەروەها نزیکی جەژنیشە. پێویستە کارەکانم خێراتر و زووتر تەواو بکەم. ئەگەر ئەم کارەم ئەم شەو نەکەم وەدوا دەکەوێ و درەنگ دەبێ.



- بەڵێ پێشینان گوتویانە: ((کاری ئەمڕۆ مەخە سبەی)).

- بەڵێ قوربان.

ماوەیەك بە بێدەنگی تێپەڕی پاشان شۆفێرەکە بە شێوازێکی زیرەکانە پرسی ((کاکە کارەکەت خێرە؟)).

- بەڵێ گیانە، کارێکی خێرە. چاوی لە ناونیشانەکە کرد کە لە دەستی دابوو.

شۆفێر: ژن مارەکردن لە گۆڕێیە؟ هەڵبەت ببوورە مەبەستم نییە خۆم لە مەسەلەکەت هەڵقورتێنم، بەڵام ئێمەی شۆفێری تەکسی خۆمان پێوە گرتووە کە قسە بکەین بۆ ئەوەی هەست بە ماندووبوون نەکەین.

ئەحمەد: بە بێ تاقەتی وەڵامیدایەوە: ((کاکە ئەمە ناونیشانی کابرایەکە کە کێشە و گیروگرفتی هەیە. یەکێك لە هاوڕیکانم ئەم ناونیشانەی بە من داوە، چونکە ئەو دەناسن بۆیە نەیویست خۆی بچێ بۆ لایان، گوتمان لەوانەیە بگونجێ کە من بچم کێشەکەیان بۆ چارە سەر بکەم)).

- خوا خێرت بنووسێ، ئێستا لەو دەور و زەمانە هەموومان گرفتار و بەدبەختین، هەندێکیان نەبێ کە لە ئێمە باشترن، تۆش، ئەگەر چەند نەفەرێکی وەکو تۆ هەبن و یارمەتی خەڵکی لێقەوماو و گرفتار بدەن، دنیا دەبێتە گوڵستان.

- زۆر سوپاس کاکە.

- تۆ ژنیشت هێناوە؟ منداڵت هەن؟

- بەڵێ، بۆچی؟

- ئاخر ئێمەی مرۆڤ تاکو ژن و منداڵمان نییە کەمێك دەستمان دەگاتە کاری خێر، بەڵام کاتێك ژن و منداڵ هاتە گۆڕێ، ئیتر هەموو بیر و هۆشمان دەبێت بە نان پەیداکردن بۆ ژن و منداڵ و کارە خێرەکانمان ئیتر پەکیان دەکەوێت.

- من ژنم هێناوە، بەڵام منداڵم نییە.

- بۆچی، منداڵ سەر ئێشەیە؟

- نا، خوا ئەمری لە سەر نەبووە، ئێمە بە بە شی خودا شوکرین.

– باشه له كاری خێردا بەشداری دەكەی، ان شاء للّه خوا كێشەی تۆش چارەسەر دەكات.

لەو شەوەدا سەیارە تەكانێكی بەهێزی كرد و شۆفێرەكە دابەزی و سەیرێكی سەیارەكەی كرد كەمێك لە دەوروبەری سەیارەكە هەڵسوورا و دەستی تێ وەردا.

پاشان لە جامەكەوە سەری هێنایە نێو سەیارەكە، ڕووی لە ئەحمەد كرد و گوتی:

– كاكە خەجاڵەتی تۆم من ناتوانم لە كارە خێرەكەی تۆدا هاوبەشی بكەم. ئەم سەیارەیە ئێستا چەند سەعاتێكی كار دەوێ بۆ چاككردنەوەی، دووبارە جەنەی گرتەوە. ئەگەر دەكرێ، تۆ ئەوەندە ڕێگایەی كە ماوە بە پێ بڕۆی، هێندەی نە ماوە ئەوە گەیشتینە جێ، ئەگەر لە چەند كەسێك پرسیار بكەی پێت دەڵێن.

ئەحمەد دابەزی.

شۆفێر: كاكە تو خوا لێم ببوورە. ئەگەر گونجا خۆم بەدواتدا دێم تاكو ناو نیشانەكەت پێ بڵێم، بەڵام ئەم سەیارە شكاوە جێگەی بڕوا نییە. هاكا سەیارەكەیان برد. تەنها ئەو خەرەكە شكاوە سەر چاوەی بژێوی ئێمەیە.

– كێشەیەك نییە، تۆ خۆت ئەزیەت مەدە. ناونیشانەكە لە چەند نەفەرێك دەپرسم. خواحافیز.

شۆفێر: خوا پشت و پەنات بێت.

ئەحمەد ناونیشانەكەی لە دووكاندارێك، كە خەریكی داخستنی دووكانەكەی بوو پرسی، پاشان ملی ڕێگەی گرت، لە نێو كۆڵانە تەسك و بێدەنگەكان خەڵكانێكی كەم تاق و لۆقە هات و چۆیان دەكرد، وردە وردە كەمتر دەبوون. بەڵام هەوڵی دەدا كە بە سەر خۆیدا زاڵ بێت و ترس لە خۆی دوور كاتەوە. دەنگی نقە نقی یەك لە دوای یەكی منداڵێك، سەرنجی ئەحمەدی بۆ لای خانمێك ڕاكێشا، كە چارشێوێكی گوڵداری لە سەر بوو، دەستی كوڕێكی بچووكی سێ چوار ساڵەی توند گرتبوو و، بە خێرایی دەڕۆیشت. ئەحمەد خێرا خۆی گەیاندە ئەو ئافرەتە و ناونیشانەكەی لێپرسی. بە پرسیارەكەی ئەحمەد منداڵەكە بێ دەنگ بوو. ژنە گەنجەكە بە ڕوویەكی خۆش گوتی:



((بە دوای ئێمەدا وەرە، ماڵی ئێمەش لە هەمان كۆڵانە)).

چرای ئومێد لە دڵی ئەحمەد داگیرسا و بەدوای ژنەكەدا ملی ڕێگەی گرت، ڕێگەیەكی زۆریان نەبڕیبوو، گەیشتنە كۆڵانێكی تەنگ و تاریك. ڕێگەی كۆڵانەكە لە وێدا تەواو دەبوو. دیواری خانووەكان هەمووی لە خشتی قوڕی كۆن دروست كرابوون و بە كا و قوڕ سواغ درابوون. تەنیا شتێك كە لەو تاریكییە خۆی نیشانی ئێمە دەدا، عاموودی دار و گڵۆپێكی كارەبا و جۆگەیەكی باریكی ئاو بوو كە بە نێوەڕاستی كۆڵانەكەدا تێدەپەڕی، بەڵام هیچ ئاوی تێدا نەبوو جگە لە هەندێك زبڵ و زاڵ هیچی دیكە بەر چاو نەدەكەوت.

ژنە گەنجەكە ماڵێكی لە كۆتایی كۆڵانەكە نیشانی ئەحمەد دا، خواحافیزی كرد و چووە یەكێك لە ماڵەكان. ئەحمەد بەرە و ڕووی كۆتایی كۆڵانەكە ملی ڕێگەی گرت. لە نێو كەش و هەوای كۆڵانەكە هەستی بە غەم و پەژارەیەكی زۆر دەكرد. گەیشتە ئەو ماڵەی كە ژنەكە نیشانی دابوو. خانووێكی زۆر بچووكی كۆن بوو، كە دەرگاكانی لە دار بوون. ئەحمەد چەند جارێك لە ئەڵقەی دەرگاكەیدا، بەڵام هیچ جوابێكی گوێ لێ نەبوو، بە ناچاری بە مستی بەهێز لە دەرگاكەیدا.

پاش ماوەیەك كچێكی بچووكی٣-٤ ساڵە دەرگای لە ئەحمەد كردەوە و، بە بێ هیچ قسەیەك بە چاوە غەمناك و بێ گوناهەكانی لە ئەحمەد ڕامابوو و چاوەكانی ئەبڵەق بوو بوون، ئەحمەد بە پێكەنینەوە سڵاوی لە كچۆڵە بچووكەكە كرد و لە سەر قسەكردن بەردەوام بوو: ((كچم، بابە لە ماڵەوەیە؟ دوایی، پاش ڕاوەستانێكی كورت، گوتی ((دەتوانم بێمە ژوورەوە)).

بەڵام كچە بچووكەكە بە هەمان شێوەی پێشوو سەری لە ئەحمەد سوڕمابوو یەك قسەی نەدەكرد. ئەحمەد دەستی بە پرچە نەرمەكەیدا هێنا و گوتی: ((كچم، ئەگەر ڕوخسەتم بدەی، دێمە ژوورەوە و؛ بۆ ئەوەی لەگەڵ بابە قسە بكەم)).

كچە بچووكەكە چوو بۆ ئەولا و بە هێواشی بەسەر چەند پێ پلكەیەكی بچووكدا كە لە تەنیشت دەرگاكە بوو سەركەوت. ئەحمەد دوای داخستنی دەرگاكە

بە دوای کچۆڵەکەدا بە قالدرمەکاندا سەرکەوت. ڕێگای پلیکانەکان بە دەرگای ژوورێکی بچووك کۆتایی دەهات. لە درزی ژوورەکەوە تیشکی ڕووناکییەکی زەردباوی کز دەهاتە دەرێ. ئەحمەد لە سەرخۆ لە دەر گایدا، بەڵام هیچ جوابێك نەبوو. پاش کەمێك ڕاوەستان، چووە نێو ژوورەکە. حاڵەتێکی سارد و بێ گیان ژوورەکەی داگرتبوو. ژوورێکی لە قوڕ دروستکراو کە لە زۆربەی شوێنەکانی خشتی قوڕ پەرش و بڵاو بووبوونەوە و خۆیان نمایش دەکرد. پەنجەرەیەکی بچووکی داری تێدا بوو کە تەنها ڕێگە بوو بۆ چوونە دەرەوەی هەوای نێو ژوورەکە، وە پارچە بەڕەیەکی کۆن و دڕاو لە سەر ئەرزی ژوورەکە ڕاخرا بوو، هەروەها چەند کەل و پەلێکی بێ کەڵکی لێ بوو.

لە کۆتاییدا ئەحمەد چاوی بە قەرەوێڵەیەکی داری شکاو کەوت، کە پیاوێکی لەسەر ڕاکشا بوو، دەتگوت پەیکەری ئێسکانە و پێستەکەت لێ داماڵیوە. کچە بچووکەکە بە بێ دەنگی لە تەنیشت قەرەوێڵەکە ڕاوەستا بوو، بە دەستە بچووکەکانی دەستی پیاوەکەی دەگوشی وە بە چاوە گەورەکانی سەیری هەڵسوکەوتی نیگاکانی ئەحمەدی دەکرد.

لە کاتێکدا ئەحمەد لە دڵدا هەستی بە غەمێکی قوڵ دەکرد بۆ لای قەرەوێڵەی پیاوەکە چوو. کەمێك دەستی بەدەستی پیاوە نەخۆشەکەدا هێنا و، دەستی لە سەر سەری نەخۆشەکە دانا. چاوەکانی پیاوەکە بە هێواشی کرانەوە و بە حەپەساویی و سەرسوڕمانەوە سەیری ئەحمەدی دەکرد. تنۆك تنۆك فرمێسك لە گۆشەی چاوەکانی پیاوەکە ڕێچکەیان بەست و بەسەر گۆنایدا هاتنە خوارێ. پاشان لێوەکانی لێککرانەوەو بە دەنگێکی لەرزۆکەوە ناوی ئەحمەدی هێنا و بە هەمان دەنگی لەرزۆك شوکر و سوپاسی خوای کرد.

ئەحمەد بە دوودڵی و بێ باوەڕی چاوێکی قوڵی لە ڕوخساری پیاوەکە کرد و بە خۆی گوت: ((خوایە سەیرکردنەکەی لە لام غەریب نییە، بەڵام بۆچی من نایناسم، وادێتە بەرچاو کە هەرگیز لە ژیانمدا ئەوەم نەدیتبێ)).



وردتر سەیری پیاوەکەی کرد، پاشان بەدەنگێکی تۆزێك بڵند کە شێوازێکی سەرسوڕمان و پەژارەی پێوە دیار بوو، گوتی : ((شەهریار!! تۆی؟ خوایە، باوەڕ ناکەم!)).

پێکەنینێکی بێ ڕووح لە ڕوخساری پیاوە نەخۆشەکەوە دەرکەوت. ئەحمەد دووبارە گوتی: ((شەهریار، بە ڕاستی خۆتی؟، تۆ لە کوێ و ئێرە لە کوێ؟! باوەڕ ناکەم!)).

- شەهریار بەدەنگێکی پڕ لە کوڵەگڕوو گوتی: ((ئەحمەد گیان، باوەڕبکە، خۆمم، شەهریار)) بە هاتنت گیانێکی تازەت بە من بەخشی. نەمدەزانی ئەو کارەی کە دەمەوێت چۆن ڕوودەدات. بەڵام ئێستاکە تۆم بینی لە تەواوی ژیانمدا لە خوای گەورە سوپاس گوزارم، چونکە داواکەی قبووڵ کردم.

- شەهریار گیان، ئەوە چ قسەیەکە کە دەی کەی؟ ئێمە تازە بە یەك گەیشتینەوە، هەر کارێك کە لە دەستم بێت ئەنجامی دەدەم بۆ ئەوەی چاك ببییەوە. ئێمە تازە لە سەرەتای ڕێگەین ئێستا زۆری ماوە تا بگەینە کۆتایی ڕێگە. گوێت لێیە؟.

بەڵام شەهریار هیچ شتێکی گوێ لێنەبوو، چونکە لە هۆش خۆی چووبوو. ئەحمەد سەیری کچە بچکۆلەکەی دەکرد. کچەکەش سەیری ئەحمەدی دەکرد. بە هۆی ئەو قسانەی کە ئەحمەد و شەهریار لە گەڵ یەکتردا کردبوویان، هەستی متمانە بە ئەحمەد لەلایەن کچە بچووکەکە زیاتر ببوو. ئەحمەد ڕووی لە کچەکە کرد و گوتی: ((ئەم پیاوە چی تۆیە؟))

کچۆڵەکە لە کاتێکدا کە ڕووی بۆ لای نێوچاوانی باوکی وەرگێڕا بوو، گوتی: بابەمە.

ئەحمەد بە سەرسوڕمانەوە گوتی : باوکتە؟! واتە: بە ڕاستی باوکتە؟!

- کچۆڵەکەش بە ئارامی تەنها سەیری باوکی دەکرد. ئەحمەد لە بەرخۆیەوە دەیگوت: ((شەهریار، کەی ژنی هێناوە کە من ئاگام لێ نەبووە؟!.

پاشان هەستا و دەستی بە سەری کچەکە داهێنا و گوتی: خۆشەویستەکەم، من دەچمە دەرێ تاوەکو تەلەفۆن بۆ فریاکەوتن بکەم و، بێن و، بابە ببەن بۆ نەخۆشخانە، تا چاك بێتەوە، باشە؟!! تۆ ئاگات لە بابە بێت، تا من دەگەڕێمەوە)).

بە پەلە لە ماڵەکە هاتە دەرێ و هەوڵی دەدا بە بیر خۆی بهێنێتەوە کە لە کوێ کابینەی تەلەفۆنی گشتی بەرچاو کەوتووە، پاشان بە خۆشحاڵی بە بیری هاتەوە کە چەند کۆڵانێك لە خوارتری ماڵی شەهریار کابینەی تەلەفۆنی گشتی بە بەرچاو کەوتبوو، بە خێرایی ملی ڕێگەی گرت، لە دڵی خۆیدا داوای لە خوا دەکرد کە تەلەفۆنەکە خراپ نەبووبێ. بە زوویی گەیشتە کابینەکە، ئێستا لە خوا تەمەنناى دەکرد پارەی ئاسنی پێ بێ بۆ ئەوەی تەلەفۆنەکەی پێ بکات لە نێو جانتاکەیدا سکەیەکی دۆزییەوە کە خۆشبەختانە توانی تەلەفۆن بۆ بەشی فریاکەوتن بکات و، ناو نیشانی ماڵی شەهریاریشی پێ دان.

لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ماڵی شەهریار، کەوتە بیر و یادگاری یە شیرینەکانی ڕابردووی و هاوڕێیەتی چەندین ساڵەی کە لەگەڵ شەهریاردا بەسەری بردبوو. کەوتە بیری ئەو سەردەمەی کە پێکەوە لەگەڵ شەهریار لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی دەیان خوێند، کە شەهریار یەکێك بوو لە زیرەکترین قوتابییەکانی نێو خوێندنگە، بە جۆرێك کە قوتابییەکانی تر پێ یان دەگوت ((کۆمپیوتەر)) شەهریار لە کەم و دابەش و زەڕبی بیرکاریدا بۆ حەلکردنی پرسیارەکان لە حاسیبە خێراتر بوو. هەموو قوتابییەکان، تەنانەت هەندێك لە مامۆستاکانیش حەسوودیان پێ دەبرد. کاتێك شەهریار پرسیارێکی شیکار دەکرد و قسەی لە سەردەکرد، مامۆستاکان یەکسەر دەیانزانی کە ڕاست دەکات. بەڵام ئێستا چۆن و بە چ شێوەیەك ئەو لە ترۆپکی سەر کەوتن بەو شێوەیە هاتۆتە خوارێ و شکستی خواردووە و، بەم جۆرە دابەزیوە. هەر لەو بیرانەدا بوو کە گەیشتەوە ماڵی شەهریار. کچە بچکۆلانەکە لە پێش دەرگا چاوەڕوانی بوو. ئەحمەد دەستەساردەکانی کچەکەی گرت و پێکەوە بۆ لای شەهریار چوون. ئەحمەد گەیشتە تەنیشت قەرەوێڵەکە و لە تەماشاکردنی نێو چاوانی بێهێز و



ڕەنگ زەردەکەی شەهریاردا نقوم بوو. پاش ماوەیەك هاتەوە هۆش خۆی کچۆڵەکەی بینی کە چۆتە گۆشەیەکی ژوورەکە و بە ئارامی فرمێسکان هەڵدەوەرێنێ بە دەستە بچووکەکانی هەوڵی دەدا فرمێسکە پاك و بێ گەردەکانی بسڕێتەوە.

بۆ لای کچەکە ڕۆیشت و بە ئارامی دەستی بە مووە نەرم و ڕەشەکانیدا هێنا. دەسەسڕێکی لە باخەڵ دەرهێنا و فرمێسکەکانی کچۆڵەکەی پێ پاك کردەوە. پاشان کچەکەی هەستاندەپێ و گوتی:

- کچم، غەم مەخۆ. ئێستا لە نەخۆشخانەوە دێن و بابە دەبەن و چاکی دەکەنەوە. دەتەوێت تائەوان دێن بە یەکەوە قسە بکەین؟)) کچۆڵەکە بە چاوە پاکەکانی سەیری ئەحمەدی دەکرد و لە کاتێکدا کە هێشتا دڵۆپە فرمێسك لە چاوەکانی خەریکی هەڵوەرین بوون، بە سەر ڕاوەشاندنێك جوابی ئەرێی دایەوە.

تا ئەو کاتەش ئەحمەد نەیزانیبوو کە ئەم کچۆڵەیە بەو ئەندازەیە جوانە. تاکو ئێستا هیچ منداڵێکی هێندە جوانی نە دیتبوو. دەم و چاو و ڕەنگ و ڕوخساری وەك مانگ سپی، لێوە چکۆڵەکانی وەك سوراوی خەناو، زۆر جوان و سوور بوون، لووتێکی بچووك و جوان و ڕێك و پێك، چاوەکانی زۆر دڵگیر و ڕەش وەك ڕەشیی قووڵایی شەو، ئەحمەد لە دڵی خۆیدا سوپاسی هێز و دەسەڵات و جوانی خواوەندی گەورەی کرد و، پاشان ڕووی لە کچەکە کرد و گوتی:

- ((باشە، کچی خۆم، سەرەتا پێم بڵێ نێوی تۆ چییە. تاکو لەگەڵ یەکتری ببین بە هاوڕێ)).

- ((نێوم حۆرایە!!!)).

*****

لەو کاتەدا دڵم تێکچوو وامزانی بنمیچی ژوورەکە، هاتە خوارەوە و بە سەرم کەوت، هەموو جێگەیەك لە بەر چاوم تاریك بوو. ئیتر نەمتوانی هێز بدەمە بەرخۆم. بە پەلە دەفتەرەکەم داخست و بۆ لای هەیوانەکە ڕامکرد. باوك و دایکم هەردووکیان

خەریکی کتێب خوێندنەوە بوون. هەروەك ئەوەی کە چاوەڕوانی کاردانەوەی من بن لە مەڕ ئەم باسە. بە هەموو توانای خۆم هاوارم کرد:

- ((ئەمە درۆیە، ئەمە درۆیە، بابە، پێم بڵێ کە درۆیە. ئەمە تەنها چیرۆکێکە و تەواو، خەو و خەیاڵاتی تۆیە.)) لە کاتێکدا کە دەلەرزیم و فرمێسکم دەڕشت چاوەڕوانی وەڵامی باوکم بووم. سەری بۆ خوارەوە داخستبوو، بێدەنگ و لەسەرخۆ سەیری گوڵەکانی فەرشەکەی دەکرد. ئەم بێدەنگییە بۆ من زۆر تاڵ و دەردناك بوو. سەیری دایکم کرد فرمێسکەکانی دایکم لە گۆشەی چاوی بە ئارامی دادەبارین و، زۆر بە نارەحەتی هەوڵی دەدا بە دەست فرمێسکەکانی بسڕێ. ئەو دیمەنە دڵمی هێنایە ژان. هەستم بە بەدبەختیەکی زۆر دەکرد. بە ئارامی بۆ لای باوکم ڕۆیشتم. چۆکم لە پێشدا دا، دەستە پیاوانەکانی خستە نێو دەستم، کاتێك سەیری روخساری باوکم کرد، غەم و پەژارە بە هەموو هێڵەکانی نێو چاوانییەوە دیار بوو، بە تەواوەتی حەپەسام و سەرم سوڕما و، بە هێواشی گوتم: ((بابە، تو خوا پێم بڵێ درۆیە.)) لە کاتێکدا کە گریان قورگی باوکمی گرتبوو زۆر بە زەحمەت گوتی: ((ناکچم، ئەمە ڕاستی ژیانی تۆ و دایك و باوکتە.)) بە ئارامی دەستی بە روخساریدا هێنام و لە قسەکردن بەردەوام بوو، ((خۆشەویستەکەم، لێم ببوورە، بەڵام ناچار بووم ڕۆژێك ئەم ڕاستییەت بخەمەڕوو. ئێستا برۆ پەیمانم پێ بدە کە داستانەکە تا کۆتایی بخوێنییەوە. تکات لێ دەکەم، لەبەر خاتری من و دایکت!)).

بە زەحمەت هەنگاوم هەڵێنا و بۆ ژوورەکەم ڕۆیشتم، هیچ ئارەزوویەکم لە خۆمدا، بۆ بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی ئەو دەفتەرە نەدەبینی. زۆر ڕقم لەو دەفتەرە بوو. دەفتەرەکەم هەڵگرت و بۆلایەکی ژوورەکەم فرێدا. لە سەر قەرەوێڵەکەم درێژ بووم. لە سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریمدا چیرۆکی زۆرم خویندبوونەوە و، فلیمی زۆرم بینیبوون کە منداڵی فلان پادشا یان فلان حاکمیان تێدا بزر دەبێت و، لە کۆتایی چیرۆکەکە بە خۆشحاڵییەوە تێدەگات کە باوك و دایکی پادشا و شاژنن و، بە شادی و خۆشحاڵییەوە داستانەکە کۆتایی دەهات. هەموو دەمێ لە دڵی خۆمدا دەمگوت:



ئەوانە داستانن و ڕاستی نین، بەڵام ئێستا ئەم داستانە بەسەر خۆم هاتووە، ئەوەندە هەبوو من منداڵی پیاوێکی غەریبەی هەژار و بەدبەخت بووم و لە فەقیرترین گەڕەکەکانی تاران لە دایك ببووم.

زۆر گریام، پاش ماوەیەك هەستم بە ئارامییەکی زۆرتر کرد، ئەو بەڵێنەی کە بە باوکم دابوو کەوتەوە بیرم، بە زۆرلەخۆکردن بۆ لای دەفتەرەکە چووم و هەڵم گرتەوە بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە....

*****

- بەه بەه! نێوێکی چەند جوانت هەیە، ڕاست وەك خۆت جوان. هەرکەسێك کە ئەو نێوەی بۆ هەڵبژاردووی، بەڕاستی زۆر زیرەك و بە دیقەت بووە.

لە هەمانکاتدا دەنگی لوورە لووری ئیسعاف (ئامبولانس) هاتە بەر گوێ. ئەحمەد بە خێرایی خۆی گەیاندە دەرێ. دوو کەسی بینی کە نەقالەیەکیان لە ئیسعافەکە دەهێنا دەرێ. بە خێرایی بۆ لایان ڕۆیشت و وەپێشیان کەوت بۆ ئەوەی ماڵەکەیان نیشان بدات. پاش ماوەیەکی کورت ئەحمەد و دوو سێ نەفەری دیکە کە واپێ دەچوو یەك لە وانە پزیشك بێت، لە تەنیشت قەرەوێڵەکەی شەهریار کۆبوونەوە. پزیشکەکە شەهریاری فەحس کرد. لە کاتێکدا کە داخ و نائومێدیەکی زۆر لە نێو چاوانییەوە دیار بوو. ڕووی لە ئەحمەد کرد و گوتی:

- ((ئێوە چی ئەو پیاوەن؟)).
- من هاوڕێی ئەوم، بۆچی وەزعی خراپە؟
- بە داخەوەم ئێستا بۆ چارەسەرکردن زۆر درەنگە.
- تکایە هەر ئیشێك کە لە دەستت دێت بیکە. من هەموو بەرپرسیارییەتییەکەی و خەرجییەکەی لە ئەستۆ دەگرم.
- ئێوە دڵنیا بن ئێمە هەر کارێك کە لە دەستمان بێت ئەنجامی دەدەین. بەڵام ئیتر زۆر درەنگ بووە بۆ چارە سەر. ناتوانرێت هیچ کارێکی بۆ بکرێت. ئەگەر زۆر زۆر زیندوو بمێنێ یەك دوو هەفتەی تر دەژییەت. کە ئەوەش بە بڕوای من یەکجار زۆرە.

ئەحمەد بەبێ ویستی خۆی فرمێسك لە گۆشەی چاوەکانی داباریین. دوو پەرستاری پیاو شەهریاریان خستە سەر نەقالەکە، لە هەمانکاتدا شەهریار ناڵەیەکی کرد و چاوەکانی هەڵێنا. لە کاتێکدا کە چاوە ماتەکانی جۆرێك لە تکا و پاڕانەوەیان پێوە دیار بوو، ڕووی لە ئەحمەد کرد و گوتی: ((ئەحمەد! تۆ گیانی خۆت و حۆرا، لە پاش خودا حۆرا بە تۆ دەسپێرم، هەر وەك منداڵی خۆت گەورەی بکە)).

– ئەحمەد دەستی شەهریاری خستە نێو دەستی و بە توندی گوشی و بە دەنگێکی گریاناوییەوە گوتی:

سوێند بە هاوڕێیەتییە دێرینەکەمان، وەك منداڵی خۆم چاودێری دەکەم.

لە هەمانکاتدا پەرستارەکان شەهریاریان بڵند کرد بۆ ئەوەی بیبەن حۆرا دەستی بەگریان کرد. خێرا خۆی گەیاندە نەقالەکە و بە دوو دەستە بچووکەکانی توند لێواری نەقالەکەی گرت. ئەحمەد حۆرای لە باوەش گرت. زۆر بە زەحمەت لێواری نەقالەکەی لە دەستی حۆرا دەرهێنا و هەوڵیدا بە قسەکردن و دڵدانەوە حۆرا ئارام بکاتەوە و بێ دەنگی بکات، بەڵام قسەکردن لەگەڵ حۆرادا هیچ سوودێکی نەبوو، دەنگی گریانی حۆرا دەتگوت هاوارێکی بێ بڕانەوەیە کە بە هیچ هۆیەك بێ دەنگ نەدەبوو، بە ناچاری ئەحمەد و حۆرا هەردووکیان بە یەکەوە لە نێو ئیسعافەکە لە تەنیشت شەهریار دانیشتن و بۆ نەخۆشخانە چوون. پاش کۆتایی هاتنی قۆناغەکانی پێشوازیی و چاولێ کردن و فەحسکردن و خەواندنی شەهریار، ئەحمەد حۆرای بۆ دەرمانخانەیەکی تەنیشت نەخۆشخانەکە برد کە بە ڕۆژ و شەو کراوە بوو. تاکو بە کڕینی چەند کەل و پەلێکی بچووکی یاریکردن حۆرا دڵخۆش بکات و لەو بوارە ناخۆشەی کە تێیدا بوو کەمێك دەری بێنێ. سەرەتا بووکە شووشەیەکی پرچ زێڕینی بۆ حۆرا ڕاگرت، بەڵام پاش ئەوەی بەقووڵی چاوی لە بووکە شووشەکە کرد، فڕێی دایە سەر زەوی. پاشان فرۆشیاری دەرمانخانەکە پشیلەیەکی پلاستیکی جوانی نیشانی حۆرا دا، کە ئامێرێکی مۆسیقای تێدا جێگیر کرابوو کە بە پاتری کاری دەکرد، کاتێك کە فرۆشیارەکە پەنجەی بە دوگمەی ئامێرەکەوە نا، بە دەنگی ئامێرەکە سەرنجی حۆرای



بۆ لای پشیلەکە ڕاکێشا. پاشان پشیلەکەی دابە حۆرا. بەڵام چارەنووسی پشیلەکەش هەروەك بووکە شووشەکە بوو. فرۆشیارەکە زیق زیقەیەکی نیشانی حۆرا دا، کە بە تەکاندانی ئاوازێکی زۆر خۆشی لێ دەهاتە دەرێ. بەڵام ئەمجارە نەیدا بە حۆرا. هەوڵی دا کە بە باسکردنی زیق زیقەکە، سەرنجی حۆرای بۆ ڕابکێشێ تا ئەوەیان بکڕێ.

ئەحمەد حۆرای لەسەر زەوییەکە دانا و بە ئارامی پێی گوت: ((دەتەوێت بۆ بابە شتێك بکڕین؟)).

حۆرا لە کاتێکدا کە بە چاوە گەورەکانی لە ئەحمەد ڕاما بوو، بە دەنگێکی منداڵانە گوتی: ((بەڵێ)).

حۆرا زۆر بە دیقەتەوە شانەیەك و ئاوێنەیەکی بچووکی خڕ و، جووتێك گۆرێی سپی بۆ باوکی هەڵبژارد. کاتیك پارەی هەر سێ شتەکەیاندا و هەڵیان گرتن. ئەحمەد بۆ یەکەمین جار لەو شەوەدا، خەندە و پێکەنینی شیرینی منداڵانەی لە سەر لێوەکانی حۆرا دیت.

کوڵە گڕوویەکی زۆر قوڕگی ئەحمەدی گرتبوو، بە هۆی ئەو خۆشەویستییە سەر سوڕهێنەرەی کە لە نێوان ئەو باوك و کچەدا هەبوو. ئەو بەو تەمەنە بچووکەوە باوکی خستبووە پێش خۆی و لە خۆی خۆشتر دەویست.

ئەحمەد ڕووی لە حۆرا کرد و گوتی: ((حۆرا گیان، ئێستا تۆ بۆ بابە کەل و پەلت کڕی، ڕوخسەتم دەدەی کە منیش ئەم بووکە شووشە و پشیلە و زیق زیقەت بۆ بکڕم تاکو خۆشحاڵ بم؟!)).

حۆرا بۆ ڕازی بوون سەری ڕاوەشاند. پاشان پێکەوە بۆ نەخۆشخانە چوون. شەهریار لە ژووری ((ICU)) خەوینرا بوو. هەردووکیان لە پشت شووشەکەوە شەهریاریان بینی و لەسەر ئەو کورسیانە دانیشتن کە بۆ ئەو کەسانە دانراون کە چاوەڕوانی نەخۆش دەکەن و، لە نزیك ژوورەکە بوون. حۆرا هەر زوو خەوی لێکەوت. نێو چاوانی حۆرا لە خەودا زۆر خۆی پاك و بێ گوناهتر دەنواند وەك لە کاتی بێداری. ئەحمەد تکای لە پەرستارێك کرد کە تەکسییەکی بۆ بگرێت. زۆر زوو تەکسییەکە

هات و هەردووکی بۆ ماڵی ئەحمەد بردن. حۆرا بە درێژایی ڕێگەی ڕۆیشتنەوە لە خەودا بوو و بۆ چرکەیەکیش لە خەو هەڵنەستا.

کاتێك ئەحمەد زەنگی دەرگاکەی لێدا (فریشتە) بە پەلە دەرگاکەی کردەوە و، بەو ڕەنگ و ڕوخسارەی کە شێوەیەك لە نیگەرانی و دڵتەنگی پێوە بوو، گوتی: ((سڵاو، بۆچی وا درەنگ هاتییەوە؟! دڵم هەزار شتی دەگوت! خەریك بوو لە دڵتەنگیان شێت بم!)). پاشان کە سەیری کرد منداڵێك لە باوەشی ئەحمەدە. پرسی: ((ئەحمەد ئەم منداڵە ئی کێیە؟)).

ئەحمەد بە دەنگێکی ئارام و هێواش، سڵاوی کرد و گوتی: سەرەتا جێگەیەك ئامادەکە، منداڵەکە بخەوێنین. پاشان هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم)).

فریشتە بە شێوەیەکی ناڕازی و نیگەران ڕۆیشت و جێگەی نووستنی بۆ حۆرا ئامادەکرد. پاشان ئەحمەد بە هێواشی حۆرای لە نێو جێگەی خەوەکەی دانا و نێو چاوانی ماچ کرد و دەستی بە پرچیدا هێنا. دوای ئەوە وا داڵغەی پێوە لێدا بوو کە خەریك بوو لە تەماشاکردنیدا نقوم بێت. بە فریشتەی گوت: ((بەڕاستی منداڵێکی جوانە فریشتە، وانییە؟!)).

فریشتەش بە ئاوازێکی ئارام، بەڵام بە تەعلیقەوە گوتی: ((بەڵێ، بێشك بە دایکی چۆتەوە، وانییە؟!)).

ئەحمەد گەڕایەوە و لە چاوە غەمناکەکانی فریشتە ڕاما، لە کاتێکدا کە پێکەنین لەسەر لێوەکانی دیار بوو. بە بێدەنگی ئیشارەتێکی بۆ فریشتە کرد کە لە ژوورەکە بچنە دەرێ. پاشان بۆ ژووری دانیشتن چوو، لەسەر کورسییەك بە ئاسوودەیی پاڵی دایەوە و چاوەکانی داخست.

فریشتە لە کاتێکدا کە ڕووبەڕووی ئەحمەد پشتی بە دیوارەوە دابوو، گوتی: ((دەمزانی کە ڕۆژێك دێت و ئەو کارە دەکەی، بەڵام باوەڕم نەدەکرد کە بەم زووانە بیت)).



قسەی فریشتە دووبارە پێکەنینێکی خستە سەر لێوی ئەحمەد و لە هەمانکاتدا کە چاوی لە فریشتە دەکرد گوتی: ((دەتزانی من ڕۆژێك چ کارێك دەکەم، یان ڕوونتر بڵێم من چ کارێکم کردووە؟)).

- باشە، بەم ئەندازەیە بێ خەیاڵ و ئاسوودە قسە دەکەی، وەك ئەوەی کە هیچ شتێك ڕووی نە دابێ. هەموو بەمنیان دەگوت کە نابێ باوەڕ بە پیاوان بکەی. بەڵام منی گەمژە باوەڕم نەدەکرد و دەمگوت ئەحمەد لە پیاوانی تر جیاوازە. لەو کاتەدا فرمێسکەکانی فریشتە بە خوڕ بە ڕوومەتیدا دەهاتنە خوارێ ماوەیەکی کورت درێژەی کێشا تا فریشتە کەمێك هاتەوە سەر خۆی. ئەحمەد بە درێژایی ئەم ماوەیە بە بێدەنگی دانیشتبوو و، سەیری فریشتەی دەکرد و پێکەنین لە لێوەکانی جیا نەدەبۆوە. لە کاتێکدا کە فریشتە هەوڵی دەدا کە گریانەکەی تەواو بکات. بەرانبەر بە ئەحمەد لەسەر کورسییەك دانیشت و، گوتی: ((ئێستا کەی دایکیشی دەهێنییەوە، حەتمەن زۆر جوانە؟!)).

- باشە منداڵەکە بە تۆ نە چۆتەوە، بەس هەردەبێ بە دایکیشی چووبێتەوە!

ئەحمەد لە کاتێکدا کە زەردە خەنەکەی بۆ پێکەنین گۆڕا بوو گوتی: ((نەبابە، باوکیشی هەر جوانە!))

- چەندە لە خۆت ڕازی، بەوەی چاکە هەر بە تۆ نە چۆتەوە.

- تۆ لە کوێ دەزانی کە من باوکی ئەوم؟

- ئەگەر تۆ باوکی ئەو نەبای، ئەو شەو لەگەڵ تۆ نەدەهاتە ئێرە. بە هەر حاڵ، هەموو منداڵێك شەو لە لای دایك و باوکی خۆی دەبێت. ئێمە لە خزم و دۆست و ناسیاوەکانمان منداڵێکی بەم شێوەمان نییە. بەس وا دیارە کە منداڵی خۆتە. پێویستی نەدەکرد کە ئەو هەموو ساڵە من فریو بدەی. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە هەموو شتیکت پێ گوتبام، زۆر بە ئاسانی بە بێ هیچ قسە و گلەییەك بە جێم دەهێشتی و، لەو کاتەدا کە دەگریا، لە سەر قسەکردن بەردەوام بوو: ((لەوە نیگەرانم کە ئەو هەموو ساڵە زۆر ساویلکانە فریوی تۆم خوارد و، باوەڕم پێ کردی. کەوایە

هەر سبەینێ زوو برۆ دەستی دایکی بگرە و بیهێنەوە ماڵێ. من هەر ئەم شەو میوانتم، سبەینێ بەیانی زوو جانتاکەم هەڵدەگرم و دەڕۆم. تۆش بە ئاسوودەیی لەگەڵ ماڵ و منداڵت بژی.

پاشانیش هەستا کە بۆ ژوورەکەی بڕوات. ئەحمەد بانگی کرد و تکای لێ کرد کە دانیشێت و گوێ بۆ قسەکانی ڕابگرێت. سەرەتا فریشتە ڕازی نەدەبوو، دەیگوت: ئێمە قسەیەکمان نە ماوە بیکەن. تۆ هەموو قسەکانی خۆت بە کار و کردەوەکانت نیشاندا. بەڵام بە تکا و پاڕانەوەی ئەحمەد فریشتە بە نابەدڵی لە بەرانبەر ئەحمەد دانیشت. ئەحمەد گوتی:

– سەرەتا من بەڵێنت پێ دەدەم کە هیچ کاتێك دایکی ئەم منداڵە پێی نەیەتە ئەم ماڵە. چونکە..... بەڵام فریشتە قسەکەی بە ئەحمەد بڕی و گوتی: ((بەس حەتمەن وازی لە تۆ هێناوە و تۆی بە منداڵەکەتەوە بە جێهێشتووە)). هەروەها تۆ گوتوتە فریشتە لە هەموو کەس باشترە، منداڵەکەم بۆ گەورە دەکات. بەڵام خەیاڵت خاوە، هەر کەسێك کاڵەك بخوات دەبێ بە ئەژنۆی خۆی بی شکێنێ)).

ئەحمەد دیتی کە قسەکردن سوودێکی نییە. فریشتە هەر قسەی خۆی دەکرد و نەی دەسەلماند. لە بەر ئەوە بۆ ژوورەوە چوو و قورئانی دەرهێنا و ماچی کرد. پاشان ڕووی لە فرشتە کرد و گوتی: خۆ بڕوات بەم کتێبە پیرۆزە هەیە. من بەم کتێبە سوێند دەخۆم کە ئەو منداڵە ئی من نییە و، تاکو ئێستا جارێکیش بێت دایکی ئەم منداڵەم نە بینیوە.)) فریشتە کەمێك ئارام بۆوە و ڕووی لە ئەحمەد کرد و گوتی: کەواتە پێم بڵێ منداڵی کێیە؟

ئەحمەد لە کاتێکدا کە هەوڵی دەدا توڕەبوونەکەی دامرکێنێتەوە. ماوەیەك بە ئارامی لەسەر کورسییەکە دانیشت و گوتی:

ئەوە، مندڵی یەکێك لە هاوڕێ دێرینەکانی خۆمە. دایکی لەمەو پێش مردووە. باوکیشی هەر ئێستا لە ژووری ((ICU))ی نەخۆشخانەیە. ئێستا خەیاڵت ئاسوودە



بوو. باوەڕم نەدەکرد تۆ ڕۆژێك دەربارەی من بەم شێوەیە بیر بکەیەوە. هەموو کاتێك وابیرم دەکردەوە کە ڕاستگۆیانە لەگەڵ تۆدا دەژیم و تۆش ڕاستگۆیانە منت ویستووە.

ئەو جار فریشتە لە هەڵسوکەوت و قسەکانی خۆی خەجاڵەت بوو بوو، هەوڵی دەدا کە باسەکە بگۆڕێت.

– کامە هاوڕێیەت، من خۆ هەموو هاوڕێیەکانی تۆ دەناسم.

– نا، تۆ ئەمەیان ناناسی. ئێمە لە یەك گەڕەك گەورە بووین. لەگەڵ یەکتری دەچووین بۆ قوتابخانە و لەسەر یەك کورسی دادەنیشتین. بەڵام ئەو زۆر زیرەك بوو. هەموو کاتێك دەرسی بە من دەگوت. نێوی شەهریارە. ئەگەر بڵێم بلیمەت بوو، درۆ ناکەم تا زانکۆ بە یەکەوە بووین. تاوەکو بەکالۆریوسیشمان تەواو کرد هەر بە یەکەوە بووین، لە یەك زانکۆ، بەڵام ئەو لە بەشی هەندەسەی بیناسازی دەیخوێند و منیش زانستە سیاسییەکانم دەخوێند. پاشان زۆر بە ئاسانی ئەو ماجیستێریشی تەواو کرد و، من بۆ درێژەدان بە خوێندن بۆ دەرەوەی وڵات چووم. سەرەتا بە نامە پێوەندیمان پێکەوە دەکرد، بەڵام پاش ماوەیەك نامەکانی من بە دەستی ئەو نەدەگەیشتن و بۆ خۆم دەگەڕانەوە. کاتێك بۆ ئێران گەڕامەوە، هەرچەند بە دوایدا گەڕام نەم دۆزییەوە. لە یەك لە مامۆستاکانی زانکۆم بیست کە لە زانکۆیەکی بەناوبانگی ئەمریکا دەرس دەخوێنێ. ئەم شەو یەك لە قوتابییەکان ناونیشانی خێزانێکی هەژاری باشووری شاری دامێ، کە بەشکو بکرێت شەوی جەژن یارمەتیان بدەین. نازانی جێگایەکی چۆن بوو. ترسناك. من وام دەزانی شەهریار ئێستا لە ئەمریکایە و لە خۆشترین ژیاندایە. لە کاتێکدا باوەڕم نەدەکرد کە لە خانوویەکی قوڕ، کە نازانم چۆن بۆت باس بکەم، شەهریار بدۆزمەوە.

دوکتۆرەکان زۆر بە پەرۆشەوە ڕایانگەیاند و، گوتیان ئەگەر زۆر زۆر بژیت دوو یا سێ هەفتەی تر زیندووە. ئەم کچە بچووکەشی پێ بوو. شەهریار کچەکەی بە من سپارد. ئێستا تۆ هیچ نارەزایەتییەکت هەیە؟

– فریشتە بە شەرمەزارییەوە گوتی: ((نەء، ئەحمەد من ببوورە، بە ڕاستی نازانم چی بڵێم و، درێژەی بە قسەکانیدا: ئاخر چۆن ئەو لە ئەمریکا، پاشان لە گەڕەکەکانی باشووری تاران پەیدا بۆوە، ئەویش بە منداڵێکەوە؟!)).

– ((نازانم، بەس کاتێك بیرم لێ کردەوە ژانە سەرم گرت. من هەموو کاتێك وا بیرم دەکردەوە کە شەهریار لە نێو هەموو قوتابییەکان خۆشبەختترین کەس بێت. ئەو لە هیچ شتێکی کەم نەبوو گەنجێکی ڕێك پۆش و باڵا بەرز، زۆر قسە خۆش و زۆر بە خولق و خوو بوو و، زۆر هۆشیار بوو، ئەحمەد ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی: ((نازانم چۆن بەو ڕۆژە گەیشت؟!)).

بۆ بەیانی ئەحمەد زووتر بۆ ماڵەوە گەڕایەوە و فریشتە و حۆرای لەگەڵ خۆی بۆ نەخۆشخانە برد. پێش ڕۆیشتن بۆ نەخۆشخانە ئەحمەد و فریشتە حۆرایان بۆ فرۆشگای جلوبەرگی منداڵان برد، جلوبەرگێکی زۆر جوانیان بۆ کڕی. حۆرا لەو جلوبەرگەدا ڕاست وەك بووکە شووشەیەکی زیندوو دەهاتە بەرچاو و، حۆرا بەو دیمەنە زۆر ڕازیی و دڵخۆش بوو.

ئەحمەد پێش ئەوەی بچێ بۆ لای شەهریار بۆ دیتنی ئەو دوکتۆرە ڕۆیشت کە چاودێری شەهریاری دەکرد. بۆ ئەوە دوکتۆرەکە هەواڵێکی ئومێدبەخشی پێ بڵێت. دوکتۆر گوتی: حاڵی گشتی شەهریار لە دوێنێ شەو باشترە، بەڵام بە هەموو شێوەیەك ناتوانرێت هیچ کارێکی بۆ بکرێت.

ئەحمەد بە پەژارەیەکی زۆرەوە بۆ لای فریشتە و حۆرا چوو و، بە تکا و پاڕانەوەیەکی زۆر ڕوخسەتی وەرگرت تا چەند دەقەیەك حۆرا بۆ لای باوکی ببات. شەهریار بە دیتنی حۆرا و زەردەخەنە جوانەکەی گیانێکی تازەی هاتەوە بەر، شەهریار بۆ ئەوەی ڕازیی بوونی خۆی نیشانی ئەحمەد و فریشتە بدات، تا ماوەیەك خەندە لەسەر لێوەکانی لا نەدەچوو. ئەحمەد حۆرای لە تەنیشت قەرەوێڵەکەی شەهریار دانیشاند. شەهریار دەستە بچووکەکانی حۆرای خستە نێو دەستی و ماچی کرد و، لە هەمانکاتدا لە تەماشاکردنی کچە جوانەکەی نقومی چێژ وەرگرتن بوو، بە ئارامی بە



حۆرای گوت: ((خۆشەویستەکەم، لە لای مامە ئەحمەد و ئامۆژنت، کاتی خۆش بەسەر دەبەیت؟)).

حۆرا بە ئاوازە منداڵانەکەی گوتی: ((ئەمڕۆ چووینە پارك، تۆپمان کڕی، جبزمان کڕی، چوکلیاتمان کڕی، سواری چەرخوفەلەك بووین)).

– شەهریار گوتی: ((کەواتە وا دیارە زۆر خۆشت گوزەراندووە، وانییە؟!)).

حۆرا لە کاتێکدا کە سەیری ئەحمەدی دەکرد و پێدەکەنی، گوتی:((بەڵێ))

– شەهریار گوتی: ((پێت خۆشە لە لای مام و ئامۆژنت بی؟)). حۆراش بە ئاخەوە گوتی: ((نا، پێم خۆشە لە لای تۆ بم!)).

ئەحمەد بە وریاییەوە گوتی ((خۆشەویستم، پەیمان بە بابە بدە تا بابە چاك نەبێتەوە و بە دواتدا نەیەت، لە لای ئامۆژن و مامە بی و هیچ کات نەگریەی. هەموو کاتێك پێبکەنە تاکو ئەوان خۆشحاڵ بکەی. باشە بەڵێن بە بابە دەدەی؟)).

حۆراش بە نابەدڵی جوابی ئەرێی دایەوە.

پاش خواحافیزیی، ئەحمەد حۆرای بۆ دەرەوەی ژوورەکە برد و فریشتە لە لای شەهریار مایەوە. شەهریار لە فریشتە ڕاما و دوای بێدەنگییەکی کەم گوتی: ((سوپاسی خوای گەورە دەکەم. هەمیشە لە پاش مەرگم نیگەرانی چارەنووسی حۆرا بووم، بەڵام خوای گەورە لە پێش مردنم ئاسوودەیی بە من بەخشی. ئێوە ڕوخسارێکی میهرەبان و ئارامتان هەیە، دڵنیام کە دەتوانیت بۆ حۆرا دایکێکی باش بیت. هەڵبەتە داوای لێبووردنت لێ دەکەم کە ئەو کارە گرانە بە تۆ دەسپێرم، بەڵام وا هەست دەکەم کە ئەوە ویستی خوای گەورە بوو، کە حۆرا لە ژێر سێبەری باوکێکی بە دین و بە قەناعەتی وەك ئەحمەد و لە ژێر ئامێزی دایکێکی بە سۆز و خواپەرستی وەکو تۆ گەورە بێت. تکات لێ دەکەم لەگەڵ حۆرا بە سۆز و میهرەبان بە و هەر وەك منداڵی خۆت گەورەی بکە)).

فریشتە لە کاتێکدا کە قوڕگی گیرا بوو و فرمێسکی دەباراند، بەڵێنی بە شەهریار دا کە حۆرا وەك پارچەیەك لە لەشی خۆی دەپارێزێت و ئاگاداری دەبێت.

ئەحمەد بۆ خواحافیزی کۆتایی بۆ لای شەهریار ڕۆیشت و شەهریار تکای لە ئەحمەد کرد کە بەیانی هەر دەبێ بێت بۆ سەردانی و، حۆراش لەگەڵ خۆیدا نەهێنێت؛ چونکە هەندێك قسەی هەیە کە دەبێ بە ئەحمەدیان بڵێ.

ڕۆژی دواتر ئەحمەد بە تەنیایی بۆ سەردانی شەهریار چوو، ڕەوشی تەندروستی شەهریار بە باشی دەهاتە بەرچاو. بە شێوەیەك هێز و توانایەکی زۆری پەیدا کردبوو، هەروەها جووڵەی زۆری هەبوو، شەهریار تکای لە ئەحمەد کرد، ئەو کراسەی کە دەبەری دابوو کاتێك هێنایان بۆ نەخۆشخانە لە پەرستارەکەی وەرگرێتەوە، نامەیەك کە لە باخەڵی کراسەکەدایە دەری بێنێ.

ئەحمەد ئەو کارانەی کرد و نامەیەکی کۆنی زەردی لە گیرفانی کراسەکەی شەهریار دەرهێنا و ویستی بیخوێنێتەوە. بەڵام شەهریار گوتی: کاتمان زۆر بەدەستەوە نییە. نامەکە دوایی بخوێنەوە. پێویستە هەموو شتێکت پێ بڵێم وە تۆش هەر کاتێکت پێ باش بوو بە حۆرا بڵێ و، دەستی بە قسەکردن کرد......

*****

ئەحمەد گیان ئاخرین تاقیکردنەوەی ماجیستێرت لە بیرماوە. هاوکات پیاوێکی دەوڵەمەند هاتە گەڕەکەکەمان و چەند خانوویەکی لە نزیك خانووی ئێمە، بە نرخێکی باش کڕی و، هات کە خانووی ئێمەش بکڕێت، بەڵام دایکم ڕازی نەبوو، پیاوە دەوڵەمەندەکە هەر زوو هەموو خانووەکانی تێکدا و خانوویەکی نموونەی کۆشکی تێدا دروست کرد. زۆر کات کچێکی زۆر جوان لەگەڵ شۆفێرەکەی لە ماڵەکە دەهاتە دەرێ. کە بە جوانییەکەی منی بەندی خۆی کرد. پاشان تێگەیشتم کە ناوی ﴿زیبا﴾یە و تاقانەی ئەو پیاوە دەوڵەمەندەیە.

من هەموو ڕۆژێك بەیانیان بە ئەوینی دیتنی ئەو کچە لە خەو هەڵدەستام و شەو بە خەیاڵی ئەو دەخەوتم. ڕۆژێك بڕیارمدا ئەوە لەگەڵ دایکم باس بکەم و، بە هەر ناخۆشی یەك بوو ئەو کارەم هەر کرد، بەڵام دایکم گوتی: ئەوانە دۆستایەتی و پێوەندیان لەگەڵ



خەڵکی ناودار و بەرپرس و دەوڵەمەندەکانە و خوازبێنی کچەکەیان لە وەزیر و ملیار دێرەکانە و، کچەکەی خۆیان نادەن بە ئێمە؛ چونکە ئێمە لە چینی نێوەندین.

ئەو ڕۆژە ئەوەندە ناڕەحەت بووم کە بڕیارمدا بە هەر شێوەیەك بێت دەبێ بەو کچە بگەم. ڕۆژگار و شەوگار تێپەڕین من هەر لە نێو داوی عەشقی ئەودا بووم. بەڵام بە داخەوە هیچ هەلێکم بۆ نەڕەخسا. ئەو لەگەڵ شۆفێرێکی تایبەتی لە ماڵ دەهاتە دەرێ و، لەگەڵ هەمان شۆفێر دەگەڕایەوە. بە شێوەیەکی ڕواڵەتی کچێکی بەڕێز و ڕێك و پێك دیار بوو، کە هیچ هەڵسوکەوتێکی ناشیرین و نا بەجێی لێ بەدی نەدەکرا. ئیتر ویستم ئەو بیر و خەیاڵانە بە تەواوەتی لە بیر خۆم بەرمەوە. بەیانییەکی زۆر ساردی زستان کە بەفر و سەهۆڵ هەموو جێگەیەکی زەوی داپۆشی بوو. بۆ ئەوەی بۆ زانکۆ بچم لە ماڵ هاتمە دەرێ. هێشتا دنیا هەر تاریك بوو و ڕێگەیەکی زۆرم نەبڕیبوو کە دەنگی سەیارەکەی زیبام گوێ لێبوو، پاش ئەوە لە پشتی پێم هەستم بە زەبرێکی بەهێز کرد و چەند مەتر لەولا کەوتمە سەر زەوی. هێشتا بە پەرۆشەوە و پەشۆکاو بووم کە نەم دەزانی چ ڕوویداوە. کاتێك کە سەرم هەڵبڕی بینیم کە زیبا و شۆفێرەکەی لە تەنیشت منن.

شۆفێرەکە زۆر بەترس و نیگەرانییەوە لێی پرسیم: ((کاکە حاڵت باشە. شتێکت بەسەر نەهاتووە؟)) پاشان درێژەی پێدا: ((ببوورە، تاریك بوو، هەروەها جلەکانی تۆش ڕەش بوو، من بە هیچ شێوەیەك تۆم نەدیتبوو)) پاشان بن باڵی گرتم بۆ ئەوەی من لەسەر زەوییەکە هەستێنێتەوە، کاتێك ئازارێکی زۆر لە قاچمدا دەرکەوت. گوتم: ((وابزانم قاچم شکاوە، زۆر ئازاری هەیە)). لە هەمانکاتدا دەنگە دڵنشینەکەی زیبا کەوتە بەر گوێم، کە تا ئەو کاتە نەمبیستبوو، کە گوتی: ((خوا نەکا شکابێت، کاك ڕەزا خێرابە. یارمەتی بدە، با ئەو پیاوە سواری سەیارە بکەین و بۆ دەرمانگایەك، یا نەخۆشخانەیەکی ببەین)).

نیگەرانی لە ڕوخسارە نازدار و جوانەکەی شەپۆلی دەدا. لە کاتێکدا کە ئازاری قاچم فەرامۆش کردبوو گوتم:

((شتێك نەبووە، ئێوە بڕۆن، درەنگتان دەبێ. ماڵی ئێمە نزیکە؛ دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە)).

زیبا کە خەریکی کۆکردنەوەی کتێب و مەلزەمەکانی من بوو سەیری کردم و بە ئارامی گوتی:

– نا کاکە، ئەو قسە چییە؟! سەرەتا دەڕۆین بۆ دەرمانگا ئەگەر گوتیان شتێك نەبووە بیر و خەیاڵی ئێمەش ئاسوودە دەبێت)). سواری سەیارەکە بووین، کاتێك سەیارەکە دەستی بە ڕۆیشتن کرد. زیبا سەرگەرمی ئەوە بوو کە کتێب و مەلزەمەکانم بداتەوە، گوتی: ((ببوورە تۆزێك تەڕ بووی)).

– ((کێشەیەك نییە)).

– ((تۆ خوێندکاری زانکۆیت؟)).

– بەڵێ.

– کێشەیەك نییە ئەگەر لێت بپرسم لە چ بەشێك دەخوێنی؟

– ئەندازیاریی بیناسازیی.

– لە کام زانکۆی؟

– زانکۆی..........

– ئاواتە خوازم کە سەر کەوتوو بیت.

– زۆر سوپاس.

ئیتر ئەوەندە ڕێگەیەی کە مابوو بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشاین. لە دڵی خۆمدا هەزاران قسەم هەبوو، بەڵام هیچ چارەیەکم جگە لە بێدەنگی نەبوو.

کاتێك گەیشتینە نەخۆشخانە زیبا لە نێو سەیارەکە مایەوە و من و شۆفێرەکە بۆ نێو نەخۆشخانەکە چووین. پاش ئەوەی کە بە تیشك وێنەی قاچیان گرتم. دوکتۆرەکە گوتی ئێسکی پێی چەپم درزی داوە و پێویستە دەگەچێی بگرن. لەو ماوەیەی کە خەریك بوون پێی منیان دەگەچێ دەگرت، شۆفێرەکە زیبای گەیاندە قوتابخانە و پاشان گەڕایەوە و منی بۆ ماڵەوە بردەوە.



ڕۆژێك دواتر نزیکە دەوروبەری نیوەڕۆ سەرگەرمی خوێندنەوەی کتێب بووم کە زەنگی دەرگا لێیدا و پاشان گوێم لە دەنگی دایکم بوو کە بە دەنگێکی زۆر بەرز و ڕێك و پێك دەیگوت: ((فەرموون، ئەزیەتتان کێشا، خۆتان گوڵن)).

لە دڵمدا هەرایەك بەرپا بوو، ئیتر توانای دانیشتن و کتێب خوێندنەوەم نەما. کتێبەکەم داخست و زۆر بە زەحمەت خۆم گەیاندە تەنیشت دەرگاکە، لە کەلێنی دەرگا دایکی زیبام دیت کە بە یەك چەپکە گوڵی زۆر جوانەوە لەگەڵ دایکم بۆ لای ژووری پێشوازی دەڕۆیشتن.

هێشتا چەند چرکەیەك تێنەپەڕی بوو، کە دایکم بە پەلە بۆ ژووری من هات و بەخێرایی دەرگاکەی کردەوە و لە کاتێکدا کە من هەر لەپشتی دەرگاکە بووم و نەم توانیبوو لاچم. دەرگاکە زۆر بەهێز، بەر ڕوخسار و لووتم کەوت.

دایکم بە بیستنی ناڵەی من لە پشت دەرگاکە گوتی: ((خوایە بمرم، چیت بەسەر هات، ئاخر تۆ لەپشت دەرگا چیت دەکرد؟!)).

– هیچ شتێك. دەمەویست بزانم کێ هاتووە، بەڵام تۆڵێ نەگەڕایی و منت هەروەك و ئاگاداری بەدیوارەوە نووساند.

– ژنی دراوسێکەی تەنیشتمان هاتووە، ناو و نازناوی بنەماڵە کەی چی بوو، لە بیرم چۆتەوە. دایکی زیبا دەڵێم خێرابە، وەرە بۆ بەخێرهاتن.

– دایە من نایەم.

–لەبەرچی نایەی ئەو لەبەر خاتری تۆ هاتووە. هاتووە تاکو هەواڵی تۆ بپرسێ.

– ئاخر دایەگیان خۆت بڵێ من چۆن بەو سەر و سیمایەوە بێم.

– بۆ سەر و سیمات چۆنە، زۆر ڕێك و پێك و جوانیشە. تەنها پانتۆڵێك دەپێ بکە و خێرا وەرە.

لە کاتێکدا کە ئاماژەم بۆ لاقە شکاوەکەم کرد و گوتم: ((ئاخر دایە گیان، دەکرێ پێم بڵێی کامە پانتۆڵ دەبەر ئەو پێیە لەگەچ گیراوە دەکرێ؟)).

دایکم خەریکی بیرکردنەوە بوو، خێرا ڕۆیشت و قاتە وەرزشی یەکەمی هێنا و بە هەر جۆرە ناخۆشییەك بوو دەبەری کردم. خۆی زووتر بۆ لای دایکی زیبا

ڕۆیشت و داوای لێ کردم کە هەرچی زووترە بۆ لای ئەوان بچم. دایکم دەناسی بۆیە جگە لە گوێ ڕایەڵی هیچ چارەیەکی ترم نەبوو. پاش ماوەیەکی کورت کە دارشەقەیەکم لەژێر باڵدا بوو. بۆ بەخێرهاتن ڕۆیشتم و بە سڵاوێك ئەوانم ئاگادارکردەوە کە چوومەتە ژوورەوە. دایکی زیبا لەو کاتەی خەریك بوو لەبەرم هەڵدەستا گوتی: ((بۆچی تۆ زەحمەتت کێشا و هاتی، بۆ تۆ زۆر ناخۆشە، پێویستە ئێستا پشوو بدەی)).

- کێشەیەك نییە، فەرموو دانیشە، ئەزیەتت کێشا.

- دوێنێ کاتێك کاك ڕەزا بەسەر هاتی قاچەکەی تۆی بۆ گێڕامەوە، ئەوەندە نیگەران بووم کە باسی ناکرێت. دەمەویست هەر دوێنێ بێم بۆ سەردانتان، بەڵام گوتم لەوانەیە ئەزیەتتان بدەم. ئەمە بوو کە ئەمڕۆ هاتم.

- گەورەییت نواند. بەهەر حاڵ کاك ڕەزاش دوێنێ زۆر ئەزیەتی کێشا. لە لایەن منەوە سوپاسی کاك ڕەزا بکە.

- ئەم قسانە چییە. هەمووی تاوانی ڕەزا بووە. ئێوە زۆر گەورەییتان کرد کە گوێتان نەدایە ئەم باسە و شکایەتتان لە لای پۆلیس نەکرد.

- شکایەت بۆچی؟ هەرچۆنێك بێت شت هەر ڕوودەدات، دوکتۆریش گوتی بە یەك دوو هەفتە پشودان، قاچت بە تەواوەتی چاك دەبێتەوە.

- ئیتر دەبێ تۆ ببووری؛ چونکە تۆ لە دەرسەکانیشت دواکەوتی. زیبا دەیگوت تۆ خوێندکاری زانکۆیت.

دایکم تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو بوو. ئیتر ڕێگەی جوابدانەوەی بە من نەدا. لە کاتێکدا کە زەردەخەنەی ڕازیبوونی لەسەر لێوەکان بوو. بەقەو گوتی: بەڵێ، ئەندازیاریی بیناسازیی دەخوێنێ. یەکەمی پۆلەکەیەتی.

لەو قسەیەی کە دایکم لە ئاخردا کردی، ئیمانم لە کەللەدا نەما، لە سەرخۆ ڕووم لە دایکم کرد و گوتم: ((دایە گیان خۆ زانکۆ قوتابخانە نییە کە قوتابی یەکەمی هەبێت)).



- باشە مەگەر نمرەکانی تۆ لە نمرەی هەموو قوتابییەکان بەرزتر نین؟!))، ((ئەدی باشە دەرس بە قوتابییەکانی دیکە نالێی؟!)) ڕووی لە دایکی زیباش کرد و گوتی: ((خانم دەزانی. هاوڕێیەکانی دەڵێن هەندێك جار هەتا مامۆستایەکانیشی پرسیار لەو دەکەن)).

- دایە گیان، مامۆستایەکان لەگەڵ من ڕاوێژ دەکەن.

- باشە چ جیاوازییەکی هەیە. خانم، شەهریار کاتێك بەشداری کۆنکۆری کرد لە بەشی بیرکاریدا لە سەراسەری وڵات یەکەم بوو.

لە کاتێکدا دەترسام زۆر قسەکردنی دایکم، دایکی زیبا بێ تاقەت و بێ کەیف بکات. بۆیە هەوڵمدا باسەکە بگۆڕم:

- دایەگیان، خانم..... لە بیرم چۆتەوە، نێوی بنەماڵەکەی ئێوە چییە! دایکی زیبا بە قایم گوتی: ((من فەرەهمەندم)).

- بەڵێ دایە گیان، خانم فەرەهمەند بۆ ئەوە نەهاتووتە ئێرە تاکو دەربارەی ئەم باسانە قسە بکەن.

لە کاتێکدا کە دایکی زیبا خەندەیەك هاتە سەر لێوانی، گوتی: ((ئاواتە خوازم کە سەرکەوتوو بیت، وا دێتە پێش چاو کە تۆ کوڕێکی زۆر چالاك بیت، چونکە هەم دەرس دەخوێنی و هەم دەرس بە خەڵك دەڵێیت.

- پاش تەواوبوونی خوێندنت نیازت هەیە چ کارێك بکەی؟

- دەمەوێت بۆ کۆرسێکی دیکە بخوێنم.

- دایکم خێرا لە جێی خۆی ڕابوو، قسەکانی بە من بڕی و گوتی: ((کۆرسی دیکە، واتا دوکتۆرا)).

- یەعنی تۆ ئێستا خوێندکاری ماجستێری؟

- بەڵێ.

- زۆر باشە خوێندنەکەت بەرزە. ان شاء اللە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانتان سەرکەوتووبن)). لەو کاتەدا سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و گوتی: ((وای، زۆر درەنگم کرد. ئیتر من دەبێ بڕۆم، زۆر زەحمەتم دان!)).

– تۆ تازە هەر هاتوویت. لە لامان بمێنەوە با نیوەڕۆ لە خزمەت جەنابتاندا بین.

– زۆر سوپاس، ویستم بۆ داوای لێبووردن و چاو پێکەوتنی ئێوە بێمە خزمەتتان. کاتی ئێوەشم گرت. ئێستا فەرەهمەند دێتەوە ئارەزوو ناکات کەس لە نان خواردن دواکەوێت. باشە بە ڕوخسەتی ئێوە، ان شاء اللە بەزوویی چاك دەبیتەوە، ئەگەر کێشەیەکت هاتە پێش یەکسەر دەبێ ئێمە لە کێشەکە ئاگادار بکەیتەوە.

پاش خواحافیزیی، دایکی زیبا ڕۆیشت و منیش لە نێو فکر و خەیالاتی خۆمدا غەرق بووم. سێ هەفتە دواتر لاقمیان لە گەچ دەرهێنا، ڕۆژی دواتر کاتێك کە لە زانکۆگەڕامەوە. دایکم گوتی: ئەمڕۆ خانمی فەرەهمەند بەیانی زوو هاتە ماڵی ئێمە و بە تکا و پاڕانەوەیەکی زۆر، ئێمەی دەعوەت کرد، کە سبەی شەو بۆ نانی ئێوارە بۆ ماڵی ئەوان بچین. بەڵام دایکم دەعوەتی نان خواردنی ئێوارەی ڕەتکردبۆوە و گوتبووی پاش نان خواردنی ئێوارە بۆ ماڵتان دێین. ئیتر هەموو بیر و هۆشم هەر لە لای میوانییەکەی شەوی داهاتوو بوو. هەرا و هوریایەکی زۆر لە دەروونمدا دەستی پێ کردبوو. شەو تا بەیانی خەو نەچووە چاوەکانم، بەیانی زوو بۆ کڕینی جلوبەرگ بۆ دەرەوە ڕۆیشتم. ناچار بووم یەك دوو سەعات لە نێو شەقامەکان هات و چۆ بکەم تاوەکو دوکانەکان دەکرێنەوە. لە کۆتاییدا جلوبەرگێکی گونجاوم کڕی. پاشان بۆ ئارایشگا ڕۆیشتم و سەر و ڕوخساری خۆم ڕێکخست، کاتێك گەیشتمەوە ماڵێ، دایکم دەرگای لێ کردمەوە، سەرەتا ڕۆیشت هەندێك ئەسپەندی لە مەقاڵەیەکدا کردە دووکەڵ و، پاشان خۆی بەقوربان و سەدەقە کردم!

ئەو ماوەیە زۆر بە ناخۆشی کاتم لێ تێپەڕ بوو. هەر وەك ئەوەی کە سانیەژمێر و دەقەژمێری سەعاتەکە خەویان لێ کەوتبێت و لە جێگەی خۆیان نە جووڵێن.

دایکم ئەو ئێوارەیە لە هەموو ڕۆژێك زووتر، نانی حازرکرد. بەڵام من هیچ ئارەزوویەکی نان خواردنم نە بوو. پارووە نانەکان وەك ئەوەی کە لە ئاسن دروست کرابن، لە گەرووم نەدەچوونە خوارێ. لەبەر خاتری دایکم بۆ ئەوەی کە تووڕە نەبێت، چەند کەوچکێکم خوارد. بە شێوەیەك وەسواس ببووم کە هەستم دەکرد لە یەك



جێگەش ناتوانم سەبر و ئۆقرە بگرم. بۆ گوڵ کڕین لە ماڵەوە چوومە دەرێ و، لە دوکانێکی گوڵفرۆشی چەپکە گوڵێکی سوورم کڕی. پێشتر لە کتێبێکدا خوێندبوومەوە کە گوڵی سوور نیشانەی عەشقی ئاگرینە.

خاوەنی گوڵفرۆشییەکە، چەپکە گوڵێکی سووری جوانی بە دەستەوە گرت و ویی دام. پارەی گوڵەکانم پێ داو بۆ ماڵەوە گەڕامەوە. کاتێك گەیشتمەوە ماڵێ دایکم لە ماڵەوە ئامادە بوو، کە سەیری دایکم کرد، دایکم لەگەڵ دایکی زیبا بەراورد کرد. لەگەڵ ئەوەشدا کە دایکم جوان بوو، بەڵام لە چاو تەمەنەکەی زۆر پیر دەهاتە بەرچاوان. بەڵام دایکی زیبا لە چاو تەمەنەکەی زۆر بچووکتر دەهاتە بەرچاو. چونکە ئەو لە کێشەکانی ژیان بێ ئاگا بوو و، هەردەم لە خۆشی و دەوڵەمەندیدا ژیا بوو. بەڵام دایکی من هەر لە تەمەنی گەنجیدا، هەم باوك بوو هەم دایك. باوکم مامۆستای قوتابخانەیەکی ناوەندی بوو، هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە چل ساڵی کە بە هۆی جەڵدەی دڵەوە کۆچی دوایی کردبوو، دایکمی بە سێ منداڵەوە؛ دوو کچی ١٥ و ١٣ ساڵە و کوڕێکی ١٠ ساڵانە، بە تەنیا بە جێهێشتبوو. ئێستا پاش ١٤ ساڵ دوو خوشکەکەم شوویان کردووە و لە شارستان دەژین و من و دایکم بە تەنیا ماوینەوە و ژیان دەبەینە سەر.

لە دەنگی دایکم هاتمەوە هۆش خۆم، گەیشتینە نزیك دەرگای حەوشەی ماڵی زیبا، هەر کە لە دەرگاماندا، پیاوێکی تەمەن مام ناوەند بە بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕ دەرگاکەی لێ کردینەوە و، دوای داخستنی دەرگاکە بو ژوورێك چوو کە لە تەنیشت دەرگاکە بوو.

تاکو ئێستا هیچ خانوویەکم بەو جوانییە نەبینی بوو لە نێوان دەرگای چوونە ژوورەوە و دەرگای سەرەکی خانووەکە بە شێوەی تاجێکی گەورەی مەرمەڕین بەر چاو دەکەوت، ئەو دوو دەرگایە زۆر لە یەکترەوە دوور بوون، کە ڕێگەی نێوانیان بە کاشی و چیمەن ڕازا بۆوە و لە هەردوو لاکەی درەختی بەرزی وەك سنەوبەر و کاژ و سەرو و، هەروەها گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ، کە شێوەیەکی جوانیان بە ڕاڕەوی چوونە ژوورەوە بەخشی

بوو، بە دی دەکران. بۆنی ئەو گوڵە جۆراوجۆرانەی کە لەم حەوشەیەدا بوون، دەماغی ئێمەیان پڕکرد بوو. کاتێك گەیشتینە نێوەڕاستی ڕاڕەوەکە، سووڕانەوەیەکی شێوە ئەنگوستیلەییمان بینی، کە ئەو بەشەی نقێمی ئەنگوستیلەکەی لێ بوو پڕ لە ئاو بوو، بە وێنە دانەوەی مانگ و ئەستێرەکان لە نێو ئاوەکە، هەزاران جارجوانتری کردبوو.

بە دیتنی ئەم هەموو جوانییە، لە ناخی خۆمدا هەستم بە بچووکی و خۆ بەکەم زانین دەکرد. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: خۆزگە هەرگیز پێم نەخستبایە ئەو ماڵە. کاتێك کە لە دەرگای چوونە ژوورەوە نزیك بووینەوە، دایك و باوکی زیبا چاوەڕوانمان بوون، زۆر بە گەرمی پێشوازیان کردین و بردیانین بۆ لای هۆڵێکی زۆر گەورە و جوان.

هەموو بیناکە بە بەردی مەڕمەڕی سپی داپۆشرا بوو. لە هەندێك جێگە بە فەڕشی زۆر جوان و گران بەها ڕووپۆش کرابوو. لە جێگە جێگەی هۆڵەکە کورسی و قەنەفەی گران بەها بە فەخر و خۆ بەگەورە زانینەوە لەسەر زەوی دانرابوون. دیوارەکانی بە گەچی مۆدێرن گەچکاری کرابوون، لە نێوە ڕاستی دیوارەکان تابلۆی گەورە هەڵواسرا بوون، کە قسەیان دەربارەی بەسەر هات و ژیاننامەی مرۆڤەکان و بوونەوەری دیکە دەکرد. لە هێندێك لاوە، پەیکەری ڕووت و نیوە ڕووت، بە شێوەیەك کە لەو کارە ناڕەوایەی خۆیان هیچ کات ماندوو نەدەبوون، خۆیان دەنواند.

لە هەموو جێگەیەك جوانی و هونەر شەپۆلی دەدا. بەڵام ئەو جوانی و هونەرە بۆ من زۆر مایەی ڕق لێبوونەوە بوو و، ناخۆش دەهاتە بەرچاوم. بە جۆرێك هەموو ئەوانە دەستیان لەنێو دەستی یەکتر نابوو بۆ ئەوەی هەستی خۆ بەکەم زانین لە دەمارەکانی مندا بجووڵێنن.

باوکی زیبا داوای لێ کردین لەسەر قەنەفەیەك دانیشین و، بۆ خۆشی دانیشت. ئەو پیاوێکی بە هەیکەل و بەهێز دەهاتە بەر چاو. ڕەنگ و ڕوخسارێکی شیرینی هەبوو، بەڵام کەمێك بەپۆزەوە قسەی دەکرد.

پاش ماوەیەکی کورت زیبا و دایکیشی هاتن لە لای ئێمە دانیشتن. سڵاو و چاك و چۆنییەکی کورتمان پێکەوە کرت. پاش ئەوە من بۆ چرکەیەکیش چاوم لە زیبا نەکرد؛



واتە: چاوم لەولایە هەر نەکرد کە ئەوی لێ دانیشتبوو. باوك و دایکی زیبا هەوڵیان دەدا بارودۆخێکی گونجاو و گەرم لە دانیشتنەکەمان دروست بکەن، بەڵام من و دایکم بە شێوەیەك نەفەس لە سینگماندا بەند ببوو کە جگە لە وەڵامی کورت و شەرم، چیترمان نەدەگوت. پاش خزمەتکردن و ڕۆیشتنی خزمەتکارەکە، باوکی زیبا بۆ ئەوەی کە من لەو بێدەنگییە و شەرمکردنە بێنێتە دەرێ، گوتی: باشە کاك شەهریار، پێیەکەت چۆنە، ئیتر کێشەیەکی دیت بۆ نەهاتۆتە پێشێ.

- نا، ئێستا وردە وردە دەتوانم بە ئاسوودەیی پێی بڕۆم.
- دووبارە هەوڵبدە کە زۆر فشاری نەخەیە سەری.
- بەڵێ نابێ زۆر فشاری بخەمە سەر.
- هەر بە ڕاست خێزانم دەیگوت کە ئێوە خوێندکاری زانکۆن، خوێندکاری ماجیستێرن.
- بەڵێ.
- بە سەلامەتی کەی تەواوی دەکەی؟
- ئەمە کۆرسی کۆتاییمە، لە کۆتایی وەرزی بەهار تەواوی دەکەم؛ واتاپاش پێنج مانگی دیکە.
- ان شاءالله چ کاتێك دەچییە بواری کارکردنەوە؟
- بە خوا نیازم هەیە بۆ دوکتۆرا بخوێنم.
- کاتێك بەسەلامەتی دوکتۆراکەشت وەرگرت، چ کارە دەبی؟
- ئەو کات بۆ مامۆستایەتی زانکۆ هەوڵدەدەم.
- باشە ئەو کاتە پارە و موچەی تۆ چەندەیە؟
- نازانم. تاکو ئێستا بیرم لێ نەکردۆتەوە، بۆ من زۆر گرنگ نییە.
- هەست ناکەی لە جێگەی ئەو هەموو دەرس خوێندنەوە و تەمەن بە فیڕۆدانە، بەو بڕوانامەی ئەندازیاریەت باشتر دەتوانی کار بکەی و پارەیەکی باشیش بە دەست بێنی؟ پاشان کە ڕووی لە هەمووان کرد، درێژەی بە قسەکانیدا: وەڵا ئەو

ئەندازیارەی کە سەرپەرشتی بیناکەی منی کردبوو، لە هەر بەشێکی بیناکە پارەیەکی لە من وەردەگرت، ئێستا سەرمایەیەکی گەورەی بۆ خۆی دروست کردووە. واتە بەو چوار ساڵەی دەرس خوێندنەی بەبێ هیچ پارە و پولێك هاتووە، ئێستا بە تەواوەتی بۆتە پارە دار.

هەڵبەت بە هەڵە لێم تێنەگەی من ڕێگر نیم لە دەرس خوێندن و خوێندنەوە. من لەگەڵ خوێندن زۆر هاو ڕام، بەڵام کاتێك کە مرۆڤ بتوانێت بە هەردووکیان بگات هەم دەرس و هەم سەرمایە، بۆچی کاتی خۆی بەفیڕۆ بدات؟

لە دڵی خۆمدا گوتم مرۆڤ کاتێك بۆ نێو ماڵی وا دەچێت، بیر دەکاتەوە کە خاوەنەکەی لەگەڵ ئێمە چەند جیاوازی هەیە. چەندە گەورە و بە کەسایەتییە، بەڵام کاتێك دوو قسە دەکات، ئەو کات بۆت دەردەکەوێت کە ئەم کەلوپەلە گرانبەها و ڕووکەشانە، کەسایەتییەکی درۆیان بەو خاوەن ماڵە بەخشیوە.

هەر لەو کاتەدا هەستم کرد کە دەوروبەرەکەم هەموویان بێدەنگ بوو بوون. یەکسەر بە بیرم کەوتەوە کە کاك فەرهەمەند چاوەڕوانی وەڵامی منە. بە پێکەنینەوە گوتم:

– قسەکانی تۆ هەموویان ڕاستن. دەتوانرێت بەو بڕوانامەی ئەندازیاریی سەروەت و سامانێکی باش کۆبکرێتەوە. بەڵام ئەمە کاتێك دەکرێت کە خاوەنی بڕوانامەکە بیر لە پارە بکاتەوە. بەڵام من بە شەخسی خۆم چێژ لە دەرس خوێندن وەردەگرم. بۆ من بەدەست هێنانی پلە و پایەی زانستی گرنگی هەیە و، بۆ ئەندازیارەکەی ئێوەش بەدەست هێنانی پارە و پول جێگەی بایەخە.

لە هەمانکاتیشدا من تازە تەمەنم ٢٤ ساڵە. کاتێك دوکتۆراکەشم وەرگرت ئەو کات دەبم بە ٢٦ ساڵ، وا هەست دەکەم بە ٢٦ ساڵ تەمەن دەتوانیت بچیتە نێو بازاڕی کار و پارەیەکی باشیش پەیدا بکەیت.

– بۆ نموونە کاتێك تۆ بڕوانامەی دوکتۆراکەت وەرگرت، دەچی سەرپەرشتی کاری بیناسازیی یان کاری تر دەکەیت؟



لە کاتێکدا کە بە قسەکانی کاك فەرهەمەند پێکەنینم گرتبوو و، هەوڵم دەدا کە خۆم کۆنترۆڵ بکەم، گوتم:

– نا، قوربان، ئەو کاتە کە مەبەستم بێت ببمەپارەدار، خوێندکاری تایبەتی دەگرم و سەعاتی ١٠ یان ١٢ هەزار تمەنیان لێ وەردەگرم و دەرسیان پێ دەڵێم.

باوکی زیبا لەو کاتەدا پێدەکەنی. ڕووی لە ئامادەبووان کرد و گوتی: باشە ئەوەش بۆچوونێکیترە. خانمی فەرهەمەند ڕووی لە مێردەکەی کرد و گوتی: جەنابی فەرهەمەند، هەموو کەسێك وەك تۆ بیر لە پارە ناکاتەوە. جەنابی فەرهەمەندیش باسەکەی زۆر بە جددی وەرگرت و گوتی: باشترین شت لە ژیاندا پارەیە. ڕووی لە من کرد و گوتی: وانییە کاکە؟ منیش لە وەڵامدا گوتم:

بەخوا چی بڵێم و، خەریکی تێك وەردانی چایەکەم بووم کە نزیك بوو سارد ببێتەوە. کاتێك کاك فەرهەمەند ڕووی لە من کرد و گوتی:

– کاك شەهریار، تۆ ئێستا دەرسی تایبەتی دەڵێیتەوە؟

– نەخێر، هەندێك جار دەرس بە هاوڕێیان و ناسیاوان دەڵێم و یارمەتیان دەدەم و، ئەگەر کێشەیەکیان هەبێت، بۆیان چارەسەر دەکەم. بەڵام دەرسی تایبەتی، نا.

جەنابی فەرهەمەند کەمێك ڕاوەستا و منگە منگێکی کرد و بە منی گوت: وەڵڵا کاك شەهریار، من لە بەرانبەر بنەماڵەکەم زۆر دەمارگیرم، مۆڵەت نادەم کە هیچ پیاوێکی گەنج هاتوچۆی ماڵی ئێمە بکات. بەڵام خێزانم پاش دیتنی ئێوە زۆر بە باشی باسی تۆی بۆ کردم و، ئێستاش کە من تۆم بینی ڕاستی قسەکانی خێزانم بۆ دەرکەوت. تۆ گەنجێکی بە ئەدەب و باش و ڕێك و پێك دێیتە بەرچاو. دەمەویست تکات لێ بکەم ئەگەر کاتت هەبێ کەمێك دەرس بە کچەکەم بڵێی و یارمەتیی بدەی. هەڵبەت تاوەکو ئێستا مامۆستای زۆرمان بۆ گرتووە. هەتا مامۆستای قوتابخانەکەی خۆشی، بەڵام لە ڕووی فێربوونەوە هیچ سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە. بەڵام وابیر نەکەیەوە کە زیبا هۆشی کەمە، زۆر زیرەکیشە، بەڵام باش نازانین کێشەکەی لە کوێیە.

لەبەر ئەوەی بوو بوومە جێگەی ڕەزامەندیی خانم و جەنابی کاك فەرەهمەند، نوقمی شادی و خۆشی بوو بووم و گوتم:

- هەڵبەتە دیارە کە زۆر کچێکی بە هۆشە. بەم بیرە سەرمایەدارییەی کە جەنابت هەیەتی حەتمەن کچەکەتان زۆر وریایە، بەڵام باشە، وا هەست ناکەم کە لە مامۆستاکانی دی سەرکەوتووتر بم، بەڵام ئەگەر ئێوە بتانەوێت، من قسەیەکم نییە.

- بەقسەی فرووزان، (مەبەستم خێزانمە) تۆ بیرت گەنجانەتر و کراوەترە. لەوانەیە تۆ بتوانیت زیاتر یارمەتی بدەیت. جگە لەوەش هەتا نرخی سەعاتێکی دەرس گوتنەوەکەت بە ١٠ تا ١٢ هەزار تمەن نەگەیشتووە با ئێمە سوود لەو هەلە وەرگرین.

لەو کاتەدا هەموومان پێکەنین و من بە جەنابی فەرەهمەندم گوت:

- کاك فەرەهمەند! من تەنها لەبەر خاتری ناسیاوەتی ئەم کارەم قبووڵ کرد. چەند ڕۆژێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کچە بەڕێزەکەتان دێم. بەڵام تکایە حسابی سەعات و پارە لە ئارادا نەبێ.

- ئەمە نابێ، تۆ کاتی خۆت بەفیڕۆ دەدەیت. ئەگەر من زانیبام بەم شێوەیە هەرگیز ئەو پێشنیازەم نەدەکرد.

- نا، کاك فەرەهمەند ئیدی بە جەنابتانم گوت کە من دەرسی تایبەتی ناڵێمەوە و، ئەمە تەنها لەبەر ناسیاوەتییە.

پاش چەند قسەیەکی کورتی دیکە میوانییەکە تەواو بوو و ئێمە بۆ ماڵەوە گەڕاینەوە. ئەو شەوە بۆ من شەوێکی خەیاڵی و دڵگیر بوو. هەستی ڕازی بوون و خۆشحاڵی سەراپای لەشمی داگرتبوو. تا چەند سەعاتێك بە تێپەڕبوونی چرکە بە چرکەی ئەو شەوە سەر قاڵ بووم. هەوڵم دەدا وێنەی ڕوخساری زیبا بێنمە بەر چاوی خۆم و وەك پەیکەرێك ڕایگرم، کە چەند ڕوخسارێکی پاك و ئارامی هەبوو.

ڕۆژی ئاینده من دەوامم نەبوو تازە لە خەو هەستابووم کە زەنگی تەلەفۆن لێیدا، خۆم دەسکی تەلەفۆنەکم هەڵگرت، دایکی زیبا بوو. پاش سەلام و هەواڵ پرسین، پرسیاری کرد کە من کەی کاتم هەیە تا بۆ دەرس گوتنەوە بۆ ماڵیان بچم. منیش



گوتم ئەمڕۆ هیچ کارێکم نییە هەموو کاتێك دەتوانم بێم و، هەر کاتێك کە خۆتان بتانەوێت، ئامادەم. دایکی زیبا سەعات ٤ ی دوای نیوەڕۆی دیاری کرد. چارەگێکی مابوو بۆ چوار کە من لە ماڵی ئەوان ئامادەبووم. حاڵەتێکی تایبەتیم هەبوو، حاڵەتی نێوان دڵەکوتێ و هاوارکردن، کاتێك زەنگی دەرگام لێدا هەمان دەرگەوانی دوێنێ شەو دەرگای لێ کردمەوە. ئەمڕۆ باغەکە زۆر جوانتر لە دوێنێ شەو دەهاتە بەرچاو. گەیشتمە بینا سەرەکییەکە. خانمی فەرەهمەند بۆ پێشوازیم هات و پاش ئەوەی بە سەرسامی سەلام و هەواڵپرسی لێ کردم، لێی پرسیم:

- کاك شەهریار، تۆ پێت خۆشە لە کوێ دەرس بە زیبا بڵێی؟ مامۆستاکانی پێشتری زیبا هەموویان دەچوونە ژوورەکەی زیبا و، پاشان بە دەنگێکی نزم و ئارام گوتی: بەڵام ئەوان هەموویان ئافرەت بوون. بە پەلە چاوێکم لە دەوروبەری خۆم کرد، ئاماژەم بۆ مێزی نان خواردنی نیوەڕۆ کرد و گوتم:

- ئەگەر ڕوخسەت بدەی، هەر لەسەر ئەو مێزە دادەنیشین، وا هەست دەکەم باش بێت.

- بەڵێ، باشە، هەرچۆنێکی حەزت لێیە... بەڵام کاك شەهریار، ئەگەر منتان لەلا بم، کێشەیەك هەیە؟

- نا هیچ کێشەیەك نییە، خانمی فەرەهمەند، منیش زۆر سوپاسگوزار دەبم.

- کەواتە، ببوورە، من دەچم زیبا بانگ دەکەم.

پاش ڕۆیشتنی خانمی فەرەهمەند، خزمەتکارەکە شەربەت و شیرینی و میوەی هێنا. دڵم کەوتبووە تەپەتەپ و، لەشم گەرم داهاتبوو و، چاوەڕوانی، سەراسەری گیانمی داگرتبوو. سەرەنجام زیبا لەگەڵ دایکی هاتن. چەندە لە یەك دەچوون و، لە هەمانکاتدا چەندە لە یەکتری جیاواز دەهاتنە بەرچاو. لێك چوون لە ڕووی جوانی ڕوخسار، و جیاوازی لە شێوازی جل پۆشین و هەڵسوکەوت. دایکی زیبا هیچ کات هەوڵی نەدەدا بۆ داپۆشینی لەش و لار و پرچەکانی، هەموو کاتێك جلوبەرگی نیوە کراوەی دەبەر دەکرد و، مووەکانی بەردەوام ئارایشت کرابوون و هیچ کات سەرپۆشی

به تەواوی لەسەر نەبوو، هەروەها تۆزێك بە ناز و مەكرەوە قسەی دەكرد. بەڵام زیبا هەموو كاتێك جلوبەرگی ڕێك و پێكی دەپۆشی و، سەرپۆشێكی حەریری بچووكیشی لەسەر دەنا كە لە ڕەنگی جلەكانی بوو. دوێنێ شەو جلوبەرگی شین و سەرپۆشی حەریری شینی پۆشیبوو و، ئەمڕۆ جلوبەرگێكی سووری جوانی دەبەر بوو لەگەڵ سەرپۆشێكی حەریری سوور، كە ڕەنگدانەوەی ڕەنگی سوور لە كولمەكانی، جوانییەكەی دوو هێندە كردبوو. پاش سلاو و هەواڵ پرسین، ڕاوەستانم بە باش نەزانی. ئەو كتێبەی كە لەگەڵ خۆمدا بردبووم كردمەوە. لە زیبام پرسی: تۆ لە كوێی ئەم كتێبە كێشەت هەیە و تێناگەی تاكو من بۆت شیكار بكەم و پێت بڵێم؟! ئەویش بە شێوەیەكی ڕاستگۆیانەی تایبەتی و بە كەمێك شەرمەوە گوتی: من لەم كتێبە هیچ شتێك تێناگەم. واتە لە سەرەتای كتێب تا كۆتایی كێشەم هەیە.

كتێبەكەم داخست و بە شیكاركردن و باسكردنی یاسا بنەڕەتییەكانی جەبر و بیركاری سەرگەرم بووم و، ئەویش هەمووی لەشی بوو بوو بە گوێ. پاش هەر شیكار كردنێك كۆمەڵێك پرسیارم دەدایە تاكو حەلیان بكات. هەستی ڕالێبوونیم هەست پێ دەكرد. چەند سەعاتێك تێپەڕیبوو، بەڵام من هەرگیز ئاگام لە تێپەڕینی كات نەبوو. خانم فەرەهمەند سەرەتا بە زەوقەوە چاوی لەو پرسیارانە دەكرد كە كچەكەی شیكاری دەكردن. بەڵام پاشان شوێنەواری ماندووبوون بە شێوەیەكی تەواو لە ڕوخساری دیار بوو. لەبەر خاتری ئەوەی كە نەكا زیبا ماندوو بووبێت. ئەوەندە دەرسەی كە مابوو وازم لێ هێنا بۆ ڕۆژێكی دی و، ئەو كاتەم دیاریكرد كە مابوو تاوەكو تاقیكردنەوەكانی كۆتایی دێت و، بەرنامەم بۆ داڕشت و خۆم ئامادەكرد كە خواحافیزی بكەم. خانم فەرەهمەند وەك ئەوەی كە پرسیارێكی گرنگی بە مێشكدا هاتبێ، پرسی:

– بە ڕاست، كاك شەهریار، هەمیشە دەمەوێت لە تۆ یان لە دایكت نازناوی بنەماڵەكەتان بپرسم، بەڵام لە بیرم دەچێتەوە پێتان بڵێم. ئەگەر ڕاستیت دەوێ من هەرگیز ئارەزوو ناكەم بە نێوی بچووكەوە كەس بانگ بكەم هەرچەند كە جەنابت



نێوێكی جوانت هەیە. پێش ئەوەی كە من وەڵامی خانم فەرەهمەند بدەمەوە زیبا گوتی: جەنابی ڕەفیعی.

من و خانم فەرەهمەند هەردووكمان سەیری زیبامان كرد. زیبا كە لە سەیر كردنەكەی من تێگەیشت یەكسەر سەری نەوی كرد. خانم فەرەهمەند بە سەرسوڕمانەوە پرسی: زیبا تۆ لەكوێ دەزانی كە نازناوی ئەمان، ڕەفیعییە؟

– ئەو ڕۆژەی كە سەیارەكە لە كاك ڕەفیعیدا من كتێب و مەلزەمەكانیم لە سەر زەوییەكە كۆكردەوە و كە سەیرم كرد لە بەرگی كتێب و دەفتەرەكانی نووسرابوو.

قسەكانی زیبا سەراپای گیانمی پڕاو پڕ لە شادی كرد. لەوەی كە ئەو ناوی بنەماڵەكەی ئێمەی لەبەر كردبوو كەیفم بەخۆم دەهات. پاشان خواحافیزیم كرد و ڕۆیشتم. ئەوان تاكو نزیك باغەكە لەگەڵم هاتن. هێشتا بە تەواوەتی دوور نەكەوتبوومەوە كە گوێم لە دەنگی خانم فەرەهمەند بوو كە دەیگوت: زیبا چۆن بوو؟ هیچ تێگەیشتی؟ جیاوازی لەگەڵ مامۆستاكانی پێشێت هەیە؟

زیباش بە خۆشییەوە گوتی: دایە، زۆر باش بوو. زۆر بەجوانی دەرسەكەی پێ گوتم. پرسیارگەلێك كە من ئەو هەمووە لێیان دەترسام، بە شێوەیەك دەرسی پێ گوتم كە شیكاركردنیان وەك ئاو خواردنەوەیە، تاكو ئێستا بیركاریم بەم شێوەیە ئاسان نەهاتۆتە بەرچاو.

– كەواتە تۆ ڕازیت.

– بەڵێ دایە ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات وابزانم لە هەموو تاقیكردنەوەكانم دەردەچم.

ئەو ڕۆژە هەستم دەكرد كە هەموو دەرگاكانی خۆشبەختی بە ڕوومدا كراوەتەوە.

چەندین ڕۆژ لە دەرس پێ گوتنی زیبا تێپەڕیبوو. كاتێك ڕۆژێكیان بۆ دەرس گوتنەوە بۆ ماڵیان چووم، جیاواز لە ڕۆژانی ڕابردوو، خانم فەرەهمەند لە لامان ئامادە نەبوو. زۆر هەستم بە ئاسوودەیی و خۆشحاڵی دەكرد، هەوڵمدا لەم هەلە سوود وەرگرم و، ئەگەر بۆ چەند چركەیەكیش بێت، سەری قسەكە لەگەڵ زیبا بكەمەوە، ڕووم لە زیبا كرد و گوتم: بۆچی دایكت ئەمڕۆ ئامادەی دەرس گوتنەوەكە نییە. بە ئامادەبوونی ڕاهاتبووم؟

– ئەمڕۆ دایکم میوانی هەیە و، هەربەم بۆنەیەشەوە دەیەوێت کەلوپەلی خزمەتکردنی میوانی ئامادە بکات

– بڕواناکەم دایکتان کارێکی زۆر بکات؛ چونکە ئەو خزمەتکارێکی زۆری لەبەر دەست دایە؟!

– نا، بەڵام کاتێك دایە میوانی هەیە زۆر هەڵدەچێت و تووڕە دەبێت و، بۆیەش هەرگیز ناتوانێت لە جێگەیەك دابنیشێت.

دەنگی پێیەکانی خانم فەرەهمەند منی ڕاچڵەکاند، خێرا گوتم: کەواتە کە بەم شێوەیەیە، باشترە بچینەوە سەر دەرسەکەمان. تۆ ئامادەیت:

– بەڵێ، لەو کاتەدا دەنگی خانم فەرەهمەندم کەوتە بەرگوێ:

– سڵاو، کاك ڕەفیعی، هەواڵت چۆنە؟

– سڵاو، زۆر سوپاس، ئێوە چۆنن؟

– زۆر سوپاس باشم. ببوورە من ئەمڕۆ ناتوانم لە لای ئێوە ئامادەببم؛ چونکە میوانم هەیە. تەنها دەمەویست تکایەکتان لێ بکەم هەڵبەت ئەگەر لە لاتان سەخت نەبێت.

– بە سەرچاو، هەر کارێك بێت، لە خزمەتدام.

– لە گەورەیی خۆتانە، تەنها ئەوەم دەویست، ئەگەر بکرێت ئەمڕۆ تۆزێك زووتر دەرسەکە تەواو بکەن. بۆ نموونە سەعات شەش تەواوی بکەن و، دەبێ ببووری لەبەر خاتری میوانەکان ئەوە دەڵێم.

– تکادەکەم، کێشەیەك نییە ئەمڕۆ سەعات شەش کۆتایی بە دەرس دەهێنین. بەڵام دەرسی داهاتوو، سەعاتێك دەرسی زیادە دەڵێینەوە. ئەگەر بەم شێوەش نەبێت ناتوانین هەموو کتێبەکە تەواو بکەین.

– یەك دنیا سوپاس، ئومێدەوارم بتوانین قەرەبووی بکەینەوە، پێش ئەوەی وەڵامیشی بدەمەوە، بەخێرایی ڕۆیشت. سەعات شەش کۆتاییمان بە دەرس هێنا و، خۆم بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد. وەکو هەموو ڕۆژانی پێشوو زیبا و دایکی تا باغەکە



لەگەڵم هاتن. هێشتا خواحافیزییم نەکردبوو، کە دەروازەی باغەکە کرایەوە و دوو سەیارەی مارسدیسی بەرزترین مۆدێل؛ یەکی سپی و ئەوی دی ڕەش، بە پەلە هاتنە نێو باغەکە.

خانم فەرەهمەند زۆر دەستەوەستان بە زیبای گوت: زیبا زووکە بڕۆ بۆ ژوورەکەت و جلەکانت بگۆڕە، لە کاتێکدا کە لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد، گوتی: ئاخر بۆچی ئەوەندە زوو هاتن. ئاخ لە دەستی ئەم نازرییە! دەڵێی بە حەوت مانگی لە دایك بووە. هەموو کات لە کارەکانیدا پەلە دەکات.

کاتێك سەیارەکان ڕاوەستان، دەرگای لای شۆفێرەکە کرایەوە و پیاوێکی بەرێز دابەزی و بۆ لاکەی دیکەی سەیارەکە ڕۆیشت و دەرگاکەی پشتەوەی کردەوە. سەرەتا پیاوێکی کزەی باڵابەرزی دەم و چاو درێژ و ڕەقەڵەی موو ڕەش و سپی پشت کوڕ، کە قات و ڕیباتێکی تازە وتووکراوی لە بەربوو، بە دەم پێکەنینەوە دابەزی و، پاشان خانمێکی کورتە باڵای قەڵەوی ڕەنگ و ڕوخسار سەوز، کە سەر و کەللەی گەورە دەهاتە بەرچاو، بە جلوبەرگێکی پولەکە و بریسکە دابەزی. لە سەیارە سپییەکەش گەنجێك، کە زۆر شێوەی لەو خانمە دەکرد و پێدەچوو کە کوڕی بێت، دابەزی و هەموویان بۆ لای من و خانم فەرەهمەند هاتن. خانم فەرەهمەند بەخێرایی بۆ لای ئەوان ڕۆیشت و سەرگەرمی بەخێرهاتن و یەکتر ناسین بوو، هەموو خۆشحاڵ و دەم بەخەندە بوون. جگە لەو گەنجەی کە لەگەڵ ئەوان بوو. تیشکی ڕق لێبوونەوەی چاوەکانی، منیان کرد بوو بە نیشانە و هەتا چرکەیەکیش چاوی لەسەر من هەڵنەدەگرت. خانم فەرەهمەند بە یەك سیلە چاو لە پیاوە گەنجەکە، تێگەیشت کە چی لە گۆڕێیە. دەست بەجێ منی بەمیوانەکان ناساند:

– ئەمەش کاك ڕەفیعییە.

– ئەمەش کاك نازرییە، ئەمانەش کوڕ و خێزانەکەیەتی، و درێژەی پێ دا: جەنابی نازری، کاك ڕەفیعی خوێندکاری ماجیستێری کۆلێژی ئەندازیارییە، لە بەشی

بیناسازی، دراوسێی ئێمەن. گەورەییان کرد کە تکا و پاڕانەوەی ئێمەیان قبوولّ کرد تاوەکو چەند جارێك دەرس بە زیبا بڵێت.

پیاوە گەنجەکە هێشتا تووڕە و غەمگین بوو، گوتی:

بیستبووم جەنابی فەرەهمەند دەرهەق بە بنەماڵەکەیان زۆر دەمارگیرە و ڕێگە نادات هیچ پیاوی گەنج هاتووچۆ بۆ ماڵیان بکات!

باوك و دایکی کوڕەکە هەردووکیان بە شێوەیەکی ڕەخنەئامێزانە سەیری کوڕەکەیان دەکرد و، خانم فەرەهمەند بە پێکەنینەوە گوتی: کاك فەروخ، جەنابی ڕەفیعی دەسگیرانی هەیە.

- بەڵام وا پێ ناچێ کە دەسگیرانی هەبێ.

- بەڵێ دەسگیرانی هەیە و بەو زوانەش دەیگوازێتەوە.

بەم قسانەی خانم فەرەهمەند من زۆر بە زەحمەت لە جێگەی خۆم جوولام و بەبێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێ بۆ لای ئەو گەڕامەوە. بەڵام هەروەك ئەوەی ئەم قسانەی خانم فەرەهمەند ئاوێك بە ئاگری تووڕەییەکەی کوڕەکەدا بکات کوڕەکەی بێ دەنگ کرد.

کوڕە دەستی منی گوشی و ئاواتی خۆش بەختی بۆ من خواست و، هەموویان خواحافیزییەکی کورتیان لە من کرد و بۆ نێو کۆشکەکە ڕۆیشتن، منیش بەو حاڵە گێژ و سەرلێشێواویەوە بۆ ماڵەوە گەڕامەوە.

دوا نیوەڕۆی ڕۆژی ئایندە، من تازە لە زانکۆ هاتبوومەوە و زۆر ماندووبووم و لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشا بووم، کە دەنگی جەرەسی دەرگام گوێ لێبوو، پاشان دەنگی خانم فەرەهمەندم بیست، کاتێك دایکم و خانم فەرەهمەند بۆ ژووری میوان هاتن. خانم فەرەهمەند گوتی: هاتووم تاوەکو کاك ڕەفیعی ببینم و داوای لێبووردنی لێ بکەم. دایکم هاتە ژوورەکەم بۆ ئەوەی من لە خەو هەستێنێ. بەڵام من بڕیارمدا خۆم وا نیشان بدەم کە خەوم لێکەوتووە. چونکە خانم فەرەهمەند لەو ژنانە بوو کە ئەگەر دوو گوێی بیسەری وەك گوێی دایکمی دەست کەوتبایە لە سیر تا پیواز هەموو شتێکی باس دەکرد، بەڵام ئەگەر منی لە لا بوایە بە یەك هەواڵ



پرسین و عوزر هێنانەوەیکی کورت دەڕۆیشت و من لە هیچ شتێك سەرم دەرنەدەکرد. خۆشبەختانە ژووری من لە پشت ژووری پێشوازی بوو، لەبەر ئەوە زۆر بە ئاسانی قسەکانی ئەوانم دەبیست.

دایکم پاش هەوڵدانێکی کورت بۆ هەستاندنی من و، دوای ئەوەی کە من هەڵنەستام، بۆ ژووری پێشوازی گەڕایەوە و بە خانم فەرەهمەندی گوت: چونکە تازە لە زانکۆ گەڕاوەتەوە ماندووە، لە خەو هەڵناستێت و پاشان هۆی عوزر هێنانەوەکەی پرسی، خانم فەرەهمەند گوتی:

- وەڵڵا! دوێنێ کە میوانەکانی ئێمە هاتن. من گوتم کە جەنابی ڕەفیعی دەستگیرانی هەیە و، دەشزانم کە کارێکی هەڵەم کردووە. بەڵام خانم ڕەفیعی! چارەیەکم نەبوو. چونکە ئەوان بۆ داخوازی زیبا هاتبوون، کوڕەکەشیان زۆر دەمارگیرە.

بەم قسانەی خانم فەرەهمەند دڵم وێك هاتەوە، یەعنی ئەوانە دەیانەوێت زیبای نازەنینی من بدەن بەو هەتیوە قەڵەوە کورتە باڵایە ناشیرینە. ڕق و کینەیەکی زۆر لەو گەنجە، سەراپای گیانمی داگرتبوو. هەوڵم دەدا هەموو لەشم ببێت بە گوێ تاکو هەموو باسەکەم گوێ لێ بێت.

- ئاخر زیبا خانم تازە تەمەنی دەبێت بە ١٨ ساڵە. وا هەست ناکەی کە بۆ بە شوودانی زووە. ماشاءاللە.......ئەوەندە جوان و ناسکە، کە پەیتا پەیتا داخوازیکەری باشی دێن.

- وای، خانم ڕەفیعی، نازانی جەنابی نازری هاو پیشەی فەرەهمەندە. من واهەست دەکەم کەسی لە وان دەوڵەمەندتر لە ئێراندا نەبێت. باوەڕناکەی ئەگەر بڵێم ئەمان چەندان کۆشك و هوتێل و قەیسەری و شوققە وشتی تریان هەیە. فەرەهمەند لە بەرانبەر ئەواندا هەر هیچ نییە.

- پیرۆز بێت زاوا تەمەنی چەندە؟ پلەی خوێندەواری چەندە؟

- زاوا ٢٥ ساڵە. پلەی خوێندەواریشی نازانم لەوانەیە دیپلۆمی هەبێ، شەهادە بە کەڵکی چی دێت؟! خانم ڕەفیعی، پارە دارە، بە گوتەی فەرەهمەند، ئێستا سەردەم،

سەردەمی پارەیە. خودی فەرەهمەند خوێندەواری نییە، بەڵام سەد ئەندازیار لە ژێر دەستیدا دێن و دەچن.

- تاکو ئێستا یەکدیان بینیوە؟ پێك ڕازین؟

- بە خوا یەکدیان بینیوە. فەروخ، مەبەستم کوڕی کاك نازرییە، چەند ساڵێکە کە داوای زیبا دەکات تاکو ئێستا چەند جارێك بۆ خوازبێنی هاتوون، بەڵام ئێمە جوابی نەخێرمان داونەتەوە و دەمانگوت دەبێ زیبا دیپلۆم وەربگرێت. ئیتر دوێنێ شەو هاتبوون کە کارەکە تەواو بکەن. هەڵبەت زیبا لەو مەسەلەیە زۆر ئاگادارنییە؛ چونکە فەریهمەند گوتی کاتی تاقیکردنەوەکانی نزیك بۆتەوە لەوانەیە لە تاقیکردنەوەکانی خراپ ببێ. بەڵام ئێمە بۆ خۆمان قسەی خۆمان کرد. پاش تەواو بوونی تاقیکردنەوەکانی زیبا، ئاهەنگی مارەکردنی زیبا دەست پێ دەکات.

- واتا ئێوە هێشتا ڕای کچەکەتان وەرنەگرتووە و قسەی خۆشتان کردووە؟ ئەگەر ئەو ڕازی نەبوو، چی دەکەن؟

- خانم ڕەفیعی، تۆ خۆت کچان باش دەناسی. ئەگەر دوو سەعات دانیشم و دەربارەی پارە و ماڵی ئەوان و ئەو جێگەیەی کە دوای مێرد کردن بۆی دەچێ، قسەی بۆ بکەم، دڵنیابە ڕازی دەبێ.

- باشە مارەییەکەی چەند بوو؟

- دەیانەویست یەکێك لە کۆگاکانیان بەناوی زیباوە بکەن، بەڵام من و فەریهمەند قبووڵمان نەکرد، بڕیار بوو یەك لە هوتێلە پێنج ئەستێرەکانیان بەناوی زیباوە بکەن و هەرچی پارە و داهاتەکەشییەتی بۆ زیبا بێت. هەروەها کەلوپەلی بووکێنی لە پاریس دەکڕن. دوو سێ هەفتەیەك بە یەکەوە بۆ فەڕەنسا دەچین. هەم زیبا و فەروخ زیاتر یەکتری دەناسن و، هەم بۆ ئێمەش گەشت و خۆشییەکی کورتە.

- خانم فەریهمەند، ئێستا پێم بڵێ زاوا بە لاقێکی بووك دەبێت؛ ڕوونتر بڵێم: زاوا بەقەد بووك جوانە؟



- بەخوا چیت پێ بڵێم خانم ڕەفیعی!، ئەگەر ڕاستییەکەت دەوێت، نا. زاوا جوان نییە، هیچێك لەو تایبەتمەندیانەی کە من بۆ زاوایەکەمم دەویست هەیبێ، تێیدانییە. دەزانی من زاوایەکم دەویست وەك کاك شەهریار بێت، بالا بەرز و خۆش قەد و قامەت و دڵگیر، بەڵام بە داخەوە، خوا هیچ کات هەموو شتێك بە یەکەوە بە مرۆڤ نابەخشێ. بەخوا ئەگەر فەروخ جوان و باڵابەرز نییە، بەڵام زۆریش ناشیرین نییە. باشە پارە و پوولی هەیە. هەتا حەز بکەی دەوڵەمەندە. دەزانی فەریهمەند دەڵێت من لە ژیانمدا هەر ئەو کچەم هەیە، تاکو ئێستا نەمهێشتووە لە هیچ شتێك کەم و کورتی هەبێ. هەرچی کە داوای کردووە هەیبووە، ئارەزوو ناکەم کاتێك کە شوودەکات. شتێکی بووێت و نەتوانێت هەیبێت. بەڵام زۆر باشە، زیباش شووکردنی بە فەروخ، هەرچی بییەوێت، دەتوانێت هەیبێت. بەژن و باڵاش پاشان ئاسایی دەبێت.

خانم فەریهمەند هەرگوتی و گوتی، دەربارەی ڕۆیشتنیان بۆ خاریج و خۆشحاڵ بوونیان و پارە و حیسابی بانکیان و چی و چی... ئیتر هەستم دەکرد خەریکە لەجێی خۆم ڕاست دەبمەوە. بە شێوەیەك لە وشەی دارایی و پارە بێزار بوو بووم کە ئارەزووم دەکرد توانیبام هەرچی خەزێنە و پارەی دنیا هەیە، بی سووتێنم. قسەکانی خانم فەریهمەند هەرچەندە کە بۆ خۆی شیرین بوون، بەڵام چنگاڵی ئاسن بوون کە لە دڵ و گیانی من ڕۆدەچوون. چەندە هەستم بە بەدبەختی و بێ توانایی دەکرد!

هەموو ئاواتەکانم بە بابردوویی دەبینی. ئەوان هەموو قسەکانیان کردبوون، تەنانەت کاتی مارەکردنیشیان دیاری کرد بوو. هەموو شتێك بۆ من تەواو بوو بوو. حەزم دەکرد زۆر بەقەو بگریم. بەبێ توانایی بۆ لای ئارامگای هەمیشەیی، واتا کتێبەکانم ڕۆیشتم و بەبێ هۆ بە هەڵدانەوەی پەڕەی کتێبەکان سەرگەرم بووم.

لەناکاو دەرگای ئومێدێکم لێ کرایەوە. بیری نامەیەك هاتە مێشکم. من دەمتوانی هەستی خۆم بەرانبەر بە زیبا لە نامەیەکدا بنووسم. لەوانەیە ئەویش لە دڵدا منی خۆش بوێت، یان هەر نەبێت لە هەستی من بەرانبەر بە خۆی ئاگادار دەبێت. بە هەرحاڵ من هیچم لە دەست ناچێت، لەبەر خۆمەوە لە دڵی خۆمدا گوتم:

بەڵێ، کوڕە ئەم کارە زۆر تەواوە. نابێ وا زوو مەیدان چۆڵبکەی. پەڕەیەکم هێنا و دەستم بە نووسین کرد. لەوانەیە بیست نامەم نووسیبێ پاشان دەمدڕاندن، هەرکتێبێکی شیعر و ئەدەبم هەبوو، هێنام. تا بتوانم مەبەستێکی خۆش و جوان بنووسم، بەڵام هیچیانم بە باشی نەدەهاتنە بەرچاو.

لە کۆتاییدا بڕیارمدا نامەیەکی سادە و کورت بنووسم، لە بەشی پشتەوەی لاپەڕەکە و لە سەر و خواری لاپەڕەکەی پێشەوە ژمارەیەك تەمرینی بیرکاریم نووسی و نیوەڕاستەکەم بە بۆشی بەجێ هێشت و بەم شێوەیە نووسیم:

((سڵاو، ئاگاداربووم کە خوازبێنی کەرێکی زۆر دەوڵەمەندتان هاتووە، دڵم کەوتە خورپە دەستەکانم لەرزین. چونکە ئەوە سەودایەکی خاوبووە کە من ماوەیەکی درێژ بوو لە سەرمدا دەمخولاندەوە، هەموو کاتێك بیرم دەکردەوە کە بە زانست دەتوانرێت خۆشبەختی باشتر و خێراتر بەدەست بهێنرێت، بەڵام ئێستا بەم ئەنجامە گەیشتم کە بەم شێوەیە نییە. کە لێرەدا پارە و ماڵ مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی کەسێك هەیبێ و ببێ بە زاوای بنەماڵەکەتان. ئەوەش شتێکە کە من نیمە.

ئێستا ئەگەر ئازایەتیم کرد و ڕێگەم بە خۆمدا. تاکو نامە بۆ تۆ بنووسم؛ یەکەم بەم هۆیە بوو کە لە دەروونی تۆدا شتێکی جیاواز لە بنەماڵەکەتان دەبینم و، دووەمەم بەم ئاواتە مەحاڵەی کە لەوانەیە تۆش بەرانبەر بە بەندەی بچووك، چاوێکی یارمەتیت هەبێت. کە ئەمە ئەوپەڕی ئارەزووەکانی منە. چاوەڕوانی وەڵامی تۆم. کەسێك کە چرکە چرکە تەمەنی بە یادی تۆ تێدەپەڕێنێ)).

## ((شەهریار))

بەیانی کاتێك بۆ دەرسگوتن بە زیبا، بۆ ماڵیان چووم. ئەو کاغەزەی کە نامەکەی لێ نووسرابوو لە نێو چەند پەڕێکم نا، کە لە چەند پرسیارێك و تەمرینێك پێکهاتبوون، بە زیبام دان. تاکو پاش من شیکاریان بکاتن و ڕۆژی دوواتری هەمان ڕۆژ بە وەڵام بیانداتەوە خۆم و، لە کۆتایی دەرس جەختم لە سەر ئەوە کردەوە کە هەردەبێ وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە وە باش بیریان لە سەر بکاتەوە.

کاتێك هاتمەوە ماڵێ. شڵەژان و دڵەکوتێ هەموو گیانمی داگرتبوو. ترس و شڵەژان لەوەی کە نەکا زیبا نامەکە نیشانی دایك و باوکی بدات. یان کە وەڵامەکەی نەخێر بێت و، یان ئیتر من ڕەفز بکات و، هەزار جۆرە بیری تر. بە تەواوەتی ئارەزووی خواردنم لە دەست دابوو. سەرەنجام ئەو شەوە ڕۆژ بۆوە. هەوڵم دەدا خۆم هەروەك جارانی پێشوو بە ئاسایی نیشان بدەم، بەڵام بە هۆی بێخەوی ئەم چەند شەوەی ڕابردوو، ڕەنگم پەڕیبوو، و کەمێك ژێر چاوەکانم هەڵئاوسا بوو، بە شێوەیەك کە خانم فەریهمەند چاوی پێ کەوتم تێگەیشت، وای زانی کە نەخۆشم. هەروەها منیش لە وەڵامدا گوتم سەرمام بووە و هەڵامەتم لێیە.

زیبا ئەو ڕۆژە زۆر بێدەنگ بوو. کەمتر سەیری منی دەکرد و زۆر جار هەرگیز ئاگای لە دەرس و شیکاری من نەبوو. بە خانم فەریهمەندم گوت:

- ببوورە خانم فەریهمەند من لەبیرم چووبوو کە بە دایکم بڵێم کە ئەمڕۆ یەکێك لە هاوڕێکانم بۆ وەرگرتنی چەند کتێبێك بۆ ماڵی ئێمە دێت، ئەگەر لەبەرت زەحمەت نییە تۆ گەورەیی بکە و تەلەفۆن بۆ دایکم بکە و پێی بڵێ: کتێبەکانم لە سەر مێزی ژوورەکەم داناون.



- کاك ڕەفیعی دەتەوێت تەلەفۆنەکە بۆ ئێرە بێنم. خۆت پێوەندیی پێوە بکەی.

- نا، چونکە زیبا خانم ئاگای لە دەرسەکە نامێنێ و، لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆ قسە بکەی کاتی تەلەفۆنەکە کەمتر دەبێت.

- خانم فەریهمەند بە پێکەنینەوە قسەکانی منی قبووڵ کرد و بە خۆشحاڵییەوە ڕۆیشت، دەمزانی بە لایەنی کەمەوە نیو سەعات بەیەکەوە قسە دەکەن. پاش ڕۆیشتنی خانم فەریهمەند چەند چرکەیەك بێدەنگ بووم و پاشان لە ڕوخساری زیبا ڕامام و لێم پرسی: ((نامەکەت خوێندەوە؟ دەتوانم بپرسم وەڵامەکەت چییە؟)).

زیبا پاش بێدەنگییەکی زۆر و، لەو کاتەدا سەیری خوارەوەی دەکرد و دەستەکانیشی سەرگەرمی یاریکردن بە قەڵەم بوون، گوتی:

- پێویستە تۆ لەگەڵ بنەماڵەکەمدا قسە بکەیت.

- من تا ڕای تۆ نەزانم ناتوانم هیچ قسەیەك دەربارەی ئەم باسە لەگەڵ ماڵەوەتان بکەم و، خۆت ڕای ئەوان باش دەزانی.

- نازانم دەبێ بیر بکەمەوە.

وەڵامەکەی زیبا منی زۆر ئازار دا. وا هاتە مێشکم کە وەڵامی زیبا نەخێرە. بە ناڕەحەتییەوە گوتم:

وەك پێویست کاتت هەیە بۆ بیرکردنەوە. تۆش هەر وەك دایك و باوکت بیر لە پارەو پوڵ دەکەیتەوە؟

- نەخێر، پارە هەرگیز بۆ من گرنگ نییە.

- کەواتە چی لە گۆڕێیە؟ کەیفت بە من نایەت؟

- نا، تۆ هیچ کەم و کووڕییەکت نییە.

- ئەدی باشە، مەسەلە چییە؟

بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی من، خانم فەریهمەند زۆر بەخێرایی هات و قسەکانی ئێمە بە نیوە چڵی مانەوە. ڕووم لە زیبا کرد و گوتم: وەڵامی پرسیارەکەت دایەوە؟

- دەمەوێت بیری لێ بکەمەوە.

کاتێك لە ماڵی جەنابی فەریهمەند وەدەرکەوتم. بەبێ هودە لە شەقامەکان پیاسەم دەکرد. لە بەرزەخێکی سەیردا مابوومەوە، گێژ و بێتاقەت بووم حەزم دەکرد هەرچی زووترە وەڵامی کۆتایی زیبا بزانم و، هەڵبەت خۆم هاندەدا، کە پێم وا بێ وەڵامەکەی بەڵێیە. گەیشتمە کابینەیەکی تەلەفۆنی گشتی. یەکسەر بڕیارمدا کە تەلەفۆنی بۆ بکەم، بەڵام پێشم باش نەبوو. لەوکاتەدا ئافرەتێکی گەنج بە نزیك کابینەیەکی تەلەفۆنەکەدا تێدەپەڕی بانگم کرد و تکام لێ کرد کە ژمارە تەلەفۆنی ماڵی کاك فەریهمەند لێبدات. پێشتر خانم فەریهمەند ئەو ژمارەیەی دابوو بە دایکم و، من لە ناو دەفتەرەکەمدا نووسیبووم.

سەرەتا ئەو ئافرەتە گەنجە ملی نەدەدا ئەو ژمارە تەلەفۆنە لێبدات. بەڵام من گوتم کە لەگەڵ بنەماڵەی دەسگیرانم کێشەم هەیە و، ئەوان بە بیستنی دەنگی من پێوەندییەکە دەپچڕێنن. قبووڵی کرد و ژمارەکەی لێدا، کاتێك زیبا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، ئافرەتەکە دەسکی تەلەفۆنەکەی دایەوە خۆم و، زۆر سوپاسم کرد و ڕۆیشت.

– سڵاوخانمی زیبا خان، من شەهریارم.

– سڵاو کاك ڕەفیعی، حاڵتان چۆنە؟

– باشم. زۆر سوپاس، دەکرێ پێم بڵێی لە کوێ قسە دەکەیت؟

– لە ژووری خۆم بۆچی؟

– بۆ هیچ، حاڵت باشە؟

– سوپاس، ئەم خانمە کێ بوو؟

– ڕێبوارێك بوو، من لە سندوقی تەلەفۆن پێوەندیی دەکەم. بە کورت و پوختی وەڵامی تۆ چییە؟

– نازانم. دەبێ بیربکەمەوە پێویستە لەگەڵ ماڵەوەمان ڕاوێژ بکەم.

– ئەگەر بتەوێت لەگەڵ ماڵەوەتان ڕاوێژ بکەی، جوابی ئەوان نەخێرە.

– تۆ چۆن ئەوەندە دڵنیای؟

– چونکە ئەوان هاوسەری ئایندەی تۆیان دیاری کردووە.



– باشە کێیە؟

– وا هەست دەکەم کە خۆت باش بزانیت. کوڕەکەی کاك نازرییە.

– ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو. پاشان گوتی: ئەوە نەبڕاوەتەوە، من زۆر کەیفم پێ نایەت.

– زیبا خانم، تۆ منت لە بەرزەخێکی خراپدا ڕاگرتووە. تکایە وەڵامی کۆتایی خۆت بە من بڵێ. ئەگەر نەخێرە، با بەکورتی من لە خۆم بگەم کە چی بکەم. هەروەها ئەگەر بەڵێیە با لەو بەرزەخە ڕزگارم بێت. هەر نەبێ پێم بڵێ کە کێشەی تۆ چییە؟

– من چی بڵێم، تۆ زۆر پەلە دەکەیت. من بە تۆم گوت کە بە ڕوخسار تۆ زۆر باشیت. بەڵام من هیچ زانیارییەکم دەربارەی کەسایەتی ڕاستەقینەی تۆ نییە، لەبەر ئەمە ناتوانم وەڵامی کۆتاییت بدەمەوە، وابزانم پێویستە کە هەر دەبێ لەگەڵ کەسێك ڕاوێژ بکەم. یان کە ماوەیەکی زیاتر تێپەڕێ، بەڵکو من زیاتر تۆ بناسم.

– ئەگەر بەم جۆرەیە، ڕێگە بدە چەند جارێك پێکەوە قسە بکەین. بەڵکو بتوانیت ڕای کۆتایی خۆت دەربڕیت.

– مەبەستت لە قسەکردن چییە؟ بنەماڵەی من ڕێگە نادەن، من بە تەنیا لەگەڵ تۆدا قسە بکەم.

– بەڵێ، بەڵام مەبەستی من ئەوەیە کە بەبێ ئاگاداریی بنەماڵەتان پێکەوە قسە بکەین. بۆ نموونە کاتێك کە تۆ بۆ تاقیکردنەوە بۆ قوتابخانە دەچیت.

– بەڵام من لەگەڵ شۆفێر دەچم و لەگەڵ شۆفێر دەگەڕێمەوە.

– باشە، ئەو سەعاتەی کە تاقیکردنەوەکەت تەواو دەبێت، سەعاتێك درەنگتر بە شۆفێرەکەت بڵێ، واتا: با شۆفێرەکەت درەنگتر لە دوات بێت. من لە پێش دەرگای مەڵبەندی تاقیکردنەوەکەت چاوەڕوانت دەبم، پاش تەواوبوونی تاقیکردنەوە دەچین بۆ ئەو پارکەی کە بەرانبەر بە قوتابخانەیە و کەمێك پێکەوە قسە دەکەین.

– بەڵام من هیچ کاتێك ئەم کارە ناکەم. وا هەست دەکەم ئەم کارە شێوەیەك ناپاکی بەرانبەر بە بنەماڵەکەمە، ئەوان بڕوایان بە من هەیە.

– چ بڕوایەك؟! ئەوان تۆ لەگەڵ شۆفێر دەنێرن و لەگەڵ شۆفێر دەتگەڕێننەوە. من بڕوا ناکەم تۆ تاکو ئێستا ١٠ مەتریش بە تەنیایی بۆ جێگەیەك ڕۆیشتبی!!

– باشە ئەوان ئەم کارە بۆ ئاسوودەیی و سەلامەتی من دەکەن.

– چ سەلامەتییەك؟ باشە ئەم هەموو کچەی کە بەیانی زوو تا شەو بۆ قوتابخانە و زانکۆ، یان بۆ سەر کاردەچن، هەموویان دزیون، یان بردویانن؟ هەتا تۆ ئەگەر لەگەڵ مامۆستاکەشت دەتەوێت دەرس بخوێنی دایکت دەبێ لە لاتان بێت، ئەمە چ شێوە بڕوابوونێکە؟!

زیبا بێدەنگ بوو و هیچی نەگوت، گوتم: داوای لێبووردنت لێ دەکەم ئەگەر تۆزێك بە تووڕەیی قسەم لەگەڵ کردیت. تکایە کەمێك بیر لە قسەکانی من بکەوە. ئەگەر ڕازی بووی. من بەیانی سەعات چوار و نیوی پاش نیوەڕۆ لە پێش دەرگای قوتابخانە چاوەڕوانم.

بە خواحافیزییەکی کورت وەڵامی دامەوە و تەلەفۆنەکەی داخست.

بەیانی سەعات چوار و نیو لە پێش دەرگای قوتابخانە بووم، بەڵام زیبا لە قوتابخانە نەهاتبووە دەرێ. هێزم لێ بڕابوو. بە درێژایی ڕێگە هەر هاتووچۆم دەکرد و بە شێوەیەکی ڕێك و پێك سەیری چرکە ژمێری سەعاتەکەم دەکرد. سەعات پێنج سەیارەو شۆفێری زیبا پەیدا بوون و چەند چرکەیەك دواتر زیبا سواری سەیارەکە بوو و ڕۆیشت. ئەم هەڵسوکەوتە بەو مانایە بوو کە وەڵامی زیبا نەخێرە. لەبەر زۆری ئازارو نارەحەتی تەنانەت نەمدەتوانی بە پێوەش ڕاوەستم. بۆ لای دیوارێك ڕۆیشتم و ماوەیەکی زۆرپاڵم بە دیوارەکەوە دا. هەستی تێکشکان و سەرنەکەوتن سەراپای گیانمی داگرتبوو.

چەند سەعاتێك بەبێ ئامانج بە شەقامەکاندا ڕۆیشتم. شەو داهاتبوو کە گەیشتمەوە ماڵێ و بە خواردنی حەبێکی ئارامبەخش خەوم لێکەوت.

بۆ بەیانی هەمان ڕۆژ پاش تەواوبوونی دەرسەکانم لە زانکۆ، داوام لە کچە خوێندکارێکی زانکۆ کرد، ژمارە تەلەفۆنی ماڵی زیبام بۆ لێبدات. کاتێك زیبا هاتە



سەر خەت، لە کاتێکدا کە هەوڵم دەدا ڕێگری لەو گریانە بگرم کە لە قوڕگمدا بەند بووبوو. بە دەنگێکی تا ڕادەیەك گڕ گوتم:

– سڵاو زیبا خان، حاڵت چۆنە؟

– سڵاو، زۆر سوپاس، تۆ باشیت؟

– نا، باش نیم. بۆ ئەوە تەلەفۆنم کرد کە داوای لێبووردنت لێ بکەم. کاتێك کە بیرم کردەوە زانیم کە تۆ لە سەر حەقیت و، ئەمەی کە ڕوویدا کارێکی نابەجێ بوو ئەویش بە هۆی خۆپەرستی، یان سادەیی من بوو. ویستم بڵێم کە لە بابەت دەرسەکانت نیگەران مەبە، من هەروەك جاران بۆ دەرس گوتنەوە بۆ ماڵتان دێم تەنها، تکات لێ دەکەم تۆ هەموو شتێك لەبیر خۆت ببەوە. بە شێوەیەك کە هەرگیز هیچ شتێك ڕووی نەدابێت. هەروەها منیش هەوڵدەدەم کە هەمان کار بکەم و، ئارەزووی خۆشبەختی و سەرکەوتنت بۆ دەخوازم، باشە ئەگەر فەرمایشتێکت نییە، خواحافیز!

ویستم دەسکی تەلەفۆنەکە دانێم و تەلەفۆنەکە داخەم، یەکسەر دەنگە لاوازەکەی زیبام بیست کە دەیگوت: جەنابی ڕەفیعی، دایمەخە.

– کارێکت هەبوو، فەرموو.

– کاك ڕەفیعی، لەبەر دوێنێ زۆر بەداخەوەم. هەرچەندی کردم نەمتوانی خۆم ڕازی بکەم، کە لەگەڵ دایك و باوکم درۆ بکەم. ئەگەر تۆ منت خۆش دەوێت پێویستە بە دایك و باوکم بڵێم (بە کەمێك ڕاوەستان و منگە منگ بەردەوام بوو) منیش تۆم خۆش دەوێت، بەڵام حەزدەکەم ئەم باسە لە ڕێگەی بنەماڵەکانمان بەڕێوە بچێ.

– بەڵام تۆ بیروبۆچوونی بنەماڵەکەتان باش دەزانی. ئەوان تەنها بیر لە پارە دەکەنەوە.

– من هەوڵدەدەم لەگەڵ ئەواندا قسە بکەم.

– هیچ سوودێکی نییە. چونکە ئەوان ڕۆژی مارەکردنی تۆشیان دیاری کردووە.

– کەواتە تۆ پێم بڵێ کە دەبێ چ کارێك بکرێ؟

– زیبا خانم قسەکردنی ئێمە لەگەڵ یەکتریدا چ کێشەیەکی هەیە؟ بۆچی ئێمە بۆ خۆشی یان کات بەڕێ کردن قسە دەکەین؟! من هەست دەکەم کە پێویستە ئێمە لە شێواز و هەڵسوکەوتی ژیانی یەکدی شارەزابین و هەموو شتێك دەربارەی یەکدی بزانین. تۆ لە نێو بنەماڵەیەکی بەناوبانگ و دەوڵەمەند دەژی، بەڵام من ژیانێکی تەواو سادەم هەیە. بە دڵنیاییەوە من ناتوانم ئەو هەموو ناز و نیعمەتەی کە باوکت خستوویەتە ژێر دەستت، بۆت دابین کەم. هەڵبەت لە وانەیە لە داهاتوودا بتوانم، بەڵام ئەمە پێویستی بە کاتێکی زۆرە. من حەزدەکەم ئێمە لە ڕەفتار و ئارەزووی یەکدی تەواوە شارەزابین. ئەگەر زانیمان لەگەڵ یەکتریدا دەگونجێین. ئەو کاتە بۆ هاوسەرگیری پێ دادەگرین. ڕای تۆ چییە؟

– نازانم، بەڵام بە شێوەیەکی ئاقڵانە دێتە بەرچاو.

– کەواتە من بەیانی سەعات ((٤)) لە پێش قوتابخانە چاوەڕوانم. تکایە ئەگەر نەتویست بێیت، بەیانی زوو کاتێك بۆ دەرس گوتنەوە بۆ ماڵتان دێم، پێم بڵێ. هێندەی لە پێش قوتابخانەی کچان هاتووچۆ بکەم، بێزار بووم.

– وەك ئەوەی کە زۆر ئەو کارەت کردووە؟

– ئەگەر پێت بڵێم ئەمە یەکەم جارم بوو، باوەڕ دەکەیت؟

– بەڵێ.

– کەواتە خواحافیز تا بەیانی.

هەستم بە سووکی و شادی دەکرد. بۆ بەیانی هەمان ڕۆژ سەعات ((٤)) لە جێگەی دیاریکراو بووم. دە دەقیقە تێپەڕیبوو کە زیبا هاتە دەرێ. لەو بەر شەقامەکە منی بینی. کاتێك دەیەویست لە شەقامەکە بپەڕێتەوە سەیارەیەك زۆر بەخێرای لە تەنیشت قاچی ستۆپی کرد. شۆفێری سەیارەکە بەدەنگێکی بەرز گوتی:

((خانم هۆشت لە کوێیە خەریك بوو وەبەر سەیارە بکەوی.)) وە زیباش داوای لێبووردن، لە سەر ڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو، بۆ لای من هات.

– سڵاو، باشی، دڵم وێکهات گوتم ئێستا بە بەر سەیارە دەکەوی.



– هیچ هۆشم لە لای خۆم نەبوو. هەر وەك ئەوەی شتێکم بزر کردبێ ویژدانم ئازارم دەدات. وەك ئەوەی تاوانێکی گەورە بکەم.

لەو کاتەدا کە بۆ لای پارك دەڕۆیشتین بە پێکەنینەوە گوتم: نا خانم فەریهمەند، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە تۆ جارێکیش بێت بە تەنیایی بە شەقامدا نەڕۆیشتوویی.

– بەو شێوەیەی کە تۆ قسە دەکەیت من وا هەست دەکەم دەوڵەمەندی جۆرە گوناهێکە.

– نەخێر گوناه نییە ؛ بەڵام من لەم لووتبەرزییە درۆینەی کە دەوڵەمەندەکان هەیانە، بێزارم، وا خۆیان نیشان دەدەن کە خاوەنی هەموو شتێك و هەموو کەسێکن.

– هەموو مرۆڤێکی دەوڵەمەند بەم شێوەیە نییە. باوکی من بەو شێوەیەی کە تۆ بیری لێ دەکەیەوە، نییە.

– ئومێدەوارم کە ناڕەحەت نەبی. بەڵام من وابیر دەکەمەوە کە باوکی تۆش تا ئاستێك وەك ئەوانە.

– بەڕاستی ئەم قسەیەتان زۆر من ئازار دەدات. هیچ حەز ناکەم کە دەربارەی باوکم بەم شێوەیە قسە بکەیت. (لەو کاتەدا جێگەیەکمان پەیدا کرد و دانیشتین).

– داوای لێبووردنت لێ دەکەم. قسەکردنەکەمان دەگۆڕین. دەربارەی خۆت قسە بکە. زیبا خانم.

– من شتێکم بۆ گوتن نییە، تۆ کە دەتەویست من لە شێوازی ژیانی خۆت ئاشنا بکەی، قسە بکە و، چونکە خۆ پێشنیازی تۆش بوو، نەك ئی من.

– دەمزانی کە قسەیەکی زۆرم بۆ گوتن پێیە. بەڵام ئێستا دەبینم کە هیچ شتێکم بە بیردا نایەت کە بیڵێم، ئەرێ بەڕاست ئارەزوو دەکەی کە هاوسەرێکی چۆنت هەبێت؟

– چاك نازانم. بەڵام هەموو کات لە خەیاڵی خۆمدا بیرم دەکردەوە کە، هاوسەرێکی میهرەبان، وەفادار، لەسەرخۆ، بەئەدەب و ئیماندارم هەبێت.

– مەبەستت لە ئیمان چییە؟

– واتا کەسێك کە لەگەڵ خودا بێت، نوێژ بکات حەڵاڵ و حەرام لێك جیا بکاتەوە، جیاوازی لە نێوان گوناه و خێردا بکات. بە شێوەیەکی گشتی بە بڕوای من

هەموو ئەو سیفەتانەی کە گوتم؛ وەك وەفاداری، ئاسوودەیی، میهرەبانی لە مرۆڤێکی تەواو موسوڵماندا هەیە.

– هەرگیز نەمدەزانی کە تۆ بیر لە پیاوێکی بەم شێوەیە بکەیتەوە. هەرگیز لەگەڵ شێوازی ژیانی ئێوە ناگونجێ.

– دەزانی، داپیرەی من زۆر خواناس و بە ئیمان بوو. هەموو کاتێك کە نوێژی دەکرد، بەرماڵێکی بۆ منیش ڕادەخست و، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك باسی خودا و پێغەمبەری بۆ دەکردم. زۆر ئارام و میهرەبان بوو. تەنانەت من ئەوم لە باوك و دایکیشم زیاتر خۆش دەویست. مردنیشی بەڕاستی بۆ من زیانێکی گەورە بوو. ئەو وەسیەتی لە من کرد کە هەموو کاتێك و لە هەر بارێکدا بێت نوێژ بکەم و، شوو بە پیاوێك بکەم کە ئیماندار و خواناس بێت.

– خودا لێی خۆش بێت، ئێستا تۆ وابیر دەکەیەوە کە من ئیماندار و خواناس بم؟

– نازانم، بە ڕواڵەت ناتوانرێت هەموو ئەو شتانە بزانرێت کە مرۆڤێك لە دەروونیدا هەیەتی، وانییە؟

بە کردنی ئەو قسەیە بە بنی چاوان لە من ڕاما. بە ئەندازەیەك جوان بوو کە نقومی جوانییەکەی بووم، لە بیرم چووبوو کە چاوەڕوانی وەڵامێکە. بە سەرسوڕماوی و دڵنیاییەوە دووبارەی کردەوە: کاك ڕەفیعی وانییە؟!

– هاتمەوە سەر خۆم. بەڵێ بەڵێ وایە. فشارم خستە سەر مێشکم تاکو باسی قسەکردنەکەمان بهێنمەوە بیر خۆم. خۆی یارمەتی دام و گوتی: ئێستا تۆ ڕوخسار و دەروونت وەکو یەکە؟

– باشە، من بڕوام بە خودا و پێغەمبەر هەیە، بەڵام ئەگەر ڕاستییەکەت دەوێ نوێژکردن بە شتێکی بێ سوود و کات بە فیڕۆدان دەزانم. خوای گەورە پێویستی بە چوار دوولاهاتنەوە و ڕاست بوونەوە نییە.

مرۆڤ پێویستە دڵی پاك بێت و، زیان و ئازار بە دروستکراوەکانی خودا نەگەیەنێ. زۆر کەس هەن کە شەو و ڕۆژ نوێژ دەکەن و لە ڕیزی پێشەوەی نوێژ کەران ڕادەوەستن،



بەڵام بەندەکانی خودا لە ژێر دەستیان بە ئازارن. هەروەها زۆر کەسیش هەن کە هەرگیز نوێژ ناکەن، بەڵام هەموو کاتێك خەڵك دوعای خێریان بۆ دەکات. بۆ نموونە: ئەو ئەدیسۆنەی کە کارەبای داهێنا، نوێژی دەکرد؟! بەڵام ئێمە کە موسوڵمانین کاتێك کە کارەبا دەکوژێتەوە و دووبارە دێتەوە، لەبەر ڕێزی ئەو داهێنانە گەورەیە هەزاران ڕەحمەتی بۆ دەنێرین، پاشان بە نەرمی گوتم:

– ئێستا کە من نوێژ نەکەم تۆ مێردم پێ ناکەی؟

– زۆر بە ڕێك و پێکی گوتی : نەخێر.

– ڕاستی، تۆ بەڕاستی ئەم قسەیە دەکەیت؟ لە کاتێکدا کە خەندەیەکی دڵگیری لە سەر لێوەکان بوو گوتی: دڵنیابە تا نوێژ نەکەی وەڵامی من نەخێرە.

– کەواتە هەرچی زووترە خۆم فێری نوێژ بکەم و، دەست بە نوێژکردن بکەم.

– زیبا بە دڵنیاکردنەوەیەکی تایبەت گوتی: خۆت فێرکە، دەبێ نوێژیش بکەی.

– باشە، با واز لەو باسە فەلسەفییە بێنین، بەڕاستی تۆ دەزانی چێشت لێ بنێی؟ باوەڕناکەم تاکو ئێستا هێلکە و ڕۆنێکت دروست کردبێ!

لەم قسەیەم کەوتە پێکەنین و لە کاتێکدا خونچە پشکووتووەکەی لێوەکانی لە سەر یەك دادەنا لە ڕوخسارم ڕاما و گوتی: ڕاست بە پێچەوانەوە من دەزانم زۆر چێشتان لێ بنێم. خواردنی دەستم زۆر بەتامە، ئەو کاتەی کە داپیرەم زیندو بوو، هەر کاتێك کە دایك و باوکم بۆ سەفەر دەڕۆیشتن، یان تەنانەت بۆ میوانیش دەچوون، داپیرە منی بۆ ژووری چێشت لێنان دەبرد و دەیگوت: خواردن ئامادە بکە. ئەو فەرمانی دروستکردنی دەدا و من جێبەجێم دەکرد. هەروەها پاشان بە دووقۆڵی دەڕۆیشتین بۆ نێو باخەکە و سفرەیەکمان ڕادەخست و دەستمان بە خواردن دەکرد و دەمانگوت وای چەند خۆشە بەه....بەه.! بە چێشت لێنەرەکانیشی دەگوت کە هیچ شتێك بە دایك و باوکم نەڵێن. هەموو کاتێك دەیگوت: ژن پێویستە ماڵداری بزانێت. هەتا ئەگەر ژنی پادشاش بێت!!

– کەواتە داپیرەی تۆ زۆر نازەنین بووە، خوالێیخۆش بێت، زۆر حەقی لە سەر منە.

- بۆچی لەسەر تۆ شەهریار؟

- باشە، من هەموو کات بیر دەکەمەوە ئەگەر تۆ بخوازم. ناچارم کە خۆم چێشت لێ بنێم و، چێشت لێنانەکەم زۆر خراپە، لەبەر ئەوە سێ هەفتە درێژە ناکێشێ کە کارمان دەگاتە نەخۆشخانە.

لەوکاتەدا کە پێکەنینێکی جوان لە سەر لێوەکانی زیبا نیشتبوو، سەیری سەعاتەکەی کرد و بە خێرایی لە جێگەی خۆی هەڵستا. سەعاتەکەی نیشاندام و گوتی: ئاخر خەریکە درەنگ دەبێ و دوا دەکەوم و ئێستا شۆفێرەکە دێت پێویستە بۆ پێش قوتابخانە بچم.

- چەندە کات زوو تێپەڕی من وام دەزانی چارەگە سەعاتێك نابێت. زیبا خان دووبارە دێیتەوە؟

- نازانم، وا هەست ناکەی کە ئەوەندە بەسە.

- یەعنی تۆ بە تەواوەتی منت ناسی؟

- باش نا، بەڵام با بۆ تاقیکردنەوەی دووبەیانی بێت.

چەندین جار بە هەمان شێوە پێکەوە دانیشتین و دەربارەی هەموو کەس و هەموو شتێك قسەمان کرد. ئەو چرکەساتانەی کە لەگەڵ زیبا قسەم دەکرد، تا ئەو کاتە شیرینترین و دڵگیرترین ساتەکانی ژیانی من بوون، ئاخیر ئیمتیحانی زیبا بوو. هەستم دەکرد هەموو شتێك خەریکە تەواو دەبێت. تکام لە زیبا کرد کە ڕۆژێك بە بەهانەی تاقیکردنەوەی زارەکی بێتە قوتابخانە، تاکو پێکەوە بچینە ماڵی ئێمە و، من ماڵی خۆمانی پێ نیشان بدەم و، ئەمە دوا داواکاریی من لەو بێت. سەرەتا ڕازی نەدەبوو، بەڵام پاشان من زۆر لێی پاڕامەوە و پێم گوت: دەترسم بە بینینی ماڵی ئێمە یەکسەر لە هۆش خۆت بچی و، دەمەوێت پێت بڵێم کە لە دوارۆژدا هیچ شتێك نەمابێت کە بە تۆم نەگوتبێت، قبوولی کرد. لە هەمانکاتدا دایکم چەند ڕۆژێك پێشتر چووبووە لای خوشکەکانم لە شیراز دوو ڕۆژ پاشتر لەگەڵ زیبا بۆ ماڵی خۆمان هاتمەوە. کاتێك



دەرگام کردەوە، بە زیبام گوت: ئێرە ماڵی داهاتووی ئێمەیە، بۆ ماڵی خۆت بەخێر هاتی، زۆر جیاوازی لەگەڵ ماڵی خۆتان هەیە، وا نییە؟

لە کاتێکدا کە زۆر بە سەرنجەوە سەیری هەموو جێگەیەکی دەکرد، گوتی:

- من زۆر حەزم لە خانووی کۆنە. بە ڕاستی زۆر جوانە.

- ئاگادار بە، سیسرکەشی هەیە، هیچ هاوار نەکەی!

لە کاتێکدا کە سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد، گوتی: بە ڕاستی من زۆر لە سیسرك دەترسم.

بۆ لای ژووری چێشت لێنان چووین، لە کاتێکدا کە ئەوێم نیشاندا و، پەشیمان بووم کە بۆچی ڕێکم نەخستووە، گوتم:

- ئێرە ژووری چێشت لێنانە. هەڵبەت کاتێك دایکم لە ماڵ بوو خاوێن بوو، بەڵام من تۆزێك تێکم داوە ؛ هێشتا قاپ و قاچاغم نەشردووە.

ئەمەش ژووری پێشوازیی و میوانە و، ئەمەش ژووری منە. وەرە ژوورەوە جوان بیبینە، سەروەت و سامانی من تەنها ئەو کتێبانەیە کە تەنانەت دزەکانیش هیچ مەیلیان بۆ دزینیان نییە.

زیبا بۆ لای کتێبەکان ڕۆیشت. یەکێکی لێ هەڵگرتن و سەرگەرمی پەڕ هەڵدانەوەی بوو.

*****

شەو لە سەر قەرەوێڵەکە درێژ بووبووم کە تەلەفۆن زەنگی لێدا. زیبا بوو بە دەنگێکی نیگەرانەوە گوتی:

- ئەلو، سڵاو، شەهریار.

- سڵاو، چۆنی هاوسەرە جوانەکەی من؟

- زۆر خراپ، زۆر ناڕەحەتم لە خۆم بێزارم!

- ئەی لە من بێزار نیت؟

– له تۆش هەر بە هەمان شێوە!

– دەستت خۆشبێت. هەر وا زوو؟!

– شەهریار! ئاخر من چی بە تۆ بڵێم؟ دەمەوێت خۆشم بکوژم و تۆش بکوژم!

– بۆچی ئەوەندە خۆت بێزار دەکەی. سوێند بە خوا دەخۆم کە من ئەو مەبەستەم نە بوو. ئێستا شتێکە کە ڕوویداوە، ئێستا بڕیار نییە کە ئێمە ئەڵقەی هاوسەری بگۆڕینەوە؟ کەواتە بۆچی ئەوەندە خۆت ئازار دەدەی.

– کەواتە پێویستە زۆر بە خێرایی بێی بۆ داخوازیم!

– ئاخر ئێستا دایکم لە ماڵەوە نییە. هەروەها ئەگەر خۆشم بێم بە یەك نووکە شەق فڕێم دەدەنە دەرێ. ڕاوەستە تا دایکم دێتەوە بە سەرچاو تەنها خۆت ئازار مەدە.

نزیکەی دوو مانگ لە ڕۆیشتنی دایکم بۆ شیراز تێدەپەڕی، دایك و باوکی زیباش پاش ئەوەی کە زیبا جوابی نەخێری بە جەنابی نازری دابۆوە، خۆیان بۆ فەڕەنسا چووبوون و، بۆ ئەوەی زیبا تەنبێ بکەن، لەگەڵ خۆیان نەیان بردبوو. من و زیباش بە شێوەی نهێنی و جیاواز پێوەندیمان پێکەوە دەکرد، ئەو کاتە هەروەك دوو باڵندە بووین کە بێ باڵ و چریکە ڕێك بۆ قووڵای ئاسمان دەفڕین. چەندە بە چێژ و شیرین بوو! چەند بە زوویی تێپەڕی! سەردەمی ژیان و خۆشی ئێمە هەر وەك شنە بایەك تێپەڕی، ئێمەی لاواندەوە و بە خێرایی لێمان دورکەتەوە.

هاوکات تاقیکردنەوەکانی ماجیستێرەکەی من بە سەرکەوتوویی کۆتاییان هات و، توانیم لە زانکۆی کمبریجی ئەمریکا بۆرسی خوێندنی یەك ساڵە وەربگرم. ئەو ڕۆژە لە خۆشحاڵیان لە کەوڵی خۆمدا جێگەم نەدەبۆوە. چاوەڕوانی سەعات هەشتی ئێوارە بووم تا زیبا تەلەفۆن بکات و من ئەم هەواڵەی بدەمێ. ڕاست وەك هەموو شەوان لە سەعات هەشتی ڕێك زیبا تەلەفۆنی کرد و گوتی: حاڵم باش نییە و، داوای لە من کرد کە بەیانی پێکەوە بچین بۆ لای دوکتۆر. منیش قبووڵم کرد، پاشان بە ڕوونی بۆم باسی بۆرسەکە کرد و، ئەویش زۆر خۆشحاڵ بوو. بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە پێکەوە چووین بۆ لای دوکتۆر و پاشان بۆ تاقیگە. هەڵبەت ناوی خۆمان نەگوت لەوێ ناوێکی



ساختەمان بۆ خۆمان هەڵبژارد تاکو کەس نەمان ناسێ، کاتێك دوکتۆرەکە سەیری ئەنجامی تاقیکردنەوەکەی کرد، پیرۆزبایی لە ئێمە کرد بە ناونیشانی دایك و باوکێکی لاوی داهاتوو!!

کاتێك لە تاقیگە هاتینە دەرێ. زیبا زۆر گریا و هەوڵی منیش بۆ هێورکردنەوەی بێ سوود بوو. پێکەوە بۆ پارکێك چووین و ماوەیەك پیاسەمان کرد.

هیچ یەکێکمان قسەیەکمان نەدەکرد. لە دڵی خۆمدا بیرم دەکردەوە کە چەندە بەدبەختم! ڕاست لەو کاتەدا خۆم لە لووتکەی سەرکەوتن و چێژ وەرگرتن دەدیت. ئەم باسە هەروەك بەردێك کە ببێتە هۆی شکانی شووشەی ئومێدی من، هەموو ئارەزووەکانمی بە ئاو دادا، چ نەخشەگەلێکی جوانم بۆ خۆم و زیبا کێشابوو، دەمەویست بۆ ماوەی ساڵێك زیبا مارە بکەم و بۆ باشترین زانکۆی ئەمریکا بڕۆم و، دووبارە بە هەوڵی نەپچڕاوە لەوێش یەکەم بم و، کاتێك کورسی مامۆستای زانکۆی ئەو زانستگەیەم وەرگرت بە شانازییەوە بۆ ئێران بگەڕێمەوە و، بە ئاهەنگێکی گەورە لەگەڵ زیبا بچینە نێو کەژاوەی زێڕین و، بە خۆشگوزەرانییەکی زۆر، کە لە ئەمریکا بۆ مامۆستایانی دابین دەکەن بە خۆشبەختی لەگەڵ زیبا بژیەم. بەڵام ئێستا بە هەبوونی ئەم منداڵە هەموو شتێك تێك دەچێت. بیرێك بە مێشکمدا هات، دەمانتوانی ئەم منداڵە لەناو ببەین هەروەها پێشتر بیستبووم کە بە نەشتەرگەری پزیشکی منداڵ لە نێو زگی دایکیدا لە نێو دەبەن.

هەردووکمان لە سەر کورسییەك دانیشتین. دەستە ساردەکانی زیبام لە نێو دەستەکانم گرت و سەیری ڕوخسارە ڕەنگ پەڕیوو و غەمبارەکەشم کرد و، بە شێوازێکی دڵدانەوە گوتم:

– ((زیبا گیان، کارێکە کە ڕوویداوە، ئێستا پێویستە لە بیری چارەسەرێك دابین.)) بە شێوەیەکی سارد و بێ گیان سەیری چاوەکانمی کرد و گوتی: ((باشە، پێم بڵێ چ کارێك بکەین؟)).

– سەیرکە خۆشەویستەکەم. ئێستا هیچ کامێکمان ئامادەیی ئەوەمان نییە کە ئەو منداڵە لە دایك ببێت. واتە هەموو شتێك تێك دەچێت و هەروەها ئابڕووشمان لە

هەموو لایەك دەچێت. من وا بیر دەکەمەوە کە باشترین کار ئەوەیە کە ئەم منداڵە لە بەین ببەین. من پێشتر بیستوومە کە هەندێك لە دوکتۆرەکان ئەم کارە دەکەن.

بەم قسەیەم هەروەك یەك پریشکە ئاگر لەجێی خۆی ڕابوو و، بە ترسەوە سەیری ڕوخساری کردم و، بە تووڕەییەکی تەواو گوتی:

- یەعنی چی لە بەینی دەبەین؟ ئەو منداڵی ئێمەیە!

- بەبێ مەیلی گوتم: ئەو کە هێشتا منداڵ نییە.

- شەهریار ئەم کارە وەك کوشتنی مرۆڤێکە! تاوانێکی گەورەیە!

- زیبا گیان هێشتا ئەو نەبۆتە مرۆڤ، تاوانی گەورەش قسەی پیرە ژنانە!

بە تووڕەیی ملی ڕێگەی گرت. زۆر بە خێرای بە ڕێگەدا دەڕۆیشت بە دوایدا ڕامکرد هەرچەند بانگم کرد وەڵامی نەدامەوە. لە کۆتاییدا دەستم گرت و ڕاموەستاند بە تووڕەییەوە سەیری چاوەکانمی کرد و گوتی:

- تۆ قسەی خۆت کرد، ئێستا گوێ لە قسەکانی منیش بگرە، ئەگەر بشمرم ئەم کارە ناکەم.

لەبەری پاڕامەوە و پێم گوت: تۆخودا تەنها ئەمجار گوێ لە قسەم بگرە. لە کاتێکدا کە فرمێسك، نێرگسی چاوەکانی تەڕکردبوو بە دەنگێکی گریاناوییەوە گوتی:

خۆزگە هیچ کات گوێم لە قسەکانت نەگرتبایە. گوێگرتن لە قسەکانی تۆ جگە لە تاوان و بەدبەختی هیچ شتێکی دیکەی بۆ من نەهێنا. داپیرەم هەموو کات پێی دەگوتم یەکەم هەنگاو بۆ تاوان و سەرلێشێوان درۆیە، تۆ ڕێك منت بۆ ئەو ڕێگەیە برد. من لەبەر خاتری تۆ جەستەی خۆمم پێشکەش کرد. بەڵام دڵنیابە کە هیچ کات ئەم منداڵە بێ تاوانە ناکوژم. ئەمجار تۆ دەبێ گوێ لە قسەکانی من بگری.

لە هەموو ڕێگەیەکەوە قسەم لەگەڵ کرد. بە نەرمی و تکا و پاڕانەوە بە تووڕەیی و توندوتیژیی، بەڵام قسەکانی من هیچ تەئسیرێکیان لە دەروونە گڕکاناوییەکەی ئەو نەکرد. ئەو بڕیاری کۆتایی خۆی دابوو. باوك و دایکیشی هەر ئەو شەوە بۆ ئێران گەڕانەوە و، دایکی منیش دوو ڕۆژ دواتر گەڕایەوە، بڕیار بوو پاش هاتنەوەی دایکم



بۆ داخوازیی بۆ ماڵیان بچین. بە درێژایی ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە هیچ قسەیەکمان پێکەوە نەکرد، یەکەمین جاربوو کە بەساردیی ماڵئاوای لە یەکدی بکەین. هەستی بەدبەختی و ماندووەتی هەموو گیانی داگرتبووم ئەو شەوە زیبا تەلەفۆنیشی نەکرد.

بەیانی ڕۆژی ئایندە خەریك بووم نانی بەیانیم دەخوارد، زەنگی تەلەفۆن لێیدا، تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، زیبا بوو. تاکو ئێستا هیچ کاتێك بەم بەیانییە زووە تەلەفۆنی نەکردبوو. لە دڵی خۆمدا گوتم: لەوانەیە بیری لە قسەکەی دوێنێ کردبێتەوە کە من پێم گوتبوو و، وازی لە بڕیارەکەی خۆی هێنابێت. بە خۆشحاڵییەوە سەرگەرمی گاڵتەو هەواڵپرسین بووم لەگەڵی. بەڵام زیبا بە هیچ شێوەیەك تاقەتی گاڵتە و گەپی نەبوو و، ئاوازی دەنگیشی شێوەی دڵتەنگی و نیگەرانی هەبوو، لە منی پرسی کە دایکم بەچی دەگەڕێتەوە. منیش گوتم، چونکە لە بەرزبوونەوە دەترسێت بە فڕۆکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو تەنها بە پاس سەفەر دەکات. پاشان هۆی پرسیارەکەم لێ پرسی گوتی: خەونێکی ناخۆشم بینیوە، داوای لە من کرد کە خێر بکەم. من بە قسەکەی پێکەنیم و گوتم: ((خەونی ژن ڕاست نییە، کەواتە دایکم بە ساغ و سەلامەتی دەگەڕێتەوە)) درێژەم بە قسەکانمدا و پاش خواحافیزیی بۆ زانکۆ ڕۆیشتم.

کاتی گەیشتنەوەی پاسی دایکم بوو. بۆ پێشوازیی بۆ گەراج چووم هەرچەندە چاوەڕوان بووم پاسەکە نەگەیشت. سەرەنجام سەردانی بەرپرسی گەراجەکەم کرد تاکو هۆی دواکەوتنی پاسەکەی دایکمی لێ بپرسم. منیان بۆ ژوورێك برد. کاتێك چوومە ژوورەوە نەفەرێك کە پێ دەچوو سەرۆکی گەراجەکە بێت، لەگەڵ کەسێکی تر سەرگەرمی قسەکردن بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر تووڕە و ماندووبووم، هەوڵمدا کە زۆر بەڕێزانە هۆیەکەیان لێ بپرسم. هەر لەگەڵ ئەوەی کە قسەکانی من کۆتاییان هات، هەردوو نەفەرەکە بە شێوەیەکی تایبەتی سەیری یەکتریان کرد. شێوازی سەیرکردنەکەیان هەستێکی غەریب و ناڕەحەتکەری لە دەروونی مندا بەرپا کرد. بەرپرسی گەراجەکە زۆر بەڕێزانە داوای لە من کرد کە لە سەر کورسی دابنیشم. ئەو چایەی کە لە تەنیشت دەستی بوو بۆ لای منی هێنا و گوتی: ((گەرمە سەرەتا چاییەك

بخۆوە پاشان بۆت باس دەکەم)) نیگەرانی  و دلّتەنگی چنگی لە گشت گیانم گیرکرد بوو، خەونەکەی زیبام بە بیرهاتەوە. هەستی بێ توانایی و لاوازیی لە پێیەکانمدا توانای لێ بڕیبووم کە لە سەر پێیان ڕاوەستم. دڵی خۆمم دەدایەوە و دەمگوت: ئەوە تەنها خەونێك بوو، دایکم ساغ و سەلیمە. بەلاّم سەیرکردنەکان و هەڵسوکەوتەکان شتێکی دیکەیان دەگوت. لەگەڵ ئەوەدا کە تەواوی لەشم وا بێ هێز بوو بوو، کە نەمدەتوانی ڕاوەستم. هێزم دایە بەرخۆم کە لە سەر قاچەکانم ڕاوەستم و دەستەکانم خستە سەر مێزەکە وخۆمم پێوە ڕاگیر کرد، تا نەکەوم. هێزم لێ بڕابوو لەوەی کە ئەو هێندە کات دەکوژێت، جەنگێکی گەورە لە دەروونمدا بەرپابووبوو. وەك ئەوەی لە شێوازی چاوەکانم هەستی بە شڵەژانی دەروونم کردبێ. لە کاتێکدا کە چاوی لە کاغەزێکی لوولدراوی سەر مێزەکە دەکرد، گوتی: ئەمڕۆ تۆ گوێت لە ڕادیۆ نەگرتووە؟

به ساردییەوە گوتم: نەخێر، من هیچ کات گوێ لە ڕادیۆ ناگرم. بۆچی مەگەر پرسیاری من پێوەندیی بە ڕادیۆوە هەیە؟

دووبارە بێدەنگ بوو. بێدەنگییەکەی ئاگرێکی ترسناکی لە دەروونمدا داگیرساند بوو، ئارامم لێ بڕابوو، مستم بەرزکردەوە و بە هەموو توانامەوە لە مێزەکەم ڕاکێشا و، بە هاوارەوە گوتم: ((بۆچی پێم نالێی چی ڕوویداوە؟)).

گوێم لە دەنگی سەرۆکی گەراجەکە بوو، کە دەیگوت: ((دان بە تووڕەییەکەتدا بگرە، بە داخەوە ئەو پاسەی کە دایکتی لەگەڵ سوار بوو بوو، دوێنێ شەو وەرگەڕاوە، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار بوون، ئومێدەوارم کە دایکی تۆ سەلامەت بێت. بە خوای گەورەی بسپێرە.((تەمەن و ژیان لە دەستی خودایە)).

ئیتر هەموو قسەکانی ئەوم بیست، کاتێك هاتمەوە هۆش خۆم سەرۆکی گەراجەکەم بینی کە بە دەستێکی پەرداخێك ئاوی گرتووە و بە دەستەکەی کەشی ئاوی بە دەم و چاوی مندا دەکرد.

به شێوەیەکی دڵ پڕ لە گریانەوە بۆ ماڵەوە گەڕامەوە، یەکسەر بۆ ژووری دایکم چووم. ئەو کراسەی کە لە پێش ئەوەی بڕوات بۆ سەفەر لەبەری کردبوو، لە ئامێزم



گرت و زۆر گریام. کەوتمە بیری ئەو ناخۆشیانەی کە دایکم لە ماوەی ژیانیدا کێشابوونی، و ئەو بارە قورسەی کە بە تەنیایی خستبوویە سەر شانی.

یادگارییەکانی ڕابردوو هەر وەك فلیمێك بە بەرچاومدا دەهاتن و دەچوون و، بارێکی گرانیان دەخستە سەر چاوەکانم. نازانم تا چ کاتێك، بەم شێوەیە مامەوە. کە زەنگی دەرگا لێیدا، منی لەم حاڵەتە هێنایە دەرەوە. تاقەتی هیچ کەسێکم نەبوو لە دڵی خۆمدا گوتم: بێشك یەکێك لە هاوڕێکانمە، هیچ گوێم نەدایە زەنگەکە، چاوەکانم لە سەر یەك دانا و بیرم لە بەیانی دەکردەوە کە پێویستە بە فڕۆکە بۆ ئیسفەهان بچم و خۆم بگەیەنمە ئەو نەخۆشخانەی کە بریندارەکانی ڕووداوی پاسەکەیان بۆ بردوون. لە ناکاو جەستەی لە خوێندا نقووم بووی دایکم هاتە بەرچاوانم. یەکسەر لە ترسان بەبێ ئارامییەکی زۆرەوە چاوەکانم کردەوە، دایکمم بینی بە سەری پێچراو و لەفافاوییەوە کە لە بەرانبەرمدا ڕاوەستابوو. خەریك بوو لە ترسان گیانم دەرچێ کە دایکم هاتە قسە:

- بۆچی بەم شێوەیە سەیرم دەکەی؟ خۆ جندۆکەت نەدیتووە؟ خەوتبووی؟ هێشتا نەمدەتوانی زیندووبوونی دایکم باوەڕ بکەم و، تەنها سەیرم دەکرد.

- بۆچی هەرچەندە زەنگم لێدا دەرگات نەکردەوە؟ لە هەمانکاتدا بۆ لای ئەو قەنەفەیە چوو کە لە بەرانبەریدا بوو و دانیشت و لە سەر قسەکردن بەردەوام بوو، گوتی: ((پێم بڵێ، من لەبەر خاتری تۆ بە پەلە خۆم گەیاندەوە ئێرە کە نەکا تۆ نیگەرانی من بیت و ملی ڕیگە بگریت و بۆ شیراز بچی!)).

- لە خۆشیان لە جێگەی خۆم دەرپەڕیم و دایکم لە ئامێز گرت و ماچم کرد و گوتم: ((دایە خۆ تۆ منت کوشت، خەریك بوو لە مەراقان بمرم)) دایکم بە تەعلیقەوە گوتی:

بینیمی کە لەبەر زۆری غەم و پەژارە خەوت لێکەوتبوو، حەوت پاشاشت لە خەوندا بینیبوون، هەتا دەرگەشت لێ نەکردمەوە.

- دایە گیان، خزمەتکارتم، دەمەویست بیر لە بەیانی بکەمەوە کە بە فڕۆکە بۆ ئیسفەهان بچم. سەرۆکی گەراج گوتی: ڕووداوەکە لە نزیك ئیسفەهان بووە و، هەموو

برینداره‌کانیان بۆ ئیسفه‌هان بردوون. هه‌روه‌ها گوێم له‌ ده‌نگی زه‌نگه‌که‌ش بوو، به‌ڵام وامزانی که‌ منداڵن، بۆیه‌ ده‌رگام نه‌کرده‌وه‌.

چاوم به‌ سه‌ره‌ پێچراوه‌که‌ی دایکم که‌وت گوتم: ((به‌ ڕاست سه‌رت چی لێ هاتووه‌؟!)).

– هیچ شتێك، کوڕم، شتێکی وانییه‌ ته‌نها برینێکی بچووکه‌. ئه‌و هه‌موو له‌فافه‌یان لێ به‌ست. به‌ڵام ئه‌وانی دیکه‌ حاڵیان زۆر خراپ بوو، زۆرێکیان لێ مردن. هه‌روه‌ها هه‌ندێکیان زۆر به‌ سه‌ختی بریندار بوو بوون. له‌ نه‌خۆشخانه‌ کاتێك بینیم که‌ توانای مانه‌وه‌م نه‌ماوه‌. نه‌خۆشخانه‌که‌ش زۆر خراپ بوو، من له‌گه‌ڵ سه‌یاره‌یه‌کی فریاکه‌وتن که‌ نه‌خۆشێکی خه‌ته‌ری بۆ تاران ده‌هێنایه‌وه‌، هاتمه‌وه‌. دایکم هه‌موو ڕووداوی وه‌رگه‌ڕانه‌که‌ی بۆ گێڕامه‌وه‌، چونکه‌ زۆر ماندووبوو، ڕۆیشت بخه‌وێت. هێشتا من خه‌وم لێ نه‌که‌وتبوو که‌ ته‌له‌فۆن زه‌نگی لێدا. زیبا له‌ سه‌ر هێڵ بوو. ده‌نگیشی زۆر غه‌مناك بوو. پاش هه‌واڵپرسین بێده‌نگ بوو. له‌ مانای بێده‌نگییه‌که‌ی تێگه‌یشتم. گوتم: ((هیچت ده‌رباره‌ی دایکم نه‌پرسی؟)).

– ڕاستییه‌که‌ی ده‌مه‌ویست لێی بپرسم، به‌ڵام ترسام که‌ ناڕه‌حه‌ت ببی. ده‌ی ئێستا چ هه‌واڵێك هه‌یه‌، به‌ ساغ و سه‌لامه‌تی هاتووه‌ یان نا؟

– هاتووه‌، هه‌ر ئه‌م شه‌و هاتووه‌.

به‌ خۆشحاڵییه‌وه‌ گوتی: به‌ ڕاستیته‌، نازانی چه‌نده‌ دڵته‌نگ بووم. له‌ ده‌نگوباسی نیوه‌ڕۆ گوتی پاسی شیراز ـــ تاران وه‌رگه‌ڕاوه‌ ژماره‌یه‌کی زۆر کوژراو و برینداری لێ که‌وتۆته‌وه‌، من وامزانی ئه‌و پاسه‌ بووه‌، که‌ دایکتی سوار بووه‌. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که‌ زۆر نیگه‌ران بووم له‌ هۆش خۆم چووم. به‌ڵام سوپاس بۆ خودا که‌ پاسی دایکت نه‌بوو.

– به‌ ڕاستی هه‌ر ئه‌و پاسه‌بوو که‌ دایکمی سواربوو بوو، به‌ڵام خۆشبه‌ختانه‌ که‌ دایکم هیچی لێ نه‌هاتبوو ته‌نها که‌مێك سه‌ری بریندار ببوو.

– زۆر حه‌زده‌که‌م که‌ بێم سه‌ردانی بکه‌م، به‌ڵام به‌ داخه‌وه‌ ناتوانم. ڕاستی دایك و باوکم ده‌یانه‌وێت من ببه‌ن بۆ سه‌فه‌ر، واده‌زانن که‌ من نه‌خۆشم. زۆر پێ داده‌گرن که‌



هه‌رده‌بێ له‌گه‌ڵیان بچم، به‌ڵام من ویستم سه‌ره‌تا له‌ سه‌لامه‌تی دایکت ئاگاداربم پاشان بڕۆم ئێستا ئه‌گه‌ر تۆ ڕات له‌ سه‌ر بێت، من ده‌ڕۆم.

– هیچ عه‌یبێکی نییه‌، بڕۆ، به‌ هه‌ر شێوه‌یه‌ك بێت ئێمه‌ به‌و سه‌ره‌پێچراوه‌ی دایکمه‌وه‌ ناتوانین بۆ داخوازی بێین، تاکو تۆ ده‌گه‌ڕێیته‌وه‌، دایکیشم به‌ ته‌واوه‌تی چاك ده‌بێته‌وه‌، ئێستا که‌ی ده‌ڕۆی، که‌ی ده‌گه‌ڕێیته‌وه‌؟

– دایك و باوکم ده‌یانه‌وێت بۆ ماوه‌ی مانگێك سه‌فه‌ر بکه‌ین، به‌ڵام من ئه‌گه‌ر زۆر بمێنمه‌وه‌ یه‌ك دوو هه‌فته‌یه‌. دڵم بۆت ته‌نگ ده‌بێت.

– منیش هه‌ر به‌م شێوه‌یه‌م، ئێستا که‌ی ده‌ڕۆیت؟

– به‌یانی.

نزیکه‌ی یه‌ك دوو سه‌عات به‌ یه‌که‌وه‌ قسه‌مان کرد، دووباره‌ من ده‌رباره‌ی منداڵه‌که‌ قسه‌م له‌گه‌ڵ کرد و له‌به‌ری پاڕامه‌وه‌، به‌ڵام زیبا له‌سه‌ر له‌باربردنی منداڵه‌که‌ ڕازی نه‌بوو. ئه‌وه‌نده‌ له‌ ده‌ستی تووڕه‌بوو بووم، که‌ له‌ دڵدا ئاره‌زووم ده‌کرد خۆزگه‌ له‌ ڕێگه‌دا سه‌یاره‌که‌یان تووشی ده‌عه‌م بێت یان وه‌رگه‌ڕێت بۆ ئه‌وه‌ی منداڵه‌که‌ له‌باربچێ.

بۆ به‌یانی ئه‌و ڕۆژه‌ زیبا له‌و کۆشکه‌وه‌ که‌ له‌ باکوور به‌کرێیان گرتبوو ته‌له‌فۆنی کرد و گوتی: به‌ ساغ و سه‌لامه‌تی گه‌یشتووین، ناتوانم ئیتر پێوه‌ندیت پێوه‌ بکه‌م؛ چونکه‌ له‌وانه‌یه‌ باوکم هه‌ستم پێ بکات.

چه‌ند ڕۆژێك دواتر کاتی نیوه‌ڕۆ بۆ ماڵه‌وه‌ گه‌ڕامه‌وه‌. دایکم به‌ خۆشییه‌کی زۆره‌وه‌ گوتی: له‌ زانستگه‌وه‌ ته‌له‌فۆنیان کرد و ئێمه‌یان بۆ ئاهه‌نگ ده‌عوه‌ت کرد. له‌ بیستنی وشه‌ی ئێمه‌ سه‌رم سوڕما له‌ دایکم پرسی: ((دایه‌ گیان، مه‌به‌ستت له‌ وشه‌ی ئێمه‌ چییه‌؟)). ئه‌ویش گوتی: واتا من و تۆیان ده‌عوه‌ت کردووه‌.

گوتم: یه‌عنی به‌ڕاستی تۆشیان ده‌عوه‌ت کردووه‌. دایکیشم به‌ شێوازێکی تایبه‌تی برۆیه‌کانی به‌رز کرده‌وه‌ و گوتی:

به‌ڵێ، زۆریش سووربوون له‌ سه‌ر ئه‌وه‌ی که‌ ده‌بێ من هه‌ر ئاماده‌بم!

بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە من و دایکم لە کاتی دیاریکراو بۆ هۆڵی پێشانگای ئەدەبیاتی زانکۆ چووین، پاسەوانێکی باڵابەرز کە جلوبەرگێکی ڕەسمی دەبەردا بوو سەرەتا سڵاوی لێ کردین، پاشان ناو و نازناوی بنەماڵەکەمانی پرسی و، ئەوجار سەیری ئەو لیستەی کرد کە لە دەستیدا بوو. بە ڕێزگرتنێکی کورت بۆ نێو هۆڵەکە فەرمووی کردین. سەرەتا سەرۆکی زانکۆ پێشەکییەکی کورتی خوێندەوە و، پاشان سەرۆکی پەروەردەو فێرکردن و چەند کەسێکی دیکە کە شێوەیەکی زۆر ڕێك و پێك و جوانیان هەبوو، چوونە سەر تەختی شانۆ و ناوی ئەو کەسانەیان خوێندەوە کە هەڵبژێردرابوون بۆ وەرگرتنی بۆرس و ڕۆیشتن بۆ ئەمریکا. پاش چەند نەفەرێك ناوی منیان خوێندەوە. هەستێکی تایبەتیم هەبوو پێویست بوو لە خۆشیاندا پەڕ دەربکەم و بفرم، بەڵام بەم شێوەیە نەبوو. کاتێك بۆ سەر تەختی شانۆ چووم سەرۆکی پەروەردە و فێرکردن پاش پێشکەشکردنی بڕوانامەی ڕێز لێنان دەستمی بە گەرمی گوشی دڵسۆزانە پیرۆزبایی لێ کردم، ئەوەکانی تریش بە هەمان شێوە، کاتێك گەیشتمە سەرۆکی زانکۆ باوکانە منی لە ئامێز گرت و ماچی کردم و، ئاواتی سەرکەوتنی بۆ خواستم، کاتێك سەیری قەرەباڵغی ئامادەبووانم کرد، کە چەپڵەیان بۆ من لێ دەدا، هەستی لەخۆباییبوون و خۆشی لە هەموو دەمارەکانم دەتکایەوە.

هیچ کاتێك ئەوەندە هەستم بە خۆشی و سەربڵندیی نەکردبوو. سەیری دایکمم کرد لە خۆشیاندا هەروەك هەوری بەهاران دەگریا و لە هەمانکاتیشدا پێدەکەنی، هەستی خۆشی و شادیی سەراپای لەشمی داگرتبوو. کاتێك بۆ لای دایکم گەڕامەوە، بڕوانامەی ڕێزلێنانەکەم پێشکەشی کرد و دەستەکانیم ماچ کرد و گوتم: ((لەبەرخاتری هەموو ئەو ڕەنجەی کە لەگەڵ منت کێشاوە!)).

دایکیشم منی لە باوەش کرد و ماچی کردم.

بە درێژایی ڕێگەی گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە دایکم بە شێوەیەکی ڕێك و پێك دەربارەی سەفەرەکەم قسەی کرد.



بیست ڕۆژ زیاتری نەمابوو بۆ ناردنم، نەمدەزانی چۆن چۆنی بابەتەکەی نێوان من و زیبا بە دایکم بڵێم. هەتا کات زۆرتر تێدەپەڕی، بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبوو و، مەرجەکانیش قورستر دەبوون.

بە گاڵتەوە بە دایکم گوت: لەوانەیە هەرگیز نەچم، دەمەوێت لە لای تۆ بمێنمەوە. دایکم بە شێوەیەکی تووڕە گوتی: ئیتر ئەم قسەیە دووبارە نەکەیەوە، ئەمە تەنها ئاواتی منە، پێویستە تۆ بڕۆی و بە سەر بڵندی بۆ وڵاتەکەت بگەڕێیتەوە و خزمەت بە وڵاتت بکەی.

- ئاخر دایە گیان تۆ بە تەنیا جێ دەمێنی. من نامەوێت تۆ بە تەنیا بەجێ بێڵم!

- منیش هەرگیز تەنیا نابم؛ دەچم بۆ لای خوشکەکانت، شیرین، یان شەهرزاد.

- هەستم کرد قسەکردن لەگەڵ دایکم هیچ سوودێکی نییە. لە حاڵەتێکی خراپدا بووم، نە ڕێگەی چوونە پێش و نە ڕێگەی گەڕانەوەم هەبوو. هەستم دەکرد کە هاوسەنگیی مێشکم لە دەست داوە. دایکم گەیاندەوە ماڵەوە و خۆشم بۆ بیرکردنەوە پەنام بۆ سەرشەقام برد. هەرچەند کات زیاتر تێدەپەڕی، من لە خەفەتی زیبا تووڕەتر دەبووم. چەپڵە ڕێزانەکەم دەهاتەوە بیر و، ئەو نمرانەی کە مافی ڕەوای خۆم بوون، بەڵام ئەگەر من بیرم لێ نەکردبایەوە و وازم لێ هێنابا، ئەوا ئاواتەکانی دایکم با دەیبردن. بیرم لە خەرجی مارەبڕینی زیبا و خەرجی ژیانم دەکردەوە. من پارەیەکی زۆرم نەبوو و نەمدەتوانی خەرجییەکی زۆر بکەم و، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی کە من لە بەردەم بنەماڵەی زیبا شەرمەزاربم. پاشان قسەکانی زیبام کەوتەوە بیر، کە هەرکاتێك من دەمگوت، ناتوانم ئێستا ژیانێکی ئاسوودە بۆ تۆ دابین بکەم، ئەو دەیگوت: ((من منداڵی تاقانەی بنەماڵەکەمم، ئەوان بێشك یارمەتیی ئێمەدەدەن)) و، من بە لووتبەرزییەکی تایبەتی دەمگوت: ((من هیچ کاتێك یەك قڕانیش یارمەتی لە باوکت وەرناگرم.)) هەروەها ئەو هەمیشە بێدەنگ دەبوو.

ئێستا بەم بارودۆخەوە پێویستە من واز لە خوێندن بێنم و بە دوای کارێکدا بگەڕێم. یان بە گوتەی دایکی زیبا، پێویستە وەك یەکێك لە ئەندازیارەکان لە

بەرانبەر باوکی زیبادا دەست لە سەر سنگ ڕاوەستم، یان لە پشت مێزی بەڕێوبەرێتییەك لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ خشتەی ڕۆژنامەکان شیکار بکەم، یان دەبێ دەرسی تایبەتی بلێمەوە بەمەش دووبارە دەستم هەر بۆ لای ئەم مرۆڤە دەوڵەمەندانە درێژ دەبێ. چەندە ڕقم لەم کارە بوو و چەندە لێی بێزار بووم و، ئەم ژیانە چەندە جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەو ژیانەی کە من ئاواتە خوازی بووم. هەموو ئەوانەم لە گوێ نەدانی زیباوە دەزانی، بێزارییەکی زۆرم بەرانبەر بە زیبا لە دەروونمدا هەست پێ دەکرد. ئەو دەیەویست کەرامەت و ئابڕو و هەموو ئارەزووەکانی من بخاتە ژێر گڵ!! ئەوەش لەبەر خاتری بوونەوەرێك کە هێشتا نەبووە بە مرۆڤ، بە خۆمم گوت: من دەتوانم هەموو شتێك ژێرە و ژوور بکەم؟! مەگەر باوکی ناڵێ، پارە دەرمانی هەموو دەردێکە، کەواتە زۆر باشە، با ئەو کێشەیە بە پارە چارەسەر بکات. بەڵام دووبارە ترسم دەدایەوە بەر خۆم کە من بەڵێنم پێداوە و، دووبارە دەکەوتمەوە بیری ئاهەنگ بە خۆمم دەگوت، باشە خۆ من لە بەڵێنی خۆم پەشیمان نەبوومەتەوە. هەر کاتێك کە ڕێککەوت، زیبا مارە دەکەم. سەرەنجام ئەگەر هەر کاتێك دایك و باوکی لەو باسە ئاگاداربن، بە هەر شێوەیەك بێت منداڵەکە لە نێو دەبەن. منیش کاتێك کە گەڕامەوە ئەم باسە لە دڵی زیبا دەردێنم و لە بیری دەبەمەوە و مارەی دەکەم. شەڕی دەروونیم تەواو نەدەبوو. بڕیارمدا بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە و، بۆ ئەوەی لەبەر چاوی دایکم وا نیشان بدەم کە لەبەر نان کڕین دواکەوتم، چووم لە ڕیزی نانەوایەك ڕاوەستام وردە وردە هۆشم بۆ لای قسەی دوو نەفەر دەچوو، کە لە دەرەوەی نووسینگەیەکی کڕین و فرۆشتنی خانوو، کە لە تەنیشت نانەواخانەکە بوو، ڕاوەستابوون. لە قسەکانی ئەوانم تێگەیشتم کە یەکێك لە وانە خانوویەکی قوڕی مۆدێل کۆنی لەم گەڕەکە دەوێت و، خاوەنی نووسینگەکەش بەڵێنی پێدا کە ئەگەر خانوویەکی لەم چەشنەی بۆ پەیدا کرد، زوو ئاگاداری بکاتەوە. پاش ئەوەی کە پیاوی کڕیار سواری سەیارەیەکی مارسدیسی ڕەنگ سوور بوو و، ڕۆیشت، بیرێك بە مێشکمدا هات. بۆ لای خاوەنی نووسینگەکە چووم و گوتم: دەمەوێت خانووەکەمان بفرۆشم، لەگەڵ خاوەنی



نووسینگەکە بۆ سەیرکردنی خانووەکەمان ڕۆیشتین. کاتێك چووینە نێو خانووەکە. دایکم منی بۆ گۆشەیەك برد و پاشان هێرشی پرسیاری کردە سەرم. گوتم پاش ڕۆیشتنی ئەو پیاوە هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم. سەرەنجام خاوەنی نووسینگەکە خانووەکەی تەماشاکرد و نرخێکی گونجاوی پێشنیاز کرد و، ڕۆیشت. پاش ڕۆیشتنی ئەو، دایکم بە تووڕەیی گوتی:

- ئەم پیاوە کێ بوو کە هێنابووت بۆ ئەوەی خانووەکە ببینێ؟ من تاکو ئێستا سەد جار پێم نەگوتووی هەتا من زیندووبم، ئەم خانووە نافرۆشم؟! ئەگەرچی کۆنە، ئەگەرچی بە خشتی قوڕ دروستکراوە، من خۆشم دەوێت. یادگاری باوکی خوالێخۆشبووتە. من هیچ کاتێك نای فرۆشم.

- بە ئارامی دانیشتم، تا دایکم هەموو قسەکانی کرد، پاشان لە سەرخۆ گوتم:

دایە گیان، من هەموو قسەکانی تۆم قبووڵە. ڕاستە کە ئەم خانووە کۆن و قوڕینە هەروەها منیش خۆشم دەوێت. هەر لەم خانووە لە دایك بووم و گەورە بووم. هەر گۆشەیەکی بۆ من یادگارییەکی هەیە. بەڵام ناچارم بیفرۆشم.

دایکم بە تووڕەیییەوە گوتی: ((پێم بڵێ بۆچی ناچاری؟)).

- تۆ ڕێگەم پێ بدە، من بە درێژی بۆت باس دەکەم. ئەو دوو مانگەی کە تۆ لێرە نەبووی، ڕووداوگەلێکی زۆر لەم خانووە ڕوویان داوە. هەرکاتێك من لە دەرەوە دەگەڕامەوە دەنگ و هەرایەکی زۆرم لە ماڵەوە دەبیست، هەر وەك ئەوەی کە ئاهەنگی بووك گواستنەوە لە ماڵ دەستی پێ کردبێ. بەڵام کاتێك دەهاتمەوە و دەرگای ژوورەوەم دەکردەوە هیچ کەسێکم نەدەبینی. شەوێکیان کە لە خەودابووم هەستم کرد خەریکە دەخنکێم.

کاتێك چاومم کردەوە بینیم دوو دەستی تووکن قوڕگیان گرتووم و خەریکن بمخنکێنن. کاتێك چاوم بە بەژن و باڵای کەوت خەریك بوو گیانم دەرچێ. ئەوەندە ترسناك بوو کە باس ناکرێت. قسەکانی تۆم بە بیر کەوتەوە و گوتم: "بسم اللە" و

ڕۆیشت و بزر بوو. پاش ئەو شەوە، ئەوان هەموو شەوێك منیان ئازار دەدا. دەیانگوت یان لە ماڵی ئێمە بڕۆ دەرەوە، یان دەتکوژین.

هەرچەند من بە گەرم و گوڕتر ئەم چیرۆکەم دەگێڕایەوە. شێوەی ڕوخساری دایکم زیاتر دەگۆڕا و، ئەمەشم بە دایکم گوت:

سەرەنجام شەوێك؛ واتا: هەمان شەو کە تۆ بڕیاربوو بۆ تاران بگەڕێیتەوە، باوکم هاتە خەونم و گوتی: دایکت لە مەترسیدایە. کاتێك گەڕایەوە ئەم خانووە بفرۆشە و، دایکت بۆ خانوویەکی دیکە ببە، کە سەلامەت بێت، بەڵێنی لە من وەرگرت و ڕۆیشت.

بەڵام من هیچ گوێم بە قسەکانی نەداو بە قسەم نەکرد. گوتم ئەمە خەونە و دەشمزانی کە تۆ ئەم خانووەت زۆر خۆش دەوێت. هەروەها هیچ شتێکم بە تۆ نەگوت. بەڵام دوێنێ شەو دووبارە باوکم هاتەوە خەونم و زۆر بە تووڕەییەوە گوتی: بۆچی بە قسەی منت نەکرد و خانووەکەت نەفرۆشت؟! ئێستا قسە لە دەستی تۆدایە تا بیست ڕۆژی دیکە بڕیارە من لە ئێران بڕۆم. ئەگەر ئەم خانووە نەفرۆشم، ئەوە منیش لە ئێران ناڕۆم. چونکە دڵم بۆت تەنگ دەبێت.

دایکم بە شێوەی بیرمەندانە و ئەندێشەوە گوتی: بەخوا نازانم، تۆ هەموو کاتێك دەتگوت ئەم قسانە درۆ و بێ بنج و بناوانن.

– باشە دایە گیان، تا کاتێك بە چاوی خۆم نەمدیتبوو، دەمگوت ئەم شتانە درۆن، بەڵام ئێستا کە بە چاوی خۆم دیتم، ناتوانم بڵێم درۆیە.

– ئەدی بۆچی ئەم چەند شەوە پەیدا نەبوون؟

– ئێ دایە، کاتێك مرۆڤ بە تەنیابێت ئەوان پەیدا دەبن.

– ڕاستدەکەی، من نازانم، ئەگەر باوکت وای گوتووە و تۆش پێت باشە، هەر کارێکت دەوێ بیکە، منیش ڕازیم.

لە ماوەی یەك هەفتەدا خانووەکەمان فرۆشت و ماڵمان بۆ خانوویەکی تازە و جوان گواستەوە کە لە ناوچەی (سەعادەت ئاباد) بوو. کارەکان زۆر بە خێرایی



جێبەجێ کران. بە دایکمم گوت کە بە هیچ یەکێك لە دراوسێکانمان نەڵێت کە بۆ کوێ دەچین و، هۆی فرۆشتنی خانووەکەش بە کەس نەڵێت. نەوەك جندەکان ئێمە بدۆزنەوە. دایکە سادە و بێ گوناهەکەشم هەموو قسەکانی منی یەك لە دوای یەك قبووڵ کردن.

تا شەوی پێش سەفەرکردنم هەواڵێك لە زیبا نەبوو. کاتێك کەوتمەوە بیری زیبا دڵم ژانی دەکرد و، لەوەی کە کردبووم پەشیمان بووم. بەڵام خۆم بەوە ڕازیی دەکرد کە ئەم کارە هەم لە قازانجی من و هەم لە قازانجی ئەویشدایە. بە هەرحاڵ باوك و دایکی ئەو ژیانێکی خۆشتر و ئاسوودەتریان بۆ دابین دەکرد.

لە هەمان شەودا ئاهەنگێکی بچکۆلانەمان سازکرد، خوشکەکانم و مێردەکانیان و هاوڕێیان و نزیکان هەموو لە دەوری یەکدی کۆبووینەوە و وێنەمان گرت و بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە بۆ ئەمریکا سەفەرم کرد.

لەوێ بە تەواوەتی زیبا لە مێشکم دوورکەوتبۆوە.

هەموو هەوڵم بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی مامۆستایەتی زانکۆ بوو، کە لە کۆتاییدا سەرکەوتنم بە دەستهێنا. پێش گەڕانەوەم بۆ ئێران بەڵێننامەی کۆرسی خوێندنی بیرکاریی زانکۆی ئۆکسفۆردم ئیمزا کرد. ئەمە گەورەترین سەرکەوتنی خوێندنی من بوو و، یادگاری ئارەزووەکانی سەرۆکی زانکۆ بۆ دامەزراندنی من و، ئامادەکردنی مەرجی تایبەتی گەورە بۆ وەرگرتنم لەم ڕووە وە، لە خۆشی و تواناکانمی زیاد دەکرد. سەرەنجام پاش ١٥ مانگ هەوڵ و کۆششی بەردەوام بۆ نیشتیمان و باوەشی گەرمی بنەماڵەکەم گەڕامەوە. یەکەم ساتی چاوپێکەوتن پاش ئەو دوورکەوتنەوە درێژە بە ڕاستی شیرین و لە یاد نەچووبوو. سەرەنجام پاش چەند ڕۆژێك، هاتووچۆ، میوانەکان کەم بوون. تەنها من و دایکمماینەوە. بڕیارمدا لە پشووی ئەم چەند مانگەدا سوودێکی باش وەرگرم و، دایکم بۆ شوێنە خۆشەکانی وڵات ببەم، تاکو بتوانم دڵۆپێك لە خۆشەویستییە بێ سنوورەکەی بۆ قەرەبوو بکەمەوە.

١٠ ڕۆژ لە گەڕانەوەم بۆ ئێران تێدەپەڕی. نزیکەی سەعات هەشتی شەو بوو. خۆم ئامادە کردبوو تاکو لەگەڵ دایکم بۆ نان خواردنی ئێوارە بۆ دەرەوە بچین، لەو

کاتەدا زەنگی تەلەفۆن لێیدا. دایکم تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و پاش کەمێك هەواڵپرسین گوتی:

((دوکتۆر قەلەمکارە، ئیشی بە تۆیە))!

((سیاوەشی قەلەمکار)) یەکێك لە هاوڕێکانم بوو کە لە ئەمریکا پێکەوە لە یەك زانکۆ دەمانخوێند، کە ئەویش لە ڕێگەی بۆرسەوە بۆ ئەمریکا چووبوو؛ چونکە لە ئەمریکا لە یەك کۆلێج دەمانخوێند و لە یەك جێخەو دەنووستین، هاوڕێیەتی و پاکییەکی زۆرمان لەو ماوەیەدا لە نێوان دروست بووبوو. هەڵبەت پێوەندی خۆشەویستی ئەو لەگەڵ کچە خوێندکارێکی زانکۆ بە نێوی شیرین، کە کچێکی ڕووخۆش و لەبەر دڵان بوو، نەیهێشت پلەی بەرز بۆ مامۆستایەتی زانکۆ لە کۆلێج بەدەست بێنێ. ئەوان بڕیاریاندابوو کە لەگەڵ یەکدی زەواج بکەن و، بۆ ئەوەی پاش تەواوبوونی خوێندن، زۆر بە خێرایی بۆ ئێران بگەڕێنەوە و لەگەڵ یەکتریدا ئەڵقەی هاوسەرێتی بگۆڕنەوە، هەموو هەوڵ و فیداکارییەکیان بە کارخستبوو. لەگەڵ تەواو بوونی دەرس، هەرسێکمان بە خۆشی بۆ ئێران گەڕاینەوە و، ئێستا پاش سێ ڕۆژی دیکە ئاهەنگی مارەبڕینی شیرین لە سیاوەش بوو.

سیاوەش تەلەفۆنی کردبوو تاکو من و دایکم بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگی مارەبڕینەکەی دەعوەت بکات، کە زۆر بە ڕێزەوە دەعوەتەکەیم ڕەتکردەوە، بەڵام ڕازیی بووم بۆ دیتن و دەعوەتکردنی سەرۆکی زانکۆ و هەندێك مامۆستا لەگەڵیدا بۆ زانکۆ بچم.

بە درێژایی ڕێگە دووبارە تکا و پاڕانەوەی سیاوەش هاتەوە گۆڕێ تا من بەشداری لە ئاهەنگەکەیان بکەم. منیش بە بیانووگەلێکی جیاواز هەوڵمدا کە ئەم بارە لە سەر شانم لاببەم. نازانم بۆچی هەرکاتێك سیاوەش و شیرینم دەبینی غەمێکی بەهێز سینەمی دەگوشی و پەژارە و ئازارێکی زۆر دەستی بە سەر گیانمدا دەکێشا، بەڵام بۆچی؟ ئەمەم دەزانی کە ئەوینی ئەوان یادگاری زیبای بۆ زیندوو دەکردمەوە. زیبای من، ئەو زیبایەی کە من بە هەموو ناپیاوییەکمەوە لە ناخۆشترین کاتدا بەجێم



هێشتبوو! هەرکاتێك ئەم یادگاریانە لە مێشکمدا زیندوو دەبوونەوە، کوتەکی ویژدان بە شێوەیەك لە گیانمی دەدا، کە ئارەزووی مەرگم دەکرد. پاشان هێزم دەدایە بەرخۆم و، دەمگوت: نەخێر، ئێستا زیبا یەکە لە کچە بەختەوەرەکانی جیهان. بێشك ئێستا لە کۆشکێکی پاریس لە تەنیشت ((فەروخ)) دانیشتووە و، لەوانەیە منداڵە چکۆلانەکەی زیبا خەریکی شیر خواردن بێت. لە خۆشی و شادیدا ڕۆژگار بەسەر دەبات. ئێستا ئەو جگە لە یادگاری ئازاردەر و ناشیرین، کە لە گۆشەیەکی مێشکی شاردراوەتەوە، هیچی دیکەی دەربارەی من بە بیردا نایەت.

بە ڕاچڵەکاندنە هێواشەکانی سیاوەش هاتمەوە هۆش خۆم.

- ئەوە چییە بابە ڕۆیشتی بۆ جیهانی خەیاڵات؟! ئاگات لە من بێت، ئەوە چەند دەمێکە بە خەیاڵی خۆم دەمەوێت لەگەڵ تۆ قسە بکەم و تۆش بە تەواوی سەرنجت دەتەوێت گوێ لە قسەکانم بگری، بەڵام تۆ هیچ گوێ بە قسەکانم نادەیت. باوەڕکە شەهریار، گوێیەکانت عەیبێکیان هەیە. دە دەقیقە دەبێت خەریکم بانگت دەکەم. گوێت لە هیچ نییە!

هاوکات خەریکی لێخوڕینی سەیارە بوو، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك سەیری ئەولا و ئەولای شەقامەکانی دەکرد. بەبێ تاقەتی گوتم: ((ئێستا بە دوای چیدا دەگەڕێی؟)).

- هیچ، بە دوای دوکتۆرێکی قورگ و لووت و گوێدا دەگەڕێم، ئەو ئەندامانەت زۆر نەخۆشن. دەترسم بەیانی لە کاتی ژمارەکردنەکەمدا ئابڕووم بەری!

- بابە، سیاوەش ئەوە چتە؟ بۆ تێناگەی؟ هەر من دەڵێم نێرە، تۆش دەڵێی بیدۆشە. ڕاستییەکەم پێ بڵێ ئەم هەموو پاڕانەوەی تۆ، بۆ ئەوەی بۆ ئاهەنگەکە بێم لەبەر چییە؟ ئاخر بابە، من نە سەری پیوازم و، نە قونچکی سیر. من هەرگیز کەیفم بە جێگەی قەرەباڵغ و ژاوە ژاو نایەت؛ واتا: بەڕاستی ناتوانم بێم!

- ئەگەر ڕاستییەکەت پێ بڵێم دێی.

- ئیتر گێژبووبووم؛ گوتم: ((بەڵێ دێم)).

له کاتێکدا که دەستی هێنابوو بۆ پێشەوە بۆ ئەوەی دەستی بخەمە نێو دەستی و، له بەڵێنەکەم دڵنیای بکەم، گوتی: ((قەولی پیاوان!؟)).

دەستم گوشی و گوتم: ((قەولی پیاوان!)).

ئیدی ئەوجار له بەڵێنەکەم دڵنیا بوو، به هێواشی گێرەکەی گۆڕی و گوتی: ڕاستییەکەی ئەوەیە که یەکەم تۆ هاوڕێی خۆشەویست و به نرخی و حەزدەکەم له یەکێك له شەوە باشەکانی ژیانم له خۆشییەکەم بەشداربی. دووەمیش ئامادەبوونت له ئاهەنگەکە بڕوابوونێکی زیاترم پێ دەبەخشێ. سێیەمیش ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو، پاشان به ئارامی له سەر قسەکردن بەردەوام بوو: بەم شێوەیەی که دەزانی بنەماڵەی شیرین هەموویان بڕوانامەی بەرزیان هەیە. دایك و باوکی بۆ خۆت دەزانی دوکتۆرن. هەروەها تەواوی ئەندامانی ماڵەوەشیان کەمترین بڕوانامەیان ماجیستێرە. بۆ نموونە: پرۆفیسۆر ئەرجومەند که دەیناسی.

گوتم: نایناسم، بەڵام ناوەکەیم له لا غەریب نییە.

به دڕدۆنگی گوتی: بەڕاستی نایناسی؟ دوکتۆرای له فیزیای ناووکدا هەیە، له هەموو جیهاندا له چەند نەفەرێك زیاتر، که هەمان بڕوانامەیان هەبێ، پەیدا نابن!

- باشە، خۆشت خۆ دوکتۆرای فیزیکت هەیە.

- بابە، من له بەرانبەر ئەودا قوتابی پۆلی یەکەمی سەرەتاییم.

- له ئەمریکا دەژیەت؟

-نەء، ئەو بیروباوەڕێکی تایبەت به خۆی هەیە. ئەندامی پایه بڵندی ئەکادیمیای زانستی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی دیکەیە. هەروەها ١٥ ساڵیش سەرۆکی ڕێخراوی وزەی ناوکی ئەمریکا بوو. پاشان دەستی له کار کێشایەوە و بۆ ئێران گەڕایەوە و له زانکۆی تاران خەریکی دەرس گوتنەوە بوو. ئێستا زیاتر خەریکی لێکۆڵینەوە و نووسینی کتێبە.

- واتا به تەواوەتی پێوەندیی لەگەڵ ئەکادیمیا و کارەکەی له ئەمریکا پچڕاند.



- نەخێر، ساڵی چەند جارێك بۆ ئەمریکا دەچێت. بەڵام زیاتر بۆ بەشداریکردن له کۆنفرانس و کۆڕی زانیاری و ئەم جۆرە بابەتانە.

ماوەیەکی کورت هەردووکمان بێدەنگ بووین، بەڵام سیاوەش بێدەنگی شکاند و له سەر قسەکردن بەردەوام بوو، گوتی: دەڵێی پرۆفیسۆر ئەرجومەند سەرنجی زۆر بۆ لای خۆی ڕاکێشاوی؟! کەواته ئیتر دڵنیا بووم، لەبەر خاتری دیدەنی ئەو بێگومان دێی!

- نەخێر، ئەگەر دێم تەنیا لەبەر خاتری ڕووحی بەرێز و خۆشەویستی هاوڕێی بەنرخم کاك سیاوەش و بووکه خانی هاوسەریەتی، تا له خۆشییەکەیاندا شەریك بم. پاش بێدەنگییەك درێژەم پێدا: ((ئێستا توو سەری من، سیاوەش، واهەست ناکەی که هۆی ئەم هەموو پاڕانەوەیەت هەر ئەو بەڵگەی سێیەم بێت)).

له کاتێکدا چاوەکانی دەدرەوشانەوە و پێدەکەنی، گوتی: به گیانی شەهریار وانییە، بەڕاستی پێم خۆشە بێیت، بەڵام حەزیش ناکەم ببمە هۆی ئازاردانت. له ڕوویەکی دیشەوە هیچ چارەیەکم نەبوو.کەس نەزانێ تۆ دەزانی بنەماڵەی من بڕوانامەی بەرزیان نییە، باوکم ئەفسەرێکی دەرەجە سێی سوپایە، دایکیشم ژنی ماڵەوەیە، له هەموو بنەماڵەکەی ئێمە بەرزترین بڕوانامە دیپلۆمە. هەروەها منیش به درۆیەکی کورت چوومە دەرەوە و بڕوانامەیەکم وەرگرت. ناچارم بۆ پاراستنی کەسایەتی و ئابڕووی خۆم چەند کەسێك له دوکتۆر و پرۆفیسۆر لەگەڵ خۆمدا ببەم!

- کەواته هەر لەبەر خاتری ئەوەیه که دەتەوێت سەر له دوکتۆر ڕاشد و تەمەدون و کەرەمی، بدەی و هەواڵیان بپرسی؟

- ئیدی چ بکەم؟ مامۆستان و مافیان لەسەر ئێمە هەیە، بەلایەنی کەمەوە بۆ ژمارەکردنەکەی خۆم، دەعوەتیان دەکەم. هەردووکمان کەوتینە پێکەنین. له کۆتاییدا گەیشتینە زانکۆ. سەرۆکی کۆلێژ و مامۆستا میهرەبان و دڵسۆزەکانی زانکۆ هەموو به گەرمی پێشوازییان لێ کردین و زۆربەیان دەعوەتەکەی سیاوەشیان قبووڵ کرد و، ئامادەبوون که بەشداری له ئاهەنگی مارەبڕینی سیاوەش بکەن.

شەو مارەکردن دەستی پێکرد. لەگەڵ ئەوەشدا دایکم تکا و پاڕانەوەکەی سیاوەشی قبووڵ نەکرد و بۆ ئاهەنگەکە نەهات. جلوبەرگێکی ڕێك و پێکم پۆشی و، لە سەر ڕێگا سەبەتە گوڵێکی جوانکم کڕی و، تەکسیەکم بەکرێ گرت و بۆ ئەو ناونیشانە چووم کە سیاوەش دابووی بە من. تەکسییەکە لە پێش خانوویەکی گەورە و ڕێك و پێك، کە وەك کۆشك جوان بوو، ڕاوەستا. خانووەکە بە گەڵای سەوز و بچووکی لێك ئاڵاو داپۆشرابوو. دیوارەکان و پایەکانی سەر دەرگا و، تەقریبەن هەموو جێگەیەك سەوز بوو و، لە نێوان ئەم کەش و هەوا سەوز و ئارامبەخشە گوڵدانی مەڕمەڕی گەورە لە پێش دەرگا کە نقومی گوڵی سوور و ڕەنگاوڕەنگ بووبوون، ڕاوەستابوون. دیمەنێکی جوان و ڕێك و پێك و دڵگیریان دروست کردبوو.

زەنگی دەرگام لێدا. خزمەتکارێك بە کۆت و شەرواڵ و بۆینباغێکی پوولەکەداری جوان و زۆر ڕێك و پێك، دەرگاکەی کردەوە و زۆر بە شێوەیەکی ڕسمی بەخێرهاتنی کردم و پاش وەرگرتنی سەبەتە گوڵەکە لە دەستم، بۆ هۆڵی پێشوازی ڕێنوێنی کردم. لەگەڵ ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر لە دەستپێکردنی ئاهەنگەکە تێنەپەڕیبوو. بەڵام خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆبووبوونەوە. بەو شێوەی کە سەیری ئامادەبووانم دەکرد بۆ ئەوەی کەسێکی ناسیاو بدۆزمەوە، لەناکاو هەستم بە هێزی دەستێك کرد لە سەر شانم. سیاوەش بوو کە بۆ پێشوازیم هاتبوو. بە گەرمی دەستی گوشیم و، پاش هەواڵپرسینێکی ئاسایی، بە هێواشی سەری هێنایە بن گوێم و گوتی:

((کوڕە بە شێوەیەکی سەیر خۆت قۆز کردووە، وا هەست دەکەم کە پێویستە ئیسعافێك ئاگادار بکەمەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی بەتیری ئەوینت لە هۆش خۆیان دەچن، هەڵیان بگرێتەوە!)).

وابیرم کردەوە کە لەوانەیە بیەوێت گاڵتەم پێ بکات، گوتم: سیاوەش! بە ڕاستی وادەڵێی، یان گاڵتەم پێدەکەی؟



زۆر بە دڵنیاییەوە گوتی: نا، بەگیانی شیرین! کە لە دەرگا هاتییە ژوورەوە لە جێی خۆم ڕاپەڕیم، سەرەتا نەمناسی؛ گوتم: ئەو گەنجەکێیە، چەندە جوان و ڕێك و پێك و ناسکە. پاشان کە زانیم تۆی، خەیاڵم ئاسوودە بوو.

- لەبەر چی خەیاڵت ئاسوودە بوو؟

- باوەڕبکە ترسام کە نەکا شیرین تۆ ببینێ و پەشیمان ببێتەوە کە بۆچی لەگەڵ من زەواجی کردووە، ئێستا بە هیچ شێوەیەك زۆر بۆ لای شیرین نەیەی.

- بڕۆ کابرا، خەجاڵەت بی! لەگەڵ ئەو زمان و سیاسەتەی کە تۆ هەتە شیرینی بێ چارە، وەك لە خەوی مووگناتیسیدا بێت ناتوانێت لەجێی خۆی بجووڵێ، بەس تۆ دەبینێ و دەنگت دەبیستێ. ئێستا پێم بڵێ کەسێك کە من بیناسم، هاتووە، تابچم بۆ لای و، من بە تەنیا نەبم؟!

زۆر بە دڵنیاییەوە گوتی: بەڵێ.

- کێیە؟

- خۆم وەرە با بڕۆین لە لای من دانیشە.

- ئیتر بەسە گاڵتە مەکە، هیچ یەکێك لە مامۆستاکان نەهاتوون؟

- بەڵێ هاتوون و، بە ئاماژەی دەستی منی بۆ لای دوکتۆر مەنسووری و تەواوی ئەوانەی کە لە گۆشەیەکی هۆڵەکە دانیشتبوون، ڕێنوێنی کرد. لە دیتنی ئەوان زۆر خۆشحاڵ بووم و، بۆ لایان ڕۆیشتم. دوکتۆر مەنسووری سەرۆکی کۆلێژ بوو و، هەموو کاتێك هەڵسوکەوتی بە شێوەیەك لەگەڵ من پاك و خۆشەویست ئامێز بوو، کە هەر کاتێك سەیرم دەکرد باوکمم بە بیر دەهاتەوە و، هەر کاتێك دەستە پیاوانەکانیم دەگوشی، هەستم دەکرد لەگەڵ ئەودا پێگە و جێگەیەکی دڵنیا و بەهێزم لە ژیاندا هەیە. بۆ نزیکیان ڕۆیشتم و ئەوانیش بە گەرمی منیان لە کۆبوونەوەکەی خۆیان قبووڵ کرد.

سیاوەش و بووکەکەی ئەو شەوە لە هەموو کاتێك جوانتر دەهاتنە بەرچاو و، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بۆ لای مێزی میوانەکان دەچوون و، بە بەخێرهاتن پێشوازیان لە میوانەکانیان دەکرد.

لە نێوەڕاستی میوانییەکەدا، لەگـەڵ دوکتـۆر مەنـسوری سـەرگەرمی قـسەکردن بووم، کاتێك سیاوەش و شیرین لەگەڵ دوو لە میوانەکان بۆ لای ئێمە هـاتن. یـەکێك لە وانە پیاوێکی بە تەمەن و بەساڵدا چووبوو کە لە هەمانکاتدا زۆر زانا و بە ئـەدەب دەهاتە بەرچاو.

لەگەڵ ئەو ڕستەیەی کاتێك سیاوەش گوتی: جـەنابی پڕۆفیـسۆر ئـەوەش دوکتـۆر ڕەفیعییە، دوکتۆر مەنسووری دوکتۆر موتتەقی....، لەگەڵ بیستنی وشەی پڕۆفیسۆر بە خێرایی لە جێگەی خۆم هەڵستام. سیاوەش لە کۆتاییدا بە ئاماژە بـە پڕۆفیـسۆری گوت: هەروەها ئەمەش پڕۆفیسۆر ئەرجومەند و نەوە جوانەکەی ((روکسانا)) کـە لـە جوانی و هەڵسوکەوتدا وەك فریشتەیە.

لەگەڵ کۆتایی ڕستەکەی سیاوەش چاوم بە کچێکی گەنجی زۆر جوان کەوت. کە لە تەنیشت پڕۆفیسۆر بـە نـاز و ناسـکییەکی تـەواوەوە ڕاوەسـتابوو. ڕسـتەی کۆتـایی سیاوەش پێچەوانەی هەموو قسەکانی دیکـەی بـوو کـە هـەمووی دەربـارەی خـەڵك موبالەغەی دەکرد. بەڵام ئەم قسەیەی دوایی سیاوەش بە تەواوی شـایەنی ئـەم کـچە بوو. کە باڵایەکی بـەرزی هـەبوو و ئەندامـەکانی درێـژ بـوون، پێـستی زۆر سـپی و چاوەکانی بـە ڕەنگـی سـەوز دەدرەوشـانەوە، پرچـی زەرد و زیـڕین و ڕەنگـاوڕەنگ، دەتگوت یەکە یەکەی ئەندامەکانی بە وریاییەکی زۆرەوە هەڵبژێردراون و هەریەکە بـە وریایی لە جێگـەی خۆیـان دانـراون. ڕاسـت وەك فریـشتەیەکی ڕاسـتەقینە دەهاتـە بەرچاو. پڕۆفیسۆر پاش تۆقەکردن لەگـەڵ ئـەو مامۆسـتایانەی کـە هـەموو لـە مـن گەورەتربوون. لە کۆتاییدا تۆقەی لەگەڵ من کرد و بەگەرمی دەستی گوشیم.

سیاوەش بە خۆشییەکی تایبەتی ڕووی لە من کرد و گـوتی: ((دوکتـۆر ڕەفیعـی، پڕۆفیسۆر پاش بیستنی ناوی تۆ، خۆیان داوایان لە من کرد کـە بـێن و لـە نزیکـەوە لەگەڵ تۆدا ئاشنابن و بتناسن)).

لە کاتێکدا کە بە هـەردوو دەسـتم دەسـتی پڕۆفیـسۆرم دەگوشـی، بـۆ ڕێزگـرتن کەمێك خۆم چەماندەوە و گوتم: ((پڕۆفیسۆر بـە هـاتنی منـی شـەرمەزار کـرد، بـە



ڕاستی نازانم بە چ شێوەیەك داوای لێبـووردن بکـەم. پڕۆفـسۆر، ئەگـەر لـە هاتنتـان ئاگادار بام، بێگومان دەهاتمە خزمەتتان و، سەربەرز دەبووم.

پڕۆفیسۆر بە پێکەنینێکی دڵگیر و میهرەبانەوە گوتی: ((کـوڕم، بـۆ مـن دیتنـی گەنجێك کە مایەی سەربڵندی وڵاتەکەیەتی، جێگەی شانازییە)).

ڕاوەستانی پڕۆفیسۆرم لەوە زیاتر بە باش نەدەزانی. جێگەی خۆمدا بە ئەو و، لـە تەنیشت نەوەکەی ڕاوەستام. یەکێك لە خزمەتکارەکان دەست بەجێ دوو کورسـی بـۆ من و روکسانا هێنا. سیاوەش کە لەم چاوپێکەوتنە شادمان دەهاتە بەرچـاو. گـوتی: ((دوکتۆر ڕەفیعی، پڕۆفیسۆر پێشتر لە ئەمریکا لە مەڕ تۆ و توانای تایبەتی تـۆ لـە بیرکاریدا شتگەلێکی زۆری بیستبوو و، ئارەزووی دەکرد کە لە نزیکەوە لەگـەڵ تـۆدا دابنیشێ و بتبینێ. ئێستا ئەگەر ڕوخسەت بدەی، من ئەم کۆمەڵە زانا و بیرمەندانـە بۆ ماوەیەکی کورت بەجێ دێڵم و، بـەخێرهاتنی میوانـە تـازە هاتووەکـان دەکـەم و، ئیدی پاش چاوەڕوانییەکی کورت، ئێمەی بە جێهێشت.

سەرەتا داوام لە روکسانا (نەوەی پڕۆفیسۆر) کـرد تـا دابنیـشێت و پاشـان لـە تەنیشتی دانیشتم. ئەم پرسیارە، کە پڕۆفیسۆر لە کوێ مـن دەناسـێ بـەردەوام لـە مێشکمدا پریشکی دەهاویشت. لە بەر ئەوە توانام نەما و پرسـیارم لـە پڕۆفیـسۆر کرد. بە ئارامی و ڕاستگۆیی گوتی: پڕۆفیسۆر ((شیفەر)) یەکێکـە لـە هاوڕێیـانی من لە خوێندنی باڵا.... لە ئەمریکایە لە چاوپێکەوتنێکمدا چەند مانگێك لـەوەو پێش لەگەڵ ئەو، دەربارەی گەنجێکی زیرەکی ئێرانی قسەی کرد، کە بە بـڕوای ئـەو لە بیرکاریدا توانایەکی بە هێزی تایبەتی هەیە و، لەم جۆرە بابەتانە قسەی کـرد و، پاشان ناوی تۆی هێنا. هەر لەو کاتەدا ئارەزووم دەکرد کە تۆ ببینم، بـەڵام بـەخت یاوەر نەبوو.

– پڕۆفیسۆر (ئێدوارد شیفەر) سەرۆکی کۆلێژ.....هاوڕێی تۆیە؟ مـن تـەنها دوو جار ئەوم بینیوە. مرۆڤێکی گەورە و ناودار دەهاتە بەرچاوم. زۆر خۆشـحاڵم کـە ئـەو ڕایەکی لەم جۆرەی بەرانبەر بە من هەیە.

ڕوکسانا هەر بە هەمان شێوە کە بە وریایی گوێی لە قسەکانی ئێمە دەگرت. کورسییەکەی بە شێوەیەك دانا کە هەردووکمان بە باشی ببینێ و پاشان ڕووی لە من کرد و گوتی: تۆ لە کام بەشەی بیرکاریی دەخوێنی؟

- ((دیفرانسیل و ئینتیگرال))، هێشتا قسەکەی من تەواو نەبووبوو کە سەرنجی ڕوکسانا بۆ لای دەرگای هاتنە ژوورەوە ڕاکێشرا و، بە دەربڕینی ڕستەی ((پەروێز و ئامۆژن هاتن)) لە جێگەی خۆی هەستا و لەگەڵ داوای لێبووردنێکی کورت، ئێمەی بە جێهێشت، کاتێك ئاوڕم دایەوە دواوە بینیم گەنجێکی یەکجار ڕێك پۆش و جوان و، لە هەمانکاتدا زۆر سەرنجڕاکێش، لەگەڵ خانمێکی تۆزێك بە تەمەن کە لە سەر و سیمایان سەروەت و پارە و ماڵی دنیا دەباری، بۆ نێو قەرەباڵغی میوانان هاتن. پاش ماوەیەکی کورت ئەو گەنجە کە (پەروێز)ی ناو بوو، لەگەڵ ڕوکسانا بۆ سەر میزەکە هات و، پاش سڵاو و ڕێزگرتنی پرۆفیسۆر، ڕوکسانا مەراسیمی یەکتر ناسینی دەست پێکرد، هەروەها پەروێز پاش یەکتر ناسین زۆر بە ڕێك و بە ئەدەب لەگەڵ ڕوکسانا ئێمەیان بەجێ هێشت.

وا دەهاتە بەرچاو ئەو دووانە چاك یەکتریان دۆزیبێتەوە و زۆر لێك دەوەشانەوە. ڕوکسانا کچێکی جوان و سەربەرز و دڵشاد بوو کە بە درێژایی ئاهەنگەکە سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو و، هەر کاتێك دەگەیشتە پەروێز، لە درەوشانەوە و ناز و دڵڕفێنییەکەی زیاد دەبوو. لە کۆتایی شەودا هێشتا میوانی هەروا بە قەرەباڵغی مابۆوە، کە لەگەڵ مامۆستاکان ئەوێم بەجێهێشت.

ئەو شەوە، نازەکانی ڕوکسانا یادگارییەکانی زیبای زیاد لە پێویست لە مێشکمدا زیندووکردبوونەوە. چەندە ئارەزووم دەکرد کە زیبا لە تەنیشت خۆم بایە. ڕۆژگار و قسەکانی ڕابردووم بە بیر کەوتنەوە، بیری بێگوناهی و پاکییەتی زیبا، بڕیارمدا کە بەیانی بۆ گەڕەکە کۆنەکەی خۆمان بچم و، بە دزیی هەواڵی زیبا بزانم و لە باس و خواسی ئاگاداربم.

بەیانی زوو لە خەو هەستام. زۆر گێژ و بێتاقەت بووم. دایکم هێشتا لە خەو هەڵنەستابوو. لە سەر پارچە کاغەزێك نووسراوێکی بچووکم نووسی کە دەلالەتی لەوە



دەکرد کە نیوەڕۆ دەگەڕێمەوە ماڵەوە، نووسراوەکەم لە سەر مێزەکە دانا. هەرچەند لە گەڕەکە کۆنەکەمان نزیکتر دەبوومەوە، دەنگی لێدانەکانی دڵمم زیاتر دەبیست و، هێرشی یادگارییەکانی ڕابردوو زیاتر دەبوو. لە نزیك شەقامی سەرەکی لە سەیارەکە دابەزیم و، وردە وردە بۆ لای نانەواخانەیەك ڕۆیشتم بۆ ئەوەی هەندێك لە کەسە دێرینەکانی کۆڵانەکەمان ببینم، بەڵام هیچ کام لە دراوسێیەکانم لەوێ نەدیت. هەستم دەکرد کە چەند سەد ساڵە لەو گەڕەکە دوورکەوتوومەوە. بۆ نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانوو چووم، هەموو ئەو کەسانەی لەوێ کاریان دەکرد، گۆڕابوون.

بە دڵەکوتێ و ناڕەحەتی پێم خستە نێو کۆڵانەکە. لەگەڵ ئەوەش کە دەمزانی باوك و دایکی زیبا، هەتا خودی زیباش بەبێ شۆفێر و سەیارە هەنگاوێك بۆ دەرەوە هەڵنانایەنن، دووبارە دەترسام. بە پێیە لەرزۆکەکانم هەنگاوم بۆ پێشەوە هەڵێنا. لە خانووە کۆنەکەمان نزیك کەوتمەوە. خانوویەك کە لەوێدا چاوم بە جیهان هەڵێنابوو. هەر لەوێدا باوکم مردبوو و، خوشکەکانم هەر لەو خانووەدا پەیمانی هاوسەرییان بەستبوو و، هەروەك باڵدارانی سەرمەست دابوویان لە شەقەی باڵ و بۆ لای چارەنووسی خۆیان باڵیان کردبۆوە و، ئێمەیان بە تەنیا بە جێهێشتبوو. بەڵام ئێستا هیچ ناونیشانێك لەو یادگاریانە نەمابوو. هەموو یادگارییەکانی ڕابردوویان تێکشکاندبوو و لە ژێر گۆڕیان نابوو، هەروەها کۆشکێکی جوان و تازە جێگەی خانووەکەی گرتبۆوە. سەیری خانووی باوکی زیبام کرد. هەروەك خۆی سەربڵند و بێخەیاڵ و بە لووتبەرزییەوە لە جێگەی خۆی ڕاوەستابوو. دڵم بەلەرزە کەوت. گومان سەراپای گیانمی داگرتبوو. لە نێوان بەرزەخی ڕۆیشتن و مانەوەدا، گێژ بووبووم. لە کۆتاییدا ورەم وەبەر خۆم نا و بۆ لای ئەو خانووە نوێیە چووم کە لە جێگەی خانووە دێرینەکەی ئێمە دروستکرابوو، زەنگی یەکێك لە نهۆمەکانم لێدا. هێشتا خاوەن ماڵەکە وەڵامی زەنگەکەی منی نەدابۆوە کە دەرگا گەورەکەی حەوشەی ماڵی باوکی زیبا کرایەوە. دڵم خەریك بوو دەرچێ. هەناسەم لە سینەدا بەند بووبوو. ئیتر نەمتوانی هیچ جوڵەیەك بکەم تەنها لە جێگەی خۆم ڕامام و ڕەق ڕاوەستام، کاتێك

لەناکاو مارسدیسێکی سپی، کە پیاوێکی بە تەمەن لێی دەخوڕی، بە خێرایی لە ماڵەکە هاتە دەرێ و ڕۆیشت. سەیری دەرگاوانەکەم کرد گەنجێکی قەدباریك و کزە بوو. لەو کاتەدا کە خەریکی داخستنی دەرگاکە بوو. بۆ لای چووم و دەربارەی بنەماڵەی فەریهمەند پرسیارم لێ کرد، ئەو وەڵامی دامەوە و گوتی: ساڵێك دەبێت کە گەورەکەم ئەم خانووەی کڕیوە و، هیچ زانیارییەکم دەربارەی خاوەنەکەی پێشێی نییە، تەنها ئەوە دەزانم کە ئەو کەسەی خانووەکەی فرۆشتووە مەبەستی بوو کە بۆ هەندەران بڕوات و زۆر بە خێراییش خانووەکەی فرۆشت. هەروەها لە چەند کەسێك لە دراوسێکان پرسیارم کرد، ئەوانیش زۆر کەم، هەمان قسەیان دووبارە دەکردەوە و شتێکی زیاتریان نەدەزانی.

بەبێ هیوا و ئومێد بۆ ماڵەوە گەڕامەوە. تاقەتی هیچ کەسێك و هیچ جێگەیەکم نەبوو، دەست بەجێ بۆ ژوورەکەم چووم و لە سەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشام و، مێشکم بە هێرشی هەڵسوکەوتە تاڵ و شیرینەکانی ڕابردوو سپارد.

نازانم چەندە کات تێپەڕیبوو، نوستبووم یان بە خەبەر بووم، کابووس گرتبوومی یان خەونم دەدیت کاتێك بە دەنگە بەسۆزەکەی دایکم، کە لە دەرەوەی ژوورەکە بانگی دەکردم، بەهۆش خۆم هاتمەوە.

((شەهریار گیان، کاك سیاوەش لە سەر هێڵی تەلەفۆن چاوەڕوانتە)).

بە بێتاقەتی بۆ لای تەلەفۆن چووم و دەسکەکەم هەڵگرت، سیاوەش بوو بە دەنگێکی پڕ لە خۆشی و هەرا و ژیان دەدوا، لە دڵدا ئیرەییم پێ دەبرد، هەمیشە بە چارەنووسی خۆی دڵشاد و ڕازی بوو، مرۆڤێك بوو کە هەموو کاتێك لەنێوان شادیی و غەمەکانی ژیاندا، بەشی شادییەکەی هەڵدەبژارد و، هەتا غەمەکانیشی بە پێکەنینێکی جوان بەشادیی دەگۆڕینەوە. ئێستاش نیازی هەبوو کە لەگەڵ هاوسەر و بنەماڵەی هاوسەرەکەی بۆ باکوور بچێ، داوای لە من و دایکیشم دەکرد کە لەگەڵ ئەواندا بۆ کۆشکی گەورەی باوکی شیرین بچین، کە لە هاوینە هەوارەکانی باکوور بوو. هەرچەند تکای کرد، من ڕازی نەبووم. پاشان شیرین تەلەفۆنەکەی لە سیاوەش



وەرگرت و، ئەوجار ئەو دەستی بە تکا و پاڕانەوە کرد بۆ ئەوەی لەگەڵیان بچین، بە ناچاری گوتم: لەگەڵ دایکم قسە دەکەم، ئەگەر ڕای لەسەر بوو، بەسەر چاو، دێین.

پاش ئەوەی کە تەلەفۆنەکەم دانا. دایکم دەربارەی باسی قسەکانمان پرسیاری کرد، بابەتەکەم بۆ گێڕایەوە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانی من کە وا بیرم دەکردەوە کە ئەم پێشنیازە ڕەتدەکاتەوە، زۆریش خۆشحاڵ بوو. لەبەر ئەوە پێوەندیم بە سیاوەشەوە کردو گوتم: ڤێللایەکی بچووکیش، لە تەنیشت کۆشکەکەی باوکی شیرین، بۆ ئێمە بە کرێ بگرە، ئەویش پاش گێرە و کێشەیەکی زۆر قبووڵی کرد. بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە سەیارەیەکی گونجاوم بە کرێ گرت. کاتێك گەیشتمەوە ماڵەوە. دایکم خۆی ئامادەکردبوو کەلوپەلی سەفەرم لە نێو سەیارەکە هاویشت و لەگەڵ دایکم بووینە گەشتیاری باکوور و ڕوومان کردە شاری ڕامسەر، کە کۆشك و باغی باوکی زیبا لەوێ بوون. سیاوەش و هاوڕێیەکانی، چەند سەعاتێك لە ئێمە زووتر بەڕێ کەوتبوون.

بە پێچەوانەی کاتی پێش گەشتەکە، من دڵم خۆش بوو، هەموو دیمەنەکانی سەر ڕێگەکە بە ئەندازەیەك جوان بوون، کە ماندوێتی دەروونی مرۆڤیان لا دەبرد بۆ ئەوەی بەرزتر بڕوانێت. ئاوازی دڵدەرەوەی جۆگەلە و هاژەی ڕووبارەکان، چریکەی دڵڕفێنی باڵندەکان و، دیمەنی چیا باراناوییەکان، کە هەموو لە شیان بە سەوزی درەختەکان پۆشیبوو و، کولاوێکی سپی و خۆڵەمێشی لە هەور دروستکراویان لەسەر نابوو، بە شێوەیەکی بەهێز و پڕ لە غروور و بێ جووڵە لە جێگەی خۆیان ڕاوەستابوون. گوڵاڵەی بچووك و وەرزی ڕەنگاوڕەنگ و چاوگەشکەرەوە؛ هەموو ئەوانە، قسەیان تەنها لە بارەی یەك شتەوە دەکرد؛ هێز و جوانی پەروەردگار و کەمی و بچووکی ئێمە لە بەرانبەر هێز و دەسەڵاتی ئەودا.

کاتی عەسر بوو، گەیشتینە ڕامسەر. تاکو ئێستا بۆ ئەم شارە جوانەی باکوور سەفەرم نەکردبوو، هەموو جێگەیەك سەوز و پڕ لە خۆشی بوو. بەڵام ئەوەی کە تایبەتمەندییەکی گرنگی بە شار بەخشیبوو، هوتێلی گەورە و ڕازاوەی شار بوو کە بە پەیکەر و گوڵ و تابلۆی جوانیی، هەروەك گەوهەرێك لە سەر سینەی شار دەدرەوشایەوە.

بەو ناونیشانەی کە سیاوەش دابووی بە ئێمە، گەیشتینە کۆشکەکەیان، جوان و گەورە بوو، کە ژمارەیەکی زۆر ژووری هەبوو و، حەوشەکەشی پڕاوپڕ لە گوڵ و داری پرتەقاڵ بوو. ئێمە چەند خانوویەك لەوان دور بووین. هەرچەندە خانووەکەی ئێمە بچووك بوو، بەڵام دڵگیر و خۆش بوو.

نانی ئێوارەمان لە کۆشکی دوکتۆر قومەیشی (باوکی شیرین) خوارد و، بۆ دانیشتنی شەو، بۆ کەناری دەریا چووین، هەموو شاد بوون و بە گوتنی بابەتی پێکەنیناوی و یادگاری خۆش، هەوڵیان دەدا کە خەڵکی دیکەش لە شادییەکەیان بەشداربکەن.

ئەمە تەنیا من بووم کە باری غەمێکی گرانم لە سەر دڵ بوو. پێکەنینەکانی ئەوان هیچ مانایەکیان بۆ من نەبوو و، تەنیا بە ڕووکەشی خەندەیەکم دەکرد. لەو نێوەشدا سەیرکردن و پێکەنینە بەردەوام و بێسنوورەکانی شیوای خوشکی شیرین، کە لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەیخوێند، بۆ من بەنرخ و مایەی فرین بوو. ئەویش جوان بوو؛ لە شیرینیش جوانتر بوو، بەڵام گەورەیی و پایەداری شیرینی نەبوو، ئەوم هەروەك منداڵێك دەبینی، کە لە دیتنی مارێکی خاڵخاڵ خۆشحاڵە و هەوڵدەدات خۆی لە مارەکە نزیك بکاتەوە، بەڵام نازانێت سەرەنجامی ئەو نزیکییە هیچ ئاکامێکی جگە لە درێشووکەیەکی ژەهراوی و دەردناك، نییە.

بۆ هەڵاتن لە نیگاکانی ئەو، پەنام بۆ کەنار دەریا برد. بە هۆی هێرشی شەپۆلە گەورەکانی دەریا بۆ کەنار و گەڕانەوەیان بۆ قوڵایی دەریا، لە نێو دڵی تاریکایی شەودا بیر و خەیاڵی ئاڵۆز و جۆراوجۆر لە مێشکمدا شەڕیان دەکرد. هەر بەو شێوەیەی کە نقومی بیرکردنەوە بووم دەستەکانیشم لە دواوە پێکەوە گرتبوون. ساردی لمێك کە دەرژایە نێوان دەستەکانم سەرنجی بۆ دواوە ڕاکێشام. بەبێ ئەوەی بیرم بۆ هیچ شتێك بچێ، سەیری دواوەم کرد، پێم سەیر بوو کە ڕوکسانام دیت کە بە پێکەنینێکی شیرین لە بەرانبەرم ڕاوەستاوە، بە گەرمی سەلامی کرد و گوتی: ((بە شێوەیەك بۆ نێو بیر و خەیاڵت چووبووی، هەستم کرد ئەگەر بە چەو و لم فریات نەکەوم بێشك بزردەبی و دەخنکێی!)).



گاڵتە بچووك و شیرینەکەی روکسانا بۆ یەکەمین جار لەو شەوەدا پێکەنینێکی ڕاستەقینەی لە سەر لێوەکانم باراند. بە هەمان شێوە لە تەنیشت یەکتر باسی هاوڕێیانمان دەکرد پرسیارم لێ کرد:

((کەی هاتی؟)).

لە کاتێکدا کە سەیری سەعاتەکەی دەکرد، بە ناز و مەکرە تایبەتییەکەی خۆی گوتی: ((ڕێك ١٥ دەقیقە و ٢٦ چرکەیە، کە لێرە ئامادەین ئەگەر واز لەو چرکانە بێنین کە ئێستا تێدەپەڕن)).

- لەگەڵ کێ هاتی؟

- لەگەڵ بابە گەورە و ئامۆژنم و پەروێز، کە دەیناسی.

هەر لەم کاتەدا بۆ لای ئەوانی دیکە چووین. دەستم خستە سەر شانەکانی پرۆفیسۆر بۆ ئەوەی لەبەرم هەڵنەستێ، چونکە زۆر بە زەحمەت بڵند دەبوو و، داوام لێ کرد کە دابنیشێ و بە گەرمی دەستە بەهێز و زەحمەت کێشەکانیم گوشی و لە تەنیشتی دانیشتم. بە ئامادەبوونی روکسانا و بەشینەوەی کردار و گوفتاری باش و ڕێك و پێکی بە سەر ئامادەبوواندا، هەروەها، وەڵامدانەوە دەست بەجێیەکەی، پێکەنین بوو بوو بە قاقالێدان. هاتنی ئەو گەرمییەکی شادی بەخشی بە دانیشتنی شەوانەی ئێمە بەخشیبوو. شەونشینی تا نیوە شەو بەردەوام بوو. بڕیار بوو بەیانی زوو هەمموومان بۆ چوونە نێو چیایەکان خۆ ئامادە کەین. سەرەنجام گەورەکان نەهاتن و تەنها ئێمە، گەنجەکان ماینەوە. سەعات ٦,٥ بەیانی بوو کە زەنگی سەعات لێیدا و، هەرچی سەعاتی زەنگدار هەبوو دایکم لە بن گوێیە بێ تواناییەکانی منی دانا. بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم لاشە تەمبەڵەی من لە تەختی نوستن جودا بکاتەوە. بەڵام هەوڵەکانی بێ سوود بوون. چونکە من لە بێتاقەتیان نەمدەتوانی چاوانیش هەڵێنم. بە ناچاریی دایکم یارمەتی دام و بە ڕاتەکاندنە یەك لە دوا یەکەکانی، لە خەوی هەستاندم.

بڕوام نەدەکرد وا زوو ڕۆژ ببێتەوە. هەرگیز زەوق و تاقەتی چوونە شاخ و بە سەر چیا هەڵگەڕانم نە بوو، لەبەر ئەوە گوتم: ((دایە، تکات لێ دەکەم تەلەفۆنێکیان بۆ بکە و، بڵێ شەهریار نەخۆشە و ناتوانێت)).

بەڵام وەکو کە گوێیەکانی دایکم هەرگیز هیچ نەبیستن، یان نەیەوێت ببیستن، سەرەنجام دایکم وازی لێ نەهێنام تا لە خەوی هەڵستاندم. بەبێ ئارەزوو نانێکی سەرپێی بەیانیانم خوارد و، تازە وەبیرم دەکەوتەوە کە جلوبەرگی گونجاوم نەهێناوە، بۆ گەڕان بەنێو چیاکاندا دەبەری بکەم. بە خۆشحاڵییەوە چووم لە سەر ئەو قەرەوێڵەیە کە لە گۆشەیەکی هۆڵەکە بوو، درێژ بووم. بەڵام هێشتا چەند چرکەیەك زیاتر تێنەپەڕی بوو، کە دەنگی ناڕەزایی دایکم بەرزبۆوە، ((هەی وەی شەهریار! بۆچی نوستووی؟! هێشتاش هەر وەك منداڵان وای! هەستە سەرپێ، ئێستا دێن و تۆ ئامادە نی!

هەر بەو شێوەیەی کە چاوەکانم لە سەر یەك بوون، گوتم :

- دایە گیان، من جگە لە دوو کراسی تەنك، هیچ جلی دیکەم نەهێناوە چیاش ساردە، ئێستا ئەگەر لەگەڵیان بچم، نەخۆش دەکەوم و، دەبێ بە دەست هەڵمبگرن، پاش یەك دوو سەعاتی دی هەڵمستێنە و، دەچین بۆ بازاڕ و، پاشان دەچین بۆ کەنار دەریا، بەم شێوەیە باشترە.

دایکم بە تووڕەیی هاتە پێش و گوتی: هەستە سەرپێ، ئەم قسانە هەمووی بیانوون. خۆشت باش دەزانی دەردەکەت تەنها خەوە. بەڵام ئەمڕۆ نابێ بخەوی. من جلوبەرگی تایبەتیم بۆ هێناوی. ئەمە کراس، ئەمەش چاکەت و شەرواڵی کەتانیت، ڕەنگی قاوەییم هێناوە، ئەگەر ڕەنگی دیکەشت ویست، هێنماومە، بەڵام بە بڕوای من ئەم ڕەنگە باشترە؛ چونکە کەمتر پیس دەبێت و، ڕەنگیشی لەگەڵ ڕەنگی چیا وەك یەك.

بە سەرسوڕمانەوە گوتم : یەعنی تۆ بەڕاستی ئەم هەمموو جلوبەرگەت هێناوە؟!

دایکیشم شێلگیرانە گوتی: بەڵێ، کاتێك منداڵی مرۆڤ دەگاتە تەمەنی ٢٦ ساڵی، هێشتا هەر منداڵە و، پێویستە دایکی خەمی جلوبەرگەکەی بخوات!



- کەواتە ئەو جانتا گەورە، کە بە قەدەر من قورسە، پڕ لە جلوبەرگە؟!

دایکیشم بە پێکەنینەوە گوتی: بەڵێ، ئێستا قسە مەکە و، خێرا ئامادەبە، زۆر ناجوانە ئەوان هەر چاوەڕێی تۆ بکەن!

بەبێ تاقەتی جلەکانم دەبەر کرد و، ئامادەبووم؛ ویستم قەیتانی پێڵاوەکانم توند بکەم، کە زەنگی دەرگا لێیدا. سیاوەش بوو، هەر بە هەمان ڕووی خۆش و دڵشادییە هەمیشەییەکەی، سەیری کردم و گوتی: کوڕە چ جلوبەرگێکی جوانت پۆشیوە؟!

گوتم: بەخوا، دایکم ئەمەی بۆ هەڵبژاردووم.

- زۆر جوانە پاشان بە دەنگی بەرز درێژەی بە قسەکردندا و گوتی: خانمی ڕەفیعی، بۆ تۆ دەتەوێت کوڕەکەت بدزن؟

دایکیشم وەڵامیدایەوە و گوتی: ((سیاوەش گیان هیچ عەیبی نییە ئەگەر بیدزن. سەرەنجام لەم تەنیا بوونە نەجاتی دەبێ)).

سیاوەش بە هێواشی دەمی لە گوێم نزیك کردەوە و گوتی: پێڵاوی کەتانی زیادەت پێیە؟ من لە یەك جووت پێڵاو زیاترم لەگەڵ خۆمدا نەهێناوە، دەترسم لە چیا بکەومە سەر زەوی و، بە تەواویی ئابڕووم لە پێش چاوی هاوسەری بەڕێزم و خزماندا بچێ.

بەرپرسی ئامادەکردن (دایکم)م بانگ کرد و پێم گوت، خۆشبەختانە ئەو جووتێك پێڵاوی کەتانیشی بۆ هێنابووم.

سیاوەش بە پەلە سەرگەرمی خاوێنکردنەوەی پێڵاوەکان بوو، بەڵام دەتگوت ئەم کارە زۆر ئاسان نییە. چونکە کاتێك سەری بڵند کرد ڕوخساری بە تەواوەتی سوور هەڵگەڕابوو، دڵۆپە ئارەقەی لە نێو چاوانی دەرکەوتبوون. پاش هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ، زۆر بە جددیی گوتی: شەهریار گیان، وا هەست دەکەم لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵ، پێڵاوە کەتانییەکانت دڕدڕ دەبن و، دەبنە پێڵاوێکی هاوینی، خۆ عەیبێکی نییە؟

- چۆن؟

ئاخر پەنجەکانم هەر لە ئێستاوە دەیانەوێت پەنجەرەیەك بۆ دەرەوە بکەنەوە و، پێڵاوەکانت بدڕێنن. لە چیا بە بێشك بە تەواویی دەدڕێن.

- گرنگ نییە، دواتر پێت دەبژێرم.

لە دەرەوەی ماڵەوە هەموویان چاوەڕوان ڕاوەستابوون. سڵاوێکم لە هەمووان کرد، روکسانا گوتی: دوکتۆر ڕەفیعی جلوبەرگی ڕەسمیت زۆر لێ جوانە، بەڵام جلی وەرزشی زۆر لە ویش جوانتر!

پەرویز بە دڵشکاوی لە قسەکانی روکسانا گوتی: ڕاست دەکات. لە کوێت کڕیوە لەوانەیە منیش بکڕم؟ بۆ ئەم جۆرە جێگایانە خراپ نییە.

دایکم کە بۆ بەڕێکردنی ئێمە لە دەرێ ئامادەبوو، بە پەلە گوتی: ((کاك پەرویز، شەهریار چەند ڕەنگێکی لەم جلە هەیە، هەمووشیانی لێ جوانن.)) بۆ پشت ڕاستکردنەوەی قسەکانی دایکم، گوتم : ((وا هەست ناکەم تۆ پێت جوان بن؛ چونکە هەرزان بوون، چەند ڕەنگێکم لێ کڕین)).

لە کاتێکدا پەرویز گەردنی بەرز کردبوو، بە شانازییەوە گوتی: ڕاستە، بە بڕوای من جلوبەرگ نیشاندەری کەسایەتی مرۆڤێکە و، جلوبەرگی هەرزان شایستەی مرۆڤگەلێکی تایبەتی و، بە شەخسیات نییە. جلەکانی من....

لەو کاتەدا روکسانا قسەکانی پێ بڕی و گوتی: تکایە قسە و باسی جلوبەرگ بۆ مۆزەخانە و پێشانگا بەرن و مەسەلەی ڕۆیشتنەکەمان ڕوون بکەنەوە.

بڕیاربوو بە دوو سەیارە بڕۆین، شیوا پێش هەمووان بە مەکر و نازەوە گوتی: ((من سواری سەیارەی دوکتۆر ڕەفیعی دەبم، دەمەوێت بزانم شۆفێرییەکەی چۆنە!

تاقەتی هەڵسوکەوتە منداڵەییەکەی شیوام نەبوو. گوتم: شیواخان، کەواتە برایانە پێت ڕادەگەیەنم کە هەرگیز لەگەڵ من سوار مەبە؛ چونکە لەوانەیە هەلی پەشیمان بوونەوەت نەبێت، لەبەر ئەوەی من شۆفێریم باش نییە و لەوانەیە تووشی ڕووداو ببین و تۆش بمری.



شیوا گوتی : ((تۆ دەتەوێت بمترسێنی. بەڵام بۆ ئەوەی کە پێت بسەلمێنم ناترسم و بڕوای تەواویشم بە شۆفێرییەکەت هەیە. بێشك لەگەڵ تۆ دێم)).

سیاوەشیش گوتی : ((من و شیرینیش لەگەڵ دوکتۆر ڕەفیعی دێین)). ڕووم لە جەماعەت کرد و گوتم : ((ئەگەر هەمووتان گەورەیی بکەن و ناوی بچووکی من بەبێ هیچ زیادەیەك بهێنن، سوپاستان دەکەم)).

بە درێژایی ڕێگە شوکرانەی خوام دەکرد کە سیاوەش و شیرین لەگەڵ ئێمەن. چونکە مۆڕە و نقورچ و سەیرکردنە تیژەکانی شیرین بۆ شیوا، تارادەیەك هەڵسوکەوتە منداڵانەکەی شیوای گۆڕیبوو. بە زوویی گەیشتینە چیایەکە. هەموو جێگەیەك سەوز بوو و، نۆبەرە و تازە و دەست لێ نەدراوبوو، کەلوپەلی پێویستمان دابەزاند و، لە دامێنی چیاوە بۆ لووتکە ڕێگەمان گرتەبەر. پەرویز کوت و شەرواڵێکی یەك ڕەنگی دەبەر بوو، کە زۆر ڕێك و جوان و پۆشتە و پەرداخ بوو، چاکەتەکەی بەری لە پێستێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی گرانبەها دروست کرابوو، ملپێچ و پێڵاوی چەکمەی گرانبەها و گۆچانێکی بەنرخی بە دەستەوەبوو. لە نێو هەمووواندا، خۆی جیاکردبۆوە و بە تەنیایی و زۆر بە وریایی لە چیا سەردەکەوت، بۆ ئەوەی نەکا جلەکانی پیس بن و، هەمووانی هاندەدا بۆ هەڵێنانی هەنگاوی خێرا و، هەندێك جاریش گاڵتەی پێدەکردین. شیواش بەهەمان شێوە بە چیادا سەردەکەوت و لە هەرجێگەیەك گوڵێکی سووری دەبینی، بۆ لای دەچوو، پاش هەڵقەندنی، دەیکردن بە چەپك و بە دەستییەوە دەگرتن. شیرین و سیاوەشیش شان بە شان بە جووتە، عاشقانە سەردەکەوتن. هەڵبەت لەوانەیە ڕستەیەکی لەم شێوەیە بۆ سیاوەش ڕاست نەبێت؛ چونکە بەو پێڵاوە کەتانە تەسکانەوە بە ناخۆشی لە چیا سەردەکەوت. منیش بۆ ئەوەی لە دەستی شیوا و قسەکانی ڕابکەم، هەرجارەو لەگەڵ کەسێك دەبووم بە هاوڕێ و، سەردەکەوتم. سەرەنجام گەیشتینە ناوچەیەکی زۆر خۆش لە نێو چیاکەدا، کە جێگەیەکی پان و بەرین و پڕ لە جۆگەلەی باریك بوو، کە بە ئەملا و ئەولای ناوچەکەدا تێدەپەڕین. لە کاتێکدا روکسانا تا ڕادەیەك بە هاوارکردن گوتی: ((وا هەست دەکەم کە ناتوانین جێگەیەکی لێرە شیاوتر بدۆزینەوە. سەیرکەن

چەندە جوانە! من تاکو ئێستا نانم لە جێگەیەکی وا نەخواردووە، ئەگەر لێرە نان بخۆین، بە گیانمان دەکەوێت!)).

زۆر بە خێراییش سەرگەرمی ڕاخستنی ئەو پارچە کۆمبارانە بوو، کە پێی بوون. تەرمۆزی چا و پیاڵەکانی لە سیاوەش، کە تازە بە هانکە هانک گەیشتبووە جێ، وەرگرت و، چای بۆ هەمووان تێکرد. روکسانا دەیگوت: خواردنەوەی چا، لەو ئاو و هەوا و دیمەنەدا، بە ڕاستی بە چێژە و جێگەی خۆی دەگرێت. پاش خواردنەوەی چا، هەمووومان، جگە لە پەروێز، کە دەترسا نەوەك ئابڕووی بچێ، لە ئامادەکردنی گۆشت برژاندن بەشداریمان کرد، پاش خواردن و کەمێك پشوودان، بڕیارماندا لەو لای چایەکە، کە لە دامێنییەوە بە دەشتێکی پان و بەرین کۆتایی دەهات، بێینە خوارێ. بە خێرایی لە چیاکە دابەزین. سیاوەش کە دەیویست لە پێش چاوی هاوسەرەکەی، خۆی بە ئازا پێشاندات، داوای لە شیرین کرد کە وێنەی لەگەڵ یەکێك لەو گایانەدا بگرێت کە بە ئارامی لە مێرگێکدا خەریکی لەوەڕ بوون، لەبەر ئەمە سیاوەش بە خەیاڵی ئاسوودەوە بۆ لای یەکێك لە گایەکان چوو. وەکو گایەکە زۆر کەیفی بەسەر و ڕوخساری سیاوەش نەیەت، هەر کە سیاوەش لێی نزیك کەوتەوە، بە شاخە تیژەکانی هێرشی کردە سەر سیاوەش. سیاوەش دوو پێی هەبوو، دوو پێی دیکەشی قەرز کردبوو و، ڕایدەکرد، بە شێوەیەك کەپێیەکانی لە پێش لەشی بوو. ئەم دیمەنە هێندە جوان بوو، کە هەمووومان، هەتا شیرینیش بە قوولی پێدەکەنین. پاش چەند جار سووڕانەوەی بازنەیی و قیژە و هاواری یارمەتی یارمەتی، لە کۆتاییدا گاوانەکە بە هاوارییەوە هات و گایەکەی هێور کردەوە، بەڵام تازە سیاوەش هێزی لەبەر بڕابوو و هەناسەی بۆ نەدەدرا.

هێشتا پێکەنین لە سەر لێوەکانمان لانەچووبوو، کە چاومان بە پەروێزکەوت خۆی و چەکمەکانی تا ئەژنۆیان کەوتبووە نێو ڕیخی گا و، لەبەر ناڕەحەتییەکی زۆر هێندەی نەمابوو بگریت، هەمووومان دووبارە دامانەوە قاقای پێکەنین. بە ڕاستی پەروێز نەیدەزانی چی بکات. هەر بەو شێوەیەی کە ڕاوەستابوو، بە داماویی و خەمبارییەوە



سەیری دەکرد و ئەم شێوازە بە تایبەتی روکسانای بە پێکەنین هێنابوو و، دەنگی پێکەنینی هەمووان بە تایبەت روکسانا کە لە بەهێزی پێکەنین دڵی گیرابوو، پەروێزی زۆر تووڕە کردبوو، کە سەرەنجام خۆی پێ ڕانەگیرا و، بە هاواری بەرز پێکەنینەکانی بێدەنگ کردن. بەڵام جگە لە روکسانا، کە دووبارە بە درێژایی ڕێگەی گەڕانەوە بە شێوەیەکی تایبەتی چاوی لە پەروێز دەکرد و پێدەکەنی.

تا ئەو کاتە هەمووو شتێك بە باشی تێپەڕی، بەڵام کاتێك پێی شیوا لە سەرە و لێژێك تێك ئاڵقا و، شیوا کەوت، پێی ئازاری پێگەیشت. لەبەر ئەوە ناچار بووین بۆ ماڵەوە بگەڕێینەوە.

چەند ڕۆژی دواتریش بەبێ شیوا بۆ گەڕان و گەشت دەچووین، لەگەڵ سیاوەش و روکسانا پێکەنین و قاقایەکان هەروەك خۆیان بەردەوام بوون.

چوارەمین ڕۆژی مانەوەمان لە (ڕامسەر) بوو، وەکو هەموو ڕۆژانی دی بۆ سەیرکردنی ئاوابوونی خۆر، بۆ کەناری دەریا ڕۆیشتم و، نقومی سەیرکردن بووم، کە لەناکاو دەنگە ناسکەکەی روکسانام لە دواوەی خۆم بیست، دەیگوت:

– سەیرکردنی ئاوابوونی خۆر چ شتێك بە تۆ دەبەخشێ کە بەم شێوەیە حەزت لێیە ببینی؟ بە بڕوای من خۆرئاوابوون زۆر پەژارە هێنە؛ مرۆڤ دەخاتەوە بیری چیرۆکە کارەسات ئامێزەکان.

سەیری دواوەم کرد. ڕەنگدانەوەی تیشکی نارنجی خۆر لە سەر ڕوخساری روکسانا جوانییەکەی دووئەوەندە کردبوو. بە سەرسوڕمانەوە سەیری ڕوخساری منی دەکرد و، چاوەڕوانی وەڵامەکەی بوو. ڕووم بۆ لای دەریا و ئاوابوونی خۆر وەرگێڕا و هەر بەو شێوەیەی کە غەرقی تەماشاکردن بووم، گوتم: دەزانی، لەوانەیە بە بڕوای تۆ شتێکی گاڵتەئامێز بێت. بەڵام من لە خەیاڵی خۆمدا خۆر بە پاڵەوانێك دەبینم کە هەموو ڕۆژێك بە لە دایکبوونێکی جوان و سەیر پێ دەخاتە جیهانی بوون و، بە ئامادەبوونیشی ژیان بە هەموو جێگەیەك و هەموو کەسێك دەبەخشێ و، لە کۆتایی هەموو ڕۆژێکدا بە جوانترین و پڕ لە هەرا و هوریاترین شێوە، بە ئاسانی ڕەنگەکەی

لە نێو دەچێ و دەمرێت و گەورەیی و هەیبەتی ئەو مەرگە، هەموو کاتێك بۆ من جوان و لەبیر نەکراوە. من وا بیر دەکەمەوە کە خودای گەورە بە دروستکردنی خۆر دەیەوێت چۆن ژیان و مردن فێری ئێمە بکات و، گەورەترین ئاواتی من ئەوەیە کە مردن و ژیانێکی وام هەبێت)).

لە کاتێکدا کە هێشتا روکسانا هەر لە تەنیشتم ڕاوەستابوو، بە پێکەنین و سەیرکردنێکی ژیرانە گوتی:

((شەهریار؛ هەر وەك عاشقەکان قسە دەکەی!)).

هەر لەو کاتەشدا دەنگە پیاوانەکەی پەروێزم لە دواوە بە بەرگوێ کەوت:

- ڕاست دەکات کاك شەهریار، دوکتۆرێکی بیرکاریی کە تەنها گۆشە و ژمارە و کۆکردنەوە و دابەش و ڕەگ و لۆگاریتم کار و پیشەی بێت، زۆر لەوە دوورە کە بەم شێوە شاعیرانە قسە بکات. پاشان ڕووی لە روکسانا کرد و گوتی:

((بە ڕاستی روکسانا، پێم بڵێ من زیاتر حەزم لە خۆرهەڵاتنە یان خۆر ئاوابوون؟)).

روکسانا بە شێوازێکی بێ مەیلانە گوتی: ((بە بڕوای من هیچ کامیان، چونکە کاتی هەڵاتنی خۆر هەمیشە لە خەودای! ئەو کاتەش کە خۆرئاوا دەبێت لە نووسینگەکەت سەرگەرمی کاری!!)).

پەروێز کە لەم وەڵامە ددانشکێنە زۆر ئازاری پێگەیشتبوو، گوتی: ((بەڵێ روکسانا گیان، تۆ بە تەواوەتی ڕاست دەکەی، چونکە من هەموو کاتێك بیر لە کاری گرنگتر و سەرەکی تر دەکەمەوە، نەك هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر کە (٦٠٠ ـــ ٧٠٠) ملیۆن ساڵە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و، بۆ هەموو کەس کارێکی ئاساییە و کەوتۆتە ژێر پێ.

روکسانا گوتی: مەبەستی تۆ لە کاری گرنگتر و سەرەکیتر، بێشك ئەسکەناسی سەوز و دۆلار و کڕین و فرۆشتنی درۆ و تەڵەکەبازانەیە. وانییە!

- بەڵێ ئەمە گرنگترین ڕەگەکانی ژیانە. پارە، ڕێز، کەسایەتی، گوزەرانی خۆش و دەوڵەمەندیی و، هەرچییەکت بوێت، بە دیاریی بۆت دێنێ.



روکسانا کە هێشتا تووڕە دەهاتە بەرچاو، بە ساردیی گوتی:

((هەموو شتێکیش، نـــــا)).

بێدەنگییەکی کورت لە نێوان هەرسێکمان هاتە ئاراوە. نەمدەزانی بڵێم چی و چۆن ئەم ڕەوشە شێواوە چارەسەر و پینە بکەم بۆیە بڕیارمدا بە بێدەنگی لەوێ دوورکەومەوە و ئەو دووانە بە یەکەوە بەجێ بێڵم بۆ ئەوەی لە تەنیاییدا ئەم دڵتەنگی و نارەحەتییە نەمێنێ. کاتێك پەروێز بە پێکەنینێکی شەیتانانە و بە ڕێزەوە گوتی: بە ڕاستی دوکتۆر ڕەفیعی دەزانم چەند ڕۆژێکی دی دەبێت جەنابت بچی بۆ ئەمریکا، بەڵام هێشتا نیگەرانی تەنیایی دایکتی، دەمەویست پێت بڵێم، زۆر دڵتەنگی دایکت مەبە. بەم شێوەیەی کە پرۆفیسۆر هەڵسوکەوتی لەگەڵ دایکت گەرم و گوڕە، دوور نییە کە زۆر بە زوویی مارەبڕین دەستپێبکات و هەردووکیان لە تەنیایی ڕزگاریان بێت.

لەم قسەیەی پەروێز خوێنم کەوتە جۆش و خرۆش. بۆ لای چووم و زۆر بە توندی یەخەم گرت. ئەگەر توانیبام، لەوێ دەمکوشت، بە هەموو هێز و تووڕەیی وجودم گوتم: ((بێدەنگ بە، ئاگات لە زارت بێت چی دەڵێی)).

پەروێز هەر بەو شێوەیەی کە لە سەر پێکەنینە بە ئەدەبانەکەی بەردەوام بوو، گوتی: ((ئەمە نارەحەتی ناوێ، خۆت بڕۆ بیبینە.)) هەستم دەکرد ئابڕووم چووە، وامدەزانی دنیا هاتۆتە سەر سەرم، گێژ و مات بۆ لای ڤێللاکەی دوکتۆر قومەیشی ملی ڕێگەم گرت هەرچەندە لە وان دوور دەکەوتمەوە، بەڵام دەنگی قڕە قڕ و گفتوگۆکەیانم هەر گوێ لێبوو. کاتێك گەیشتمە ڤێللاکە. پرۆفیسۆرم بینی لەگەڵ دایکی شیرین و دایکی دوکتۆر قومەیشی لە سەر مێز دانیشتووە و قسە دەکات. بە داوای لێبووردن لە هەمووان، تکام لە دایکم کرد کە لەگەڵم بێتەوە بۆ ڤێللاکەی خۆمان و، تکا و پاڕانەوەکەی ئەوانم بۆ نان خواردنی ئێوارە ڕەتکردەوە.

کاتێك گەیشتینە ڤێللاکە، داوام لە دایکم کرد کەلوپەلی سەفەر کۆکاتەوە تا ئامادەبین بۆ ڕۆیشتن و، بچین بۆ شیراز و ئیسفەهان، لە کۆتاییشدا بۆ مەشهەد.

خۆشحاڵی دایکم لەم هەواڵە دڵی منی سەبارەت بە قسەکەی پەرویز تا رادەیەك ئاسوودە کرد.

لە کۆتایی شەودا، بۆ دواهەمین شەونشینی و ماڵئاوایی لە هەمووان، بۆ ڤێللای دوکتۆر رۆیشتین. پاش کەمێك لە قسەکردن، دایکم هەواڵی سەفەرەکەمانی راگەیاند. هەموو لە بیستنی ئەم هەواڵە دڵگران بوون، جگە لە پەرویز کە پێکەنینی سەرکەوتن و خۆشحاڵی لە سەر لێوەکانی نیشت. پێکەنینە ئازاردەر و نیگایە پڕ ماناکانی پەرویز، ئەو شەوە هەر وەك خەنجەر بوو کە هەموو کاتێك لە گیانم رادەچوو.

مانەوە لەگەڵ ئەم کۆمەڵە بۆ من زۆر دژوار بوو. لەبەر ئەوە بە بیانووی ئەوەی کە بەیانی زوو دەمانەوێت سەفەر بکەین، زووتر لە هەموو شەوێك ئەوانمان بە جێهێشت.

بەیانی زوو لە نێو سەیارە خەریکی دانانی کەلوپەل بووم، کە روکسانا هات و، بە پێچەوانەی هەموو کاتێك نارەحەت و غەمبار بوو، سەلامی کرد و بە هەناسە ساردی گوتی: دەزانم کە ئامادەی سەفەری. دەمەوێت دەربارەی رووداوەکەی دوێنێ شەو داوای لێبووردنت لێ بکەم.

- تۆ کارێکت نەکردووە کە داوای لێبووردن بکەی.

- دەربارەی قسەکەی پەرویز، ئەو مەبەستێکی خراپی نەبوو.

- بەڵام بە پێچەوانەی تۆ، من وا بیر دەکەمەوە کە بەتەواوەتی بە مەبەست و نیەتێکی خراپ ئەم قسەیەی کرد، بەڵام بۆ من گرنگ نییە. خۆشبەختانە زۆر نایبینم و، لەمەو بە دواوە هەوڵدەدەم هەرگیز نەیبینم.

- دایکی تۆ بۆ من و بابە گەورەم بە تەواوەتی خۆشەویست و بەرێزە. ئومێدەوارم تۆ قسەی پەرویز بە هێند نەگری. پەیوەندیشتان لەگەڵ ئێمە نەپچڕێنن.

- دڵنیابە من هەرگیز باوەڕم بە قسەکەی ئەو نەکردووە، بەڵام بیستنی بۆ من زۆر گران بوو. دایکی من ئەگەر بیویستبایە شووبکاتەوە. کاتێك کە گەنج و جوان بوو ئەم کارەی دەکرد، نەك ئێستا. دەربارەی بەردەوام بوونی ئەم هاوڕێیەتییە، نازانم، بەڵام وا هەست دەکەم راستتر ئەوەیە کە ئەم هاوڕێیەتییە بپچڕێت.



دایکم هات و بە بینینی روکسانا زۆر خۆشحاڵ بوو، روکسانای لە ئامێز گرت و خواحافیزیی لێ کرد. لە ئاخرین چرکەی خواحافیزیی، چاوم بە چاوە فرمێسکاوییەکانی روکسانا کەوت و، خەمێکی گران لە سەر دڵم نیشت.

رێگای دوور و درێژ و رەشایی جادەو، مۆسیقایەکی ئارام و بێدەنگی نێو سەیارە، منی بۆ بیرکردنەوەی قووڵ و دوور برد، تا ئەو کاتەی کە دایکم بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی: ((شەهریار، دوکتۆر و بنەماڵەکەی بە راستی مرۆڤگەلێکی باشن، وانییە؟!)).

- بەڵێ مرۆڤگەلێکی باشن. چۆن ئەوانت بە بیر کەوتەوە؟

- هەروا، بۆ هیچ، پاش راوەستانێکی کورت، لە سەر قسەکردن بەردەوام بوو: ((بە راستی رات بەرانبەر بە شیوا چییە؟)).

- کچێکی باشە، بەڵام هێندەی ئاسمان و زەوی لەگەڵ شیریندا جیاوازی هەیە.

دایە گیان، ئەگەر مەبەستت شووکردنی شیوایە بە من، پێویستە پێت بڵێم کە بە رای من شیوا هەر وەك کچۆڵەیەکی دوو ساڵە دێتە بەرچاوم. دەڵێی وێنەی گوڵێکە لە سەر دیوار، هەرگیز هۆش و تێگەیشتنی شیرینی نییە.

- باشە شیرین ٢٦ ساڵە، بەڵام شیوا ١٧ ساڵ زیاتر نییە ئەو هێشتا منداڵە!

- کەواتە تۆش هاتییە سەر قسەی من، وانییە!

دایکم بێدەنگ بوو؛ تێگەیشتم کە ئەویش رایەکەی منی پێ باشە. دیسان بێدەنگ بوو پاش ماوەیەك دووبارە دایکم بێدەنگیی شکاند.

- شەهریار، دەربارەی روکسانا چی دەڵێی؟

- وا هەست دەکەم کە پێویستە دەسگیرانەکەی لەم بارەیەوە قسە بکات، نەك من.

- خۆ پەرویز دەسگیرانی ئەو نییە. ئێستا بە بڕوای من روکسانا زۆر بەم شووکردنە رازی نییە.

- نا، دایە گیان، بەم شێوەیە بیر مەکەوە، روکسانا لە پەرویز باشتری دەست ناکەوێت؛ بەو شێوەیەی کە سیاوەش دەیگوت: ماجیستێری ئابووری هەیە. بە رەوانی

به پێنج زمانی زیندووی دنیا قسه دەکات و، خاوەنی کۆمپانیایەکی گەورەیە. کەسێکی باڵا جوان و ڕێك و پێك و ڕێك پۆشە. ئەگەر روکسانا شووی پێ نەکات، بە ڕاستی شێتە.

- بەڵێ، هەموو ئەم شتانەی هەیە، بەڵام نازانم بۆچی شووی پێ ناکات، وابزانم روکسانا زۆر کەیفی بە پەروێز نایەت. ئەگەر ڕاستییەکەت دەوێت، وا هەست دەکەم کە پێوەندیی لەگەڵ تۆدا هەبێ.

بەم قسەیەی دایکم دەستم بە پێکەنین کرد و، گوتم: دایە گیان، چونکە تۆ منت خۆش دەوێت، بۆیە بەم شێوەیە بیر دەکەیەوە. بە بڕوای من روکسانا پەروێزی زۆر خۆش دەوێت.

لە خۆتەوە بە قسەکانم پێمەکەنە، تۆ هەڵسوکەوتی سیاوەش و شیرین، لەگەڵ هەڵسوکەوتی روکسانا و پەروێزدا بەراورد بکە. نیگا و قسە و ئاماژەکانی سیاوەش و شیرین پڕ لە سۆز و ئەوین و خۆشەویستین، لە کاتێکدا روکسانا و پەروێز هەموو کاتێك خەریکی شەڕ و ڕق لێك بوونەوەن.

- باشە، دایە گیان، هەرکەسە و بە جۆرێك دەژیت. هەرگیز بیری لێ مەکەوە، ژیانی خەڵکی هیچ پێوەندییەکی بە ئێمەوە نییە. بەڵام دایکم کەوتبووە نێو بیر و خەیاڵ، هەر بە هەمان شێوە بیرمەندانەکەی گوتی: لەوانەیە ئاکار و ڕەوشتی روکساناش بە دایکی چووبێتەوە. بە هەرحاڵ، ئەو کەسێکی هەندەرانی بوو.

به سەرسوڕمانەوە پرسیم: دایکی روکسانا خەڵکی هەندەران بووە؟!

- بەڵێ، بۆچی نازانی؟

- نەخێر، خەڵکی کوێ بوو؟

- بەخوا، پرۆفیسۆر دەیگوت کوڕەکەم لە وڵاتی بەریتانیا لەگەڵ دایکی روکسانا، کە ئەویش دوکتۆر بووە، یەکدی دەناسن و پێکەوە ئەڵقەی هاوسەریی دەگۆڕنەوە و، بۆ ئەمریکا دەچن. روکسانا پێنج ساڵان بووە، کە دایك و باوکی بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێك بۆ شیکاگۆ بانگ دەکرێن، شەوی کەوتنە ڕێ، روکسانا نەخۆش دەکەوێ



و تایەك دایدەگرێت. ئەوان روکسانا بۆ لای پرۆفیسۆر دەبەن و، خۆشیان بەیانی زوو دەکەونە ڕێ، کاتێك جاددە تەمومژاوی دەبێت، ئەوان ڕێگەیان لێ ون دەبێت و، دەکەونە نێو دۆڵێك و، هەردووکیان دەمرن. دوای ئەوە پرۆفیسۆر و هاوسەرەکەی چاودێریی روکسانا دەکەن. هەر لەبەر خاتری ئەوە پرۆفیسۆر لە ئەمریکا واز لە کارەکەی دێنێ و بۆ ئێران دێتەوە. پرۆفیسۆر دەیگوت: نەمدەتوانی لە پاش مەرگی کوڕ و بووکەکەم لە ئەمریکا بژیم.

- کەواتە ئاوا ؟! من هەموو کاتێك لە دڵی خۆمدا دەمگوت: بۆچی روکسانا ئەوەندە شێوەی بە ئەوروپییان دەچێ؟ کەواتە بە دایکی چۆتەوە.

- خۆ منیش گوتم بە دایکی چۆتەوە!

- بەڵام دایە گیان، مەبەستی من ڕوخساری روکسانا بوو، نەك هەڵسوکەوتەکەی. ئێستا ئەو فەقیرە پێنج ساڵان بووە کە دایکی کۆچی دوایی کردووە؛ ئاکار و ڕەفتاری دایکی چون لە بیر ماوە؟!

- باشە، لەوانەیە بۆ ماوەیی بێت!

دووبارە بە قسەی دایکم پێکەنیمەوە و گوتم: نا، دایە، ئاکار و ڕەفتار بۆ ماوەیی نییە، لە کۆمەڵگاوە فێری دەبی.

سەرەنجام چووین بۆ دیدەنی خوشکەکانم لە شیراز و، پاشان بۆ مەرقەدی پیرۆزی ئیمام ڕەزا(ع) لە مەشهەد. ژووری مەرقەدەکە هەستێکی ڕووحانی هەبوو. دەستنوێژم هەڵگرت و چوومە نێو دەرگای پیرۆزی مەرقەدەکە، لە تەنیشت گۆڕی ئیمام، قسەکەی زیبام بەبیرکەوتەوە کە دەیگوت: ((حەزدەکەم یەکەم سەفەرمان کە پێکەوە دەیکەین، بۆ مەشهەد و مەرقەدی ئیمام ڕەزا(ع) بێت)).

نوێژم کرد و لەگەڵ خودای خۆمدا ڕاز و نیازم کرد و پاڕامەوە، لە سەر گۆڕی ئیمام دەستم بە تکا و پاڕانەوە کرد بۆ ئەوەی هەرچی زووتر هەواڵێك یان نیشانەیەکم لە زیباوە بە دەست بگات.

چەند ڕۆژێك لە دوای گەڕانەوەم لە سەفەر، زەنگی تەلەفۆن لێیدا. کاتێك تەلەفۆنەکەم هەڵگرت دوکتۆر مەنسووریی سەرۆکی زانکۆ لە سەرهێڵ بوو و، داوای لە من کرد بە ناونیشانی ئەندامی شانازیی لە هەڵسەنگاندنی نامەی ماجیستێری یەك لە خوێنکارەکان بەشداریی بکەم، منیش قبوولم کرد.

ئەو ڕۆژەی کە بۆ بەشداریکردن چووم، لە نێو ئامادەبوواندا پرۆفیسۆر و روکسانام بینین و، زۆر سەرم سوڕما. هێشتا دانیشتنی هەڵسەنگاندنەکە دەستی پێ نەکردبوو، خۆم گەیاندە ئەوان و، پاش سەلام و هەواڵپرسین، هۆی ئامادەبوونیانم پرسی و، روکسانا بە پێکەنینەوە گوتی: ((پەلە مەکە جەنابی دوکتۆر، بە زوویی تێدەگەیت)).

وردە وردە دانیشتنەکە خەریك بوو دەستی پێدەکرد، بۆ جێگەکەی خۆم گەڕامەوە و، دانیشتم، پاش دەستپێکردنی دانیشتنەکە، سەرۆکی هەڵسەنگاندنەکە، داوای لە روکسانا ئەرجومەند کرد کە بۆ دەستپێکردنی خوێندنەوەی نامەکەی بچێتە جێگەی خوێندنەوە. روکسانا زۆر بە ئاسانی و بڕوا بەخۆبوونەوە بۆ سەر تەختی خوێندنەوە چوو، پاش سوپاسکردنی مامۆستایەکان دەستی بە خوێندنەوەی نامەکەی کرد. روکسانا زۆر بە باشی لە سەر مەبەستەکانی و بەرزی وشەکانی زاڵبوو، وا دەهاتە بەرچاو کە تەئسیرێکی باشی لە ڕای دادوەرەکان کردبێ. لە نێوەڕاستی کارەکەی، هەستم بە هەڵەیەکی ئاشکرا کرد لە نێو زانیارییەکانیدا کە هەموو سەلماندنەکەی هەڵدەوەشاندەوە. چاوەڕوانی ڕوونکردنەوەکانی دواتری بووم، بەڵام هەموو لێکدانەوە و بۆچوونەکانی بە هەمان هەڵە کۆتایی دەهات. لە ئەنجامدا هەموو باسەکەی ڕەتدەکرایەوە.

دانیشتنەکە خەریك بوو تەواو دەبوو، دەبوو دادوەرەکان بۆچوونی خۆیان بە شێوەی نووسراو وە سەرۆکی هەڵسەنگاندنەکە دابا. لە گوتنی ڕای خۆم دوودڵ بووم؛ چونکە نامەکەی روکسانا قبووڵ نەدەکرا و، ئەگەر ڕای دروستم گوتبا، لە ڕووی ویژدانەوە ئازارم دەخوارد. لە دڵی خۆمدا گوتم: لەوانەیە زۆر لە مامۆستاکان هەستیان بە هەڵەی زانیارییەکانی کردبێ، ڕای نەفی دەدەن لەبەر ئەمە ڕای نەفی خۆمدا بە



سەرۆکی دانیشتنەکە. کاتێك کە ڕایەکان خوێنرانەوە، هەموو مامۆستاکان جگە لە من بیر و بۆچوونی ڕاستیان دابوو سەبارەت بە نامەکە.

سەرۆکی هەڵسەنگاندنەکە داوای لە من کرد کە هۆی ڕەتکردنەوەی نامەکەی بۆ دیاریی بکەم. بە ناچاری بۆ سەر تەختەکە چووم، لەو کاتەدا روکسانا لە ڕیزی پێشەوە لە تەنیشت پرۆفیسۆر دانیشتبوو و، بە نیگەرانی و دڵتەنگییەوە سەیری دەکرد، بە ڕاستی لەو چرکەساتەدا دڵم زۆر بە حاڵی سووتا.

دەستم کرد بە نووسینی فۆرمۆڵ و حەلکردنی پرسیارەکانی روکسانا و پاشان هەڵەکەی ئەوم ڕوونکردەوە. پاش تەواوبوونی کارەکە دەنگی چەپڵە لێدانی کەسێك سەرنجی منی بۆ لای ئامادەبووان ڕاکێشا. پرۆفیسۆر یەکەم کەس بوو کە چەپڵەی بۆ لێدام و، منی شەرمەزاری گەورەیی و بەڕێزی خۆی دەکرد. دوای ئەو مامۆستایان و پاشان هەموو ئامادەبووان دەستیان بە چەپڵە ڕێزان کرد، لەو نێوەندەدا تەنیا روکسانا بە ئارامی دانیشتبوو و، بەگۆشەی دەسەسڕەکەی فرمێسکی چاوەکانی پاك دەکردەوە.

پاش ڕەتکردنەوەی نامەکە، دانیشتنەکە کۆتایی هات، هەموو بڵاوەیان لێ کرد. نەمدەزانی بەچ شێوە یەك داخ و خەم و پەژارەکەم بخەمەڕوو. لە نێو خەڵکەکە پرۆفیسۆرم بینی کە بە گۆچانەکەی دەستی وردە وردە هەنگاوی هەڵدێنا، روکسانای لەلا نەبوو، بە پەلە و بە غار بۆ لای چووم و گەیشتمە تەنیشتی، هێشتا هەستی پێ نەکرد بووم، بەئارامی دەستم لە سەر شانی دانا و گوتم: ((پرۆفیسۆر، نازانم بە چ زمانێك داوای لێبووردن لە ئێوە بکەم. دەزانم کارێکی ڕاستم نەکرد، بەڵام باوەڕبکە هیچ چارە یەکم نەبوو!)).

پرۆفیسۆر بە گەرمی لە من ڕاما و، بە زەردەخەنەیەکی دڵگیرانە گوتی: ((کوڕم، باشترین کارت کرد! کارێك کە ئەگەر خۆشم بام بێشك ئەمەم دەکرد.

- ئەدی روکسانا خان!

دەستێکی لە شانمدا و گوتی: ((نیگەرانی روکسانا مەبە؛ ئەو کچێکی بەهێزە، زۆر زوو بەسەر خۆیدا زاڵ دەبێت)).

– پرۆفیسۆر، خۆ روکسانا خان لێرە نییە. ڕووخسەت بدە من تۆ بگەیەنمەوە.
– بەسەیارەکەی روکسانا هاتین، بەڵام سەیارەکەی لێرە بەجێهێشت و گوتی: دەمەوێت بە پێ بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە.
– کەواتە من جەنابتان دەگەیەنم.
– نا کوڕم، نامەوێت ئازاری ئێوە بدەم. بە تەکسییەك دەگەڕێمەوە ماڵەوە. بە پێکەنینەوە درێژەی بە قسەکانیدا گوتی: ((ئەوەندە پیر نەبووم کە ڕێگەی ماڵەوەم بزرکەم!)).

لە کۆتاییدا پرۆفیسۆرم ڕازی کرد کە لەگەڵ خۆمدا بیبەمەوە بۆ ماڵەوەیان، تەکسیەکم بە کرێ گرت و پرۆفیسۆر ناونیشانی ماڵەکەی خۆیانی بە شۆفێرەکە گوت و تاکسی بەڕێ کەوت، ماڵەکەی لە باکووری شار بوو. پاش ماوەیەکی کورت تەکسییەکە لەبەر دەم ڤێللایەکی بچووك ڕاوەستا. خانووەکە بچووك بوو، بەڵام شێوەیەکی زۆر جوان و دڵگیری هەبوو. ویستم هەر بەو تەکسییە بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە، بەڵام پرۆفیسۆر ڕێگەی پێنەدام و، داوای لێ کردم کە بۆ چا خواردنەوە بچمە ماڵیان. ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەیم بە باش نەدەزانی. لەبەر ئەوە پێکەوە چووینە ماڵیان. هەر کە وەژوور کەوتین، خزمەتکارێکی ئافرەت بەرەو ڕوومان هات و، یارمەتی پرفیسۆریدا بۆ ئەوەی کۆتەکەی دانێ، پاشان بۆ چێشتخانە ڕۆیشت. لەوێ هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد، هەستم دەکرد دەتوانم دوور لە هەموو ئازار و زەحمەتێك بە ئاسوودەیی دابنیشم و بە چەندان سەعات لەگەڵ پرۆفیسۆر قسە بکەم. خۆشحاڵ بووم لەوەی کە ئەو وێنانەی لە بیری خۆمدا بۆ کەسایەتی ئەوم کێشابوون، ڕێك لەگەڵ لایەنەکانی ژیانی ئەو یەکیان دەگرتەوە.

قسەکردن لەگەڵ پرۆفیسۆر ئەوەندە بۆ من خۆش و بەسوود بوو، هەستم بە تێپەڕبوونی کات نەکردبوو. کاتێك سەیری سەعاتەکەم کرد، نزیکەی دووی پاش نیوەڕۆ بوو و، کاتی خواردنی نانی نیوەڕ بوو. داوای پرۆفیسۆرم بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ قبوڵ نەکرد و، سوپاسی پێشوازییەکەیم کرد. هەر ئەو کاتەی کە ویستم دەرگای حەوشە بکەمەوە زەنگی دەرگا لێیدا. دەرگام کردەوە روکسانا بوو. بە



سەرسوڕمانەوە سەیری کردم. سەلامم لێ کرد و چوومە گۆشەیەکی دەرگاکە تا ئەو بێتە ژوورەوە. ئەو بەبێ ئەوەی سڵاوم لێ بکات و، هیچ چاوم لێ بکات، هاتە ژوورەوە. نێوچاوانی پرۆفیسۆری ماچ کرد، پاشان بە پەلە بەو قاڵدرمانەی بۆ قاتی سەرەوە دەچوون و بە ژووری نووستن کۆتاییان دەهات، سەرکەوت. بۆ پێشگیری کردن لە عوزرهێنانەوەی پرۆفیسۆر، بە خێرایی دەستیم گوشی و ماڵئاوایم لێ کرد.

بە درێژایی ڕێگەی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە، بیرم لە هەڵسوکەوتەکەی روکسانا دەکردەوە. حەقی بوو لە دەستی من نارەحەت بێت؛ چونکە هەموو ڕەنج و کۆششەکەیم بەبادا. بەڵام لە دڵدا لەو کارەی کە کردبووم خۆشحاڵ بووم.

سێ ڕۆژ لە ئاخرین دیداری نێوان من و روکسانا تێدەپەڕی، بۆ ئەنجامدانی کارێکی ئیداری بۆ دەرێ چووبووم. کاتی نیوەڕۆ بوو زۆر ماندووبووم؛ چونکە بە ڕێگەدا هاتبووم، گەیشتمەوە ماڵەوە، لە پێش دەرگا جووتێك پێڵاوی ژنانە سەرنجیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشام. لە دڵی خۆمدا بیرم دەکردەوە و، دەمگوت: دەبێ ئەم جووتە پێڵاوە ئی چ کەسێك بێت. زەنگی دەرگام لێدا. دایکم زۆر بە شادمانی دەرگەی لێ کردمەوە. لە شادیی ڕوخساری دایکم دڵم داخورپا و، وا هەستم کرد کە میوانێکی خۆشەویست و لە هەمانکاتدا خزمێکی دوور لە ماڵەوە میوانە. بە هێواشی گوتم:
– دایە! میوانمان هەیە؟
– دایکیشم بە دەنگێکی درێژکراوە گوتی: ((بـــــەڵــێ)).
– دەتوانم بپرسم کێیە؟
– خانمێکە.
– دەزانم کە خانمێکە. دەمەوێت بزانم کێیە؟
– دایکم بە سەرسوڕمانەوە پرسی: تۆ لەکوێ دەزانی خانمێکە؟
– باشە، بە پێڵاوەکانی پێش دەرگا دیارە.

دایکم سەری بە نیشانەی بەڵێ ڕاوەشاند و گوتی: بەڵێ ڕاست دەکەی، بیرم لە پێڵاوەکان نەکردبۆوە.

- ئێستا دەکرێ زووتر پێم بڵێی کێیە؟

- لە سەر پێکەنین بەردەوام بوو. گوتی: باشە خۆت بڕۆ بیبینە و، بە هێواشی سەری لە گوێم نزیك کردەوە و گوتی: تەنها دەتوانم بڵێم کچێکی خانومانی جوانە.

بە دەربڕینی ڕستەی کۆتایی دایکم دڵم وێکهات و... هەرا و هوریایەك لە دەروونمدا دەستیپێکرد. لەبەر ترس و دڵەڕاوکێ، توانای هەنگاو هەڵێنانم نەبوو. لە دڵی خۆمدا گوتم: بێشك ((زیبـــــا)) یە. ئەگەر ئەو بێت من چۆن دەتوانم سەیری نێوچاوانی بکەم؟! هەڵوێستی ئەو لە بەرانبەر من چی دەبێت؟

سەیرم کرد ناتوانم بەو حاڵەوە بۆ بەخێرهاتنی بچم؛ هەوڵمدا کەمێك خۆم ئارام بکەمەوە و بە سەر کۆئەندامی دەمارمدا زاڵبم. بۆ حەمام چووم و چەند مستێك ئاوی ساردم بە سەر و ڕوخسارمدا کرد. لە ئاوێنەدا سەیری ڕوخساری خۆمم کرد، ڕەنگم بە تەواوەتی زەرد هەڵگەڕابوو، لێوەکانم وشك بووبوونەوە. کەمیك سەر و ڕوخسارم ڕێکخست. بۆ ژوورەکەی خۆم چووم، دەرگای پەنجەرەم کردەوە و، چەند هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. کاتێك دایکم بە سینییە چایەکەوە لە پێش دەرگا دەرکەوت بە گلەییەوە گوتی: ((تۆ هێشتا بۆ بەخێرهاتنی میوانەکە نەچوویی. هەروەها وا دێتە بەرچاو کە لە هەندەران ڕێوڕەسمی میوانداریت لە بیر چووبێتەوە، ئیدی خێرابە! ئەو هاتووە تۆ ببینێ! کاری پێتە!)).

- زۆر باشە، ئێستا دێم.

- " ئێستا دێم " نییە. خێرابە وەرە پێکەوە بچین، خۆم باش دەزانم بۆچی ئەوەندە خۆت دوا دەخەی بەو بەڵایەی بەسەرت هێناوە، بێ شك ڕووت نایە بۆ لای بچی!

- کامە بەڵایە؟!

- خۆی هەموو شتێکی بە من گوت: پێویست ناکات خۆت پێم بڵێی.

سەرم گەرم ببوو. واتا زیبـــــا هەموو شتێکی بە دایکم گوتووە. دایکم ڕۆیشت پاشان منیش بە تووڕەیی بۆ لای ژووری میوان چووم.



نەمدەزانی لەوەی کە دەیبینم، خۆشحاڵبم یان غەمگین. ئەو کچەی کە لە سەر فەڕشەکە دانیشتبوو روکسانا بوو، نەك زیبا. بەڵام دەتگوت بارێك لە سەر شانم لاچووە، هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا و، بەخێرهاتنی روکسانام کرد. لەگەڵ ئەوەشدا کە روکسانا غەمێکی زۆری لە نیگا و دەنگیدا بوو، بەڵام لە هەموو کاتێك بە نازتر و جوانتر دەهاتە بەرچاو. پاش بێدەنگییەکی کورت، بە شێوازێکی ترسێنەر گوتی: ئێوە هەموو کات میوانەکەتان بەم شێوەیە لە چاوەڕوانیدا ڕادەگرن، یان تەنیا لە بەرانبەر هەندێکیان بەم شێوەیە بێ موبالاتی و گوێیان پێ نادەی؟!

- داوای لێبووردنت لێ دەکەم کە لە چاوەڕوانیدا ڕامگرتبووی، باوەڕ بکە لەبەر بێ مووبالاتی و گوێ پێنەدان نەبوو، بە ڕاستی بە هاتنتان زۆر خۆشحاڵبووم.

- ئومێدەوارم وا بێت!

- پڕۆفیسۆر چۆنە؟

بە ساردیی گوتی: ((باشە، سڵاوی جوان و گەرمیشی بۆ تۆ هەبوو)).

نازانم بۆچی، بەڵام کاتێك کە روکسانا چاوە سەوزە گەورەکانی هەڵدێنا و سەیری منی دەکرد، دڵمی دەهێنایە جۆش. جوانی و دڵگیریی ڕوخساری ئەو ناتوانرێت باسی بکرێت، دەشمزانی خۆشی ئەمە بە باشی دەزانێ. بۆ ئەوەی کە بێدەنگی بشکێنم و تێبگەم کە بە چ مەبەستێك بۆ ماڵی ئێمە هاتووە گوتم:

- ڕاستی لە بارەی نامەی ماجیستێرەکەت بەداخەوەم. نەمدەویست نارەحەتت بکەم، بەڵام جگە لەمە هیچ چارەیەکم نەبوو!

- کێشەیەك نییە، تا ڕادەیەك تایبەتمەندی و ئاکاری تۆم ناسی. دەزانم کە ناتوانرێت لەوە زیاتر لە تۆ چاوەڕوان بکرێت. ڕووی لە دایکیشم کرد و گوتی:

خانم ڕەفیعی، هەستناکەم کوڕەکەت لەو دنیایەدا هیچ شتێکی هێندەی بیرکاری خۆش بوێت و حەزی لێ بێت، هەڵبەت جگە لە تۆ!

- دایکم لە وەڵامدا گوتی: روکسانا گیان، دەبێ لە شەهریار ببووری؛ ئەو مەبەستێکی خراپی نییە. تەنها نازانێت چۆن لەگەڵ کچۆڵان هەڵسوکەوت بکات!

روکسانا لەو کاتەدا خەریکی هەڵگرتنی فنجانی چا بوو. بەهێواشی گوتی: ((بەڵام من بە پێچەوانەوە بیر دەکەمەوە؛ شەهریار باش دەزانێت چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کچاندا بکات!)).

لەم قسەیەی روکسانا تێگەیشتم کە چەندە لە دەستی من نیگەران و تووڕەیە و، بۆ دڵدانەوەی گوتم:

- روکسانا خان، ئەگەر من شتێکم لە دەست دێت بۆ قەرەبووکردنەوەی نامەی ماجیستێرەکەت، پێم بڵێ، دڵنیابە لەم ڕووەوە هیچ درێغیی ناکەم.

سەری لە من سوڕما و گوتی : یەعنی تۆ یارمەتیم دەدەیت؟

- بەڵێ تابتوانم.

روکسانا لە کاتی هەستانیشدا گوتی: ((کەواتە من بەڵێنی یارمەتیم لە تۆ وەرگرت؟!

- بەڵێ، بێگومان، کەی دەتەوێت بێیت. یان کەی بێم بۆ ماڵتان؟

- ئێوە زەحمەت نادەم. خۆم بەم زووانە دێم.

تکا و پاڕانەوەی دایکم بۆ مانەوەی روکسانا بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ بێسوود بوو، روکسانا لەسەر ڕۆیشتن سوور بوو. لە کاتی ڕۆیشتنی روکسانا تا دەرەوە لەگەڵیدا چووم. بەڵام لە دەرەوە هیچ سەیارەیەکم نەبینی. لێم پرسی: ((تۆ بە سەیارەکەت نەهاتوویت؟)).

- نەخێر، بڕیارمدا بە پێ بێم.

بۆ ئەوەی یارمەتی پێشکەش بکەم گوتم: ((کەواتە ڕوخسەت بدە من بتگەیەنمەوە ماڵەوە)) زۆر بە خێرایی و ئاسایی گوتی: ((باشە، کەواتە ئەگەر ئامادەی، با بڕۆین)).

بە قسەکەی لە جێگەی خۆم ڕاپەڕیم و، هەر بەو شێوەیەی کە سەیرم دەکرد، پێکەنینێکی شەیتاناوی کرد و، گوتی:

شەهریار! شێوەی ڕوخسارت مایەی تێڕامانە؛ تا ماوی بەبێ بیرکردنەوە بڕیار مەدە و یارمەتی پێشکەش مەکە.



خۆشم پێکەنین گرتمی و، بە ناچاریی لە تەنیشت یەکتری ملی ڕێگەمان گرت. کاتێک خەڵک لە ڕێگە سەیری روکسانایان دەکرد، پێم ناخۆش بوو. بۆ لای نووسینگەیەکی تاکسی چووین کە لە نزیک ماڵی خۆمان بوو. کە گەیشتینە نووسینگەکە روکسانا گوتی: ((دەتەوێت لە نووسینگە سەیارە بەکرێ بگری؟)).

- ئەگەر تۆ ڕات لێ بێ، بەڵێ.

- بەڵام من حەزناکەم سەیارە بگری. دەمەوێت کەمێک بە پێ بڕۆین و پاشان بە تاکسی بڕۆین.

- بەرهەڵستی کردن سوودی نەبوو. بە ناچاریی لە ژێر سەیرکردنە ئازاردەرەکانی ڕێبواران، بۆ لای ماڵی پڕۆفیسۆر کەوتینە ڕێ. هێشتا ماوەیەکی زۆر نەڕۆیشتبووین، روکسانا هەستی کردبوو کە من بە سەیرکردنی ڕێبواران ناڕەحەتم، گوتی:

- سەیرکردنی خەڵک تۆ ئازار دەدات؟

- بەڵێ.

- کەواتە ئەگەر دەتەوێت تەکسییەک بگرە.

لە پێشنیازەکەی خۆشحاڵبووم، بە خێرایی تاکسییەکم بەکرێ گرت و، ناونیشانی ماڵی پڕۆفیسۆرم بە شۆفێرەکە گوت. لە نێو سەیارە روکسانا بە بێدەنگی دانیشتبوو و سەیری ئەو دیمەنانەی دەکرد کە بەلایاندا تێدەپەڕین. سەیرکردنە بەردەوام و ڕێک و پێکەکانی کاکی شۆفێر منیان تووڕە کردبوو. بۆ ئەوەی تێبگات کە من و روکسانا زۆر لە یەکتری نزیکین و خزمین، زۆر بە شێوەیەکی خۆمانە گوتم: ((بە ڕاست هیچ هەواڵێکت لە پەرویز هەیە؟)).

- باشە، تا کۆتایی ئەم مانگە لە ئەڵمانیایە. پاش هەفتەیەکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و، دووبارە دەڕواتەوە بۆ فەرەنسا.

- بێشک دڵت زۆر بۆی تەنگ بووە.

بە پێکەنینێکی سحراوییەوە ڕووی بۆ لای من وەرگێڕا و گوتی: ((دڵم تەنگ بووە! کاتێک ئەو نابینم ئارامییەکی زۆرم هەیە، کە هەندێک جار حەزدەکەم هیچ کات نەیبینم!)).

- دڵنیام کە ئەم قسەیە لە دڵەوە ناکەیت.

روکسانا ڕووی وەرگێڕا و چاوێکی لە من کرد و، دووبارە سەرگەرمی سەیرکردنی دیمەنەکانی دەرەوە بوو. دڵگران بووم لەوەی کە شۆفێری تاکسییەکە ناونیشانی تەواوی ماڵی پرۆفیسۆر بزانێت. هێندەمان نەمابوو بگەینە ماڵی پرۆفیسۆر کە شۆفێرەکەم ئاگادار کردەوە و داوام لێ کرد کە سەیارەکە ڕابگرێت و ئێمە دابەزین. ئەوەندە ڕێگایەی کە مابوو بە شەقامی لاوەکیدا بە پێ ڕۆیشتین. هەستم دەکرد خەمێکی گران لە سەر دڵی روکسانا نیشتووە و، دەیەوێت دەری ببڕیت، بەڵام ڕێگەی بە خۆی نەدەدا کە ئەمە بخاتەڕوو. هەوڵمدا هەر بەو شێوەیە بێدەنگ و بێ قسەکردن لە تەنیشتیدا هەنگاو هەڵێنم و لەگەڵیدا بڕۆم. بە زوویی گەیشتینەوە ماڵی ئەوان. روکسانا زەنگی دەرگای لێدا و، پاش چەند چرکەیەك خزمەتکارێك دەرگای لێ کردینەوە و، یەکەمین ڕستەی کە پاش سەلام و هەواڵپرسی دەریبڕی، ئەمە بوو:

- بەڕێز خانم ئەرجومەند هاتووە و، لە سالۆن دانیشتووە.)) روکسانا ڕووی لە من کرد، بەڵام من ڕێگەم پێ نەدا ئەو قسە بکات و فەرمووم بکات. بە خێرایی خواحافیزیم لێ کرد و بە هەمان ڕێگەدا گەڕامەوە. روکسانا بە دوامدا ڕایکرد و گوتی: ((شەهریار تکایە ڕاوەستە)). دەمزانی دەیەوێت چی بڵێت هەر بەو شێوەیەی کە لەو دوور دەکەوتمەوە، سیلە چاوێکم لە دواوە کرد و گوتم: ئاوا ئاسوودەترم، بڕۆ ژوورەوە، خوا ئاگادارت بێت.

مانگێك، لەو ڕووداوە تێدەپەڕی. بارانێکی وا زۆر لەم وەرزی گەرمایە جێگەی باوەڕکردن نەبوو. بڕیارمدا کتێب بخوێنمەوە، بەڵام دەنگی مۆسیقایەکی ئارام کە لە ڕادیۆ کۆنەکەی دایکم پەخش دەبوو، منی بۆ خەوێکی قووڵ و شیرین برد. دەنگی لێدانەکانی دەرگا بە هۆی پەنجەکانی دایکمەوە ڕووحی ماندوی منی لە خەوی شیرین ڕاپەڕاند، بۆ لای دەرگا چووم و کردمەوە. دایکم بوو، بە خەندە شیرین و دایکانەکەی



گوتی: ((شەهریار گیان خەوتبووی؟ ببوورە کە لە خەوم هەستاندی، روکسانا خان ئێستا ئەوە یەك سەعاتە چاوەڕوانی تۆیە)).

بە ناڕەحەتییەوە گوتم: ((باشە، دایە گیان، زووتر لە خەوت هەستاندبام)).

- دەمەویست هەڵت ستێنم، بەڵام روکسانا نەیهێشت.

بە خێرایی سەر و ڕوخسارم ڕێك و پێك کرد و بۆ بەخێرهاتن چووم. لە جێگەی خۆی هەستا، داوام لێ کرد کە دانیشێ.

ببوورە روکسانا خان کە ئەوەندە چاوەڕوان بووی. ئاگام لێ نەبوو کە هاتبووی.

- کێشەیەك نییە، لەم ماوەیەدا منیش لەگەڵ دایکت زۆر قسەی خۆشمان کرد و، تەواو پێکەنین.

- باشە کەواتە زۆر بە ناخۆشی کاتەکەتان بەڕێ نەکرد.

بە دەنگێکی سەرسامییەوە گوتی: ((کات بە ناخۆشی تێپەڕی! بە قسە خۆشەکانی دایکت کات زۆریش بە خێرایی تێپەڕی، ئەگەر ڕاستییەکەت دەوێ پاڕانەوەی دایکت بووە هۆی لە خەو هەستاندنت. دەنا من بەو شێوەیە زۆر ئاسوودەتر بووم)).

بە گاڵتەوە لە جێگەی خۆم هەستام و گوتم: کەواتە وادیارە من بوومە هۆی ناڕەحەتی ئێوە، بە ئاسوودەی جێتان دێڵم.

دەنگی پێکەنینی روکسانا بەرز بۆوە، لە کاتێکدا کە سیلە چاوێکی لە دایکم کردو گوتی: ((بەخێرهاتی)).

سەیرم کرد پانکردنەوە زۆر سوودی نییە؛ بە ناچاری بۆ لای دەرگای چوونە دەرەوە چووم. کاتێك خەریك بووم لە دەرگاکە دەچوومە دەرەوە. روکسانا گوتی: ((کاك شەهریار بە ئەندازەیەك ستەم لێکراوانە ڕۆیشتی کە دڵمان بە حاڵتان سووتا و دەتوانی بگەڕێیەوە جێگەکەی خۆت و دابنیشی. تەنها ئارام بە و زۆر دەنگ بڵند مەکەوە و قسە مەکە.)) دووبارە بە تەواوبوونی قسەکەی دەنگی پێکەنینی بەرزبۆوە.

ئامادەبوونی روکسانا بە ڕاستی گەرم و شادیی بەخش بوو، چای گەرم لە نێو فنجان خەریك بوو ساردبێتەوە، لەبەر ئەوە فنجانەکەم هەڵگرت، لەو کاتەدا روکسانا بە پارچەیەك شیرینی لە پێشم پەیدابوو و، بە دەنگە نەرمە دڵگیرەکەی گوتی: ((چایەکەتان بە شیرینییەوە بخۆن. تامی خۆشترە)).

بەو شێوەیەی کە شیرینیم هەڵدەگرت، لە دایکمم پرسی: ((ئێمە خۆ لەو جۆرە شیرینیانەمان نەبوون. ئەمانە لە کوێوە هاتوون؟)).

دایکیشم ئاماژەی بۆ روکسانا کرد و گوتی: ((روکسانا گیان ئەو زەحمەتەی کێشاوە)).

شیرینییەکەم لە سەر سینی فنجانەکە دانا و گوتم: ((تاکو نەزانم ئەم شیرینییە بە هۆی چییەوەیە لێوی لیَ نادەم)).

روکسانا فنجانە چایە نیوە خوراوەکەی لە سەر مێزەکە دانا و، جانتاکەی هێنا و، بەرانبەرم ڕاوەستا و، یەکسەر کاغەزێکی لە جانتاکەی دەرهێنا و، لە پێشی ڕاگرتم و بە شادی و خۆشییەکی زۆرەوە گوتی: ((ئەمەش بروانامەی قبوولّ بوونی نامەی ماجیستێرەکەمە)).

کاغەزەکەم لێوەرگرت. بە تەواوی گیانم هەستم بە خۆشحاڵی دەکرد و لە ناخی دڵمەوە پیرۆزباییم لە روکسانا کرد. لە ماوەی یەك مانگی کارکردنی هاوبەشی من روکسانا لە سەر نامەکەی، خۆشەویستییەکی تایبەتی ئەو لە ناو دڵمدا چەکەرەی کردبوو. خۆشەویستییەك کە ئەوی وەك یەکێك لە بوونەوەرە ئازیزەکانی ژیانم نیشان دەدا. داواکارییەکەیم سەبارەت بە ئامادەبوونم لە پێشکەشکردنی نامەکەی و هەڵسەنگاندنەکەی قبوولّ نەکرد، هەروەها ویستم کە ڕۆژ و تاریخی هەڵسەنگاندنەکەش نەزانم. ئێستا سەرکەوتنی روکسانا لەم تاقیکردنەوەیە شادی بۆ هەمووان بە دیاری هێنابوو.

بۆ لای پاکەتە شیرینییەکە چووم و یەکێکی ترم هەڵگرت و، گوتم: ئێستا خواردنی بەڕاستی جێگەی خۆی دەگرێ و بە چێژە. ماوەیەك روکسانا خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە



کرد، لەبەر دەرگا دایکمی ماچ کرد و، بە هێواشی گوتی: ((خانم ڕەفیعی، توخوا لەبیرت نەچێ، بێیت؛ من چاوەڕوانم)).

بە سەرسوڕمانەوە پرسیم: ((دایکی بەندە، بڕیارە بۆ کوێ بێت کە من نابێ بزانم؟)).

روکسانا گوتی: ((بۆ گوێت لێبوو؟)).

- بەڵێ، من شتێك کە پێوەندی بە دایکمەوە هەبێ، ئەگەر لە شوێنی خەڵوەتیش بێت دەیبیستم. ئێستا خێرا پێم بڵێن باسەکە چییە؟.

تا دایکم دەستی بە قسەکردن کرد روکسانا بە ئاماژەی بێدەنگی پەنجەی لە سەر لێوەکانی دانا و، بە سیلەچاو بە دایکمی گوت: ((بابەتەکە پێوەندی بە خانمانەوەیە نەك بە پیاوان)).

قەیدی نییە، تۆ ئێستا دەڕۆیت و لە ماوەی چەند چرکەیەك دایك هەموو شتێك بە کوڕە خۆشەویستەکەی دەڵێت، وانییە؟.

روکسانا گوتی: ((بۆ تۆ ناتەوێت من بگەیەنیتەوە ماڵەوە؟)).

زۆر بە جددی گوتم: ((نەخێر، بۆ من قسەیەکی وام گوتووە؟)).

لە کاتێکدا روکسانا گۆشەیەکی دامێنی کراسەکەمی گرتبوو و ڕایدەکێشا و گوتی: ((خانم ڕەفیعی سەبارەت بە هەموو شتێك سوپاست دەکەم. لە بیرت نەچێ، چاوەڕوانم، پێویستە یەکەم کەس بیت)).

روکسانا بە شێوەیەکی توند دامێنی کراسەکەمی ڕادەکێشا کە ناچار بووم بە دوایدا بڕۆم. بە ناچاری گوتم: ((بابە گیان، ئەوە دێم)). لەو کاتەشدا کە پێڵاوم دەپێ دەکرد گوتم: ((هەر نەبێ ڕوخسەت بدە پێڵاوەکانم دەپێ بکەم.)) بەڵام روکسانا کراسەکەی بەرنەدا، هەر بەو شێوەیەی کە منی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا و لە پلیکانەکان دەڕۆیشتە خوارێ گوتی: ((شەهریار، ڕاستییەکەی حەزناکەم زەحمەت بکێشی خۆم دەڕۆم، بۆچی خۆت دەخەیتە زەحمەتەوە؟)).

سەرەنجام لە نێوەڕاستی پلیکانەکان گۆشەی کراسەکەم لە دەستی هاتە دەرێ و، من هەلێکم پەیدا کرد بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی پێڵاوەکانم دەپێ بکەم. دیتم کە هیچ

رێگەیەك نییە دەبێ بە دوای بکەوم، لەبەر ئەوە گوتم: ((تکا دەکەم، خۆشحاڵ دەبم لەگەڵت بێم)).

ئیتر روکسانا لە هاتنی من دڵنیا بوو بوو، هەر لەبەر ئەوە گوتی: ((ئێستا کە دەپاڕێیەوە بۆ ئەوەی لەگەڵم بێیت، منیش ڕێگریت لێ ناکەم. دەتوانی من بگەیەنیتەوە ماڵەوە.)) بۆ خواحافیزیی لەگەڵ دایکم بۆ دواوە گەڕامەوە دایکم سەری بە دەرگاکەوە نابوو و پێدەکەنی.

سواری سەیارەکەی روکسانا بووین. خۆی سەیارەکەی لێدەخوڕی و، لە هەمانکاتیشدا بە دور و درێژی دەربارەی بەڕێوە چوونی ڕێوڕەسمی هەڵسەنگاندنی نامەکەی قسەی دەکرد. لە نیوەی ڕێگەدا لە نزیك پارکێك سەیارەکەی ڕاگرت و لە روخسارم ڕاما و گوتی: ((تاقەتی پیاسەکردنت هەیە لە نێو پارکدا؟)).

بە سەرسوڕماویەوە گوتم: ((لەژێر ئەو بارانە! تەڕدەبین!)).

- من چەترم پێیە. ((ئێستا حەزدەکەم لەبەر باران پیاسە بکەم. تۆش دێیت؟!))

سەیرم کرد نەمدەتوانی تکای ئەو نیگا دڵگیرەی ڕەتکەمەوە. لەبەر ئەوە لە سەیارەکە دابەزیم. روکسانا تەنها یەك چەتری پێ بوو؛ لە ژێر یەك چەتر شان بە شانی یەکدی دەستمان بە پیاسە کرد. دەنگی دڵۆپە بارانەکان کاتێك بە چەترەکە دەکەوتن، ئاوازێکی ئارامبەخشی لە مێشکدا دەهێنایە جۆش، کە ڕووح و بیری لەگەڵ خۆیدا بۆ شوێنێکی دوورە دەست دەبرد. چاوەڕێی قسە شیرینەکانی روکسانا بووم، بەڵام ئەویش هەروەك من بێدەنگ بوو.

بە شێوەیەکی گشتی روکسانا دوو حاڵەتی هەبوو، یان زۆر دڵخۆش و زیندوو و پڕ لە جموجۆڵ و جۆش و خرۆش بوو، یان بێدەنگ و خەریکی بیرکردنەوە بوو. زەوق و شادیی ئەو ئومێد و ئارامی بە من دەبەخشی و، بە پێچەوانەوە بێدەنگی ئەو دڵەڕاوکێیەکی سەیری لە دەروونمدا بەرپا دەکرد. ئەو پرسیارە لە مێشکمدا دروست بوو بوو، کە ئەمە چ شتێکە تا ئەو ئەندازەیە بیری ئەوی بە خۆیەوە سەرگەرم کردووە؟! بەڵام ڕێگەم بە خۆم نەدا کە ئەم پرسیارە بخەمەڕوو.



هەر بەو شێوەیەی کە لە نێو بێدەنگیدا پیاسەمان دەکرد لەناکاو ڕاوەستا و، پاشان داهاتەوە و چڵە گوڵێکی لە سەر زەوییەکە هەڵگرتەوە، کە زۆر بێ بەزەییانە لە سەر زەوی کەوتبوو؛ چڵە گوڵەکەی ماچ کرد و، بە ئارامی گوتی: ((بە ڕاستی جوانە! وانییە؟!)).

- بەڵێ، جوانە!

پاشان سەیری کردم و گوتی: ((شەهریار، دەتوانم پرسیارێکت لێ بکەم؟ بەڵام تکات لێ دەکەم جوابم بدەیەوە هەرچەند بە لاشتەوە ناخۆش بێت)).

ئاوازی قسەکانی بە شێوەیەك لەگەڵ پاك و بێگوناهییەك تێکەڵاو بووبوو، کە بەبێ هیچ چەند و چۆنێك گوتم: ((باشە)).

ماوەیەك بێدەنگ بوو. پاشان لەو کاتەی کە سەری دەقالان نابوو و، چاوی لە زەوی دەکرد و گوتی: ((زیبات زۆر خۆشدەویست؟)).

بە پرسیارەکەی شۆڕشێك لە دەروونمدا هەڵگیرسا، دەنگی لێدانە بەهێزەکانی دڵم بە تەواوی هەست پێ دەکرد، تینی گەرمای نێو ناخیشم لە هەر چرکەیەکدا زیاتر دەبوو. لە دڵی خۆمدا گوتم: روکسانا چۆن ڕێگەی بە خۆی داوە کە بێتە نێو ژیانی تایبەتیی من؟! باشە ئەو بابەتی زیبا چۆن دەزانێت؟! بەڵام زۆر بە خێرایی وەڵامی پرسیارەکەی خۆمم دایەوە. دیارە ئەو هەواڵەی لە دایکمەوە زانیوە ؛ دایکم زۆر بە ئاسانی سندووقە بچکۆلانەکەی دڵی بۆ هەموو کەسێك ئاوەڵە دەکردەوە، بەڵام من هیچ چارەیەکم نەبوو؛ چونکە بەڵێنم بە روکسانا دابوو کە وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە، لە هەمانکاتیشدا ئەوەم دەزانی کە بێشك دایکم ئەوشتەی دەیزانێت بە روکسانای گوتووە؛ لەبەر ئەوە هەر بەو شێوەیەی کە سەیری پێشەوەم دەکرد گوتم:

- بەڵێ، بە ڕاستی خۆشم دەویست.

- ئەدی ئێستاخۆشت دەوێ؟

- ئێستاش هەر بە هەمان شێوە، تەنانەت لە جارانیش زیاتر!

- کەواتە بۆچی بە دوایدا ناگەڕێی و زەماوەندی لەگەڵ ناکەی؟

– بە دوایدا گەڕام، بەڵام نەمدۆزییەوە. گوتیان بە یەکجاری لەگەڵ بنەماڵەکەیی بۆ هەندەران چووە. کەس هەر ناونیشانیشیان نازانێت.

– ئێستا دەتەوێت لەبیری خۆتی بەرییەوە و فەرامۆشی بکەی؟

– دەمەوێت، بەڵام ناتوانم. هەموو شتێکی ئێرە من دەباتەوە بۆ یادی زیبا، تەنانەت خودی تۆش!

– بە ڕاستی، منیش؟!

– بەڵێ.

– چ شتێکی من وا لە تۆ دەکات کە بیر لەو بکەیتەوە؟

بۆ ماوەیەك ڕاوەستام و سەیرم کرد و پاشان لە سەر پیاسەکردن بەردەوام بووم. ڕوکسانا بە ئاسایی پرسیارەکەی خۆی دووبارە کردەوە. منیشم گوتم: ((واز لەو پرسیارەت بێنە!)).

– دەکرێ لە بارەی زیباوە زیاتر قسەم بۆ بکەی.

– لە بابەت چ شتێکەوە؟

– سەبارەت بە هەموو شتێك، ڕواڵەتی، مەبەستم جوانییەکەیەی، تایبەتمەندی هەڵسوکەوتی، بە کورتی هەموو شتێکی.

دەتوانم بپرسم بۆچی ئەم باسە بەو ئەندازەیە بۆ تۆ گرنگە؟!

– نەخێر، بڕیاربوو تۆ تەنها وەڵام بدەیتەوە!

– باشە، پرسیار ناکەم، دەتەوێت سەبارەت بە زیبا قسەت بۆ بکەم. زیبا بە ڕاستی زۆر جوان بوو، لەوانەیە ئەمە پاکیی نیگا و دەنگی بووبێت کە ئەوی تا ئەو ڕادەیە بە شێوەیەکی جوان بە مرۆڤ نیشان دەدا. هەروەها یەك ڕەنگی و ڕێك پۆشی و ڕەوشتی بەرز و پاك و... بە کورتی هەموو شتێك کە پیاوێك دەیەوێت، یان ڕاستتر بڵێم پیاوێکی وەکو من دەیەوێت.

ئەدی بۆچی تۆی بەرەڵا کرد و ڕۆیشت. ئەو تایبەتمەندییە ئەخلاقیانەی کە تۆ سەبارەت بە زیبا باسیان دەکەی، زۆر لەگەڵ هەڵسوکەوتی نایەنەوە.



وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە ڕاستی بۆ من زۆر گران بوو. ئاهێکم لە دەروونەوە هەڵکێشا.

گریانێکی زۆر قوڕگی گرتبووم، بەڵام دانم بەخۆمدا گرت و گوتم: ((ئەو منی بەرەڵا نەکرد، بەڵکو من وازم لەو هێنا و، ئەم کارەم کرد لەبەر خاتری بۆرسی خوێندن لە ئەمریکا، زیبام بەرەڵاکرد و ڕۆیشتم)).

دەمزانی پرسیارەکانی ڕوکسانا تەواو نابن و وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکیش برینێك لە دڵمدا تازە دەکاتەوە، لەبەر ئەوە گوتم: ((ئومێدەوارم کە وەڵامی پرسیارەکانتم دابێتەوە. ئێستا ئیتر وا باشترە کە بگەڕێینەوە)).

– شەهریار، ببوورە کە بە پرسیارە گێلانەکانم ئازارم دایت، بەڵام دووبارە داواکارییەکم هەیە کە بە سەراپای گیانم تکات لێ دەکەم کە وەڵامی نەخێر نەدەیتەوە.

– بێشك دیسان دەربارەی زیبایە؟

– نەخێر، بەڵێنت پێ دەدەم کە دەربارەی ئەو هیچ پرسیارێك نەکەم.

– کەواتە پرسیارەکەت دەربارەی چییە؟

– سەرەتا بەڵێنم پێ بدە کە نەڵێیی نا.

– باشە، هەرچییەك بێ ئەمڕۆ، ڕۆژی تۆیە. کەواتە منیش هەوڵدەدەم بە ئارەزووی تۆ هەڵسوکەوت بکەم.

– زۆر مەمنوون، نازانم چۆن سوپاست بکەم. بە ڕاستی بە بڕیارەکەت خۆشحاڵت کردم.

– ئێستا دەکرێ پێم بڵێی ئەو بەڵێنەت دەربارەی چی لە من وەرگرت؟

بە خۆشحاڵییەوە گوتی: ((ڕاستییەکەی، پەرویز و ئامۆژنم دەیانەوێت بە بۆنەی قبوولبوونی نامەکەی من و، ساڵیادی لە دایك بوونم. لە ماڵەکەی خۆیان ئاهەنگێك بگێڕن، بێگومان دەمویست تۆش لەو ئاهەنگە بەشداربی)).

بە بیستنی ناوی پەرویز، لە تەواوی گیانمدا هەستم بە لەرزین کرد و بە نابەدڵییەوە گوتم: ((بەڵام ئەوەی تاکو ئێستا زانیومە ئەم جۆرە ڕێوڕەسمانە تەنها لە ماڵی خاوەن ئاهەنگەکە و، خاوەن نامەی ماجیستێرەکە بەرپا دەکرێن)).

- ئێمەش هەمان مەبەستمان هەیە، بەڵام خۆت کە خانووی ئێمەت بینیوە؛ بۆ ئەم جۆرە ئاهەنگانە زۆر بچووکە. دەزانم لەگەڵ پەروێز نێوانێکی باشتان نییە. بەڵام تکات لێ دەکەم لەبەر خاتری من وەرە.

- باشە بە هەر حاڵ تۆ پێشتر بڕیاری منت وەرگرت، تازە ناچارم بێم.

ڕۆژی پێش ئاهەنگ بوو، من و دایکم لە چۆنیەتی کڕینی دیاریی ڕێك نەکەوتبووین. سەرەنجام بڕیارماندا هەریەکەمان بەجودا دیاریی بۆ روکسانا بکڕین. بیرکردنەوە لەوەی کە چ دیارییەك بۆ روکسانا گونجاوە هەموو کاتەکەمی گرتبوو و، گێژ بووبووم. هەم لە روکساناش تووڕە ببوم و هەم لە خۆشم، بەڵام زیاتر لە خۆم؛ چونکە بەو ئاسانیە کەوتبوومە داوی تکا و پاڕانەوەکەی روکسانا. بۆ ماڵی پەروێز بڕۆم و لە بەرانبەری ڕاوەستم و دەستی بگوشم؛ ئەو کارە منی پڕاوپڕ لە ڕق و کینە دەکرد!

لە دڵی خۆمدا گوتم: بۆچی دەبێ لەبەر خاتری کەسێك کە هیچ کاریگەرییەکی باشی لە چارەنووس و ژیانی مندا نەبێ، بەم شێوەیە کەرامەتم بخەمە ژێر پێ و، غروورم لەکەدار بکەم و، بەم کارەشم خەندە و پێکەنینی سەرکەوتنێکی دیکە بخەمە سەر لێوەکانی پەروێز؟!

لە کۆتاییدا بڕیارمدا بۆ ئاهەنگەکە بڕۆم و، دیارییەکەم بدەم بە روکسانا، بەڵام چەند دەقیقەیەك زیاتر لەوێ نەمێنم.

بۆ مەیدانی ئینقیلاب ڕۆیشتم و، لە کتێب فرۆشییەکی گەورە یەکسەر فەرهەنگێکی زمانی فارسیم کڕی و، پاش ئەوەی کە پێچامەوە، ناونیشانی ماڵی پەروێزم لە سەر نووسی و، بۆ ماڵی ئەوانم نارد.

دایکیشم ملوانکەیەکی زێڕی گرانبەها و جوانی کڕیبوو و، بە شێوەیەکی جوان پێچابوویەوە. کاتی ئاهەنگەکە بوو، سەبەتە گوڵێکی گەورەمان کڕی. پاش ئەوەی کارتێکمان نووسی و، لە نێو سەبەتە گوڵەکەمان دانا، بۆ لای ماڵی پەروێز بەڕێ کەوتین، لە سەعاتی دیاریکراودا لەگەڵ دایکم لە پێش دەرگای ماڵی پەروێز ڕاوەستابووین.



خانووەکەیان زیاتر لە کۆشکێکی گەورە و ڕێك و پێك دەچوو. باغێك کە لە دەرگای چوونە ژوورەوە تا ماڵەکە درێژ بووبۆوە، لەوانەیە دە هەزار مەتر دووجا زیاتر بووبێ. دوو خرمەتکاری پیاو کە بە شێوازی ئینگلیزیی جلوبەرگیان پۆشیبوو، لە هەردوو لای دەرگای چوونە ژوورەوەی خانووەکە ڕاوەستابوون و بەخێرهاتنی میوانەکانیان دەکرد، خزمەتکارێکیش کە لە پێش هۆڵە سەرەکییەکە دیاریی و جانتا و جلی زیادەی میوانەکانی بە ڕێزێکی تایبەتی وەردەگرت، بۆ جێگەی تایبەتی دەیبردن. شێوازی بەخێرهاتن و شێوەی خانەدانی ماڵەکە و هەموو و هەموو شتێکی دی نیشانە و پارە و سەروەت و ژیانی ڕێك و پێکی خاوەن ماڵەکە بوو. بڕیارمدا پیرۆزباییەکی کورت لە روکسانا بکەم و، پێش ئەوەی خەونەکەی پەروێز بێتە دی و، من لەبەر چاوی ئەو کەرامەتم بشکێ، ئەو جێگەیە بەجێ بێڵم. بەڵام یەکەم کەس کە بۆ پێشوازیی بەرەو ڕووی ئێمە هات، پەروێز بوو، بە ئارامی و هێمنی و زمانلووسییەوە و بە شێوەیەکی خێرا، ئێمەی بۆ ژوورەوە برد و لە تەنیشت پڕۆفیسۆر داینیشاندین. مانەوە لەو جێگەیەدا ئازاری دەدام؛ هەموو شتێك بە دەستکرد و تەزویر دەهاتە بەرچاوم. ئارەزووم دەکرد هەرچی زووتر روکسانا ببینم و، پاشان بە چوونە دەرەوەم لەو جێگەیە هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشم، بەڵام هێشتا روکسانا نەهاتبوو، میوانەکانیش ژمارەیەکی کەمیان هاتبوون.

پاش بیست دەقیقە چاوەڕوانی، روکسانا لەو پلیکانە بەرزانە هاتە خوارەوە کە لە قاتی سەرەوە بۆ ناو سالۆنەکە درێژ بووبوونەوە. جوانییەکەی ئەو لەو ساتەدا بە ئەندازەیەك بوو کە بە هیچ شێوەیەك وەسفی ناکرێ. روکسانا جلوبەرگێکی ئاوریشمی ڕەنگ سەوزی دەبەردابوو؛ ڕاست وەك ڕەنگی چاوەکانی، بە پارچەیەك هەر لەو جلە، مووە زێڕینەکانی بە شێوازێکی جوان ڕازاندبوونەوە. پێڵاو و جانتاکەشی بەو قوماشەی بەری ڕازێنرابوونەوە. نەمدەزانی جوانیی جلوبەرگەکە تا ئەو ئەندازەیە جوانیی بە روکسانا بەخشیبوو، یان جوانیی روکسانا ئەوەندە درەوشانەوەی دابوو بە جلوبەرگەکان. پڕۆفیسۆریش هەر وەك من لە نێو جوانیی نەوەکەیدا تواببووەوە بە پارێزەوە گوتی: ((ڕێك وەك فریشتەیەکە، وانییە؟)).

به ئارامی گوتم: ((بەڵێ ڕاست دەکەی!)).

پاش ئەوەی روکسانا لە قاڵدرمەکان هاتە خوارەوە، یەکسەر بۆ لای پرۆفیسۆر ڕۆیشت و ماچی کرد، پاشان بۆ لای دایکم، کە لە تەنیشت من دانیشتبوو، ڕۆیشت و لە باوەشی کرد و، بە گەرمی بەخێرهاتنی کرد و، دواتر چاوی بە من کەوت. من لە بەرانبەری ڕاوەستام و، پیرۆزباییم لێ کرد، ئارەزوومەندانە سەیری کردم و گوتی:

- شەهریار، دەزانی بە هاتنتان زۆر خۆشحاڵتان کردم!

- هاتم، چونکە قەولم پێ دابووی.

نیگایەکی نارەزایی دەربڕینی لە من کرد و گوتی: کەواتە لەبەر خاتری بڕیارەکەت هاتووی؛ لەبەر من نەهاتووی؟!

پێکەنینێکم بۆ کرد و گوتم: ((لەبەر خاتری تۆ بڕیارمدا!)).

- بە کورتی سوپاسگوزارم. گەورەییەکی زۆرت نواند.

دەمەویست هەمانکات خوداحافیزی لە روکسانا بکەم کە سیاوەش و شیرین و بنەماڵەکەی وەژوور کەوتن. روکسانا بە عوزرهێنانەوە بۆ لای ئەوان ڕۆیشت. دەمزانی بە هاتنی سیاوەش ڕۆیشتن لە ئاهەنگەکە کارێکی دژوارە. ئەوان هەموویان بۆ لای ئێمە هاتن، پاش نوێ بوونەوەی دیدارەکانیش شیرین و شیوا لەگەڵ روکسانا ڕۆیشتن تاکو بە درێژایی میوانییەکە هاوکاری روکسانا بکەن. منیش جێگەکەی خۆم دا بە خانم دوکتۆر و لەگەڵ سیاوەش جێگەیەکی گونجاومان پەیدا کرد و، دانیشتین. سیاوەش فنجانێك نیسکافەی هەڵگرت کە خزمەتکارەکە بۆی هێنابوو، سەریشی هێنایە بن گوێی من و گوتی: ((هاوڕێ، زۆر بێدەنگی، چ شتێك لە گۆڕێیە؟)).

- هیچ شتێك، هەرگیز تاقەت و ئارەزووم لەم جۆرە میوانداریيە نییە و، ئەگەر لەبەر خاتری روکسانا نەبایە، بە هیچ شێوەیەك پێم بۆ ئێرە نەدەهات.

- ئێستا خودا وەکیلی پێم بڵێ، ڕقت لە ماڵەکە دەبێتەوە یان لە خاوەنی ماڵەکە؟

- بە چاوێکی تووڕەوە سەیری سیاوەشم کرد و، بێدەنگ بووم. ئەویش کە غەرقی سەیرکردنی ماڵەکە بوو گوتی:



شتێکم نەگوت بابە گیان، خوا وەکیلی خانووەکەی هیچ عەیبێکی نییە! بە ڕاستی کۆشکە. سەرەنجام نەمردین و پێمان نایە جێگەیەکی بەم شێوەیە. خۆزگە بە خاوەنەکەی!!؟ ژیان لە ماڵێکی بەم شێوەیە کەیف و خۆشییەکی زۆی هەیە، وانییە؟)).

- بە بڕوای من لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کورت ئەو لەزەتە بە مرۆڤ ببەخشێ، کە تۆ باسی دەکەیت. بەڵام پاش ماوەیەك هەموو شتێك ئاسایی دەبێتەوە.

- نازانم، لەوانەیە تۆ ڕاست بکەی. بەڵام شەهریار گیان، لە بابەت خاوەن ماڵەکە، تێڕوانینی من هەر وەك تێڕوانینی تۆیە.

- بۆ، تۆ دەزانی من دەربارەی پەروێز چۆن بیر دەکەمەوە؟

سیاوەش پێکەنینێکی شەیتانانەی کرد و گوتی: ((ئەگەر من نەزانم، ئەدی کێ دەزانێ؟ نێوانی تۆ و پەروێز هەر وەك بەنزین و ئاگرە!)).

- ئەو گاڵتەجارییە چییە سیاوەش تۆ باسی دەکەی؟

- خۆشت باش دەزانی کە گاڵتە نییە. شیرین ڕووداوەکەی کەنار دەریای بۆ گێڕامەوە. کاتێك بیستم ئەوەندە نارەحەت بووم کە بە شیرینم گوت: شەهریار بە ڕاستی پیاوێکی بە شەخسیەتە؛ چونکە وازی لە پەروێز هێنا ئەگەر من بام دەشمکوشت.

لە نارەحەتییان سەرم زۆر دێشا، هەر بەو شێوەیەی کە سەرم خستبووە نێو دەستەکانم و ڕامدەگوشی، گوتم: ((کەواتە ئیتر هەمووان ئەم باسە دەزانن؟!)).

- بە گیانی شیرین هیچ کەس جگە لە روکسانا و شیرین و من ئەم باسە نازانن.

- تێناگەم بۆچی روکسانا بە شیرینی گوت؟

- ئەو شەوەی روکسانا و پەروێز لە کەناری دەریا هاتنەوە، روکسانا نانی ئێوارەی نەخوارد و، ڕێك بۆ ژوورەکەی ڕۆیشت و، دەرگاکەی داخست. لە کۆتایی ئەو شەوە شیرین چوو بۆ لای تا حاڵی بپرسێ، کاتێك بینیبووی روکسانا زۆر گریاوە، بە تکا و پاڕانەوە شیرین باسەکەی لێ پرسیبوو.

پاش تەواوبوونی قسەکەی سیاوەش هەستام و دەستیم گوشی و گوتم: ((سیاوەش گیان، ئیتر من دەڕۆم، ناتوانم لەوە زیاتر بەرگەی بارودۆخی ئێرە بگرم. تکایە ئەوەندە زەحمەت بکێشە دایکم لەگەڵ خۆت بۆ ماڵەوە بێنەوە)).

چونکە سیاوەش هەستی بە حاڵی من دەکرد بۆیە هیچی نەگوت. بە هەردوو دەستی دەستمی گوشی و ماڵئاوایی کرد. بەبێ ئەوەی کە خواحافیزیی لە هیچ کەسی دیکە بکەم، بۆ لای دەرگای حەوشە کەوتمە ڕێ، پێش چوونە دەرەوە لە سەر شانم هەستم بە گەرمایی دەستێك کرد، ڕووم بۆ دواوە وەرگێڕا، بینیم روکسانا بە ئاوازێکی پڕ لە گلەیی گوتی:

- بەبێ ماڵئاوایی دەڕۆیت؟

- تۆ سەرقاڵ بووی، ویستم ئازارت نەدەم. بە هەرحاڵ، خواحافیز، ئارەزووی سەرکەوتن و تەمەن درێژیی و خۆشبەختیت بۆ دەخوازم.

- بەڵام من ڕێگە نادەم بڕۆیت.

- بەڵام من هەردەبێ بڕۆم، بەڵێنم پێ دابووی، هەر لەبەر ئەوەش هاتم. لەگەڵ ئەوەشدا تۆ میوانگەلێکی تریشت هەیە کە پێویستە خزمەتیان بکەی و، من لێرەبم یان لێرە نەبم، زۆر جیاوازیی نییە.

زنجیری فرمێسکی چاوەکانی تك تك هاتە خوارێ و، ڕەخنە گرانە گوتی: بەڵام بۆ من زۆر جیاوازیی هەیە ؛ تکات لێ دەکەم بمێنەوە و مەڕۆ.

لە هەمانکاتدا دەنگی پەروێز هات و گوتی: ((روکسانا تۆ لێرە چی دەکەیت؟)). روکسانا خێرا بەو دەسەسڕەی کە لە دەستیدا بوو فرمێسکی گۆشەی چاوەکانی پاککردەوە و گوتی:

- دوکتۆر ڕەفیعی دەیەوێت بڕوات.

پەروێز دۆستانە بۆ لام هات و، بە پاکییەوە دەستی گرتم و بۆ لای ژوورەوە ڕایکێشام و گوتی:

بۆ من ڕێگە دەدەم لە شەوێکی ئاوادا شەهریاری خۆشەویستمان وا زوو بەجێمان بێڵێ!! شەهریار گیان، دەبێ تا کۆتایی میوانییەکە ئێمەت قبووڵ بێت، هیچ بەهانە و عوزرێکیش قبووڵ ناکرێ. هەر لەو کاتەدا بە خزمەتکارەکانی گوت: ئەوە میوانی خۆشەویستی ئێمەیە، پێویستە تا تەواوبوونی ئاهەنگەکە بمێنێتەوە، بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نەدەن بڕوات.



سەیری روکسانام کرد، پێکەنینی خۆشحاڵی لە سەر لێوەکانی نیشتبوو. گێژ و مات بۆ هۆڵەکە گەڕامەوە. سیاوەش بۆ لام هات و گوتی: ((پەروێز نەیهێشت بڕۆی؟)).

تەنانەت زەوق و تاقەتم نەبوو لەگەڵ سیاوەشیش قسە بکەم پەنام بۆ گۆشەیەکی بێدەنگ و ئارامی ساڵۆنەکە برد، کە هیچ کەسی لێ نەبوو، ئەو جێگەیە بریتی بوو لە پێش هەیوانێك کە بە سەر باغ و سەوزاییەکی دڵگیردا، دەیڕوانی. هەر چرکەیەکم بە سەعاتێك لێ تێدەپەڕی. تەنانەت ئارەزووی ئەوەشم نەبوو، سەیری ئەو بەرنامە سەرگەرمکەرانە بکەم کە پەروێز ڕێکی خستبوون. تەنها سەرەتاتکە نەپساوەکەی روکسانا بوو کە منی لە پەستیی و غەمباریی ڕزگار دەکرد.

کاتی کردنەوەی دیارییەکان بوو. روکسانا، یەکە یەکەی دیارییەکانی دەکردەوە و، سوپاسی خاوەنەکانی دەکردن. نۆرە گەیشتە دیارییەکەی ئێمە. روکسانا پاکەتەکەی کردەوە و زێدە لە هەمووان، کە هەر لە جێگەی خۆی سوپاسی دەکردن، بۆ لای دایکم ڕۆیشت و ماچی کرد و، ملوانکەکەی لە ملی کرد، لەو کاتەدا چاوم بە نێوچاوانە تووڕەکەی دایکی پەروێز کەوت. دایکی پەروێز پێشتر دەرزەنێکی تەواوی زێڕ و گەوهەر پێشکەش بە روکسانا کردبوو. بەڵام روکسانا جگە لە پێکەنینێك و سوپاسکردن لە دوورەوە و، داخستنی قوتووی زێڕەکان، هیچ کارێکی دیکەی نەکردبوو.

دوا دیاری، دیاریی پەروێز بوو کە قەڵەمێکی زێڕ بوو، بەڵام لە نێو ئاپۆرەی چەپڵەڕێزاندا، پەروێز ڕایگەیاند کە دیاریی دیکەی بۆ روکسانا ئامادە کردووە کە ئەو دیارییە بۆنەیەکی تایبەتی تری هەیە بە ئاماژەی پەروێز، یەك لە خزمەتکارە ئافرەتەکان سینییەکی پڕ لە گوڵی جوانی هێنا کە لە نێوان گوڵەکان فریشتەیەك زۆر بە ئەدەبانە سەری نەوی کردبوو و، دەستەکانیشی بۆ پێشکەشکردنی پاکەتێك لە زێڕ هێنابووە پێشەوە.

هەمووان بە خۆشحاڵییەوە چەپڵەیان لێدەدا و چاوەڕوانی کردنەوەی جانتاکە و بیستنی هۆیەکەی بوون. پەروێز بە تەواوەتی زاری نەکردبۆوە کە شوێنەواری دەردێکی

شاراوە لە ڕوویدا دیاریدا وابزانم لە ژێر مێزەکەدا روکسانا پێلاقەی لە قاچی پەروێز دابوو. چونکە پاش ئەوە روکسانا شتێکی بە گوێی پەروێزدا چرپاند و، پاشان ئەو دوانە عوزریان بۆ میوانەکان هێنایەوە و بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك بۆ قاتی سەرەوە چوون.

هەر لەو کاتەدا سیاوەش، کە پێشتر لە نێو باغەکە بوو، بۆ لام هات و گوتی:

((وەرە بۆ ناو باغ دەمەوێت شتێکت نیشان بدەم.)) بە دوای سیاوەش کەوتم، دەوروبەری خانووە سەرەکییەکە پەیکەرگەلێکی جوانی لێبوو کە سیاوەش ئاماژەی بۆ پەیکەرەکان کرد و گوتی: ئەوانە برای شیرین لە تەمەنی ٢١ساڵیدا دروستی کردوون)).

بە سەرسوڕمانەوە گوتم: ((بەڵام من وامدەزانی کە شیرین برای نەبێ)).

سیاوەش بە داخەوە گوتی: ((ئێستا برای نییە، بەڵام پێشتر هەیبوو؛ برایەکەی لە ڕووداوە خوێناوییەکەی مانگی بەهمەنی چوار ساڵ پێش ئێستا مردووە)).

بە بیستنی ئەو باسە نارەحەت بووم، ئەوجار سەیرکردنی پەیکەرەکان بۆ من شێوەیەکی تری بەخۆوە گرت؛ بە سیاوەشم گوت: ((ئێستا وەرە با بڕۆینە ژوورەوە. سەیرکردنی پەیکەرەکان جگە لە غەم و پەژارە، هیچ کاریگەرییەکی تری بۆ ئێمە نییە!)).

سیاوەش زۆر بە جددی گوتی: ((تەنها لەبەر سەیرکردنی پەیکەرەکان تۆم بۆ دەرەوە نەهێناوە؛ وەرە ئێرە))، بەو شێوەیەی کە بە دوای سیاوەشدا دەڕۆیشتم، دەنگی هەرا و هوریای شەڕکردنێك سەرنجی ڕاکێشام؛ دەنگی پەروێز و روکسانا بوو!

بە دڵتەنگی بە سیاوەشم گوت: ((تۆ هاتبووی بۆ ئێرە بە دزیی گوێ لە قسە و باسی خەڵك بگری؟! بە ڕاستی من بە هیچ شێوەیەك چاوەڕوانی شتێکی وام لە تۆ نەدەکرد!)).

- نا بە گیانی شیرین، هاتبووم کە ئەو پەیکەرانەی شیرین باسی دەکردن، ببینم، کە بە ڕێکەوت دەنگی ئەوانەم بیست.

هەستام بگەڕێمەوە، سیاوەش قۆڵی گرتم و گوتی: ((ئەگەر لە جێگەی تۆ بام، نەدەڕۆیشتم؛ ئامۆژگاری دۆستێك قبووڵ بکە)).



دەستی سیاوەشم لادا و، ویستم بگەڕێمەوە ژوورەوە، کە دەنگی پەروێزم بە ئاشکرا دەبیست و دەیگوت:

- خۆشت دەزانی کە هەموو شتێك پێوەندیی بە وییەوە هەیە و هەروەها هەموو قسەکانت تەنها بەهانەیە بۆ دواخستن و پاشان تێکدانی دەسگیرانییەکەمان. بێگومان یەکەمین جار کە ئەوم بینی، هەستم بە نەگبەتی دەروونی کرد. روکسانا بە ئاوازێکی تکاکارانە گوتی: پەروێز، باوەڕ بکە شەهریار لەو نێوەندەدا هیچ کەم و کوڕییەکی نییە و، هەموو کەم و کوڕی و خەتای منە!

- ڕاستە هەمووی خەتای تۆیە؛ قسەکەتم قبووڵە؛ کچێکی بە شەخسیات لە کاتێکدا دەسگیرانی کەسێکە، پێوەندیی لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا پەیدا ناکات!.

- خۆت باش دەزانی کە پێشتر من هیچ قەولێکم بە تۆ نەداوە.

پاش چەند چرکەیەك بێدەنگی، پەروێز بە شێوازێکی ئارام گوتی: روکسانا گیان، دەتوانم سوێند بخۆم کە هیچ کەس لەم دنیایەدا بەقەد من تۆی خۆش ناوێت. بڕیار دەدەم بە هەموو گیانم خۆشبەختت بکەم. هەموو سەروەت و سامانەکەم دەخەمە ژێر پێت. هەرچیت بوێ تەنانەت گیانیشم، ڕێگەت لێ ناگرم، بۆ هەر کوێیەك بتەوێ بڕۆی، دەتبەم؛ تەنها تۆ بیر و خەیاڵی شەهریار لە سەرت ببەدەرێ و وەڵامی بەڵێم پێ بدەوە، روکسانا تکات لێ دەکەم سەیری چاوەکانم بکە و بڵێ باشە.

دووبارە بێدەنگییەکی زۆر باڵی بە سەر هەردووکیاندا کێشا و، پاشان دەنگی هاتووچۆ بەردەوام و تووڕەکانی پەروێز کە بە درێژایی ژوورەکە دەهات و دەچوو، دەبیسترا و پاشان هاواری پەروێز کە دەیگوت: ((ئاخر تۆ پێم بڵێ، ئەم ڕەفیعییە برسییە سواڵکەرە چ شتێکی لە من زیاترە؟ پێم بڵێ ئەو چ کاتێك هیچی هەبووە؟ جگە لە پارچە کاغەزێك بە ناوی بڕوانامە. دەی ئاخر منیش ئەوەم هەیە. ئەگەر بتەوێت دەڕۆم دوکتۆراکەش بەدەست دێنم؛ ئێستا قسەت ماوە؟)).

لەم کاتەدا دەنگی کردنەوەی دەرگام هاتە گوێ و دواتر دەنگی دایکی پەروێز کە دەیگوت: ((نا کوڕم تۆ هەموو شتێکت هەیە. ئەمە روکسانایە کە شایەنی تۆ و

شایەنی ئەم هەموو خۆشبەختییە نییە. دەزانی کوڕەکەم، پێشینان گوتوویانە: ((کاتێك خۆشی زیاد دەبێت، لە دڵی مرۆڤ دەدات.)) ئێستا ئەمە روکسانایە، وازی لێ بێنە، دەرفەت بە من بدە لە ماوەی یەك هەفتەدا کچێکی وا جوانت بۆ دێنم کە روکسانا لە شەرمان ئیتر نەتوانێت لە ئاوێنەشدا تەماشای خۆی بکات!

پەروێز بە دەنگێکی پڕ لە ترس و لەرزەوە گوتی: ((روکسانا بۆ ئاخرین جار لێت دەپرسم تۆ چی لە ڕەفیعیدا دەبینی کە من ئەوەم نییە؟ تکات لێ دەکەم تەنها ئەم پرسیارەم ڕاستگۆیانە وەڵام بدەوە)).

– نازانم، تەنها ئەوە دەزانم کە خۆشم دەوێت!

لەو کاتەدا دەنگی دوو زللەی یەك لە دوای یەك هاتە گوێم و پاشان دەنگی پەروێز کە دەیگوت: ((دڵنیابە داخی شەهریار بە دڵت دەرێژم)).

ئیتر تاقەتی مانەوەم نەبوو. بە تەواوەتی سیاوەشم لەبیر کردبوو. چاوم لە دەوروبەری خۆم کردکەسم نەبینی. وا دیار بوو سیاوەش دەمێك بوو ئەوێی بەجێ هێشتبوو. بەبێ ئەوەی خواحافیزیی لە کەس بکەم، هاتمە دەرێ و بەبێ سەرنجدانی دەوروبەرم بە شەقامەکاندا دەرۆیشتم، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ڕووداوەکانی ئەو شەوە لە پێش چاوانم دووبارە دەبوونەوە. کاتێك ئەو شەقازللانەم دەکەوتەوە بیر کە پەروێز لە گۆنای روکسانای دابوو، لە دەروونەوە ئاگرم دەگرت. روکسانا لەبەر خاتری من ئەم هەموو سووکایەتی و بە کەمزانینەی قبوولکردبوو، بەڵام بۆچی؟

بۆچی ئەو لەبەر خاتری کەسێکی بێ نرخی وەك من هەموو ئەو خۆشی و خۆشبەختیانەی کە لە چاوەڕوانی ئەودا بوون خستبوونییە ژێر پێیەکانی. لە دڵی خۆمدا بیرم دەکردەوە و بە خۆمم دەگوت: ئایا بەڕاستی من شایەنی بەخششێکی لەم شێوەیەم؟!

تا درەنگانی شەو هەر بەم شێوەیە بە شەقامەکاندا دەرۆیشتم، کاتێك گەیشتمەوە ماڵەوە دایکم بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانم بوو. پرسیاری ئەوەم لێ کرد کە پاش چوونی پەروێز و روکسانا بۆ نهۆمی سەرەوە، چ شتێك ڕوویدا؟



دایکم گوتی: ((پاش تێپەڕینی سێ چارەگە سەعات لە ڕۆیشتنی ئەوان، پەروێز بە تەنیایی هاتە خوارەوە و گوتی: روکسانا تووشی سەرگێژە و دڵتێکهەڵاتن و ڕشانەوە بووە، داوای لێبووردنیشی لە هەموو لایەك کردووە و، لە سەرەوە خەریکی پشوودانە.

نازانم چ شتێك ڕوویدابوو؛ چونکە پەروێز و دایکیشی زۆر ناڕەحەت بوون و، ڕوخسەتیان بە کەسیش نەدا کە بۆ بینینی روکسانا بۆ نهۆمی سەرەوە بچن تەنانەت نەیانهێشت شیرین و شیواش بۆ سەردانی بچن؛ سەرەنجام میوانەکان هێواش هێواش خواحافیزیان کرد و ڕۆیشتن.

لە بەرزەخێکی سەیردا گیرۆدە بووبووم؛ نەمدەزانی دەبێ چ بکەم: ئایا دەبێ هەموو شتێك بە بیابانی فەرامۆشی بسپێرم و زۆر بە ئاسایی خەریکی کاروباری سەفەرەکەم بم، یان نێوانی پەروێز و روکسانا چاك بکەمەوە، یان هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبێنم و، بۆ خوازبێنی روکسانا بچم!

بابەتی یەکەم بۆ من نەدەگونجا. چونکە هەستم دەکرد لە دڵدا روکسانام خۆش دەوێت. هەروەها بۆ بابەتی دووەمیش، نەمدەتوانی کارێکی بەم شێوەیە ئەنجام بدەم چونکە ڕقم لە پەروێز بوو، لەگەڵ ئەوەشدا روکسانا بە تەواوەتی دەیزانی کە پەروێز کەسێکی دەوڵەمەندە و پلە و پایەی زۆری هەیە، بەڵام گوێی بە پەروێز نەدەدا و وازی لێ هێنابوو. لە بابەت ئەگەری سێیەم بەرەوڕووی شك و گومان بووبوومەوە. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ((ئایا روکسانا بە ڕاستی بۆ من هاوسەرێکی شایستە و گونجاوە؟)) ئایا ئەو دەتوانێ خۆی لەگەڵ ئەو مەرجانەی کە من هەمن، بگونجێنێ؟ جلوبەرگی ڕێك و پێك دەبەربکات، هەروەها لە تەوقەکردن و هاوڕێیەتی کردن لەگەڵ پیاوی بێگانەدا خۆی بپارێزێ؟ و هەزار بابەتگەلی دیکە! ئایا روکسانا بێشك هاوسەرێکی وەفادار و هەتا سەر دەبێ؟! بیرم لەوە دەکردەوە کە لەوانەیە پاش ماوەیەك منیش هەر وەك پەروێز لەبەر چاوانی ڕێز و نرخی خۆم لەدەست بدەم و ئازارم بدات.

پاش چەند ڕۆژێك بڕیارمدا و بەبێ هیچ هەواڵێك بۆ ماڵی پرۆفیسۆر ڕۆیشتم، کاتێك چوومە ژوورەوە پرۆفیسۆر لە کتێبخانە سەرگەرمی خوێندنەوە بوو. لە بینینم

خۆشحاڵ بوو. بۆ یەکەم جار بوو کە بەم شێوەیە غەم و پەژارەیەکی زۆرم لە ڕوخساری پرۆفیسۆر هەست پێ دەکرد. پاش کەمێك قسەکردن خزمەتکارەکە سینییەك چا و کێکی هێنا و گوتی: ((پرۆفیسۆر، روکسانا خان لە دەرەوە تەلەفۆنی کرد و گوتی: کارەکەم تا پاش نیوەڕۆ درێژە دەکێشێ بۆ من نیگەران مەبن. پاش تەواوبوونی قسەی خزمەتکارەکە پرۆفیسۆر بە خزمەتکارەکەی گوت: ((تکایە چایەکە بۆ هەیوان ببە، لەگەڵ دوکتۆر ڕەفیعی چا لە هەیوان دەخۆینەوە)).

لەگەڵ پرفیسۆر بۆ هەیوانی ماڵەکەی چووین. باخچەیەکی شێوە لاکێشەیی لێ بوو کە پێش هەیوانەکەی قەرەباڵغ کردبوو. لە نێوەڕاستی باخچەکەدا بازنەیەکی بچووك هەبوو کە چەند کورسییەکی کانزایی گەورە و مێزی خڕ بازنەکەیان پڕکردبوو، لە هەر چوار لای ئەم بازنەیە بەردی مەڕمەڕی باخچەکەیان بۆ چوار بەشی یەکسان دابەشکردبوو. کە هەر بەشێك لێوان لێو بوو لە گوڵی بۆنخۆش و جوان، کە جوانی و شەکانەوەکەیان ئارامیان بە ڕووحی مرۆڤ دەبەخشی.

هەر بەو شێوەیەی کە لەگەڵ پرۆفیسۆر لەمسەر و ئەوسەری باخچەکە پیاسەمان دەکرد و قسەمان دەکرد، چاوم بە کەسێك کەوت کە بە دزیی لایەکی پەردەی پەنجەرەی لادابوو و تەماشای ئێمەی دەکرد؛ وەك ئەوەی کە هەستی بە سەیرکردنی من کردبێ پەردەکەی دادایەوە، گومانی ئەوەم کرد کە روکسانا لە ماڵەوەیە و خزمەتکارەکە لە لایەن ئەوەوە ئەم قسەیەی کرد. پاش ئەوەی کەمێك لە قسەکردن و خواردنەوەی چا تێپەڕی، ورەم وەبەر خۆم نا و بە پرۆفیسۆرم گوت: ((پرۆفیسۆر، خزمەتکارەکە گوتی روکسانا خان لە دەرەوەیە، بەڵام من بینیم پەردەی ژوورەکەی بەرانبەرمان لادرا و، کەسێك لە پشت پەردەکەوە بوو. روکسانا خان نەبوو؟)).

پرۆفیسۆر بە غەم و پەژارەوە سەری داخستبوو و سەیری خوارەوەی دەکرد و گوتی: ((بەڵێ، وابزانم روکسانا بووە)).

ئەدی بۆچی نەهاتۆتە خوارێ؟ ئامادەبوونی من ناڕەحەتی دەکات؟



- نا، هەرگیز، ئامادەبوونی تۆ هەموو کاتێك مایەی شادمانی بنەماڵەی ئێمەیە. هۆی نیگەرانی روکسانا بابەتێکی دیکەیە.

- ئومێدەوارم لە بێ ئەدەبی من ببووری، لە لایەن تۆوە ڕوخسەت هەیە کە من بڕۆم لەگەڵ روکسانا کەمێك قسە بکەم، بەڵکو لە ناڕەحەتییەکەی کەم بکەمەوە؟

- بەڵێ، کوڕم، لە لایەن منەوە ئەم کارە هیچ کێشەیەکی نییە بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەی، بەڵام بەم شێوەیەی کە من ڕووحی روکسانا دەناسم باوەڕناکەم ئامادەبێت کە قسە لەگەڵ هیچ کەسێکدا بکات؛ بە تایبەتی تۆ.

ڕستەی کۆتایی پرۆفیسۆر منی خستە نێو بیرکردنەوە، هەر لەبەر ئەمە پرسیم: ((بۆچی بە تایبەت من؟)).

پرۆفیسۆر ئاهێکی کورتی هەڵکێشا و گوتی: پاش ماوەیەکی دیکە لە مەبەستەکەی من دەگەی. بەڵام ئێستا، کوڕم ئەگەر لە بیستنی وەڵامی نەخێر ناڕەحەت نابی، بڕۆی باشترە، لەوانەیە بە ڕۆیشتنت لە دڵگرانیەکەی کەم ببێتەوە)).

بۆ نێو هۆڵی خانووەکە چووم و لە خزمەتکارێکی ئافرەت، کە خەریکی پاککردنەوەی ڕاڕەوەکان بوو، پرسیاری ژووری روکسانام کرد و، لەژێر نیگا زیرەکانەکەی ئەو بە ئارامی لە پلیکانەکان سەرکەوتم. گەیشتمە دەرگای ژوورەکە، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و، چەند جارێك بە ڕێك و پێکی و بە ئارامی لە دەرگامدا، بەڵام هیچ وەڵامێکم نەبیست. ئەمجارە بەهێزتر لە دەرگامدا، دەنگی روکسانام لە پشتی دەرگەوە بیست و گوتی:

میهری تۆی؟ دوکتۆر ڕەفیعی ڕۆیشت؟

بێدەنگ بووم. پرسیارەکەی دووبارە کردەوە. دیسان وەڵامێکم نەدایەوە هەروەکو پێشوو بەبێ دەنگی وەستام. دەنگی پێیەکانیم دەبیست کە لە دەرگاوە نزیك دەبووەوە، لە کاتێکدا کە دەرگای دەکردەوە گوتی: بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟ مەگەر تۆ دەنگی من نابیستی؟ هێشتا وشەی کۆتایی دەرنەبڕیبوو کە بە بینینی من لە جێگەی خۆی وەك بزمار داکوترا!

سەلامم لێ کرد و گوتم: ((دەتوانم چەند چرکەیەك لە کاتت بگرم؟)) بە خێرایی ڕووی لە من وەرگێڕا و گوتی: ببوورە دوکتۆر ڕەفیعی، من بە هیچ جۆرێك تاقەتی قسەکردنم لەگەڵ کەس نییە، خواحافیز. بە ئارامیش خەریکی داخستنی دەرگاکە بوو. دەرگاکەم بە دەست گرت و گوتم: بەم شێوەیە پێشوازیی لە میوانێك دەکەی کە هاتووە هەواڵت بپرسێ؟ سەری نەوی کرد و بە شەرمەوە گوتی: ((نازانم بە چ زمانێك داوای لێبووردنت لێ بکەم، بەڵام باوەڕ بکە من لە بارودۆخێکی ئارامدا نیم و، بە هیچ جۆرێك ڕووحێکی گونجاوم نییە و، لە دڵەڕاوکێدام؛ ئومێدەوارم باوەڕم پێ بکەی!)).

ئاوازە غەمناکەکەی دەنگی، جێگەیەکی بۆ تکا و پاڕانەوەی دیکە نەهێشتەوە؛ خواحافیزیم کرد و هاتمەوە خوارێ. پرۆفیسۆر لە هۆڵەکەی کۆتایی، چاوەڕوانم بوو. بە دیتنم گوتی: ((کوڕی گەنج هاتییە سەر قسەی من؟)).

بە شەرمەوە گوتم: بەڵێ، بە دنیایەك غەم ئەوێم بەجێهێشت. چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد روکسانا بە بینینم خۆشحاڵ بێ و، بە لایەنی کەم لە بەرانبەرم خەندەیەك بکات، نەك بەم شێوەیە غەمگین و دڵگران بێ، لە دڵی خۆشمدا بڕیارمدا تا خۆی تەلەفۆن نەکات و هۆی ئەم کارەی ڕوون نەکاتەوە، بۆ لای نەچم و هیچ هەواڵێکیشی نەپرسم.

دوو ڕۆژ دواتر سیاوەش تەلەفۆنی کرد و گوتی: پرۆفیسۆر لە سەر قالدرمان بەربۆتەوە و پێی چەپی شکاوە، ئێستا لە نەخۆشخانەیە. ناونیشانی نەخۆشخانەکەم پرسی و بۆ بینینی پرۆفیسۆر بۆ نەخۆشخانە چووم. سیاوەش و شیرین و بنەماڵەکەی لە داڵانی دەرەوەی نەخۆشخانە بوون، بەڵام چونکە کۆتایی سەعاتی سەردانی نەخۆش نزیك بوو بۆوە، سەلام و هەواڵپرسییەکی کورتم لەگەڵ ئەواندا ئەنجامدا و بە پەلە بۆ لای ژووری پرۆفیسۆر ڕۆیشتم، کاتێك کە چوومە ژوورە وە، ئەو بە تەنیا بوو و، خەریکی خوێندنەوەی گۆڤارێك بوو، هێشتا سەلامم نەکردبوو کە پەرستارێك تەواو بوونی کاتی سەردانکردنی ڕاگەیاند و، تکای کرد هەرچی زووترە ژوورەکە بەجێ بێڵم. لەبەر ئەوە پاش قسەکردنێکی کورت خواحافیزیم لە پرۆفیسۆر کرد و لە نەخۆشخانە



هاتمە دەرەوە. لە نێو سەوزایی حەوشەی نەخۆشخانەدا لە سەر کورسییەکی دار، لە ژێر درەختێکی بەڕووی سەوز و بەرز، کچە دانیشتبوو، نوقمی سەیرکردنی چەند چۆلەکەیەکی پاساریی بوو، کە بە پەلە و پەلەقاژێیەکی زۆر خەریکی خڕکردنەوەی دانی سەر زەوی بوون. بەبێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێت بۆ لای ئەو کچە چووم و بە ئارامی و بێدەنگی لێی نزیك بوومەوە لە پشتی ڕاوەستام و بە هێواشی سەلامم لێ کرد. بە خێرایی ئاوڕی دایەوە و بە نیگایەکی ئارەزوومەندانەو دەنگێکی گەرم وەڵامی دامەوە و گوتی: ((نیازت نییە دابنیشی؟)).

- ئەگەر تۆ ڕوخسەت بدەی. هەڵبەت دادەنیشم، بە ئارامی لەتەنیشتی دانیشتم و گوتم:

- دووبارە پەنهانییەکی نوێ و شاراوە.

- پێکەنی و گوتی: ((پەنهانی بۆچی؟)).

- پێچەوانەی هەموو کاتێکت، کە تۆ لە نێو خەڵك ئامادەبوونێکی گەرم و گوڕت هەبوو. ئێستا وا دێتە بەرچاو کە لە خەڵك تووڕە بیت و، لەبەریان ڕادەکەیت. لەوانەیە منیش یەك لە و خەڵکە بم!

- خۆشت باش دەزانی کە بەم شێوەیە نییە.

- بەڵام بە پێچەوانەوە، بە تەواوەتی وا هەست دەکەم کە بەم شێوەیەیە. پاش ئەو پێشوازیە گەرم و گوڕە پڕ لە خۆشییەی کە لە ماڵەوەتان لێت کردم، بڕیارمدا تا هۆی ڕەفتاری ئەو ڕۆژەم پێ نەڵێی، ئیدی بە هیچ شێوەیەك نە پێوەندیی تەلەفۆنیت پێوە بکەم و، نە بۆ سەردانیشت بێم. بە تەواوبوونی قسەکانم ڕووی تێ کردم و، چاوی لە چاوەکانم بڕی و، بە شێوەیەك نیگا پاکەکانی لە نیگاکانم هەڵچەقاند، کە هەستم کرد ژێرە و ژوور بووم. ئەوجار بە دەنگێکی ئارام گوتی: ((بەڕاستی بڕیارێکی لەم شێوە یەت دابوو. من باشی تێگەیشتبووم)).

- ئەگەر تۆ لە جێگەی من بایت لە بەرانبەر هەڵسوکەوتێکی ئاوادا چ بڕیارێکت دەدا؟

- نازانم، بەڵام بە دڵنیاییی بڕیارێکی ئاوەهام نەدەدا. بە دەربڕینی ئەم ڕستەیە لە جێگەی خۆی هەستا و گوتی: باشە دوکتۆر ڕەفیعی، بابە گەورە بە تەنیایە، دەبێ لە لای بم، لە مەڕ ئەو ئەزیەتەی کە کێشات، یەك دنیا سوپاس و، ئیدی ڕۆیشت. کینەیەکی بەهێز لە ئاوازی دەنگیدا شەپۆلی دەدا. بانگم کرد و گوتم: ((روکسانا من کارێکم کرد کە تۆ ناڕەحەت بکات؟)).

گەڕایەوە و لە کاتێکدا کە هەوڵی دەدا ڕێگە لەو فرمێسکانە بگرێت کە لە چاوەکانیدا ڕێچکەیان بەستبوو. پێکەنینێکی تاڵی کرد و گوتی: ((نا تۆ هیچ کارێکت نەکردووە!)) و، بە ئارامی خواحافیزی کرد و ڕۆیشت. کاتێك کە بۆ ماڵەوە گەڕامەوە بیرم لەو کینەیە دەکردەوە کە لە دەنگی روکسانادا بوو هەروەها بیرم لە گۆشەگیرییەکەی دەکردەوە، لەناکاو بیرم لەو خاڵە سووربووانە کردەوە کە بە گۆنای روکساناوە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە کەلوپەلی جوانکاری بەکارهێنابوو بۆ ئەوەی بیانشارێتەوە، بەڵام بە یەك تۆز لێورد بوونەوە بە تەواوەتی دیاربوون. شتێك بوو کە تا ئەو کاتە بە گرنگی نەدەهاتە بەرچاوم. ئێستا لە گۆشەیەکی شاراوەی مێشکمدا خۆی دەخستە دەرەوە و بە دوای هۆیەکەیدا دەگەڕا، هەروەها کەوتمەوە بیری ئەو شەوەی ئاهەنگ و شەقازللەکانی پەرویز کە لە ڕوخساری روکسانای دابوو. پاشان ئەو ڕۆژەم دەهاتەوە بیر کە چوومە ماڵی روکسانا و ڕوخساری خۆی لە من شاردەوە، دڵم بوو بە سەد پارچە و نەفرەتم لە خۆم کرد. چەندە نەفام بووم. روکسانا لەبەر خاتری خاڵە سووربووەکانی ڕوخساری خۆی لە من و خەڵکانی دی دەشاردەوە و دەیەویست هیچ کەس ئەم باسە نەزانێت. غەم و پەژارەی پرۆفیسۆریش هەر لەبەر ئەم هۆیە بوو. روکسانا خۆشەویستترین کەسی ژیانی ئەو بوو لەبەر ئەمە بە دڵنیاییەوە هیچ کات بەهۆی کارەکەی کە بەرانبەر روکسانا کردبووی، لە پەروێز نابووری.

لەو کاتەدا، چونکە روکساناشم لە لا نەبوو، هەستم بە بۆشاییەکی گەورە دەکرد. هەموو گیانم پێی دەگوتم کە بۆ نەخۆشخانە بگەڕێمەوە و لە روکسانا نزیك ببمەوە. بەڵام



پێویست بوو بە سەر هەستەکانمدا زاڵ بم. بڕیارم دا بەیانی بۆ نەخۆشخانە بچم و داوای لێ بکەم شووم پێ بکات، ئەو شەوە تا بەیانی ترسێك لە سەراپای گیانمدا شەپۆلی دەدا.

سەرەنجام کاتی دیاریکراو گەیشت. هەر وەك ڕۆژی ڕابردوو لە کۆتایی سەعاتی سەردانکردن بۆ نەخۆشخانە چووم و، پاش ئەوەی چاوم بە پرۆفیسۆر کەوت و هاتمەوە دەرێ، بۆ هەمان جێگەی دوێنێ ڕۆیشتم، بەڵام روکسانا لەوێ نەبوو. هەموو حەوشەکە گەڕام، بەڵام هیچ ناونیشانێکی روکسانام بەدی نەکرد. نەفرەتم لە بەختی خۆم کرد و، بە ناڕەحەتی و تووڕەییەوە ڕێگەی ماڵەوەم گرت.

هێشتا لە دەرگای حەوشەی نەخۆشخانە نەچووبوومە دەرێ، کە دەنگێکی ژنانە لە دواوە بانگی کرد: ((کاکە، بە دوای کەسێك یان شتێکدا دەگەڕای؟)).

کە سەیری دواوەم کرد روکسانا بوو بە یەك دنیا پێکەنینەوە، بە نابەدڵی گوتم: ((وەك ئەوەی خوداوەند مرۆڤ ئازاردانی لە تۆ جیا نەکردبێتەوە وا خەڵك ئازار دەدەیت!)) و روکساناش هەر بە پێکەنینەوە گوتی:

- ڕاست دەکەی، کە من مرۆڤ ئازاردەدەم، شایەتیش دەدەم لەسەر ئەوەی کەمەینەتییەکی زۆرت لە کاتی گەڕاندا چێژت، چونکە هەموو کون وکەلەبەردێك گەڕای.

- یەعنی تۆ منت بینیبوو و، لەو کاتەوە من دەگەڕێم و سەرگەردانم هیچ شتێکت نەگوت؟

- گوتی: باشە، خەتای خۆتە هەموو شوێنێك گەڕای جگە لە پشت سەرت.

- مانای تۆ لە پشتەوەی من بووی؟

- ((بەڵێ بە درێژایی ئەو کاتە لەوێ بووم)). هەردووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین، هێزم دایە بەرخۆم و گووتم: ((دەمەویست شتێکت پێ بڵێم، هەڵبەت ئەگەر کاتت هەبێ؟)). بە پێکەنینەوە سەیری سەعاتەکەی کرد و گوتی: تکایە لە دە دەقیقە زیاتر نەخایەنێت، دەزانی کەسەرم زۆرقاڵە. کارە گرنگەکانی وڵات هەموویان دوا دەکەون!!.

- ئێستا ئەگەر لە دە دەقیقە زیاتری خایاند، دەڵێی چی؟

چاوێکی لێ کردم و گوتی: کێشەیەك نییە (٥) دەقیقە لەبەر خاتری هاوڕێیەتی بۆ تۆ زیاد دەکەم.

نەمدەزانی چۆن قسەکەم بکەم، بە شێوەیەك وشەکان لە قوڕگمدا گیربوو بوون. کەمێك منگە منگم کرد. سەرەنجام روکسانا فریام کەوت و گوتی: ((ئەگەر باسەکەت لەبیر چووبێتەوە، دەتوانم بە شێوازی پرسیارگەلی پێشوەخت بە بیرت بێنمەوە. باشە؟ ئیدی بۆ خۆی دەستی پێکرد: ((بابەتی پرسیارەکەت گیاندارە یان بێ گیان؟)).

- گیاندارە.
- مرۆڤە، یان ئاژەڵە، یان ڕووەك؟
- مرۆڤە.
- نێرە یان مێیە؟
- مێیە.
- مێردی هەیە یان سەڵتە؟
- سەڵتە.
- روکسانایە یان کەسێکی تر؟
- هەردووکمان پێکەنین، گوتم: ((روکسانا)).

لە کاتێکدا کە ئاوی قوڕگی قووتدەدا گوتی: ((خودا فریای بکەوێت، ئێستا ئەم خانمی روکسانا خانمە چ کارێکی کردووە؟)).

- هیچ کارێکی نەکردووە، بەڵام ئاواتە خوازم ڕای پێچەوانەی نەبێ.
- بە چ شتێك؟
- بەوەی کە داوای لێ بکەم شووم پێ بکات.
- پێکەنینێکی دڵگیر لە سەر لێوەکانی نیشت، چاوە گەورەکانی گەورەتر بوون. ڕەنگی ڕوخساریشی سوور هەڵگەڕا و گوتی: ((تەواو تێگەیشتم، دەتوانی دووبارەی بکەیەوە؟)).
- من داوام لێ کردی ببی بە هاوسەرم؛ ئومێدەوارم کە وەڵامی ئەرێ ببیستم.



بۆ لام گەڕایەوە و گوتی:

- شەهریار، من خۆ پێنەکەنیم، تۆ بۆچی پێکەنیت؟ مەگەر ڕوخسارم سوور هەڵگەڕاوە؟
- چۆن سوور هەڵنەگەڕا؟! وەڵڵا چاکیش سوور هەڵگەڕا!.
- کەواتە ئەی هاوار، ئابڕووم چوو!.

دووبارە پێکەنینێکی شیرین لەو نێوەندەدا دەنگی دایەوە.

- لە کۆتاییدا وەڵام چییە، خانمی روکسانا خانم؟.
- دەبێ بیری لێ بکەمەوە.
- وا بیرم کردەوە کە بەم قسانەت وەڵامەکەت ئەرێیە.
- نا کاکە ئەوەندە خەیاڵی خۆش مەکە. دەبێ بیری لێ بکەمەوە.
- ئێستا ئەم بیرکردنەوەیەت چەندە دێژە دەکێشێ؟
- بە لایەنی کەمەوە دوو مانگ!.
- بەڵام من تا سێ هەفتەی دیکە دەبێ بۆ ئەمریکا بگەڕێمەوە، ناکرێ خێراتر بیری لێ بکەیەوە؟
- ئێستا لەبەر خاتری تۆ دەکرێ.
- باشە چەندە زووتر؟
- دوو ڕۆژ.
- ئێستا ناکرێ کەمتری کەیتەوە؟
- باشە، دوو سەعات!
- دەستم نایە ژێر چەنەم و گوتم: جگە لەوە کەمتریشی کەوە.
- ((چەندە قسە دەکەی؟! زۆر باشە، دوو دەقیقە، ئێستا ڕوخسەت دەدەی بیر بکەمەوە.)) بە دەنگێکی بەرز گوتم: بەڵێ و، ئەو هەستا و لە کاتێکدا کە پەنجەی خستبووە سەر نێوچاوانی و، دەستی بە ڕۆیشتن کرد و، پاشان بە ئارامی لە تەنیشتم دانیشت و گوتی: ((وا بیر دەکەمەوە کە ئەوجار دەبێ جددی بێت و، لە کاتێکدا کە نیگاکانی ڕوویان لە زەوی بوو، لە سەر قسەکردن بەردەوام بوو و، گوتی: بە داخەوە،

یان خۆشبەختانە، من وەکو کچانی دیکە ناتوانم هەستەکانم لە نێو قەفەسەی سینگمدا بەند بکەم و، ناشتوانم یەك قسەش پێچەوانەی ڕاستیی دەروونم بکەم. لەوانەیە ئەم بابەتەش تا ئێستا کێشەی زۆری بۆ دروست کردبم، بەڵام خۆم لەم ڕووەوە ڕازیم. دەربارەی داواکارییەکەی تۆش، بۆ شووکردنم بەتۆ، پێویستە پێت بڵێم ئەمە ئاخرین ئاواتی منە کە ڕۆژێك هاوسەری تۆ بم و لەگەڵ تۆ و لە نزیکی تۆدا ژیان بەرمەسەر. بەڵام قسەی کۆتایی لای خۆتە شەهریار، کە مەرجی من قبووڵ بکەی یان نا، ئەگەر ئەو مەرجەی من هەمە قبووڵی بکەی، باشە، ئەگەر نا، وەڵامی من نەخێرە.

- باش، وا دیارە مەرجەکە گرانە. دەکرێ بڵێی کە ئەم مەرجە چییە؟

سەیرێکی منی کرد و گوتی: ((دەزانی شەهریار، یەك لەو تایبەتمەندییە خراپانەی کە من هەمە ئەوەیە کە یان دەبێ شتێکم بە تەواوەتی هەبێ، یان هەر نەمبێ؟! ئێستا مەبەستەکەم بە شێوەیەکی ڕوون بۆ تۆ دەردەبڕم... دەزانم تۆ هێشتا زیبات خۆشدەوێت و هێشتا ئەو لە مێشك و خەیاڵی تۆدایە و، ئەم بابەتە من ئازار دەدات. بە ڕاستی من تەحەمولی هیچ ڕەقیبێك و دوژمنێکم نییە و، دەمەوێ تۆ زیبا و هەموو ئەو شتانەی ئەوت دەخەنەوە بیر، لە مێشك و گیانت دوور کەیتەوە و، ڕوونتر پێت بڵێم: کە زیبا و هەموو ئەو شتانەی کە پێوەندیان بە زیباوە هەیە، دەبێ بۆ تۆ مردبن بە شێوەیەك کە بە هیچ جۆرێك نەتوانن هیچ کاتێك بێنە نێو ژیانتەوە.

لەوانەیە قسەکانم تۆیان ئازار دابێ، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە بزانی. لەو ڕۆژەوە کە من هەستم بە پێوەندیی نێوان تۆ و زیبا کردووە، تەنانەت ڕقم لە وشەی "زیبا"شە، جا نەك خۆی بێتە نێو ژیانمان. ئێستا تۆ کاتت هەیە بیر بکەیەوە، ئەگەر مەرجەکەی منت قبووڵ کرد، هەر ڕۆژێك کە پێت خۆش بێت، لەگەڵ دایکت بۆ خوازبێنی بۆ ماڵی ئێمە وەرن ئێمە پێیەکانتان بە منەتەوە دەخەینە سەر چاوانمان.

ئەوجار تەماشای سەعاتەکەی کرد و گوتی: ((نیو سەعاتیش لە کاتی دیاریکراو تێپەڕی کردووە. ئێستا دەنگی ناڕازیبوونی بابە گەورە دەگاتە گوێمان!)).



ڕوکسانا ڕۆیشت و منی بە دنیایەك بیر و خەیاڵەوە تەنیا جێهێشت. دوو ڕۆژ دواتر پرۆفیسۆر لە نەخۆشخانە بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە.

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لەگەڵ دایکم سەبەتە گوڵێکمان ئامادەکرد و بۆ ماڵی پرۆفیسۆر ڕۆیشتین. پێشتر بابەتی خوازبێنییەکەم لەگەڵ دایکمدا باس کردبوو. لەبەر ئەوە، پەلەکردنی دایکم بۆ گەیشتن بە ماڵی پرۆفیسۆر، جێگەی سەرسوڕمان نەبوو. هەر کە زەنگی دەرگەمان لێدا، خودی ڕوکسانا بە ڕووگەشییەوە دەرگەی لێ کردینەوەو، بەخێرهاتنی کردین و، بەو ڕێنماییانەی کە من بە دایکمم گوتبوون، دایکم زۆر بە جوانی ڕوکسانای لەباوەشکرد و، ماچی کرد و، پێی گوت: بووکە جوانەکەم، هەروەها لە هەموو ڕستەکانی دواییشیدا هەر لە سەردەربڕینی وشەی بووك بەردەوام بوو؛ وردە کۆخینەکانی من هیچ کاریگەرییەکیان لە دایکم نەکرد بۆ ئەوەی واز لە قسە شیرینەکانی بێنێ. سەرەنجام پاش قسە و باسی جۆراو جۆر، دایکم بابەتی خوازبێنییەکەی هێنایە گۆڕێ و، بە ڕازیبوونی پرۆفیسۆر و ئاڵوگۆڕ کردنی قسە پێشوەختییەکان، ئەو ڕۆژە هەموو شتێك بە باشی کۆتایی هات. بڕیار بوو لە دانیشتنێکی دیکەدا لەگەڵ گەورەکان و خزمە نزیکەکانی هەردوو لا، بەڕێوەبچێ و، پاشان ڕێوڕەسمی مارەکردن، دەستپێبکات. لە ئاهەنگی یەکەمدا هەموویان، جگە لە پەرویز و دایکی، بەشدارییان کرد. ئێستا هەموومان خەریکی ڕێکخستنی ئاهەنگ و کڕین و هاتوچۆی تایبەت بە مەراسیمەکە بووین. بە ئامادەبوونی شیرین و سیاوەش و دایکم، هەموو شتێك بە باشی بەڕێوە دەچوو.

سەرەنجام ڕۆژی مارەکردن هات. بەیانی زوو لە خەو هەستام تا لە کاتی خۆیدا کارەکان جێبەجێ بکەم. بۆ کڕینی هەندێك قەڵەمی پێویست بۆ دەرەوە چووم. کاتێك کە گەڕامەوە، نامەیەك لە لایەکی دەرگاکە سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشام. نامەکەم هەڵگرتەوە، لە پشتی نامەکە نووسرابوو، ((تەنها بە دەستی جەنابی شەهریار ڕەفیعی بکرێتەوە))، بینینی نامە دڵەڕاوکەیەکی لە دەروونمدا دروست کرد، بە خێرایی بۆ ماڵەوە و، پاشان بۆ ژوورەکەم چووم و، نامەکەم کردەوە، لە نامەکەدا نووسرابوو:

﴿ڕۆژگارێك گوڵێکی تازە پشکووتوو و سەرمەست لە جوانی و ناز بـووم، کـە لـە باغی ژیاندا، بێ هیچ کێشە و نیگەرانییەك ڕۆژگارم بە خۆشی بەسەر دەبرد. بایـەکی بەهێزی فریودەر بووی کە بە شێوەی شەماڵێکی ئارام لەسەرخۆ لاواندمتـەوە و دەنگـی عیشق و خۆشەویستیت بە گوێدا چرپاندم.

سەدان جار بە عیشق و بـەڵێنت سـوێندت خـوارد ئەگـەر لەگـەڵ تـۆدا هـاوڕابم، ئاگاداریم دەکەی و دەمپارێزی. چونکە دەستم لە هەموو خۆشـییەکانم هـەڵگرت، تـا لەگەڵ تۆدا هاوڕابم، تۆش گەوهەری داوێن پاکیت بـردم و، لـە کاتێکـدا کـە دڵێکـی شکاو لە سینەدا و کۆرپەلەیەکت لە سکمدا بە دیاری بۆ بەجێ هێشتبووم، لە بیابانی تەنیایی و داخدا بەرەڵات کردم، منیش هەردووکیانم بە ئەمانەت بۆ تۆ پاراست.

هیچ گلەییەکم لە تۆ نییە؛ چونکە تۆ هەموو شتێکت بـە مـن گـوت و پیـسی و ناشیرینییەکانی دەروونت نیشانی مندا، بەڵام من فریوی قسە سـەرزارەکییەکانی تـۆم خوارد و، ئەو بەڵێنەی کە بە پەروەردگارم دابوو، شکاندم. بـەڵام کـە ئێـستا دەسـتی مەرگ چنگی لە گیانم گیر کردووە، زۆر ڕازیی و دڵخۆشم؛ چونکە لەبەر خـاتری ئـەو پەیمانەی کـە بـە پـەروەردگارم داوە، وازم لـە هـەموو شـتێك هێنـاوە و دژواریـی و زەحمەت، لەکەدار بوون بە هۆی زمانی خەڵکەوە و دڵ شـکانەکانم بـە گیـان کڕیـوە و لاشەم و دەستەکانم جارێکی دی تێکەڵ بە تاوان نەکردۆتەوە.

ئێستا کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، بۆ ئەوەنییە کە یادگـاری و بەڵێنـەکان نـوێ بینەوە؛ بەڵکو بۆ گەڕانەوەی ئامانەتییەکەیە، کـە لـە داوێنمـدا بـە جێتهێـشت. تـا کۆتایی هەناسەی چرکەکانی ژیانم لە تەنیشتی بووم و گیـانی خـۆم بـۆ بـەخت کـرد. ئێستا لە مۆمی ژیانم جگە لە چەند دڵۆپەیەك چیدی نەماوە، کە ئەوانیش ڕوویان لـە دامرکانەوەیـە. لـە تـۆدا هـیچ پیاوەتییـەکم نـەبینی. بـەڵام ئومێـدەوارم هەسـتی باوکایەتیت هەبێ تاکو کچەکەت لە لای خۆت لە شەپۆلی ناپیاوەتی و ناپیاوەتییەکان بپارێزی. بۆ ئەوەی ئەویش ڕۆژگارێکی وەك دایکی نەبێ﴾.

# ((کەسێك کە ڕۆژێك زیبا بوو))

هەر کە نامەکەم خوێندەوە، جلم دەبەر کرد و بەرەو ئەو ناونیشانەی کە لە پشتی نامەکە نووسرابوو، چووم. بە تەواوی گیانم هەستم بە شەرمەزاریی دەکرد. ئازایەتییەکی لەم شێوەیەم لە زیبادا باوەڕ نەدەکرد. لەگەڵ خۆمدا بڕیارمدا ڕابردوو بۆ زیبا قەرەبوو بکەمەوە و، بە هەر شێوەیەك بێت ڕازی بکەم و لە هیچ کارێکیشدا کە مایەی خۆشی ئەوە، کەم و کورتی نەکەم. کاتێك کە گەیشتمە ماڵەکە، پیرە ژنێکی پەك کەوتە و بەساڵداچوو دەرگای لێ کردمەوە، پێم گوت بۆ بینینی زیبا هاتووم. پیرە ژنەکەش، ژوورێکی نهۆمی سەرەوەی نیشانی مندا. کاتێك کە لە قاڵدرمەکان دەچوومە سەرێ، بە ئارامی گوتی: ((ئاخیری هاتی، بەڵام درەنگ هاتی!)).

بە قسەکەی ئەو هەستێکی خراپم لە لا دروستبوو. لەسەرخۆ لە دەرگامدا، بەڵام هیچ کەس وەڵامی نەدایەوە. بە شڵەژاوییەوە دەرگاکەم کردەوە لە تاریکایی ژوورەکە، لاشەیەکی بێگیانم بینی کە بە ئارامی لە سەر جێگە درێژ بوو بوو. بۆ لای چووم و لە تەنیشت قەرەوێڵەکە چۆکم دادا. پەیکەرێکم لە ئێسکان بینی، کە وا دەهاتە بەرچاو پێستەکەیان لێ کردبێتەوە، پەراسووەکانی بە جوانی دیار بوون، سەیری ڕوخساریم کرد؛ ڕوخسارە خڕ و جوانەکەی دەتگوت ڕایانکێشاوە و ئێسکی ڕوومەتەکانی بە تەواوەتی لە دەرەوە بوون و بازنەیەکی سووربووە وە دەوران دەوری چاوەکانی گرتبوو. لیوەکانی کە هەموو کاتێك وەك گەوهەر و یاقووت سوور بوون، ئێستا هەر وەك بیابانێکی وشك سپی بوون و، وازیان لە خواردن هێنابوو. سەیری دەستە نەرم و جوانەکانیم کرد، برینی جۆراوجۆر لە ڕووی پەنجەکانی دیار بوون. پەنجەگەلێك کە جاران وا دەهاتنە بەرچاو، کە جگە لە بەرکەوتنی پەلکی گوڵ، هیچ کارێکی تریان نەکردبێ.



ئارام و ئاسوودە دەهاتە بەرچاو، سەرم بە هێواشی خستە سەر سینگی و بە هەموو گیانم ئارەزووم دەکرد کە دەنگی لێدانەکانی دڵی ببیستم، بەڵام چاوەڕوانی سوودێکی نەبوو. دڵی چەند سەعاتێك لەمەو پێش پشووی دابوو، ئیدی جێگەیەکی بۆ شکاندن بە جێنەهێشتبوو.

چەند هەنگاوێك بۆ دواوە گەڕامەوە، سەیرم کرد ئەو پەیکەرە ئێسکانە وشك و بێگیانە، زیبای من بوو. زیبایەك کە ڕۆژگارێك جوانترین کەسی نێو جوانانی دنیا بوو، بە ناز و عیشوەکەی باران بوو و، بە نەرم وە نیانییەکەی شنە بای شەماڵی بەهار، کە ئێستا دڕندەیەکی وەك من ئەوی گەیاندۆتە ئەم ڕۆژە و کرمی غروور و خۆ بەگەورە زانین و خۆپەرستی من ڕەگی سووری ژیانی ئەوی وشك کردبوو، خۆم بە شێوەی ئاژەڵێکی دڕندە و ترسناك دەبینی، کە بە پارچە پارچەکردنی لاشە و گیانی ئەویندارەکەم ژیابووم.

سەراپای گیانم بوو بوو بە هاوار؛ هاوار و هاوار. هاوارم دەکرد و پێچم دەخوارد. بە چ شێوەیەك من ئەم گوڵە یاسەمینە پاك و بۆنخۆشەم پەرپەڕ کردبوو! ئەوەندەم ناڵاندبوو کە لە هۆش خۆم چووبووم. کاتێك چاوەکانم کردنەوە هەمان پیرە ژن لە بەرانبەرم بوو کە کچۆڵەیەکی جوانی لە سەر ئەژنۆکانی دانابوو، دەیلاواندەوە. ئەو کچە چەندە جوان بوو! هەروەك زیبای من! بەبێ ڕووخسەت دەستەکانم بۆ لای درێژ کردن و باوەشم بۆ کردەوە، بەڵام ئەو مندالە لە نزیکبوونەوەی من خۆی لادا. مافی خۆی بوو کە لە من نزیك نەکەوێتەوە؛ چونکە من هەروەك گورگێك بووم هەتا بەزەییم بە گوڵە پاکە جوانەکانی بەهاریشدا نەدەهاتەوە. دەستەکانم لە سەر ڕوخسارم دانا و زۆر گریام بە دەنگی پیرە ژن هاتمەوە هۆش خۆم کە بە ئارامی دەیگوت: زیبا ناوی ناوە حۆرا، هەر بە ڕاستیش حۆرایە. فریشتەی چاو ڕەشی بەهەشتی، هەر دڵڕەقییەکت لە بەرانبەر زیبادا کردبێ، ڕۆیشت، لە جیاتی ئەو ئاگات لە حۆرابێ و خۆشت بوێ! ئەمە تەنها دواکاری زیبا بوو، کە لە تۆی دەویست.

جارێکی دیکە دەستەکانم بۆ لای حۆرا درێژ کرد. ئەمجارە حۆرا لە باوەشمدا ئارامی گرت، زۆر بەهێز لە ئامێزم گرت و دەستم بە سەریداهێنا و دڵم دایەوە.

پیرە ژن جارێکی دیکە ئاگاداری کردمەوە و گوتی: ((دەتەوێ بزانی کاتێك زیبات بە جێهێشت، چی بەسەر هات؟)).

بە سەر ڕاوەشاندن وەڵامی ((بەڵێ))م دایەوە و، ئەویش بە هێواشی دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی زیبا کرد:

**********

چەندین جار لە ڤێلاکەی خۆیانەوە، لە باکوور، تەلەفۆنی بۆ ماڵتان کردبوو، تا هەواڵی گەڕانەوەیانت بە خۆشحاڵییەوە پێ بڵێ، بەڵام کەس وەڵامی تەلەفۆنی نەدابۆوە. دڵتەنگی و دڵەکوتێ ئامانی لێ هەڵگرتبوو، نیگەرانی تۆ و دایکت بوو کە نەکا کێشەیەکتان بۆ دروست ببێ. کاتێك بۆ ماڵەوە گەڕابوونەوە و چاوی بە خانووە ڕوخاوەکەی ئێوە کەوتبوو، لەهۆش خۆی چووبوو.

وایزانی بوو کە ئێوە لە ژێر دار و بەردی خانووەکەدا ماون. (پیرە ژن بە دەربڕینی ئەم ڕستەیە پێکەنینێکی گاڵتەئامێزی کرد و نیگایەکی خەفەتاویی لە من کرد.) دوو ڕۆژی پێچوو، تا حاڵی زیبا باشتر بوو. کاتێك توانی بە ڕێگەدا بڕوات، بە نهێنی کە کەس پێ نەزانێ هۆی وێرانبوونی خانووەکەی ئێوەی لە شۆفێرەکەی خۆیان پرسیبوو، شۆفێرەکە گوتبووی خانووەکەیان فرۆشتووە و بۆ ناوچەیەکی دیکە ڕۆیشتوون، تەنانەت خواحافیزیشیان لە کەس نەکردووە و، ناونیشانیان نەداوەتە کەس.

ئەو کاتە زیبا تێگەیشت کە چ بەڵایەکی بەسەر هاتووە و، ئەو نەجیبزادە ئازایەی کە پڕۆپاگەندەی پاراستن و ئاگالێبوونی ئەوی دەکرد و دەیگوت تا ئاخیری تەمەن ئاگام لێت دەبێت، هەر وەك دزێکی فریودەر، مەیدانەکەی چۆل کردووە و ڕۆیشتووە!. ئێستا زیبا مابۆوە و منداڵی بێ باوك لە زگیدا و ئابڕوو و شەرەفی لە نەمان و چووندا.



دوو ڕۆژ دواتر دایکت تەلەفۆنی بۆ ماڵی ئەوان کردبوو، گوتبووی ئەگەر لە ماڵەوە بن پاش نیوەڕۆ بۆ سەردانتان دێم. ئەم هەواڵە زیبای غەرقی شادیی و پێکەنین کردبوو. کاتێك دایکت چووبوو بۆ لای ئەوێ. زیبا خۆی لە هەموو کاتێك جوانتر و ڕازاوەتر کردبوو لە هەموو چرکەیەکدا چاوەڕوانی بیستنی وشەیەك بوو لە مەڕ خوازبێنی. بەڵام ئەوان لە بابەت هەموو بەڵایەك، جگە لە بابەتی شووکردن قسەیان دەکرد. زیبا بۆ ئەمەی کە سەرە باسێك بکاتەوە، گوتی: ((بەڕاستی خانم ڕەفیعی، کاك ڕەفیعی نیازی ژنهێنانی نییە؟ یەکێك لە هاوڕێکانی من کچێکی زۆر باشە. من هەرکاتێك دەیبینم بیری لێ دەکەمەوە بە ڕاستی بۆ کاك ڕەفیعی گونجاوە.)) دایکیشت لە وەڵامدا گوتبووی: ((بەخوا من لە خودا داواکارم شەهریار زووتر ژنبێنێ. بەڵام باشە، ئەو سەرەتا دەیەوێت خوێندنی تەواو بکات. شەهریار دەڵێ دەکرێ هەموو کاتێك ژنبێنی. بەڵام خوێندن هەموو کاتێك ناکرێ، ئاخر ئەم هەفتەیەش لە لایەن زانکۆوە بۆ خوێندنی دوکتۆرا بۆ ئەمریکا بەڕێ دەکرێت. جومعە کاتی ڕۆیشتنییەتی، لەبەر ئەوە هەموو خزمان و هاوڕێیانمان دەعوەت کردووە. تکایە ئێوەش وەرن. من و شەهریار زۆر خۆشحاڵ دەبین. هەڵبەت شەهریار ئاگای لێ نییە کە من بۆ ئێرە هاتووم، ئەگەر زانیبای بێشك خۆشی دەهات بۆ ئەوەی ئێوە دەعوەت بکات. بێگومان ئاهەنگێکی بچووکە.

لەو کاتەوە زیبا هیچ شتیکی نەدەبیست؛ وەك پارچە سەهۆڵێکی لێهاتبوو و، هێندەی نەمابوو لەهۆش بچێ. زۆر هەوڵی دا تا دان بەخۆیدا بگرێت. دایکت لە کاتی گەڕانەوەیدا ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنی خانووە تازەکەتانی پێدابوون، زیباش ئەو زانیاریانەی لە مێشکیدا چاپکردبوو. زیبا دەیگوت: ئەو ڕۆژە یەك پارچە ئاگر بووم و لەم هەموو ناپیاوییەی شەهریار زۆر تووڕە بووم، خوێنم بەجۆش هاتبوو. قسە عاشقانەکانیم دەکەوتنەوە بیر چەندە بە گاڵتەجاڕیی دەهاتنە پێش چاوم. چەندە بە ئاسانی فریوی ئەوم خواردبوو و، چەند بە ئاسانی شەهریار هەموو قسەکانی پشت گوێ خستبوون و فەرامۆشی کردبوون.

بڕیارمدا بە هەر شێوەیەك بێت بۆ بینینی بچم و، پێشی پێبگرم کە نەڕوات. هەندێك جار لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ((ئەوەندە بە سەریدا هاوار دەکەم تا بێتەوە هۆش خۆی و هەموو ئەو قسە و بەڵێنانەی کە دابوونی بەبیری بێنمەوە)).

هەندێك جاریش دەمگوت: ((ئەوەندە لەبەری دەپاڕێمەوە و دەنوزێمەوە، بەڵکو دڵی بە حاڵم بسوتێ)).

بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر زیبا بە بیانووی بینینی یەکێك لە هاوڕێکانی کە لەو گەڕەکەی ماڵی ئێوەی لێبوو، دەڕۆیا، لەگەڵ شۆفێرەکەیان لە ماڵ هاتە دەر، پاش ئەوەی ماوەیەك لە سەردانەکە تێپەڕی، زیبا زووتر لەو کاتەی کە بە شۆفێرەکەی گوتبوو خواحافیزیی لە هاوڕێیەکەی کردبوو و، بە پەلە بۆ لای خانووەکەی ئێوە هاتبوو. چەند مەترێك لە پێش خانووەکەتان تۆی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکتان دیتبوو کە بەرز بەرز قسەت دەکرد و پێدەکەنی. زیبا لە پشت درەختێك ڕاوەستابوو و تەماشای دەکردی. دەیگوت دەمەویست بۆ لای بچم و زۆر بە هێز لە ڕوخساری بدەم. ئەو منی خستبووە نێو ئاگرێك کە خۆی ئەو ئاگرەی هەڵایساندبوو و ئێستا بە خەیاڵێکی ئاسوودە لەگەڵ دۆستەکانی پێدەکەنێ. بەبێ ئەوەی تەنانەت چرکەیەکیش بیر لە بارودۆخی من و بنەماڵەکەم بکاتەوە.

بەڵام سەیرم کرد جگە لە ئابڕووچوون هیچ سوودێکی نییە، ئەو هەموو کارێکی کردبوو، دڵنیابووم نەدەهاتە ژێر بار هەروەها ئەم کارەشی جگە لە خەم و خەفەت، هیچ شتێکی بە دیاری بۆ من پێ نەبوو. بە ئارامی سەرم شۆڕ کرد و لە کاتێکدا کە لافاوی فرمێسك بە تەواوەتی ڕوخساری منی تەڕکردبوو، ملی ڕێگەم گرت و لە بەرانبەر ماڵی هاوڕێیەکەم چاوەڕوانی کاك ڕەزای شۆفێر بووم. ماوەیەکی زۆر تێپەڕی کە شۆفێرەکە هات.

ئیتر لەوەو بە دواوە، ڕۆژ و شەو کار و پیشەی بوو بوو بە گریان و ئاخ هەڵکێشان بۆ ڕابردووی نەگەڕاوە و، لاڵانەوە و پاڕانەوە لەبەر دەرگای خوداوەند بۆ ئەوەی یارمەتی بدات و گرێی کێشەکانی بۆ بکاتەوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زەردتر و کزتر دەبوو.



دایك و باوکیشی بەردەوام زیبایان بۆ لای دوکتۆری جۆراوجۆر دەبرد. بەڵام دەرمانی ئەو دوکتۆرانە هیچ کاریگەرییەکی بۆ چاکبوونەوەی زیبا نەبوو، دوکتۆرەکان لەو بڕوایەدا بوون کە زیبا تووشی خەمۆکی و خەمبارییەکی بەهێز بووە. بە کورتی زیبا بۆ پاراستنی ئابڕووی بنەماڵەکەی بڕیاریدا ماڵ بەجێ بێڵێ. ڕۆژێك هەموو پارە و هەموو پارچە زێڕەکانی خۆی هەڵگرت و، بە بیانووی شت کڕین لەگەڵ دایکی بۆ بازاڕێکی قەرەباڵغ چوون، کاتێك دایکی هۆشی لەو نەمابوو، زیبا تاکسییەکی گرت و بۆ باشووری شار و فەقیرترین ناوچەی شار هات. ئیتر تەنیا پەنای بۆ خودا بردبوو و بەردەوام داوای یارمەتی لە خوا دەکرد. هەرچەند لە باشووری شار نزیکتر دەبۆوە، هەموو شتێك لەبەر چاوی سەیرتر دەهاتە پێش چاوی. شەقامەکان، خانووەکان و هەموو شتەکان زۆر جیاواز بوون لەو شتانەی کە ئەو تا ئەو کاتە بینیبوونی. لە کۆتاییدا تاکسییەکە لە پێش نووسینگەیەکی بچووکی کڕین و فرۆشتنی ملك و ماڵ ڕاوەستا، کە لە سەر شووشەی جامخانەکەی بە شێوەیەکی بچووك و کاڵ نووسرابوو ((جێگەی خۆشبەختی)) زیبا لە تاکسییەکە دابەزی و، بە دڵەڕاوکێ بۆ ژووری نووسینگەکە چوو. پیاوێکی بەساڵداچوو، کولاوێکی خوریی لەسەر بوو لەگەڵ سمێڵ و ڕیشێکی کورت کە کەمێك قەڵەو دەهاتە بەرچاو، لە پشت مێزێك دانیشتبوو و، چەند نەفەرێك کە یەکێکیان ژنێکی سەرپۆش ڕەنگاوڕەنگ بوو، لە بەرانبەر پیاوەکە دانیشتبوون و سەرگەرمی گوێگرتن لە قسەی پیاوەکە بوون. ماوەیەك دواتر خاوەنی نووسینگەکە چاوی بە زیبا کەوت، لە کاتێکدا بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکرد، بە زمانی تورکی پێی گوت: ((سڵاو خانم)) فەرمانێکت هەیە، لە خزمەتدام! بەم قسەیە سەرنجی هەموو ئامادەبووان بۆ لای زیبا ڕاکێشرا. زیبا دەستەوەستان گوتی:

- سڵاو، ببوورە ژوورێکم دەویست.
- بۆ خۆتە.
- بەڵێ.
- سەڵتی؟

- بەڵێ.

- خاوەنی نووسینگەکە بە سەرسوڕماوییەوە سەیری سەراپای زیبای کرد و هەڵی سەنگاند و گوتی:

ئاخر بە چ شێوەیەك پێت بڵێم خانم، ئەو خانمانەی کە بە تەنیان زۆر بە زەحمەت ژووریان بەکرێ دەدەنێ، تێدەگەی کە...!!

- بەڵێ، بەڵێ، هەڵبەت من شووم نییە، بەڵام بە تەنیانیم. باوك و دایکیشم دواتر دێن. من لە پێش ئەواندا هاتم، بۆ ئەوەی ژوورێك بەکرێ بگرم.

پیاوەکە دەستی بە ڕیشیدا هێنا و گوتی:

- بەخوا پێم سەیرە، دایك و باوکت چۆن ڕێگەیان داوە کە کچێکی گەنج بە دوای خانوودا بگەڕێ و، خۆشیان لە ماڵەوە دابنیشن؟!

زیبا شێوابوو. هەر درۆیەکی دەیکرد، پێی دەبەسترایەوە و، ناچار دەبوو کە درۆی دیکەش بکات. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە درۆ بێزار بوو، لە دڵی خۆشیدا بەڵێنی بە خۆی دابوو کە درۆ نەکات. بەڵام چارەیەکی تری جگە لە درۆکردن نەبوو. ڕووی لە کابرای خاوەن نووسینگە کرد و گوتی:

- باوکم زۆر نەخۆشە، دایکیشم لە لای ئەو ماوەتەوە بۆ ئەوەی ئاگای لێ بێت. لەبەر ئەمە من بە تەنیا هاتووم. خاوەن نووسینگەکە لەگەڵ ئەوەی کە بە تەواوی لە درۆکانی زیبا تێگەیشتبوو((استغفراللّٰه)) ی کرد و ڕووی لە زیبا کرد و گوتی: ئێستا ژوورێکی چۆنت دەوێ؟ بەم شکڵ و شێوەیەی کە لە تۆیدا دەبینم باوەڕناکەم ژوورێکمان هەبێ کە بە کەڵکی تۆ بێت.

- جێگەکەی گرنگ نییە. تەنها دەمەوێت مرۆڤگەلێکی بەئیمان و دڵنیا و باش لەوێدا بژین و کرێیەکەشی چەند بێ، بۆ من گرنگ نییە.

خاوەنی نووسینگەکە گوتی: جێگەیەکم پێ شك دێت، بەڵام دڵنیا نیم کە ڕازی دەبێ یان نا. پیرە ژنێکی بە تەنیا و ئیماندا ر و نوێژکەرە. ژنێکی باشە، بەڵام زۆر بە



زەحمەت ژوور بەکرێ دەدات. هەڵبەت جێگەیەکی زۆر باش نییە. یەعنی جێگەیەکی بچووك و تاریك و تەسکە، دەتەوێت؟

- بەڵێ، ئەگەر دەکرێ با بچین بیبینین.

زیبا لەگەڵ کابرای نووسینگە هاتنە دەرگای ئەم خانووە. کاتێك دەرگام کردەوە خاوەنی نووسینگەکە سەلامی کرد و، ئاماژەی بۆ زیبا کرد و، گوتی: ((ئەم خاتوونە هاتووە بۆ ئەوەی ژوورەکەت ببینێ.

کاتێك سەیری سەر و سیمام کرد، زانیم بۆ ئەم جێگایانە ناگونجێ. واتا جێگەی ئەو لە باشووری شار نییە و، بە ناچاریی هاتۆتە ئێرە. بیرێکی خراپ بە مێشکمدا هات. بە ساردییەوە گوتم:

- بە تەنیایە، کەسێك لەگەڵ ئەو نابینم؟

- نەخێر، باوك و دایکیشی دواتر دێن. باوکی نەخۆشە. دایکیشی چاودێری باوکی دەکات.

- هەموویان سەرەتا وا دەڵێن، بەڵام دوایی ڕوون دەبێتەوە کە کەس و کاریکیان نییە و لە ماڵەوە ڕایان کردووە. نەخێر کاکە گیان من ژوور بە مرۆڤی لەم شێوەیە نادەم.

کاکی خاوەن نووسینگە بە شێوازێکی لایەنگرانە گوتی:

- گوڵاب خانم خانووێکی دەوێ کە مرۆڤی ئیماندار و نوێژکەری تێدابێ، منیش ئێرەم نیشاندا. لە جێگەی کچی خۆتە. کچێکی باش دێتە بەرچاو.

لەم قسەیەی خاوەن نووسینگە لە جێگەی خۆم ڕاپەڕیم و، دووبارە تەماشای زیبام کرد. تەماشای ئەو سەرپۆشەم کرد کە لەسەری بوو، نیگایەکی ڕاستگۆ و پاکی هەبوو، لەبەر ئەوە گوتم: باشە، بەڵام من لە ئێستاوە دەمەوێت ئاگاداری بکەمەوە. کە هاوڕێ و برادەر بۆیان نییە بێنە ئێرە. هەروەها من برا و خاڵ و مامیش ناناسم. لە ئێستاوە پێمگوتی دوایی نەڵێی بۆچی دەرت کردم؟!

زیباش بە شێوازێکی پاك و بێ گوناهانە گوتی: بە سەر چاو پوورە گولاب بەڵێنت پێ دەدەم کە کەس سەردانم نەکات.

قسەکەیم زۆر بە دڵ بوو. هەمیشە بێدەنگ و خەمبار بوو. هەر کاتێك کە سەیرم دەکرد چاوەکانی سوور بووبوونەوە و، ڕوخساریشی بە فرمێسك تەڕ بووبوو. هەرچەند پرسیارم لێ دەکرد، هیچ شتێکی دەربارەی ژیانی خۆی پێ نەدەگوتم. بەڵام من دڵنیابووم کە کچی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندە. لە سەر و ڕوخسار و هەڵسوکەوتیدا دیار بوو. ئەم جێگەیە و ئەم ژیانە بۆ ئەو گران بوو. ڕۆژێکیان دانیشتم و چیرۆکی ژیانی خۆمم بۆ گێڕایەوە، ئێستا بۆ تۆشی دەگێڕمەوە. لەوانەیە تۆ بڵێی چۆن لەڕووت دێت ڕابردووی تاڵی خۆت بەم ئاسانیە باس بکەیت؟ بەڵام من بە هەموو کەس دەڵێم کە ڕێگەیەکی تاوانم گرت، بەڵام سەرەنجام بە فەرمانی خوا بۆ سەر ڕێگەی ڕاست گەڕامەوە. باسی دەکەم بۆ ئەوەی ئامۆژگارییەك بێت بۆ خەڵکی دیکە!

دایکم لە کاتی لە دایکبوونی خوشکەکەم مرد و چلەی خوشکەکەم نەچووبوو کە ئەویش مرد. مردنی خوشکەکەم بە هۆی کاری باوکمەوە بوو. ئەو منداڵە دەگریا، برسی بوو، نەفەرێك بە باوکمی گوتبوو تریاك بدات بەو منداڵە بۆ ئەوەی بێدەنگ بێت و بە ئارامی بخەوێت. باوکیشم بێ ویژدانی ناکا و بڕێکی زۆر تریاك دەرخواردی منداڵەکە دەدات و دەیکوژێت. بە کورتی دوو مانگ تێپەڕی نەکردبوو کە باوکم ژنی هێنایەوە و چیرۆکی باوەژن دیسان دووبارە بۆوە. ١٠ ساڵان بووم کە بە شوویان دام، دایانم بە کابرایەك کە سێ منداڵی هەبوو و بچووکترین منداڵی هاوتەمەنی من بوو. هەروەها منیش منداڵ بووم. هیچ کارێکم نەدەزانی. بۆ یاریکردن لەگەڵ منداڵان دەچوومە دەرێ. کاتێك مێردەکەم بۆماڵەوە دەگەڕایەوە، دەیبینی کە هیچ ئامادە نییە، تا شل دەبوو لێی دەدام. ساڵێك تێنەپەڕیبوو کە لە ماڵەکەی ڕامکرد و، تووشی لادانی سێکسی بووم و ١٥ ساڵە بووم لەو ماڵەش ڕامکرد کە کاری بێ ڕەوشتی تێدا ئەنجامدەدرا. ئیتر ماندوو بووبووم. چوومە پێش دەرگای مزگەوت و دانیشتم و گریام، لەبەر خوا پاڕامەوە و داوای یارمەتیم لێ کرد. شەو داهاتبوو ئیتر



وردە وردە مزگەوت چۆڵ دەبوو و کەسی لێ نەما بوو هەموویان بۆ ماڵەکانیان چووبوونەوە کاتێك پیاوێکی بە تەمەن لە مزگەوتەکە هاتە دەرێ. سەرەتا چاوێکی لە من کرد و ڕۆیشت. بەڵام پاشان وەك ئەوەی کە شتێکی لە بیر چووبێ، بۆ لای من هات و گوتی:

- کچم، بۆچی لێرە دانیشتوویی؟ مەگەر ناتەوێت بڕۆیەوە ماڵێ؟ ئیتر شەو داهاتووە دروست نییە کچێك بەم شەوە لە سەر شەقام بێت.

گوتم: دانیشتووم تا خودا نیازم وەدی بێنێ!

زۆر لەسەرخۆ گوتی: ئێستا ئەم شەو بڕۆوە ماڵەوە، بەیانی وەرەوە پێویستییەکەت وەرگرە.

- نابێ، دەبێ هەر ئەو شەو نیازم وەدی بێنێ.

- ئێستا پێویستییەکەت چییە؟ پێم بڵێ لەوانەیە بەندەی خواش بتوانێ پێویستییەکەت بۆ جێبەجێ بکات.

سەرم هەڵبڕی و بە گریانەوە گوتم: پێویستی من یەك جێگە و پەنای ئاسوودە و ئەمینە؛ جێگەیەك کە دین و ئیمان لە سەر سەریان بێت، مرۆڤ بن. بێدەنگ بوو و بیری دەکردەوە پاش بێدەنگییەکی کورت گوتی:

- هەستە کچم، لەگەڵ من وەرە.

ئەو بەندەیەی خودا منی بۆ ماڵەکەی خۆی بردەوە و هەروەك کچی خۆی چاودێری دەکردم. تۆبەی پێ کردم و پاشان نوێژ و دوعاکردنی فێرکردم. فێری خواپەرستی و ڕۆژوو گرتنی کردم. بە کورتی ژیانی پێ بەخشیم. خۆم داوام لێ کرد کە لە خۆیم مارە بکات. چونکە ژنی نەبوو. چونکە منداڵی نەدەبوو ژنەکەی تەڵاقی لێ وەرگرتبوو و ڕۆیشتبوو. هەروەها دوکانێکی بچووکی وردەواڵە فرۆشیشی هەبوو. خوا لێی خۆش بێت مرد. پیاوێکی زۆر باش بوو. پێش مردنی دوکان و خانووەکەی بە ناوی منەوە کرد و ئێستا من بە کرێی دوکانەکە دەژیم.

هەموو ئەو شتانەم دوور و درێژتر و ڕوونتر بە زیباش گوتووە. پاشان ئەویش بەسەرهاتی خۆی بۆ من گێڕایەوە. زۆر ئامۆژگاریم کرد کە بۆ لای دایك و باوکی بچێتەوە و هەموو شتێکیان پێ بڵێ. بەڵام ڕازی نەبوو. گوتی: ((دایك و باوکم بەرگەی ئەم ئابڕووچوونە ناگرن بێشك منداڵەکە لە نێو دەبەن و، دەستیان بە خوێن سوور دەبێ و توشی سزای خوا دەبن.)) نەی دەویست دایك و باوکی لەبەر خاتری ئەو ئەم تاوانە بکەن.

حەسودیم بەو هەموو پاکیەی ئەو دەهات. سەرم سوڕمابوو، کچێك بەو هەموو باشی و تێگەیشتوویی و جوانییەوە و بەم هەموو ئیمان و خواپەرستییەوە چۆن بە قسەی تۆ فریوی خواردبوو و هەڵخەڵەتابوو. سەرەنجام فەرشچنینم فێرکرد. گوتم بەو جوانیەی کە هەیەتی، نابێ زۆر بۆ کۆڵان و بازاڕ بچێ، چونکە ئازاری دەدەن.

زۆر کەم بۆ دەرەوە دەچوو. ڕۆژانە دادەنیشت و فەرشی دەچنی. بۆ نموونە لەو فەرشانەی کە ئەو چنیونی؛ ئیمامی عەلی(ع)، پێنج کەسە نزیکەکانی ئالوبەیتی پێخەمبەر، ئایەتی: واین یکاد...، ئەمەش ئاخرین کاریەتی کە هێشتا تەواو نەبووە.

سەیری ئەو لایەم کرد کە ئەو ئاماژەی بۆ کرد. تابلۆیەکی بچووك بوو. خۆرێك لە نێو تابلۆیەکە بوو، کە لە نێوەڕاستیدا ناوی پیرۆزی پێخەمبەر (د.خ) دەبینرا و، لە خۆرەکە دوازدە تیشك هاتبوونە دەرێ کە بە ناوی دوازدە ئیمامەکە کۆتاییان دەهات نێوە نێوەی ئەم تابلۆیەش بە ناوی ((اللّه)) ڕازێنرابووەوە.

ڕۆژێك بەیانی زوو کاتێك لە خەو هەستا، بە منی گوت خەوێکی خراپم بینیوە، ناونیشانی ماڵی خۆیانی دامێ تا بڕۆم لە هەواڵی دایك و باوکی ئاگادارم. کاتێك گەیشتمە ئەوێ سەیارەیەکی فریاکەوتنی نەخۆشخانەم بینی کە دەستەبەرێکی نەخۆشگواستنەوەیان تێدا جێگیر کردبوو و بە خێرایی دوورکەوتەوە. لە دراوسێکانیانم پرسی شتێکیان نەدەزانی ڕۆیشتم و بە هێواشی لە دەرگاوانەکەم پرسی هەروەها ئەویش پاش پرسیار و وەڵامێکی زۆر کاتێك تێگەیشت خەڵکی ئەو گەڕەکە نیم و ڕێبوارێکم، بە هێواشی گوتی: تەنها کچەکەیان ماوەیەکە بزربووە. چەند ڕۆژێکیش پێش ئێستا پۆلیس لاشەی تەواو سووتاوی ئەو کچەیان دۆزیوەتەوە



و، نیشانی باوك و دایکیان داوە. باوکیشی لەبەر زۆریی ناڕەحەتی و پەژارە لە جێگەی خۆی جەڵدە لێیدا و مرد. ئەمڕۆ دایکیشی خۆکوژی کردووە و مردووە. پیاوێکی چل پەنجا ساڵە غەمبارو دڵتەنگ لە نێو باغەکەدا پیاسەی دەکرد. گوتم: ئەو پیاوە کێیە؟ گوتی: برای خاوەن ماڵە بێچارەکەیە، نازانێت لە ترسی ئابڕوویان چ کارێك بکات، بڕیار وایە زۆر بە زوویی خانووەکە بفرۆشێ و بۆ خاریج بڕوات، بەم شێوەیە منیش بێ کار دەمێنمەوە.

هاوار و ناڵە لە دڵم هەستا. نەمدەزانی چۆن ئەم هەواڵە بە زیبا بڵێم. سەرەنجام بە گریان بۆ ماڵەوە گەڕامەوە و زۆر هەوڵمدا باسەکە لە زیبا بشارمەوە. بەڵام پرسیارە یەك لە دوا یەکەکانی زیبا جێگەیەکیان بۆ خۆ دەربازکردن و ڕۆیشتن نەهێشتەوە. لە کۆتاییدا زۆر بە ئارامی هەموو شتێکم بە زیبا گوت، زیبا لەبەر زۆری ناڕەحەتی و غەم و دڵتەنگی، لە هۆش خۆی چوو. پاش ماوەیەك کە هاتەوە هۆش خۆی، مات و بێدەنگ بوو، هیچ شتێکی نەدەگوت. بۆ بەیانی زیبام بۆ سەر گڵکۆی دایك و باوکی برد. چەند مەترێك لەولاتر زۆر بە غەریبی لە سەر قەبرێکی دی ماینەوە و سەیری ئەو خەڵکەمان دەکرد کە خەریکی ناشتنی تەرمی دایکی زیبا بوون. زیبا هەتا بۆ ئاخرین خواحافیزیش دایکی خۆی نەدیت و، هێواش هێواش لە ژێر سەرپۆشەکەی فرمێسکی دەڕشت، دانیشتین تا هەموو خەڵکەکە ڕۆیشتن. پاشان زیبا بۆ سەر مەزاری دایکی ڕۆیشت و خۆی خستە سەر قەبرەکە و هەتا توانی گریا. لەو ڕۆژە بەدواوە کار و پیشەی زیبا بووبوو بە نوێژکردن و قورئان خوێندن و، داوای لە خوا دەکرد کە لە دایك و باوکی خۆش بێ.

هەمیشە ئارەزووم دەکرد کە خۆزگە کچێکی وەك زیبام هەبایە. لەگەڵ هەر گرێیەك کە لە فەرشی دەدا ناوی خوای دەهێنا و ڕاز و نیازی لەگەڵ پەروەردگار دەکرد. بە کورتی کاتی لە دایکبوونی کۆرپەکەی سکی نزیك بوو. بەڵام زووتر لە کاتی خۆی زیبام بۆ نەخۆشخانە برد. هەموو سەیری ئێمەیان دەکرد. زیبا بەو نەخۆشییەوە و منیش بەم پیرییەوە کە خۆت دەیبینی.

پەرستارێك زیبای پشكنی و بۆ لای من هات. گوتی: تۆ چی ئەم خانمەی؟

- گوتم: ((دایكی ئەوم)). بە شێوازێكی بێ متمانە سەیری منی كرد و، لە كاتێكدا كە شتێكی دەنووسی، گوتی: دەبێ مێردەكەی بێت و ئەم كاغەزە ئیمزابكات. چونكە وەزعی زۆر دژوارە. زۆر بێهێزە، لەوانەیە پێویستی بە نەشتەرگەریی هەبێت.

گوتم: ((ئاخر مێردەكەی لێرە نییە)).

- لە كوێیە؟

- بۆ سەفەر چووە.

- باشە خۆ باوكی هەیە با ئەو بێت.

- نەخێر، ئەویش بە ڕەحمەتی خوا چووە.

پەرستارەكە تووڕە بوو و بەقەو گوتی: ((برا، خاڵ، هیچ كەسی نییە. هەموو بە ڕەحمەتی خوا ڕۆیشتوون؟)) بە پاڕانەوەوە گوتم: ناكرێ من ئیمزای بكەم. هەڵبەت خوێندەواریم نییە، بەڵام دەتوانم پەنجەمۆر بكەم. بە تووڕەییەوە كاغەزەكەی هەڵگرت و گوتی: ((نەخێر، نابێ، بیبە بۆ نەخۆشخانەیەكی دیكە، لێرە لەم جۆرە منداڵانە ناهێننە دنیاوە)).

خواخوام بوو زیبا گوێی لەم قسانە نەبێت، كاتێك سەیری پشتەوەم كرد، بینیم كە زیبا لە دوامەوە ڕاوەستاوە و، هەوڵدەدات دڵۆپە فرمێسكەكانی لە من بشارێتەوە.

پەرستارەكە بۆ لای پەرستارێكی دیكە چوو و هێواش، هێواش قسەی لەگەڵ دەكرد و ئێمەی نیشانی ئەو دەدا. وردە وردە تانەیان لێدەداین. یەكێك دەیگوت: خەجاڵەت ناكێشێ بۆ نەخۆشخانە هاتووە تا منداڵە بیژووەكەی بهێنێتە دنیاوە!. یەكێكی دیكە دەیگوت: ئێستا ئەم منداڵە بیژووە چ لێ دەكەی؟! دەتەوێت خراپكارێكی وەك خۆت پێشكەشی كۆمەڵ بكەیت؟!

یەكێكی دیكەش دەیگوت: ((سەیری پیرە ژن كەن بەو مووە سپیانەوە داناوەشێ دەستی ئەم ژنەی گرتووە و، بۆ ئێرەی هێناوە! بە چاو و ڕوویەكی قایمیشەوە دەڵێ كچی خۆمە!)).



زیبا ئارام و بێدەنگ لەبەر زۆریی دەرد و ئازار دەگریا، بەڵام ئەو دەردە، دەردی برینی زمانی خەڵك بوو كە وەك خەنجەرێك ڕووحی كردبوو بە نیشانە. ژنێكی زەیستان بۆ لای زیبا هات و، بە دەست زۆر بەهێز لە سینگی زیبایدا و گوتی: ((ئێستا تاوانبار بووی و دەگریەی؟! نازانی مانگا بەدزیی كەڵ دەگرێ، بەڵام بە ئاشكرایی دەزێ، خێرا بگەڕێوە بۆ ئەو جێگەیەی كە لێیەوە هاتووی!)).

نەفەرێك كە ویژدانی لەوەكانی دیكە زیاتر بوو، دڵی بە حاڵی زیبا سووتابوو، ڕووی لە هەمووان كرد و گوتی: ((بەسسە ئیدی گوناهە!، ئێستا كارێكە ڕوویداوە. ئازاری مەدەن. ئەگەر ژنێكی خراپ بایە نەیدەهێشت تا ئێستا منداڵەكە بمێنێ. هەر لە سەرەتاوە لەناوی دەبرد)).

هەر ئەو ژنەی كە بە دەست لە سینگی زیبای دابوو، بۆ لای ئەو ژنە چوو و گوتی: ((یەعنی چی، كارێكە ڕوویداوە؟!، ئەوەندە لۆمەی دەكەم هەتا لاشەی ناموبارەك و پیسی خۆی و منداڵەكەی لێرە لابات و بڕوات. بێشك ئەگەر ئەو لێرە نەڕوات، ئێمە لێرە دەڕۆین. من ناشمەوێت منداڵی من لە جێگەیەك لەدایك بێت، كە منداڵی ئەو ژنەی لێ دێتە دنیاوە!)).

زیبا هەر بەو شێوەیەی كە ئارام ئارام دەگریا سەری نەوی كرد و لە نەخۆشخانە چووە دەرێ. بە دوایدا ڕامكرد و هەرچەندی لێی پاڕامەوە نەگەڕایەوە. گوتی: ((با بڕۆینەوە ماڵێ)) گوتم: بۆ نەخۆشخانەیەكی دیكە دەچین. بەڵام ئەو ڕازی نەبوو. تەكسییەكمان گرت و بۆ ماڵەوە هاتینەوە. دەردەكەی زیبا بەهێزتر بوو بوو. دراوسێیەكم بەبیر كەوتەوە كە پێشتر مامانی دەكرد.

بۆ لای چووم و بە تكا و پاڕانەوە هێنام، كاتێك زیبای بینی منی بۆ دەرەوەی ژوورەكە برد و پرسی: ئەم كچە كێیە؟.

گوتم: یەكێك لە ناسیاوەكانمە.

- خۆ تۆ پێشتر خزم و ناسیاوت نەبوو. ڕاستییەكەی بڵێ ئەمە كێیە؟

دانیشتم و بەسەرهاتەکەم زۆر بە کورتی بۆ گێڕایەوە کاتێك سەیرم کرد پێڵاوەکانی دەبەر کردووە و دەیەوێت بڕوات. بە دوایدا غارمدا و گۆشەی سەرپۆشەکەیم گرت و لەبەری پاڕامەوە کە بگەڕێتەوە. بەڵام ئەو ڕازی نەدەبوو و، دەیگوت یارمەتی ئەم جۆرە ژنانە بۆ منداڵبوون، نادەم.

سەرەنجام ئەوەندە پاڕامەوە و تکام لێ کرد، ڕازی بوو. بۆ لای زیبا گەڕاینەوە. ماوەیەك تێپەڕی، زیبا لەبەر زۆریی ئازار بێ هۆش بوو. بارێکی زۆر خراپ بوو. چەند سەعاتێك تێپەڕیبوو، بەڵام زیبا بەهۆش نەدەهاتەوە. لە یەك چرکەدا کە سەیرم کرد ژنی دراوسێ دیار نەماوە. بە دوایدا ڕۆیشتم و بینیم دەیەوێت پێڵاوەکانی دەبەر بکات بۆ ئەوەی بڕوات. بە پاڕانەوە و نوزانەوە پێمگوت دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆی؟. زیبا خەریکە دەمرێ. توخوا بە تەنیا بەجێی مەهێڵە، من خۆ مامانی نازانم. نازانم دەبێ چ کارێك بکەم!

هەر بەو شێوەیەی کە دەیویست پێڵاوەکانی دەبەر بکات، سەری بڵند کرد و گوتی:

- گوڵاب خانم، ڕاستییەکەت پێ دەڵێم. سوودی نییە زیبا خەریکە دەمرێت، هەم خۆی هەم منداڵەکەی. دەبوو بۆ نەخۆشخانەت بردبا، من نامەوێ خوێنی بکەوێتە ئەستۆی من. دەستیم گرت، بەڵام دەستەکانی لە دەستم هێنایە دەر، خۆم خستە سەر پێیەکانی و بە دەست پێیەکانیم لە باوەش گرت و دەستم بە گریان کرد، گوتم: ((بەخوا نایەڵم بڕۆی. ئەگەر بڕۆی زیبا دەمرێت، توگیانی ئەو کەسەی کە خۆشتدەوێ بە تەنیا بەجێمان مەهێڵە. زیبا تازە ١٩ ساڵیەتی. گەنجە. بێ پەنایە. غەریبە. هەتیوە. بە تەنیا جێی مەهێڵە. بە گیانی منداڵەکانت سوێندت دەدەم بە تەنیا جێی مەهێڵە!)).

نازانم هێزی دەستەکانم ڕێگەی لە ڕۆیشتنی گرت، یان گریانە زۆرەکەی من. لە کۆتاییدا وەك ئەوەی کە بڵێی دڵی بە زیبا سووتابێ، گوتی:

- ئەگەر مرد، تۆ خوێنەکەی لە ئەستۆ دەگری؟

گوتم: بەڵێ، لە ئەستۆی دەگرم. تەنها تۆ مەڕۆ و یارمەتی بدە. لەدایکبوونی منداڵەکەی زیبا تا بەیانی ڕۆژی داهاتوو درێژەی کێشا و، پاشان منداڵەکە لە دایك



بوو. زیبا و منداڵەکەی سەلامەت بوون. بەڵام هیچ توانایەك لە لەشی زیبادا نەمابوو. لە منی پرسی منداڵەکە کوڕە یان کچ؟ گوتم کچە، کچێکی زۆر جوانی وەکو خۆت.

گوتی: ناوی دەنێم حۆرا، واتە فریشتەی ڕووسپی و چاوڕەشی بەهەشت، دەمەوێت وەك فریشتەی ئاسمانی هەمیشە پاك و خاوناس بێت.

دەمی نیوەڕۆ حاڵی زیبا کەمێك باشتر ببوو. منداڵەکەم خستە باوەشی، ئەویش ماچی کرد و، کەمێك دەستی پێدا هێنا. پاشان ئاماژەی بۆ جانتاکەی کرد و داوای لێ کردم کە بۆی ببەم. جانتاکەی لێ وەرگرتم و دوو گوارەی زێڕی زۆر جوان، کە نقێمی سەوزیان تێدابوو، لە جانتاکەی دەرهێنا و دایە دەستی من و گوتی:

- پوورە گوڵاب، ئەزیەت بکێشە ئەم گوارانە بدە بەو خانمەی کە مامانی زیبا بوو.

گوارەکانم بە دەستەوە گرتن و سەیرم کردن. گوتم: زیبا گیان ئەمانە زۆر جوانن لێ گەڕێ با بۆ خۆت بن. یان بۆ کچەکەتیان هەڵگرە. من خۆم خەڵاتی ((لوعیا خانم)) دەکەم، بەڵام زیبا بە تکا و پاڕانەوە داوای لە من کرد کە هەردەبێ گوارەکان ببەی و بیدەی بە لوعیا خانم.

لەگەڵ ئەوەشدا لە دڵەوە ئەم کارەم پێ خۆش نەبوو، بەڵام بەقسەم کرد و سەرپۆشەکەم لەسەرنا و بۆ بەر دەرگای ماڵی لوعیا خانم چووم. کاتێك دەرگای کردەوە دەربارەی ئەو چاکەیەی کە دوێنێ کردبووی سوپاسم کرد و جانتای گوارەکانم دایە و گوتم زیبا ئەوانەی بۆ تۆ ناردووە بۆ ئەوەی سوپاس و دەستخۆشیت لێ بکات. زۆر بە هێواشی جانتاکەی کردەوە و لە کاتێکدا کە بە ماتی و سەرگەردانی سەیری گوارەکانی دەکرد. بە یەك دەست زۆر بەهێز چاپۆکی بە سەری خۆیدا کێشا، سەیری ڕوخساریم کرد بینیم بە پانایی کولمەکانی فرمێسك دەڕێژێ. هەر بەو شێوەیەی کە پشتی بە دەرگاوە دابوو هێواش هێواش دانیشت.

حاڵەکەی بە لامەوە زۆر نامۆ بوو. شانەکانیم ڕاتەکاند و گوتم چی بووە ((لوعیا خانم)) چیت بەسەر هاتووە؟. لە کاتێکدا کە زۆر بە خوڕ دەگریا بە پاڕانەوە گوتی:

پووره گولاب، توخوا پێم بڵێ زیبا کێیە؟ کچی کێیە؟ لە کاتێکدا کە لە سەرسوڕماندا دەمم کرابووە وە، گوتم: ((پێشتر خۆ هەموو شتێکم پێ گوتبووی. ئێستا پێم بڵێ چی بووە بۆچی وادەکەی؟!

لە کاتێکدا کە بە گۆشەی سەرپۆشەکەی فرمێسکەکانی دەسڕیەوە گوتی: من تاکو ئێستا مامانیی زۆر لە ئافرەتانی زەیستانم کردووە. منداڵی زۆریشم هێناوەتە دنیا. هەموو کاتێك کارەکەم زۆر زەحمەت بووە. بەڵام من لە ویژدانی خۆم ڕازی بووم کاتێك منداڵێك لەدایك دەبوو، هەستم دەکرد منیش لە گوناه پاك بوومەوە. بەڵام دوێنێ کاتێك بەسەرهاتی زیبات پێ گوتم زۆر ناڕەحەت بووم. ڕقم لە زیبا دەبۆوە. بە هەمان شێوە لە منداڵەکەشی، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: من چ تاوانێکی گەورەم لە بەرانبەر دەرگای خودای گەورە کرد!، بە سەری پیری و بەم تەمەنەوە چۆن دەبێ منداڵێکی بیژوو بهێنمە دنیاوە؟! یەکەمین جار بوو کە کاتێك منداڵ لەدایك ببێ هەستی خراپم هەبێ. کاتێك گەیشتمەوە ماڵێ لە ماندووەتیان خەوتم. لە خەونمدا خانمێکم بینی کە هەموو لەشی نوور بوو. بانگی منی کرد و گوتی: ((لوعیا خانم، دەستت خۆش بێت. زۆر زەحمەتت کێشا!)).

گوتم: خانم، من چ زەحمەتێکم کێشاوە؟

گوتی: تۆ یارمەتی کچەکەی منت داوە لە دایکبوونی منداڵەکەیت بۆ ئاسان کرد.

بە سەرسوڕماویەوە گوتم: کچی تۆ؟

گوتی: بەڵێ، دواتر پارچەیەك قوماشی سەوزی لەگەڵ جانتایەك دا بە من و گوتی: ئەمە بۆ تۆیە. کاتێك جانتایەکەم کردەوە هەمان گوارەی کە تۆ هێناوتە، لە نێو جانتاکە بوو.

منیش لەگەڵ لوعیا خانم دەستم بە گریان کرد؛ گوتم: ئەوە بە ڕاستتە؟! کچێك کە لە ناو ئەو هەموو ناز و نیعمەتە گەورە بووبێت. پاشان لەبەر خاتری ئەوەی کە دووبارە دەستی تێکەڵ بە گوناه نەکاتەوە و، منداڵێکی بێ تاوان و پاك نەکوژێت، وازی لە هەموو خۆشییەکانی هێنابێ. شایستەی گەورەیی و میهرەبانییەکی لەم



شێوەیە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئێمە لە جیاتی ئەو باین، ئەم کارەمان نەدەکرد و، بێ شك منداڵەکەمان لە نێو دەبرد. ئەو کارەی ئەو کردوویەتی، ئازایەتی و ئیمانێکی بەهێزی دەوێ.

لەو ڕۆژە بەدواوە هەموو ڕۆژێك لوعیا خانم دەهات و خواردنی جۆراوجۆر و بەهێزی بۆ زیبا دەهێنا و منداڵەکەی دەبردەوە ماڵی خۆیان تا بووکەکەی شیری بداتێ؛ چونکە زیبا شیری نەبوو پاش یەك دوو مانگ تاڕادەیەك زیبا توانا و هێزی جەستەیی پەیدا کردبۆوە، هەر ئەوکاتەش ماڵی لوعیا خانم لە گەڕەکەکە باریان کرد و ماڵیان بۆ جێگەیەکی دیکە گواستەوە، هەڵبەت چەند جاری دیکە دوای ڕۆیشتنیان سەردانی ئێمەی کرد.

لەوەو بەدواوە حۆرا بووبوو بە هەموو ئەوینەکانی زیبا. هەموو گیانی لە پێناو حۆرادا بەخت دەکرد. هەموو کاتێك لەگەڵ حۆرادا خەریکی قسەکردن و ناز و لاواندنەوە بوو. هەرچی کە هەشیبوو، بۆ خواردن و جلوبەرگ و کەلوپەلی یاریکردنی حۆرای خەرج دەکرد. بەڵام هیچی بۆ خۆی نەدەکڕی. وەرزی زستان بوو. هەوا زۆر سارد بوو. هەرچەندی پێم دەگوت هەر نەبێ جلێکی گەرم بۆ خۆت بکڕە، ڕازی نەدەبوو. ئەگەر ئەمنیش شتێکم بۆ کڕیبا قبووڵی نەدەکرد. سەرەنجام ڕۆژێکیان زۆر سەرمای بوو ونەخۆش کەوت. گوتی باش دەبمەوە. بەڵام نەخۆشییەکەی زۆر درێژەی کێشا و تا کات تێدەپەڕی حاڵی زیبا خراپتر دەبوو. لە کۆتاییدا بە تکا و پاڕانەوەی من بۆ لای دوکتۆر چووین. دوکتۆر پاش سەیرکردن و پشکنینێکی درێژ، زۆر بەداخەوە گوتی تووشی نەخۆشی سیلی کۆئەندامی هەناسە بووە و، نەخۆشییەکەش زۆر لێی پیس بووە دەبێت بێشك لە نەخۆشخانە بخەوێنرێت و بمێنێتەوە.

زیبا چەند هەفتەیەك لە نەخۆشخانە مایەوە، بەڵام دوکتۆرەکان زیبایان ئاگادار کردەوە کە بڕواتەوە ماڵێ؛ چونکە هیچ سوودێکی نییە. زیباش کاتێك لەوە تێگەیشت، گوتی: دەمەوێت لەو ماڵەی کە حۆرای تێدا لەدایك بوو، هەر لەو

ماڵەشدا دنیا بەجێ بێڵم. (پیرە ژنەکە بە دەربڕینی هەر وشەیەك دڵۆپە فرمێسکێکی لە ڕوومەتی دەسڕییەوە).

بۆ ماڵەوەم بردەوە، داوای لە من کرد کە کاغەز و قەڵەمێکی بۆ بێنم و پاشان دەستی بە نامە نووسین کرد. گوتم نامە بۆ کێ دەنووسی؟ گوتی: بۆ باوکی حۆرا. گوتم: بەڵام خۆ ئەو لە ئێراندا نییە. مەگەر خۆت نەتگوت کە بۆ ئەمریکا چووە.

زۆر بە دڵنیاییەوە گوتی: گەڕاوەتەوە!. گوتم: تۆ چۆن دەزانی؟ ڕاستە و ڕاست تەماشایەکی لای دەرگای کرد و بە ئارامی گوتی: دەزانم! دواتر نامەکەی خستە نێو پاکەتێك و ناونیشانی ماڵی ئێوەی لە سەر پشتی نامەکە نووسی. پاشان داوای کاغەزێکی تری کرد. گوتم ئەمجارە دەتەوێت بۆ کێ نامە بنووسی؟

ئاهێکی ساردی هەڵکێشا و دڵۆپە فرمێسکێك گۆنای تەڕ کرد سەیری حۆرای کرد و گوتی: بۆ هیچ کەس، دەمەویست وەسیەتنامە بنووسم، بەڵام کە سەیرم کرد ئیتر هیچ شتێکم لە پاش بەجێ نەماوە کە بۆ حۆرای بەجێ بێڵم. وەسیەت و ئامۆژگاری من بۆ حۆرا ئەو سێ وشەیە کە ئومێدەوارم کار بەو سێ وشەیە بکات.

یەکەم: نوێژ، ئەگەر شەهریار نوێژی کردبا، ڕۆژی چەندجار یادی خودای دەکردەوە و، لە ترسی خوا ئەم تاوانە گەورەیەی لەگەڵ من و منداڵەکەیدا نەدەکرد، کە کردی.

دووەم: دڵسۆزیی و ڕاستگۆیی؛ چونکە درۆ ئێمەی بەو ئەنجامە تاڵە گەیاند.

سێیەم: ئازایەتی، کاتێك بیر دەکەمەوە لە هیچ کام لە ئێمەدا ئازایەتی نەبوو نە من، نە شەهریار، دەنا هەردووکمان پێکەوە ئەوەی کە دەمانەویست پێی دەگەیشتین.

پوورە گوڵاب، هەر لە منداڵییەوە حۆرا فێری ئەم سێ شتە بکە. من باش فێریان نەبووم، کاتیشم نەبوو کە فێری کچەکەمیان بکەم. بەڵام ئومێدەوارم کە پەروەردگار یارمەتی حۆرا بدات تا ئەم سێ گەنجینەیە بۆ هەتا هەتایە لە ناخی گیانیدا بپارێزێت.

زیبا سەرەتا منداڵەکەی بەخوا سپارد و پاشان بە تۆ. لەوانەیە ئەو ستەمەی کە لەگەڵ زیبات کرد، بە خۆشەویستی و باش بوون لەگەڵ ئەو منداڵە لەنێو بچێ.

لە پوورە گوڵابم پرسی: زیبا چۆن مرد!؟



گوتی: ((زۆر بە ئاسوودەیی هەر وەك خەوێك. سەرەتا وامزانی خەوتووە، بەڵام دوایی تێگەیشتم کە ڕووحی پاکی، لاشە ڕەنجاو و ئازاردیدە و بێ هێزەکەی بەرەڵا کردووە و ڕۆیشتووە)).

بە خۆم نەبوو دڵۆپە فرمێسکەکانم دەڕژان و، مووە نەرم و جوانەکانی حۆرایان تەڕ دەکرد. حۆرام بە پوورە گوڵاب سپارد و بۆ لای جەستەی بێ گیانی زیبا چووم و، دەستە وشك و بێ ڕووحەکانیم خستە نێو دەستم و ماچم کرد و، سوێندم بۆ خوارد کە وەك ئەو هەموو گیانم بەختی حۆرا بکەم و، بەو شێوە ژیانەی کە ئەو بەسەری برد و، لەگەڵ تەواوی ئەو ناخۆشی و ناڕەحەتیانەی کە ئەو چێژتویەتی، منیش بە هەمان شێوە بژیم.

ئەحمەد گوتی: ئەی چیت لە روکسانا کرد؟ لەبیری خۆت بردەوە؟ هەروەها ئەویش لەو کاتە ناسکە و لەو ڕۆژگارە گرنگەدا؟

- نا لەبیرم نەبردەوە، مەگەر دەکرا ئەو لەبیر ببرێتەوە. پاش ئەو خۆشەویستییە قووڵەی کە لە گیانمدا دروستی کردبوو. بەڵام باشە، ئەو مەرجەی کە روکسانا بۆ شووکردنەکەی دایناببوو بە پەیدابوونی زیبا و بوونی حۆرا، لەخۆڕا هەموو شتێکی ڕەتدەکردەوە و نەفی دەکرد.

- یەعنی بۆ ڕۆژی مارەکردن نەچووی؟ کاتێك مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە دەبینێ کە ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بووە؟ وانییە؟

بەڵێ، ناخۆش؟! تۆ بە قسە دەڵێی ناخۆشە، بەڵام بۆ من ئەو ڕۆژە وەك جەهەننەم بوو، لەبەر زۆر بیرکردنەوەم، هەستم دەکرد خەریکە شێت دەبم!

لە ماڵەکە هاتمە دەرێ و چووم بۆ لای نزیکترین کابینەی تەلەفۆن لەو گەڕەکەدا و ژمارەی ماڵی پڕۆفیسۆرم لێدا بۆ ئەوەی روکسانا لەو ڕووداوە ئاگادار بکەمەوە، بەڵام ئەو بۆ ئارایشگا چووبوو. بە ناچاری داوام لە خزمەتکارەکە کرد کە تەلەفۆنەکە بدات بە پڕۆفیسۆر. لەبەر دڵەڕاوکێ و شپرزەیی، دەنگم دەلەرزی. قسەکردن لەگەڵ پڕۆفیسۆر بۆ من زۆر سەخت بوو. نەمدەزانی بە چ شێوەیەك مەبەستەکەم دەربڕم.

لەناکاو دوودڵ بووم، ویستم پێوەندییەکە بپچڕێنم، یەکسەر دەنگی پرۆفیسۆرم لەو لاوە بیست.

- ئەلو، فەرموو.

هەناسەم تەنگ بووبوو، بە دەنگێکی گیراو و لەرزۆك سەلامم کرد و لەگەڵ پرۆفیسۆر تووشی چاك و چۆنی بووم. پرۆفیسۆر بە دەنگێکی شاد و پڕ زەوقەوە گوتی: ((سەلام کوڕم، من باشم، بەڵام دڵنیابە بەقەد تۆ باش نیم، کارەکان بە باشی بەڕێوە دەچن؟))

- بەخوا چیت پێ بڵێم. هێزم لێ بڕاوە نازانم چۆن قسەکانم تەواو بکەم.

- کێشەیەك ڕوویداوە، شەهریار گیان. روکسانا لە ماڵەوە نییە، بەڵام ئەگەر من کارێکم لە دەست دێت، بێگومان پێم بڵێ.

بێدەنگ بووم. نەمدەزانی چی بڵێم. هەستم دەکرد دڵم خەریکە لەبەر زۆریی لێدان و نارەحەتی، دەرگای قەفەسەی سینگم دەشکێنێ. زارم وشك بووبوو. ئارەق لە سەر و ڕوخسارم دەچۆڕایەوە. هەربەو شێوەیەی کە بە دەسەسڕەیەك ئارەقم لە سەر و ڕوخسارم پاك دەکردەوە، گوتم: پرۆفیسۆر، دەزانم ئەگەر هەموو خەڵکی دنیا لەگەڵ من بێن و داوای لێبووردنت لێ بکەن هێشتا هەر کەمە. باوەڕبکە ئارەزووم دەکرد مردبام و ئەم قسەیەم بە تۆ نەگوتبا. بەڵام چارەیەکم نییە. پرۆفیسۆر بە دەنگێکی پڕ لە گریانەوە گوتی: چی بووە شەهریار گیان؟ خێرا بیڵێ گوێ بە من مەدە!

لە ناو قەفەسەی سینگمدا هەستم بە دەردێکی شاراوە دەکرد. دەستم لە سەر دڵم دانا و گوتم: دەمەویست ئەوە بزانی کە من بە هەموو گیانم روکسانام خۆشدەوێت و گەورەترین ئاواتی من لەم کاتەدا گۆڕینەوەی ئەڵقەی هاوسەرێتییە لەگەڵ روکسانادا، بەڵام ئەمڕۆ شتێك ڕوویداوە کە بە ناچاری ئەم مارەکردنە تێکدەدات. تکایە بە گەورەیی خۆت من ببەخشە و بە روکسانا بڵێ کە بۆ مارەکردنی ئەو چرکەم دەژماردن.



پرۆفیسۆر بە شێوازێکی نارەحەت و تووڕەییەوە پرسی ئاخر شەهریار گیان، چ کێشەیەك ڕوویداوە، دەربارەی چی قسە دەکەی؟ دەمم کردەوە کە وەڵامی بدەمەوە، بەڵام هەستێکی خراپ لە سەراسەری گیانمدا شەپۆلی دەدا. دڵەڕاوکێیەکی تاڵ و کوشندە دەروونمی تێك و پێکدابوو. لەناکاو سەرم زۆر بەهێز گێژی خوارد و چاوەکانم تاریك بوون و هیچ جێگەیەکم نەدەبینی و، چەند چرکەیەك دواتر جگە لە دەنگی تێکەڵ و پێکەڵی پرۆفیسۆر هیچی ترم گوێ لێ نەبوو.

کاتێك چاوەکانم هەڵێنا خۆمم لە گۆشەیەکی شەقامەکە بینییەوە و کۆمەڵە خەڵکێکم لە دەورە کۆببوونەوە یەکێك باوەشێنی دەکردم و یەکێکی تر ئاوی بە ڕوخسارمدادەکرد. لە ژێر سەرمدا هەستم بە شتێکی ڕەق دەکردکە سەیرم کرد یەك جانتای بچووك بوو. لەبەر ئازار، کەمێك سەرم بەرز کرد. لە تەنیشت خۆم پیاوێکم بینی کە خەریك بوو فشاری خوێنی بۆ دەگرتم. دەستی منی گرت و یارمەتیدام بۆ ئەوەی دابنیشم. بە هێواشی گوتی: من دوکتۆر (بەهشاد)م، هیچ نییە تۆزێك فشاری خوێنت دابەزیبوو. خۆشبەختانە ئێستا باشتریت. پێشتر ئەم جۆرە نەخۆشییەت لەگەڵدابووە.

مات و بێدەنگ سەیری دوکتۆرم کرد، لەناکاو چاوم بە کابینەی تەلەفۆنەکە کەوت و دەسکی تەلەفۆنەکە هەڵواسرابوو، پرۆفیسۆرم بەبیرکەوتەوە.

- وادیارە کە بە تەلەفۆن قسەت دەکرد.

سەرم بە نیشانەی بەڵێ ڕاوەشاند و گوتم: زۆر دەمێکە من لێرە کەوتووم؟

- نزیکەی ١٠ دەقیقە تا چارەگێك دەبێ.

- ئێستا دەتوانم بڕۆم؟

- نەء، لە پێشدا وەرە با بۆ دەرمانگا بچین، نزیکە، پاشان کە من لێت دڵنیابووم و خەیاڵم ئاسوودە بوو، ئەو کاتە بۆ هەر جێگەیەك کە ویستت، بڕۆ.

بە ناچاری بەدوای کەوتم. دەرمانگاکە چەند شەقامێك لە خوارتر بوو. عیادەکەشی ژوورێکی بچووك بوو کە لە نێو دەرمانخانگاکە بوو. لە سەر قەرەوێڵەیەك

دانیشتم و ئەویش لە پاش کەمێك سەیرکردن و پشکنین گوتی: کاتێك کە لەهۆش خۆت چووی دڵت ئازاری هەبوو؟

- بەڵێ، تۆ چۆنت زانی؟
- دەستت لەسەر دڵت دانابوو، خۆ هیچ کێشەیەکی دڵت نییە؟
- نەخێر، یەعنی وابزانم.....
- کەواتە وەرە ئێرە بۆ ئەوەی هێڵکاریی دڵت بگرم و دڵنیابم.

ئەو دەرمانگا کۆن و زەرد هەڵگەڕاوە وا نەدەهاتە بەرچاو کە ئامێری هێڵکاریی دڵی لێ بێت. پاش ئەوەی تەماشای ئەولا و ئەملام کرد چاوم بە ئامێرەکە کەوت. وەك ئەوەی کە هەستی بە بیرکردنەوەی من کردبێ لە کاتێکدا کە پەردەیەکی پلاستیکی سپی لادەدا گوتی: چییە؟ ئەم دەرمانگایە لێی ناوەشێتەوە کە ئامێری هێڵکاریی دڵی هەبێ؟ بەڵام هەیەتی و ئامێری باشیشی هەیە. بۆ بەدبەختی، من دوکتۆری دڵم. لەسەر قەرەوێڵەیەکی بچووك کە لە پشتی پەردەکە و تەنیشت ئامێرەکە بوو، ڕاکشام و ئەویش هێڵکاریی دڵی بۆ گرتم، لە کاتێکدا کە سەیری هێڵە خوار و خێچەکانی هێڵکارییەکەی دەکرد، گوتی: سوپاس بۆ خوا کێشەیەکی تایبەتیت نییە. دوایی لەو ترمۆزەی لەسەر مێزەکەی دانابوو، پەرداخێك چای تێکرد و، کەمێك شەکری تێکرد و کاتێك تێکی وەردا، وەدەستی منی دا و گوتی: بخۆوە. پاشان لەسەر قەرەوێڵەکە لە تەنیشتم دانیشت و گوتی: بەڵام وا هەست دەکەم فشارێکی زۆری تووڕەبوون وای لە تۆ کردبێ، وانییە؟

بە ساردییەوە گوتم: بەڵێ.

- دەتوانم بپرسم کە چ شتێك ڕوویداوە؟ هەڵبەت ئەگەر پێت ناخۆش نەبێ!

حەزم دەکرد قسە بکەم و دەردەکەمی بۆ باس بکەم. بەڵام دەتگوت زاریان درووم. دەستی لەسەر شانم دانا و گوتی: دەزانی پێشینان گوتوویانە باسکردنی کێشە و دەردەدڵ کردن لەگەڵ کەسێکی دیکەدا، مرۆڤ ئاسوودە دەکات. ئێستا ئەگەر پێت خۆشە قسە بکە.



دەنگم لە قوڕگمدا گیرابوو. سەیری چاوەکانمی دەکرد. وەك ئەوەی کە قووڵایی دەردەکە لە چاواندا بخوێنێتەوە گوتی: پێناچێ کێشەیەکی ئاساییت هەبێ. لەم تەمەنەدا تۆ زیاتر کێشەی سۆزداریت هەیە. ڕاستە؟ سەرم بە نیشانەی بەڵێ ڕاوەشاند.

- کچێکت خۆشدەوێ و بنەماڵەکەی ناتدەنێ؟
- بە ئارامی گوتم: نەخێر.
- کەواتە چی ڕوویداوە؟

نازانم چی بووە، یەکسەر گوتم: هاوسەرەکەم ئەمڕۆ مرد.

بە سەرسوڕمانەوە گوتی: هاوسەرت مرد؟ وا نایەتە بەرچاو کە تۆ ژنت هێنابێ. بەڕاستی بەداخەوەم. خەمێکی گەورەیە. زۆر گەورە، پاش کەمێك بێدەنگی گوتی: تەمەنی چەند ساڵ بوو؟!

- نۆزدە ساڵ.
- زۆر گەنج بووە. ان شاالله خوا لێی خۆش دەبێ. نەخۆش بوو؟
- بەڵێ، نەخۆشی سیلی سییەکانی گرتبوو.
- خۆ منداڵت نییە؟
- کچێکم هەیە.
- منیش کچێکم هەیە. زۆر هەست ناسکە و زوو تووڕە دەبێ. کچ زۆر پێویستی بە خۆشەویستی باوکی هەیە. تۆ زۆر بەهێز بە. ئێستا تۆ باوکی کچەکەتی و دەبێ جێگەی دایکی بۆ پڕبکەیتەوە، دان بەخۆتدا بگرە و خۆت کۆنترۆڵ بکە. زۆر بەهێز لەسەر پێیەکانی خۆت ڕاوەستە و بەتەنیا جێی مەهێڵە. هەستە سەرپێ کابرا، کچەکەت چاوەڕێتە!

قسەکانی ئەو دوکتۆرە وورەیەکی باشیان پێ بەخشیم. بۆ لای حۆرا گەڕامەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سوێند خواردنەکەم ڕاستگۆبم و تا دوایین چرکەکانی ژیانم لەلای ئەو بم.

هەفتەیەك دواتر بڕیارمدا بە دزیی سەرێك لە روکسانا و پاشان سەرێکیش لە دایکم بدەم. جلوبەرگێکی کۆن و دڕاوم دەبەر کرد ماتۆڕێکم بەکرێ گرت و لە نزیك

ماڵی روکسانا لە جێگەیەك خۆم شاردەوە. سەیارەیەکی پۆلیسی کە لە پێش ماڵی ئەوان ڕاوەستابوو، سەرنجی منی ڕاکێشا. پاش ماوەیەك روکسانا لەگەڵ پیاوێك و پۆلیسێك بە جلوبەرگی ڕەشەوە هاتەدەرێ و، سواری سەیارەکە بوو و ڕۆیشت. بەدوای سەیارەکە کەوتم. سەیارەکە بۆ ناو حەوشەی بەڕێوبەریەتی پۆلیسی ئەو ناوچەیە چوو و، پاشان روکسانا لەگەڵ دوو نەفەرەکە لە سەیارەکە دابەزی، بۆ نێو بینایەکە ڕۆیشت. هەروەها منیش پاش ئەوان بۆ نێو بیناکە چووم. بەڵام بە شێوەیەك کە ئەوان هەست پێ نەکەن، لە گۆشەیەك ڕاوەستام. پاش کەمێك چاوەڕوانی، کەسێك بانگی روکسانای کرد بۆ ژوورەوە و روکساناش لەگەڵ ئەو پیاوەی کە بەبڕوای من پۆلیس بوو، جلی مەدەنی پۆشیبوو، بۆ ژوورەوە چوو، پۆلیسێکی گەنجیش، کە جلوبەرگێکی یەکڕەنگی پۆشیبوو لەسەر کورسییەك دانیشت و چاوەڕوانی کردن. سوودم لەو هەلە وەرگرت و بۆ لای چووم و گوتم: ماندو نەبی قوربان، بەڕاستی دنیا چاك گۆڕاوە. مرۆڤ ناتوانێت بڕوا بە هیچ کەسێك بکات. هەرگیز ئەم خانمە لەوەی ناوەشێتەوە کە کاری خراپ بکات، وانییە! پۆلیسە گەنجەکە سەیرێکی منی کرد و گوتی: ئەم خانمە کاری خراپ ناکات، بەڵکو لە بنەماڵەیەکی خاوەن شەهادە و بەشەخسییەتە.

- کەواتە ئەدی بۆچی هێناویانە بۆ ئێرە. فێڵیان لێ کردووە، قوربان؟

- گەنجەکە بەبێ تاقەتی، بە شێوەیەك کە دەیویست لە دەستی من ڕزگاری بێت گوتی: نا بابە، شکایەتی لە کوڕی مامی کردووە. ڕۆژی مارەکردنی دەسگیرانەکەی بزربووە و ئەو کچەش وادەزانێ کە کوڕی مامی بەڵایەکی بەسەر دەسگیرانەکەیدا هێناوە.

- باشە بەڕاستی کوڕی مامی ئەو کارەی کردووە؟

- من چوزانم. کوڕەمامەکەشی لەو قسەڕەقانەیە و لەناکاو گوتی: ئەمەیە هات. باوەڕ دەکەی کە ئەم جۆرە کارانە بکات؟

چاوم بە پەروێز کەوت. هەروەك جاران جوانپۆش و ڕێك و پێك بوو. بەڵام بە ڕوخسارێکی شێواو و تووڕە لەگەڵ پیاوێکی نەناسراو بوو، بەبێ ئەوەی کە سەیری دەوروبەری بکات، یەکسەر بۆ ئەو ژوورەی کە روکسانای لێ بوو، چوو. ئاماژەم بۆ ئەو پیاوە کرد کە لەگەڵ پەروێز بوو، گوتم: ئەو پیاوە کێیە؟



پۆلیسە گەنجەکە گوتی: پارێزەریەتی. بەبێ پارێزەرەکەی سەلامیش ناکات.

- تۆ کە سەرت لەم جۆرە کارانە دەردەچێ، نازانی کێشەکەی ئەوانە چەندە درێژە دەکێشێ تا چارەسەر دەبێ؟ بە ڕواڵەت ناکۆکییەکی سادەیە.

پۆلیسە گەنجەکە بە نیگای کەسێکی ئاقڵ کە تەماشای کەسێکی گێل بکا، سەیری کردم و گوتی: تۆ چی دەزانی بابە، کێشەکەیان زۆر درێژە دەکێشێ. هەتا ئەو کوڕە دەیسەلمێنێ کە ئەم کارەی نەکردووە، ماوەیەکی زۆری دەوێت. هەروەها کوڕەمامەکەشی شکایەتی لەم خانمە کردووە.

- چ شکایەتێك؟

- شکایەتی گەڕانەوەی ئابڕوو و شەرەفی. لەناکاو چاوی لە من کرد و گوتی: باشە تۆ لێرە چی دەکەیت؟ لەبەرچی، خۆت لە کاری خەڵکییەوە هەڵدەقورتێنی. بڕۆ بەدوای کاری خۆت بکەوە.

گوتم: بەسەرچاو قوربان، تووڕە مەبە دەردە دڵێکمان کرد. هەروەها ملی ڕێگەم گرت بۆ ئەوەی بڕۆم کاتێك گوتی: نەڕۆی، ڕاوەستە، سەرەتا پێم بڵێ لێرە چ کارێکت هەبوو، پاشان بڕۆ.

نەمدەزانی چ بڵێم. یەکسەر گوتم: ماتۆڕەکەیان دزیوم هاتم بۆ ئەوەی شکایەت بکەم. دەکرێ تۆ ڕێنماییم بکەیت؟ ئەویش کەمێك ڕێنمایی کردم و، منیش بە شێوەیەك کە هەست پێ نەکات لە پۆلیسخانەکە هاتمە دەرێ.

لەو بارودۆخە شێواوەی کە دروست بووبوو، سەرم سوڕمابوو. لەو ناوچەیە دوورکەوتمەوە. هەرچەندی بیرم لێ دەکردەوە، دەمزانی کە چارەیەك نییە جگە لەوەی کە نامەیەك بۆ روکسانا بنووسم و، هەموو شتێکی بۆ باس بکەم. بەم شێوەیە پەروێزیش واز لە شکایەتەکەی خۆی دێنێ.

بۆ دوو کانێك چووم و کاغەزێك و زەرفێکی نامەم کڕی و، ڕووداوەکەم زۆر بە کورتی بۆ روکسانا نووسی و، داوام لە روکسانا کرد کە هیچ شتێك دەربارەی

نامەکە و، بەسەرهاتی ژیانی من بە کەس نەڵێت. پاشان نامەکەم لە ژێر دەرگاوە هەڵدایە نێو ماڵەکەیان.

دوو ڕۆژ دواتر پاکەتێك شیرینی بچووکم کڕی و، دووبارە بۆ پۆلیسخانە چووم و، هەمان پۆلیسی گەنجم بینییەوە، کە لە گۆشەیەکی حەوشەی پۆلیسخانەکە ڕاوەستابوو، لەگەڵ یەك لە هاوڕێیەکانی قسەی دەکرد. چوومە لایان و پاشان پاکەتە شیرینییەکەم کردەوە و گوتم: قوربان کێشەکەی من چارەسەر بوو. شیرینیم هێناوە بۆ ئەوەی دەمتان شیرین کەن.

لە کاتێکدا کە بە پێکەنینەوە شیرینی هەڵدەگرت گوتی: ماتۆڕەکەت دۆزرایەوە؟

- بەڵێ.
- لە کوێ بوو؟
- کەس نەیدزیبوو. یەکێك لە هاوڕێکانم بە گاڵتە بردبووی، هەر ئەو ڕۆژە لە نیوەشەودا بۆی هێنامەوە.
- ئێستا بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟ خۆ ماتۆڕەکەت دۆزراوەتەوە!
- بۆ ئەوە هاتم تا واز لە شکایەتەکەم بێنم. ئەرێ بە ڕاست کێشەی خانم و پیاوەکە چی بەسەر هات؟ یاخوا کێشەی ئەوانیش وەك کێشەکەی من بەباشی چارەسەر بێت! مرۆڤگەلێکی بەشەخسیات دەهاتنە بەرچاو.
- ڕاست دەکەی بابە، مرۆڤی ڕێك و پێکن. هەرهەمان ڕۆژ خانمەکە هات و شکایەتەکەی خۆی وەرگرتەوە. پاشان پیاوەکەش وازی لە شکایەتەکەی خۆی هێنا و، وەریگرتەوە.
- زۆر باشە، سوپاس بۆ خوا کە کێشەکەی ئەوانیش چارەسەر بوو.
- بەخوا ئەفسەرەکە دەیگوت: خانمەکە ئەمڕۆ دەچێ بۆ خاریج، لەلای ئەفسەرەکە گوتبووی سەعات (٥)ی دوای نیوەڕۆ بە فڕۆکە دەڕۆم.

سەعات (٤)ی پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە پێش ماڵیان بووم. پاش ماوەیەك سەیارەیەك هات و چەند دەقیقەیەك دواتر خزمەتکارەکە چەند جانتایەکی گەورەی لە



سندوقی دواوەی سەیارەکە بارکرد و پاشان پرۆفیسۆر و ڕوکسانا سواری سەیارەکە بوون و ڕۆیشتن. بەم شێوەیە ڕوکسانا بە یەکجاریی لە ژیانی من چۆدەرێ.

تەرمی زیبام لە تەنیشت مەزاری دایك و باوکی بەخاك سپارد و بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناسنامە چووم و ناسنامەی حۆرام بە ناوی خۆم و زیباوە دەرهێنا و، بۆ ئەم خانووە گەڕامەوە.

هەر ڕۆژێك کە تێدەپەڕی، زیاتر تێدەگەیشتم کە زیبا چەندە تاڵی و سوێریی بە گیان کڕیوە و چێژتوویەتی، پاش چەند ڕۆژێك یادی دایکم ئازاری دەدام. بەبێ ئەوەی کەس بزانێ لە ماڵ هاتبوومە دەرێ، ئەویش لە ڕۆژی گۆڕینەوەی ئەڵقەی هاوسەریمدا و، ئیتر بۆ ئەو ماڵە نەگەڕابوومەوە. کەواتە بێشك دایکم نیگەرانە و ئامانی لێ هەڵگیراوە. چەندین جار دەمەویست هەر نەبێ بە تەلەفۆن هەواڵی سەلامەتیم بە دایکم بڵێم. بەڵام سوێندەکەم بە بیر دەکەوتەوە. ئازاری ویژدان چنگی لە هەموو گیانم گیر کردبوو. ڕووح و گیانی دادەتاشیم. زیبام بەبیر دەکەوتەوە کە بێگومان ئەویش ئەم حاڵ و ڕۆژەی هەبووە. ئەو دایك و باوکیشی بەبێ هەواڵ واز لێهێنابوو و ڕۆیشتبوو. چەندین جار بۆ نزیك خانووەکەمان چووم و لە دوورەوە چاوەڕوان بووم. بۆ ئەوەی بەڵکو دایکم ببینم، بەڵام نەمبینی. چەند مانگێك تێنەپەڕیبوو کە دایکم لە تاوی دووری و بێ خەبەری من نەخۆش بووبوو و هەواڵی نەخۆشی دایکم خەوی لە چاوان هەڵگرتبووم. لە ناخەوە خۆم دەخواردەوە و ویژدانم ئازاری دەدام کە بۆچی من ئەم کارەم کرد. دایکم کەسێك بوو کە هەموو گیانی خۆی لە پێناوی مندا بەخت کردبوو، دایکم لە تاوی بینینی من لە نەخۆشخانە خەوێنرابوو و، منیش تەنانەت لە ئاخر چرکەساتی ژیانیدا لە بینینی بێبەش بووم و، لەسەر تەختی نەخۆشخانەش بۆ لای نەچووم. دایکم لە نەخۆشخانە مرد و خەمێکی گیانکێشی دیکەی بە دیاری بۆ بەجێهێشتم.

منیش هەروەك زیبا لە دوورەوە سەیری بەخاکسپاردنی جەنازەی دایکم کرد و، لە دوورەوە لەسەر قەبرەکەی گریام. منیش نەمتوانی ڕوخساری ئازاردیدە و

میهرەبانی دایکم لە کۆتایی چرکەکانی ژیانی و، هەتا لە پێش مەرگیشیدا ببینم و ماچی بکەم. ئەمە چوارەمین قوربانی دەستی دێوەزمەی خۆپەرستی و بێ ویژدانیی گیانی من بوو.

پەنام بۆ خوا برد بۆ ئەوەی لەو کارانەی کە کردبوومن پەشیمان ببمەوە. زۆر جار گوێم لێ بووبوو: ئەگەر سەدجاریش تۆبەت شکاند، دووبارە وەرەوە و تۆبە بکەوە.

نوێژم دەکرد و لە خوا دەپاڕامەوە و داوای لێخۆشبوونم دەکرد، هەموو ڕۆژێك هەر وەك زیبا لەگەڵ هەر گریەیەك کە لە فەرشم دەدا یادێکی خوام دەکرد و داوای لێخۆشبوونم دەکرد. شەو تا بەرەبەیان بە کردنی نوێژ و دوعا سەرگەرم بووم. ئاگاشم لە حۆرا بوو، هەموو خۆشەویستییەکەی خۆمم پێشکەش دەکرد. پوورە گولابیش هەروەك دایکێك هەموو کات لەلام بوو و، یارمەتی دەدام. دوو ساڵ پاش مەرگی زیبا، پوورە گولابیش دنیای بێ وەفای بە جێهێشت و ڕۆیشت، پاش مردنی ئەو ژیان بۆ ئێمە ناخۆشتر بوو.

پاش ماوەیەکی کەم لە مردنی پوورە گولاب، وردە وردە مووەکانم، تەنانەت مووی برۆیەکانیشم دەستیان بە وەرین کرد. ڕوخسارم زەرد هەڵگەڕا و دەردێکی کوشندە یەخەی گرتم. هەموو ئەوانە یەك شتیان نیشان دەدا؛ ئەویش مەرگی من بوو... دوا قوربانی ئەم دێوەزمەیە خۆم بووم. سەردانی دوکتۆرم کرد و پاش ئەنجامی پشکنین و شیکارییەکان، دوکتۆر گوتی: کە شێرپەنجەی پڕۆستاتت گرتووە. گوتیشی: نەخۆشییەکەت پیس بووە، کە ئیتر دەوا و دەرمان سوودێکی نییە. لەوەو بەدواوە هەمیشە نیگەرانی چارەنووس و ئایندەی حۆرا بووم. هیچ کەسێکم بە ئەمین و خواناس نەدەزانی کە گەوهەری گیانمی پێ بسپێرم. جگە لە تۆ، لە پەروەردگار پاڕامەوە کە وەڵامی دوا داواکاریی ژیانم بە ئەرێ بداتەوە، پەروەردگاریش بە ڕەحمەتی خۆی وەڵامی دامەوە و، تۆی لەو شەوە غەریبەدا بۆ یارمەتی من نارد. هاوڕێی باشم. تو گیانی خۆت و گیانی حۆرا، سەرەتا حۆرا بە خوا دەسپێرم، پاشان بە تۆی دەسپێرم. حۆرا بە ئیمانەوە گەورە بکە و ئەو سێ وەسیەتەی دایکی هەموو کاتێك



بەبیر بێنەوە. ئەگەر ئارەزووت لێ بوو ناسنامەکەی بە ناوی خۆت و هاوسەرەکەتەوە بکە. بەڵام هەر کاتێك پێت باش بوو، بەسەرهاتی ژیانی من و دایکی بۆ باس بکە. ئومێدەوارم خوای گەورە پاداشتی تۆ بداتەوە. من جگە لە دوعاکردن هیچ شتێکی ترم لەدەست نایەت، نازانم جا قبووڵ دەبێ یان نا!

**********

شەهریار هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا و، زۆر ماندو بووبوو. وەك ئەوەی بارێکی گرانیان لەسەر شانی لابردبێ. هەستم کرد ئارەزوو دەکات بخەوێت. نێوچاوانیم ماچ کرد و خواحافیزیم کرد. لە کاتی خواحافیزیکردن بە هەموو ئەو هێزەی کە لە لەشیدا مابوو دەستی گوشیم و، چاوەکانی لەسەر یەك دانا و، دڵۆپە فرمێسکەکانی لە زیندانی بژۆڵێدا بەند کردن.

نیوەشەوی هەمان ڕۆژ لە نەخۆشخانەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم، گوتیان شەهریار مردووە و، خزمەکانی بۆ وەرگرتنەوەی جەنازەکەی بێنە نەخۆشخانە. بۆ بەیانی، مردنی شەهریارم بە هەموو خزمان و هاوڕێیان و ناسیاوەکانی ڕاگەیاند. تەرمی شەهریارمان لە تەنیشت گۆڕی زیبا بەخاك سپارد و، پرسەیەکی ڕێك و پێکمان بۆ دانا. ژمارەیەکی زۆر خەڵك لە بەخاکسپاردنی ئەودا بەشدارییان کرد و، هەموویان پرسیاریان دەربارەی پەیدابوونەوە و هۆی مردنی شەهریار دەکرد. بەڵام کەس چۆنیەتی بەسەرهاتی ئەوی تا ئەمڕۆ نەزانی، تەنها ئەوەیان دەزانی کە ئەو بە نەخۆشی شێرپەنجە گیرۆدە بووبوو و، بەهۆی هەمان نەخۆشی گیانی بە پەروەردگار بەخشی.

ئەو خانووەی کە شەهریار ناوی لێ نابوو کۆختەی خەمان، بەڕاستی شایەنی ئەو ناوە بوو؛ لەسەر داواکاریی پوورە گولاب، پاش چاککردنەوەی، بۆ بنەماڵەیەکی فەقیر و بەئیمانمان کرد بە دیاریی. حۆراشم وەك منداڵی بنەماڵەی خۆم هێنا و، تا ئەمڕۆش هیچ درێغیم لە خزمەتکردنیدا نەکردووە و، هیچ کەم و کوڕیەکم لە خۆشەویستی باوکایەتیدا بەرانبەر نەنواندووە و لە ڕووحی خۆشم خۆشتر دەوێ!

فەرشی چنراوی دەستی زیبا و شەهریارم بە ئەمانەت بۆ ماڵەوە هێناوە، تا پاش شووکردنی حۆرا، بیدەمەوە. ئومێدەوارم کە مافی ئەمانەتی هاوڕێیەتیم ڕێك و پاك و دروست پاراستبێ و، هیچ کەم و کوڕیم تێدا نەکردبێ. داواکاریشم کە خوای بێ هاوتا و، هاوڕێی خۆشەویستم لە من ڕازی بن.

س

*( ئەحمەد )*

*********

ئەمە دوا لاپەڕەی دەفتەرەکە بوو، لەگەڵ ئەوەی کە توانای داخستنی دەفتەرەکەم نەبوو. زۆر بە ناخۆشی دەفتەرەکەم داخست و، ڕێگەم بە فرمێسکەکانم دا کە ئازادانە و بێ ترس بڕژێن.

لەوەی کە هێندە زوو و بەپەلە ئەنجامی بەسەرهاتەکەم بەدەست هێنابوو، شەرمەزار و خەجاڵەت بووبووم و، وەك ئەوەی کە لە خەوێکی درێژ و قووڵیش بە ئاگاهاتبمەوە، خۆشحاڵ بووم!

دەنگدانەوەی ئارام و گیان لاوێنی بانگی مزگەوت لە دوورەوە دەبیسترا. تاکو ئێستا ئەوەندە لە بیستنی ئەم دەنگە چێژم وەرنەگرتبوو، کە دەیگوت: ((بەڵێ، بەڵێ، ئەی نووستوان، ئەی مردوانی بێ ئاگا، لە خەو ڕابن، خەوی بێ ئاگایی و سەرلێشێوان، هەڵستن و ڕووح و جەستەتان بە ئاوی دەستنوێژ پاك و خاوێن بکەنەوە، بۆلای پاکی و ڕاسگۆیی ڕێگە بگرن، بۆ لای بەئاگایی و ڕۆشنایی، بۆ لای نووری گەورەیی. بۆ لای جوانی و گەشانەوە، دەرگاکانی بەهەشتی بەڵێن پێدراو بۆ ئێوە کراوەن، هەتا کاتتان لەپێش ماوە، بەرەوڕووی بچن و لێی بێبەش مەبن!)).

بەپەلە لە ژوورەکەم هاتمەدەرێ و، دەستنوێژم هەڵگرت و، دەستم بە نوێژ کرد، بە تەواوی گیانم داوام لە پەروەردگار کرد یارمەتیم بدات، بۆ ئەوەی هیچ کاتێك لە ڕێگەی ڕاست لانەدەم. بە هەموو هێزی دەروونمەوە خۆم بە خوای گەورە سپارد. نازانم کات چەندە تێپەڕیبوو، بەڵام هەستم بە خۆشی و ئارامی و سووکی دەکرد،



بەرماڵەکەم هەڵگرتەوە و چوومە سەرجێ، کەمێك بخەوم. بەڵام هەستکردن بە بێ هێزیی و برسییەتی، هیچ مەودایەکی بۆ نووستن نەهێشتبوو. بۆ ژووری چێشت لێنان چووم، شتێك بۆ خواردن پەیدا بکەم.

بە سەرسوڕمانەوە دایکم بینی کە مێزی ناخواردنی بەیانی ئامادە کردبوو و، باوکیشم کە نانی گەرم و بۆنخۆشی لەسەر دەست بوو بۆ ژووری چێشتخانە دەهات. هەموومان نانی بەیانیمان خوارد و، پاشان جلوبەرگی ڕەشمان پۆشی و بۆ لای گۆڕی باوك و دایکم و گۆڕی هەردوو داپیرەکانم و گۆڕی باپیرم ڕێگەمان گرتەبەر. بە درێژایی ڕێگە کەس قسەی نەدەکرد. بۆ ئەوەی کە هەم بێدەنگی بشکێنم و هەم لە شەڕی پرسیارێك، کە لە مێشکمدا هاتوچۆی دەکرد، ڕزگارم بێت، بە باوکم گوت:

- بابە، دەتوانم پرسیارێکت لێ بکەم؟

- فەرموو کچم، بپرسە!

- دەمەویست بزانم کە بە ڕاستی ئەو هەموو چیرۆکە دوور و درێژە، شەهریار لەو کاتە کەمەدا بۆی گێڕایەوە؟

وێنەی باوکم لە ناو ئاوێنەی سەیارەکەدا دەبینی، پێکەنی و گوتی: تۆ چۆن بیردەکەیتەوە؟

- وا هەست دەکەم زیاتر کاری خۆت بێت.

بە شێوەیەکی جددی گوتی:

- نا، خۆشەویستەکەم، لە ڕاستیی چیرۆکەکە هەرگیز گومان مەکە، ڕاستی و دروستی چیرۆکەکە بەم شێوەیە کە شەهریار گوتی و، منیش وەك نووسەر تەنها لق و پۆپ و گەڵام بۆ دروستکردووە و، هەوڵمداوە کە لەوەش زیندووتر و باشتری بکەم، ئومێدەوارم کە سەرکەوتوو بووبم.

خەندەیەکم کرد و گوتی: بەڵێ، سەرکەوتوو، چۆن؟!

- ئێستا ئەگەر پرسیارێکی دیکە بکەم، کێشەیەك نییە؟

- نا، خۆشەویستەکەم، هەرچی ویستت، بپرسە.

– ئەو نامەیەی کە شەهریار دای بە تۆ، چی بوو؟

– هەر ئەو نامەیە بوو کە ڕۆژی ژمارەکردنەکەی بەدەستی گەیشتبوو. واتا: ئاخر نامەی دایکت و، تەنها یادگاری بەجێماوی دایکت بوو، بەڵام وێڕای تۆ.

– نامەکەی دایکم و چرکەساتە خەمناکەکانی نووسینی ئەو نامەیەم بەبیرکەوتنەوە، دووبارە بێدەنگی باڵی بەسەر نێو سەیارەکەدا کێشا، کەمێك دواتر باوکم لە تەنیشت گوڵفرۆشییەك ڕاوەستا و، دەسکە گوڵێکی سووری جوانی کڕی و دەستی بە ڕۆیشتن کردەوە. گەیشتینە سەر گۆڕی ئەوان. سەدان جار چووبوومە سەر ئەو گۆڕانە و فاتیحام خوێندبوو، بەڵام هیچ کاتێك نەمدەزانی ئەم مەزارانە پێوەندیان بە کێوە هەیە! هەستم دەکرد هەموو ئەوانە لەلای ئێمە ئامادەن و، سەرگەرمی تەماشاکردنی ئێمەن. فاتیحامان بۆ هەموو مردووەکان نارد و قورئانمان بۆ خوێندن، پاش گەڕانەوەمان لەسەر گۆڕی دایك و باوکم، باوکم ئێمەی بۆ پارکە جوانەکەی جەمشید برد. چەند کەش و هەوایەکی جوان و دڵگیری هەبوو! هەر بەو شێوەیەی کە بە ئارامی پیاسەمان دەکرد، بڕیارمدا هەرچی کە بەسەر من و عەلی ڕەزادا هاتووە بۆ ئەوانی باس بکەم.

لەگەڵ خۆمدا کێشمە کێشم بوو بۆ ئەوەی هەرچی زووترە هەموو شتێك بخەمەڕوو. بەڵام هەستکردن بە خەجاڵەتی و شەرمەزاری، ڕێگەی لێ گرتبووم کە ئەم کارە بکەم. لە کۆتاییدا دڵم خستە نێو دەریا و بە هێواشیی و لەسەرخۆیی هەموو شتێکم بۆ دایك و باوکم باس کرد. لە کاتی قسەکردنمدا بەردەوام سەیری ڕوخساری ئەوانم دەکرد، بەڵام ئەوان هەرچەندە کە بێدەنگ و ئارام بوون، سەراپای لەشیشیان گوێ بوو و، هیچ کاردانەوەیەکیان جگە لە بێدەنگی نیشان نەدا و بێدەنگییەکەی ئەوان، منی بۆ زیاتر باسکردن هاندەدا. کاتێك هەموو شتێکم بۆ گێڕانەوە، هەستم بە خۆشی دەکرد. پاش تەواوبوونی قسەکانم، باوکم بە ئارامی گوتی: کچم، بەوەی کە بڕوات بە من و دایکت هەیە و هەموو شتێکت باس کرد، زۆر خۆشحاڵین. بەڵام خۆشەویستەکەم، ئێمە هەموو شتێکمان دەزانی. هەر لەو ڕۆژە سەرەتاییانەی کە هەڵسوکەوتی تۆ کەمێك گۆڕا، ئێمە



بیرمان لە هەڵسوکەوتی تۆ کردەوە. لەبەر ئەوە من چەند هەفتەیەك مۆڵەتم وەرگرت و، نەچوومە سەرکار بۆ ئەوەی سۆراغی تۆ بکەم و بزانم تۆ چی دەکەی و لەگەڵ کێ هەڵسوکەوت دەکەی. بەڵام تۆ ئەم کارە وا لێك مەدەوە کە ئێمە بڕوامان بە تۆ نییە؛ بەڵکو ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو دایك و باوکێکە کە هەمیشە ئاگادار و بەرپرسی منداڵەکانیان بن. هەروەها من عەلی ڕەزاشم سۆراغ کرد و لێم کۆڵییەوە. هەم لە زانکۆو هەم لە دەوروبەری ماڵ و گەڕەکەکەیان دەربارەی ئەو توێژینەوەم کرد، بەڵام بە شێوەیەك کە عەلی ڕەزا هەست پێ نەکات.

ئێستا ئەگەر دەربارەی ئەم باسە ڕای ئێمەت دەوێت بەبڕوای من باشترین و یەکەمین کارێك کە دەبێ ئەنجامی بدەی ئەوەیە کە ئەو دەفتەرەی چیرۆکەکەم لێ نووسیوە بیدەی بە عەلی ڕەزا بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە. ئەگەر ئەو کاتەش هەر ئامادەبوو بۆ خوازبێنیت بێت، ئێمەش بە ڕوویەکی کراوە و گەشەوە داوا لە عەلی ڕەزا دەکەین کە لەگەڵ بنەماڵەکەی بۆ ماڵی ئێمە بێن و ئەم دۆستایەتییە لە نێوان هەردوو بنەماڵەکە دروست ببێ. لەم کاتەدا باوکم سەیری دایکمی کرد و ئەویش بە قسەکانی باوکم ڕازی بوو.

بە ناڕەحەتییەوە گوتم: نا بابە، من هیچ کاتێك ئەم کارە ناکەم. ئەگەر عەلی ڕەزا ئەم دەفتەرە بخوێنێتەوە بێشك بیرکردنەوەی دەربارەی من دەگۆڕێ. ئێستا چ پێویست دەکات ئەو بزانێت کە ئێوە باوك و دایکی ڕاستەقینەی من نین؟!

دایکم بە ئارامی گوتی: حۆرا گیان، ئەگەر تۆ بتەوێت بناغەی ژیانی هاوسەرێتی هەر لە سەرەتاوە لەسەر درۆ بنیات بنێی، دڵنیابە هیچ کاتێك لە ژیاندا ئارام و ئاسوودەییت نابێ و، هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەبی؛ چونکە لەوە دەترسێی ئەم نهێنییە ئاشکرابێ!

باوکم لە بەرانبەرم ڕاوەستا و، دەستی خستە سەر شانەکانم و گوتی: کچم، تۆ هەموو کاتێك کچی بەڕێزی ئێمەی. دڵنیابە ئەگەر تۆ نەتەوێت عەلی ڕەزا ئەم باسە بزانێت، هیچ کات من و دایکت دەربارەی ئەو بەسەرهاتە قسەیەك ناکەین و

کارێك ناکەین کە ئەو تێبگات. بەڵام باشترین کار هەر ئەمەیە کە خۆت هەر لە سەرەتاوە ڕاستییەکەی بڵێی. ئێستا زۆر باش بیر لە بابەتەکە بکەوە و، چیت پێ باش بوو، ئەوە بکە.

ئەو ڕۆژە تا شەو بیرم کردەوە، هەستم کرد کە باوك و دایکم ڕاست دەکەن. بۆ بەیانی دووبارە عەلی ڕەزام لەو کۆڵانە بینییەوە. هەستێکی نامۆم هەبوو. هەستم دەکرد کە خەریکە خۆشەویستترین کەسی ژیانم لەدەست دەدەم و، بە واتایەکی دیکە هەموو ژیان و ئاواتەکانم دەدۆڕێنم!

بە هێواشی سەلامم لێ کرد و، ئەویش بە خۆشحاڵی وەڵامی دامەوە، وەکو هەموو کاتەکان شاد و بە کەیف بوو. بە دوودڵییەوە دەستم خستە نێو جانتایەکەم و دەفتەرەکەم دەرهێنا و، لەپێش عەلی ڕەزام ڕاگرت، بە سەرسوڕمانەوە گوتی: ئەوە چییە؟ دەفتەری یادگارییە؟!

– هەمیشە تۆ کتێبت دەهێنا و داوات لە من دەکرد کە بیخوێنمەوە. ئەوجار من شتێکم هێناوە تۆ بیخوێنییەوە. تکات لێ دەکەم هەردەبێ بیخوێنییەوە. سەرباری ئەوەش من چی دی تەلەفۆن بۆ تۆ ناکەم؛ پاش خوێندنەوەی ئەم دەفتەرە، ئەگەر ئارەزووت لێبوو، تۆ تەلەفۆنم بۆ بکە!

لە کاتێکدا بە گومان و پێکەنینەوە سەیری دەفتەرەکەی دەکرد و، پەڕەکانی هەڵدەدایەوە، گوتی: ئەمڕۆ تۆ لە پەردەدا قسە دەکەیت، ناکا ئەو دەفتەرە بۆمبی تێدابێت!

بە پێکەنینێکی کورتەوە گوتم: نا، دڵنیابە بۆمبی تێدانییە و، بۆ دواجار سەیرمکرد و، بە خواحافیزییەکی کورت ملی ڕێگەم گرت و، عەلی ڕەزام بەجێهێشت. لە دوورەوە گوێم لە دەنگی خواحافیزیی ئەو بوو. بەڵام لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بووم.

بە درێژایی ئەو ڕۆژە چاوەڕوانی زەنگی تەلەفۆن بووم. بەڵام عەلی ڕەزا تەلەفۆنی نەکرد. هەفتەیەك تێپەڕی هیچ تەلەفۆنی نەکرد. وامدەزانی تازە هەموو شتێك بۆ من کۆتایی هاتووە. لە کاتی عەسردا زەنگی تەلەفۆن لێیدا. کاتێك تەلەفۆنەکەم



هەڵگرت، عەلی ڕەزا بوو. لەخۆشیان خەریك بوو باڵ دەرکەم و بفرم. بەڵام دەنگی ئەو کەمێك غەمگین و نیگەران بوو. پاش سەلام و هەواڵپرسییەکی کورت، گوتی: حۆرا، دایك و باوکت لە ناسین و خۆشەویستییەکەی ئێمە ئاگادارن؟

– بەڵێ، ئەوان هەموو شتێك دەزانن.

– خۆت بە ئەوانت گوت؟

– بەڵێ، خۆم پێیانم گوت، بەڵام ئەوان پێشتر هەموو شتێکیان دەزانی. واتە لە گۆڕانی هەڵسوکەوتی من، هەستیان پێکردبوو کە شتێك لەئارادایە. لەبەر خاتری ئەوە ئێمەیان لەژێر چاودێریی دانابوو. هەتا باوکم لە زانکۆ و لە گەڕەکەکەشتان دەربارەی تۆ لێکۆڵینەوەی کردبوو، بەڵام بە شێوەیەك کە تۆ هەست پێ نەکەیت!

– باشە، ئێستا وەڵامی لێکۆڵینەوەکە چی بووە؟

– نازانم، باوکم هیچ شتێکی نەگوت، منیش هیچ شتێکم نەپرسی.

– بۆچی، تۆ زۆرت پێ گرنگ نەبوو؟

– با، من زۆرم پێ گرنگ بوو، بەڵام ترسام لەوەی کە شتێکی باش دەرهەق بە تۆ باس نەکەن.

– کە وایە، کەمێك ئومێدەوارم. بەڕاست، باوکت لە کەیەوە هەستی پێکردووە؟

– هەر لە سەرەتاوە، وا هەستدەکەم یەك دوو هەفتە دوای یەکترناسینی ئێمە.

– کەواتە باوکێکی زۆر تێگەیشتوو و بە شەخسییەتت هەیە، کە لە مێژە لە هەموو شتێك ئاگادارە و لە ڕووی تۆی نەداوە. (پاش کەمێك بێدەنگی) گوتی: حۆرا دەتوانم بێم باوکت ببینم و قسەی لەگەڵ بکەم؟

– لەکوێ؟ لە ماڵی ئێمە؟

– بەڵێ، هەڵبەت ئەگەر کێشەیەك نەبێ!

– نا، هیچ کێشە نییە. باوکیشم دەیگوت حەزدەکەم ئەم دۆستایەتییە لە نێوان بنەماڵەکانماندا دروست ببێت.

– نا، حۆرا، من دەمەوێت سەرەتا خۆم بەتەنیا بیێم و، بەتەنیا لەگەڵ باوکت قسە بکەم. تکایە ئەم باسە بە باوکت بڵێ. ئەگەر ڕوخسەت بدات. هەر ڕۆژێك کاتی هەبوو، من دێم و قسەی لەگەڵدا دەکەم. بە سەرسوڕماوی و گومانەوە گوتم: باشە، دواییش پاش خواحافیزییەکی کورت، تەلەفۆنەکەی پچڕاند. پاش دانانی دەسکی تەلەفۆنەکە، نیشانەیەکی پرسیاری گەورە مێشکمی پڕکردبوو. ئەمە چ شتێك بوو کە ئەو تەنیا دەیویست لەگەڵ باوکمدا قسە بکات و بەوی بڵێ؟! سەرەنجام بڕیاردرا کە سێ ڕۆژ دواتر عەلی ڕەزا بۆ ماڵی ئێمەبێت و، لەگەڵ باوکم قسە بکات.

ئەو ڕۆژە ئەوەندە شێوابووم، کە بەیانی زوو لە خەو هەستام. ڕێك بۆ لای دۆڵابی جلەکانم چووم و لەبەر ئاوێنە سەیری خۆمم دەکرد و خۆمم هەڵدەسەنگاند. نیگەرانی پێشوازیی عەلی ڕەزا بووم. دەمەویست هەمموو شتێك بە باشترین شێوە ئامادە بکرێت. هەرچەندە ئەوە خەمی منی بێچارە بوو. بەڵام دایك و باوکم هەمیشە بە باشترین شێوە کارەکانیان جێبەجێ دەکرد. چەند سەعاتێك پێش هاتنی عەلی ڕەزا، جلەکانم پۆشی و خۆم ئامادەکرد.

لەو پێکەنینانەی کە جار جارە بە دیتنی من لەسەر لێوی دایك و باوکم دەنیشت، شەرمم لە خۆ دەکێشا و خەجاڵەت دەبووم، بەڵام بەسەر خۆم نەدەهێنا.

سەرەنجام زەنگی دەرگا لێیدا. لەگەڵ بیستنی زەنگی دەرگا، من خۆم ئامادەکرد، دەرگا لە عەلی ڕەزا بکەمەوە و، بەخێرهاتنی بکەم. بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەی کە لە جێگەی خۆم هەستام. باوکم داوای لە من کرد کە دابنیشم و، گوتی من دەرگا دەکەمەوە و، تۆ لە لای دایکت بە.

باوکم دەرگاکەی کردەوە و، بە بەخێرهێنانێکی گەرم ئەوی بۆ ژوورەوە فەرموو کرد. من و دایکم بەرەو لای ئەوان چووین و عەلی ڕەزا سڵاو و چاك و چۆنییەکی گەرمی لەگەڵ دایکم کرد و، پاش سەلام و هەواڵپرسییەکی کورت لەگەڵ مندا، بێدەنگ بوو. چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەنگ شیری پۆشیبوو، لە هەموو کاتێك جوانتر و دڵگیرتر و دڵڕفێنتر دەهاتە بەرچاوم.



باوکم بە هەمان ئاوازە ئارام و شێوازە دۆستانەکەی، بە عەلی ڕەزای گوت: کاك عەلی، ئارەزوو دەکەی بۆ ژووری میوان بچین و، لەلای هەمووان قسە بکەین، یان بۆ ژووری کاری من بچین کە بێدەنگترە.

عەلی ڕەزاش بە سەرسامیی گوتی: جەنابی نازمی، ئەگەر بێ ئەدەبی نەبێ، بۆ ژووری کاری تۆ بچین، باشترە. پاش داوای لێبووردن لە من و لە دایکم، لەگەڵ باوکم بۆ ژووری کارکردنی باوکم چوو. لەم کارەی زۆر ناڕەحەت بووم. بە دڵشکاویی بۆ ژووری چێشتلێنان چووم و، لەسەر کورسییەك دانیشتم.

بەڵام تاقەتی دانیشتنم نەبوو؛ دڵەڕاوکێ هێزی لێ بڕیبووم. بەردەوام لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ئەوە چ شتێکە کە نابێ من بیزانم؟! لە کۆتاییدا ئارامم لێ هەڵگیرا. زۆر بە هێمنی چوومە پشت دەرگای ژووری باوکم، گوێم بە دەرگاکەوە نووساند و، زۆر جوان گوێم هەڵخستبوو. هێشتا هیچم نەبیستبوو، کە هەستم بە لێدانەکانی دەستی دایکم کرد کە لە شانی دام. بە شێوازێکی پاڕانەوەی بێ قسەکردن داوام لە دایکم کرد هەتا ڕێگەم پێبدات لەوێ بمێنمەوە، بەڵام تکا و پاڕانەوە سوودی نەبوو. دایکم دەستی گرتم و منی لەگەڵ خۆی بۆ ژووری چێشتلێنان برد و، داوای لێ کردم چا تێکەم.

سەرەتا هەستم بە ناڕەحەتییەکی زۆر کرد و، دوایی لە دڵی خۆمدا گوتم: هەرنەبێ بە بیانووی چا بردن دەتوانم کەمێك لە قسەکانیان ببیستم. بەخێرایی بۆ لای سەماوەرەکە چووم و چام تێکرد و ئامادەبووم چا بۆ ژوورەوە ببەم، یەکسەر دایکم سینییە چایەکەی لێ وەرگرتم و، بە سوپاسەوە گوتی: زۆر مەمنوون کچم، من ئەرکی بردنی چایەکە دەکێشم. هەر وەك سەهۆڵ ڕەق بووم و تێگەیشتم کە هیچ چارەیەکم نییە جگە لە چاوەڕوانی کردن. بەڵام ئەوەی کە لە پشتی دەرگای ئەو ژوورە باسکرا، بریتی بوو لە:

*****

– جەنابی نازمی، نازانم چۆن و لە کوێوە دەستپێبکەم! تەنها ئەوە بزانە کە هەست دەکەم دەبێ دەروونم پاك بکەمەوە و، داوای یارمەتیی لە کەسێك بکەم، منیش کەسم لە تۆ باشتر دەست نەکەوت، لەوانەیە دوای بیستنی قسەکانم هەستێکی خراپ لە گیانتدا دروست ببێ، کە ئومێدەوارم وا نەبێ؛ چونکە لەو هەڵسوکەوتەی کە بەرانبەر من و حۆرات ئەنجامدا، زانیم کە مرۆڤێکی بەڕێ و جێ و تێگەیشتووی.

هەموو شتێك دوای خوێندنەوەی ئەو دەفتەرە دەستی پێکرد. پاش خوێندنەوەی بەسەرهاتی ئەو دەفتەرە، ئازار و ئەشکەنجەی ویژدان یەك چرکەش منی بەجێ نەهێشتووە. دەزانی کاك نازمی دوو خوشکم هەیە کە زۆر ئاگام لێیانە و، هەمیشە چاودێریان دەکەم و، زۆریش لەگەڵیان دەمارگیر و تووڕەم. لەبەر خاتری ئەوە هەموو کاتێك هەوڵمداوە لەگەڵ کچاندا هاوڕێیەتی نەکەم و فریویان نەدەم.

بەڵام نازانم ئەوە لە ساویلکەیی، یان لە غرووره درۆینەکەی من بوو، کە هەڵخەڵەتام. چەند ساڵێك لەمەو پێش یەك لە هاوڕێیەکانم هاتە لام و، بەسەرهاتی یەکترناسینی خۆی و کچێکی بۆ من باس کرد و، گوتی: هەرچەندە داوا لەو کچە دەکەم کە ببێ بە خۆشەویستم، ڕازی نابێ. منیش گوتم: باشە، دیارە کچێکی ڕێك و پێك و بەشەخسییەتە، کەواتە، وازی لێ بێنە. بەڵام ئەو گوتی: نا، بابە، سەد دۆستی دیکەی کوڕی هەیە، هەر کەیفی بە من نایەت؛ واتا: زەوقی بە بەژن و باڵایەکەم نایەت. گوتم: دووبارە هەر ناتوانی هیچ کارێك بکەی؛ وازی لێ بێنە. گوتی: ئاخر بڕیارمداوە کە هەر دەبێ لەگەڵ ئەو کچە ببم بە دۆست. ئێستا ئەگەر لەگەڵیدا نەبم بە دۆست، ڕێك ئابڕووم دەچێت و ئیتر ناتوانم لە نێو کوڕانی گەڕەك سەرم بەرزکەم.

سەرەنجام هەرچی من نکۆڵیم لە نەکردنی ئەو کارە کرد، ئەو دەپاڕایەوە و دەیگوت: تۆ تەنها لەگەڵ ئەو ببە بە دۆست و باسی منی بۆ بکە و، پاشان خۆت وازی لێ بێنە. سەرەتا ڕازی نەدەبووم. بەڵام کاتێك هەڕەشە و ترس و بێ قیمەتی هاتە ئاراوە، ڕازی بووم. زۆر بە ئاسانی لەگەڵ ئەو کچە بووم بە هاوڕێ و پاشان هەر بەو شێوەیەی کە هاوڕێیەکەم دەیویست وازم لێ هێنا. لەوە بەدواوە چەندان جار ئەم



کارەم کرد. بەڵام هیچ کات بە هیچ کام لەوانە بەڵێنی خوازتنم نەداوە؛ چونکە ئەو جۆرە کچانەم بە شایەنی هاوسەرگیری نەدەزانین.

سەرەتا کەمێك هەستم بە تاوان دەکرد، بەڵام دواتر، نا؛ لەدڵی خۆمدا دەمگوت: ئەو کچانە بۆ خۆیان دەیانەوێت لەگەڵ کوڕان بن بە هاوڕێ و، کاری نابەجێ بکەن. هیچ کەسیش ناچاری نەکردوون و، کچێکی نەجیب و بە شەخسییەت دەرگای خۆشەویستی لەگەڵ کوڕان ناکاتەوە.

خۆشەویستیی من و حۆراش ڕێك بەم شێوەیە دەستی پێکرد؛ سیامەك دراوسێی کوڕە پوورەکەی من بوو، لە ڕێگەی کوڕە پوورەکەم داوای لە من کرد کە پێوەندیی خۆشەویستی ئەو لەگەڵ حۆرادا دروست بکەم. بەڵام ئەو گوتی : حۆرا کچێکی بەڕێزو نەجیبە و لەگەڵ هیچ کوڕێك پێوەندیی خۆشەویستی نابەستێ. یەکەم جار من گوتم ئەم کارە ناکەم. چونکە هەمیشە لە بیری خوشکەکانمدا بووم. بەڵام بە تکا و پاڕانەوەی سیامەك و کوڕە پوورەکەم و ئەو بڕوایەی کە خۆم هەمبوو، لەگەڵ سیامەك بەرنامەیەکمان داڕشت و بەپێی ئەو بەرنامەیە دەستمان بە کارکردن کرد (بڕیاربوو سەرەتا من لەگەڵ حۆرادا پێوەندیی خۆشەویستی ببەستم، پاشان بە گوتنی ئەمەی کە سیامەکم لەگەڵ کوڕە پوورەکەم بینیوە و، کوڕە پوورەکەشم زۆر باسی کردووە و داوای لێبووردنی لە من کردووە و، بڕیاریداوە چی دی ڕێگە بە حۆرا نەگرێت و، دەیەوێت خۆی بێت و، داوای لێبووردنی لێ بکات. کەم کەمەش دەرگای خۆشەویستیی نێوان ئەو دووانە بکەمەوە و، پاشان خۆم وازبێنم و، بکشێمەوە دواوە). کاتێك سێ هەفتە تێپەڕی و هیچ هەواڵێك لە حۆرا نەبوو، یەکەم جار بوو کە هەستم دەکرد شکستم خواردووە. حۆرا بەڕاستی کچێکی باش بوو. لەبەر ئەوە ئەوم بۆ هاوسەریی خۆم هەڵبژارد و، داوای هاوسەریم لێ کرد. جەنابی نازمی، سوێند دەخۆم کە من تا ئەو کاتە بڕیاری خواستنم بە هیچ کچێك نەدابوو. بەڵام لە بەرانبەر حۆرادا بێشك ئەم مەبەستەم هەبوو. هەر لەبەر ئەوەش دەربارەی حۆرا و بنەماڵەی ئێوە لێکۆڵینەوەم کرد.

– ئێستا تۆ وازت لە بڕیارەکەی خۆت هێناوە؟ من تێنەگەیشتم کێشەی تۆ چییە؟

– نا کاك نازمی، من لە بڕیارەکەی خۆم پەشیمان نەبوومەتەوە، بەڵکو بە ڕاستگۆییەکەی کە تۆ و حۆرا نیشانتاندا، من لەسەر بڕیارەکەی خۆم سوورتر بووم، هەڵبەت ئەگەر تۆ من بە شایەنی بنەماڵەکەی خۆتان بزانی.

بەڵام کێشەی من ئازاری ویژدانە، کە پاش خوێندنەوەی ئەو دەفتەرە دەستی لێ گیرکردووم. دەزانی کاك نازمی، تا ئەو کاتە من هیچ کاتێك بیرم نەدەکردەوە ئەو کارەی کە من دەیکەم ڕووداوگەلێکی ئەوەندە تاڵ و ناخۆشی هەبێ. کاتێك بەسەرهاتەکە تەواو بوو، بڕیارمدا لە چارەنووسی ئەو کچانە بکۆڵمەوە؛ کە دەرگای خۆشەویستیم لەگەڵ مرۆڤگەلێکی زۆڵی وەك: کیانوش و سیامەك و ئەسغەر و چەندانی دی بۆ کردبوونەوە. تەواوی ئەم هەفتەیە بەدوای ئەم کارەوە بووم تا لە شێوازی ژیان و وەزع و حاڵیان ئاگادارم. نازانم چیم بینی و چیم بیست، هێندێکیان هۆگری دەرمانە هۆشبەرەکانی وەك: تریاك و حەشیشە بووبوون. یەکێکیان بە هۆی فرۆشتنی تریاکەوە لە بەندیخانە بەندکرابوو. یەکی دیکەشیان بە منداڵێکەوە لە مێردەکەی جودا بووبۆوە. یەکێکی دیکەش مێردەکەی تەڵاقی دابوو؛ چونکە مێردەکەی بەوەی زانیبوو کە پێش گۆڕینەوەی ئەڵقەی هاوسەرییان، ئەو ژنە پێوەندی سێکسی لەگەڵ چەند کوڕێکی دیکەدا هەبووە. یەکێکی دیکە لەو کچانە لە ماڵ ڕایکردووە و ئێستاش کەس نازانێت لەکوێیە. بە کورتی زۆربەیان چارەنووسی خراپ یەخەی گرتبوون. بەتەواوی گیانم منیش هەستم بەو دێوەزمەی خۆپەرستی و بێ ویژدانی نێو دەروونم دەکرد، کە شەهریار باسی دەکات. بەڵام ئەوەندە هەبوو توانای هاوارکردنم نەبوو، لەبەر ناڕەحەتی تووشی سەرئێشەی تووڕەبوون بووم.

پاشان لە کاتێکدا کە بە ئارامی فرمێسکەکانی گۆشەی چاوی پاك دەکردەوە گوتی: کاك نازمی، تۆ پێم بڵێ. لەمە بەدواوە من چۆن دەتوانم بەم هەموو هەستەی گوناه و ناپاکییەوە لەسەر ژیان بەردەوام بم. من چۆن دەتوانم وەك مێردێکی باش و ڕێك و پێك چاو لە چاوی حۆرا ببڕم و لەگەڵ ئەودا قسە لە بابەت پاکی و



خواناسییەوە بکەم و، چۆن دەتوانم وانەی کاری دروست و ڕاست و باش فێری منداڵەکانم بکەم؟! تا ئێستا ئەوەندە هەستم بە گوناه و بەدبەختی نەکردبوو!

تۆ پێم بڵێ دەبێ من چ کارێك بکەم؟ بە چ شێوەیەك دەتوانم ڕابردووی ڕەشی خۆم قەرەبوو بکەمەوە و، خۆم لە گوناه پاك بکەمەوە؟

– کوڕم، هەر بەوەندەی کە هێندە لە ڕابردووی خۆت پەشیمانی و مەبەستی قەرەبووکردنەوەت هەیە، لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی خۆت، کە نەزانانە و بێ خەبەرانە ئەم کارەت کردووە هەنگاوێکی گەورەت هەڵێناوە. هەرچەندە تاوانی گەورەت ئەنجامداوە، بەڵام چونکە بە ویستی خۆت نەبووە، ئومێدەوارم خوداوەند لە گوناهت خۆش بێ.

ناتوانی ڕابردوو بگەڕێنییەوە و قەرەبووی بکەیەوە؛ کەواتە: بیر لە ئایندەت بکەوە و، بەتەواوی گیان تۆبە بکە و، هەمیشە لە دەرگای پڕ خێر و خۆشی خودا داوای یارمەتی بکە، وەکو مەولانا دەڵێ:

گەر گوناحت سەد ئەوەندەی دنیابێ
بە تۆبەیەك نابێ هیچی لێ مابێ
بەخشینی خودا دەریایەکە بەبێ بن
ڕادەماڵێ هەموو گوناحی پیاو و ژن

پاش ڕووداوەکەی ئەو ڕۆژە، ماوەیەك عەلی ڕەزا هیچ هەواڵێکی نەبوو. چەندین جار دەربارەی گفتوگۆیەکەی ئەو ڕۆژەی نێوان باوکم و عەلی ڕەزا، پرسیارم لە باوکم دەکرد. بەڵام باوکم خۆی لە وەڵامدانەوە دەدزییەوە. سەرەنجام دوای دوو هەفتە، لە کاتی خواردنی نانی نیوەڕۆدا، زەنگی دەرگا لێدرا. ئایفۆنەکەم هەڵگرت، پۆستەچی بوو، کە نامەیەکی هێنابوو و، دەیەویست ئەو کەسەی کە نامەکە وەردەگرێت، دەفتەری کاتی گەیشتنی نامە ئیمزا بکات. خۆم بۆ وەرگرتنی نامەکە چووم. نامەی عەلی ڕەزا بوو. زۆر خۆشحاڵ بووم؛ هەڵبەت هەتا پشتی نامەکەم نەخوێندبۆوە،

کاتێك کە پشتی نامەکەم خوێندەوە، نووسرابوو ((تکایە تەنها بە دەستی جەنابی ئەحمەد نازمی بکرێتەوە)).

وەك سەهۆڵ ڕەق بووم. دایکم پرسیاری کرد: کێ بوو؟ گوتم: پۆستەچی بوو. گوتی: نامە بۆ کێ هاتووە؟ نەمدەزانی چی بڵێم! خێرا گوتم: لەلایەن عەلی ڕەزاوە هاتووە. بۆ ژوورەکەم ڕۆیشتم. فکری کردنەوەی نامەکە وەك نەخۆشی گولی گیانمی داگرتبوو و، وازی لێ نەدەهێنام. چەند جارێك مووسم هێنا بۆ ئەوەی نامەکە بکەمەوە، بەڵام دڵم ڕازیی نەدەبوو. لە کۆتاییدا شەیتانم لەعنەت کرد و، نامەکەم برد و، لەسەر مێزی ژووری چێشتلێنانم دانا و، گوتم: نامە بۆ باوکم نێردراوە، تکایە خۆت بیدە دەستی و، بە مێشکێکی پڕ لە نیشانەی پرسیار و ڕووحێکی غەمگین و ماندوو بۆ ژوورەکەم چووم.

شەو دایکم نامەکەی دایە دەستی باوکم و، ئەویش دەستی بە خوێندنەوە کرد.

*********

((سڵاو لە هاوڕێی گەورە و بەڕێزم، جەنابی نازمی، ئومێدەوارم کە هەموو لایەکتان باش بن و لەوەش کە بە هاوڕێی خۆم ناوم بردی، نارەحەت و نیگەران نەبێ. نازانم تۆ دەربارەی من چۆن بیر دەکەیەوە، بەڵام لە خۆمدا هەست بە دۆستایەتی و هاوڕێیەتییەکی نزیکی تۆ دەکەم. لەم ماوەیەدا تووشی کێشەیەك بووم، کە ئارەزوو دەکەم هەموو شتێك بە وردی بۆ تۆ باس بکەم و، تۆ موو بە موو ئاگاداربیت، پاش ئامۆژگارییەکەی ئەو ڕۆژە، بڕیارمدا بەشێکی کەم لە هەڵەکانی ڕابردووم ڕاست بکەمەوە و، قەرەبوویان بکەمەوە.

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر بۆ ئارایشگایەکی پیاوانە چووم، کە کیانوش و ئەسغەر لەوێ کاریان دەکرد: کیانوش گەنجێکی داوێن پیس و خراپەکارە، هەروەها کچانێکی زۆری بەخت ڕەش کردووە و، چەند کچێك لەو کچانە بەهۆی منەوە کەوتبوونە نێو داوی. دەربارەی هەندێك لەو کچانە پرسیارم لە کیانوش کرد و، ئەویش لە نووکەوە



هەموو شتێکی بۆ من گێڕایەوە، بەسەرهاتی بەدبەختکردنی ئەوان و پاشان وریایی و لێهاتوویی خۆشی بۆ من باس کرد. هەتا زیاتر ئەو بە خۆشی و شادمانی بەسەرهاتی تاڵیی ئەو کچانەی بۆ من باس دەکرد، من زیاتر هەستم بە بێزاریی و ڕق لێبوونەوە لە خۆم و لە وی دەکرد.

ئەسغەر کە تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو، پاش ماوەیەك سەری ڕاوەشاند و دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی: کیـــــا، بۆ چی باسی مریەمی بۆ ناکەی! عەلی گیان بانکێکی پارەیە.

گوتم: چـــی چـــی؟

کیانوش مۆڕەیەکی لە ئەسغەر کرد و هیچی نەگوت. ڕووم لە کیانوش کرد و گوتم: ((کاکی زانا، بۆ ئێمە بێگانەین؟ تو گیانی عەلی پێم بڵێ!)).

کیانوش گوتی: وازی لێ بێنە بابە، قسەی هەللەق مەللەق دەکات!

ئەسغەر سەری بردە بن گوێی کیانوش و، گوتی: پێی بڵێ بابە، عەلی لە خۆمانە!

کیانوش بە چاولێکردنێکی نارازیانە بە ئەسغەری گوت: هیچ بابە: مریەمت لەبیر ماوە؟ کە باڵایەکی بەرز و چاوێکی هەنگوینی هەبوو!

گوتم: نەخێر! مریەم باڵای کورت بوو.

گوتی: کۆڕە بابە هاوڕێی پەروێز و بابەك بوو. خوشکی مەهنازە ناسك و دلڕفێن. لە کۆڵان....دادەنیشت.

گوتم: باشە، بەبیرم هاتەوە. بەڵام کاکڵی باسەکەم پێ بڵێ.

هیچ، ڕۆژێکیان برایە بچکۆلەکەی هێنابوو بۆ ئەوەی قژی بۆ کورت بکەمەوە. ئەو ڕۆژەش من موشتەرییەکی دەوڵەمەندم هەبوو؛ یەك بوو لەو گێلانەی نێو بازاڕ کە بە ئاسانی لەخشتە دەچوو. بەکورتی مریەمی بینی و، بەڵام لەچاو هەموو ڕۆژێك، ئەو ڕۆژە مریەم زۆر بە سەر و سیمایەکی سادەوە هاتبوو. هەروەها نەخۆشیش بوو. بە پێچەوانەی هەموو کاتێك هیچ قسەیەکی نەدەکرد و بێدەنگ بوو.

کوڕە کەیفی بە مریەم هات، چونکە مریەمیش بێدەنگ بوو وابیری کردەوە کە لەو کچە نەجیب و سەنگینانەیە. کاتێك مریەم ڕۆیشت دەربارەی مریەم پرسیاری کرد. هەروەها منیش هەستم کرد کە تیری ئەوینی مریەم کاری لێ کردووە و، بەری چاوی گرتووە. هەر زوو دەستم کرد بە وەسفکردن و ستایشکردنی مریەم و گوتم: بابە، دراوسێیە و تائێستا کچێکی وەك ئەوم بەباشی و نەجیبی نەبینیوە و، بنەماڵە و خانەدانن و، ئیتر ئەوەی ماوە خۆت دەزانی، سەرەنجام کوڕە ڕۆیشت و بنەماڵەکەی بۆ خوازبێنی نارد و، مارەکردن سەری گرت.

گوتم: کەواتە بۆ دواین جار، تۆ، لە ژیانتدا کارێکت کرد کە لە ڕۆژی دوایی بەفریات بکەوێ. ئەسغەر و کیانوش دەستیان بە پێکەنین کرد.

ئەسغەر گوتی: واز لە ڕۆژی دوایی بێنە، لە دنیادا خۆش بژی. لێ گەڕێ با هەمووت بۆ بگێڕێتەوە.

- باشە، کەواتە ئەوەی ماوە بۆمی باس بکە، لەگەڵ ئەوەش کە زۆر لە باسە سەرەکییەکە لاماینداوە.

کیانوش گوتی: چی بڵێم. تۆ فەقیری. سەرەنجام پێش ئاهەنگی گواستنەوە بە مریەمم گوت کە ئەم کارە من کردم. کەواتە دەبێ پێوەندیت لەگەڵ مندا هەبێ.

گوتم: یەعنی چی؟

- کوڕە لەو مرۆڤە دەمارگیرانەیە ئەگەر بزانێ مریەم پێشتر لەگەڵ کوڕێکی تر قسەی کردووە، بێشك تەڵاقنامەکەی لەنێو دەستدایە. جا ئەگەر بزانێ مریەم خان، یەك کۆمەڵ دۆستی کوڕی هەیە و، هەرکارێك کە ویستوویەتی، کردوویەتی. بە کورتی هەرکاتێك، پێویستی، حەزی لێبوو پارەی نازدار بەدەست بێنێ. تەنیا یەك نووکە جەرەس بەسە بۆ مریەم خان، ئەوکاتە مریەم خان یەك بەستە پارەی سەوز دەخاتە ژمارە حیسابی بانکی من.

- وا ئاسان پارە بە تۆ دەدات؟ واتا هێشتا پێوەندی لەگەڵ تۆدا هەیە؟!



- نا بابە، وا ئاسانی چی؟! ناچارە؛ چونکە بەڵگەم لەسەری هەیە. سەرپێچی بکات، بەڵگەکان دەخەمە دەر و ڕۆژی ڕووناکی لێ تاریك دەکەم.

- چ بەڵگەیەك؟

- کاتێك تێگەیشتم مێردەکەی چاوی زۆر لەلای مریەمە و، دڵی زۆر لە دوایە، مریەمم هێنایە ئێرە و، چەند وێنەیەکم گرت. چەند وێنەیەکی دیکەی مریەمیشم لەگەڵ کامی و بابەك و پەرویز، لە چیا گرت. سەرەنجام بەڵگەکان هەموویان تەواون و، ناتوانێ هەناسە هەڵکێشێ.

ئەسغەر پێکەنینێکی لووتبەرزانەی کرد و، بە دەست مووە کەمەکانی پشتەسەری کیانوشی ئاڵۆزکردن و گوتی: ئەمە خۆمێشك نییە؛ کۆمپیوتەرە، پێم گوت لەم بابەتگەلانە بۆ ئێمەش پەیداکەن!

گوتم: سەیرە، ژنێکی زۆر گەوجە، دەتوانێ خانووەکەی بگۆڕێ و، بۆ جێگەیەکی دی باربکات و لە بەدکاری تۆ نەجاتی ببێ.

- نا گیانە، کیا لە جێگەیەك نانوێ کە ئاوی بەبندا بڕوات. مێردەکەی، جگە لە من، بۆ لای هیچ ئارایشگەرێکی تر ناچێ؛ تەنها لە کاری من ڕازییە. خۆی دەڵێ ئەگەر بۆ دورگەی بولبولان بچی و لە وێش دوکانی ئارایشگا دابنێی، من بۆ ئەوێ دێم و، مووەکانم کورت دەکەمەوە. هونەرمەندە ئیدی، چ بکەین؟! پاشان لەگەڵ ئەسغەر دایانە قاقای پێکەنین و، ئەسغەر درێژەی بە قسەکردندا و گوتی: کوڕەکەشی ئێستا لەم دایەنگەی ((ستایش))ە.

- بۆچی ئەو منداڵیشی هەیە؟

- بەڵێ بابە، کوڕێکی هەیە.

- ئێستا مریەم چۆن پارە دەدات بە تۆ، کە مێردەکەی نەزانێ؟

- زۆر بە ئاسانی، دەتەوێت نیشانت بدەم؟ خۆ ئەمرۆ کارت نییە؟

گوتم: نەخێر، کارم نییە.

دەستوبرد بۆ لای تەلەفۆن چوو و، دەستی بە لێدانی چەند ژمارەیەك كرد، پاشان تەلەفۆنەكەی لەسەر بلَنگۆ دانا، بۆ ئەوەی ئێمەش گوێمان لە قسەكان بێت.

– ئەلۆ، سلاّو مریەم گیان، حالّتان چۆنە؟

– سلاّو و ژەهرەمار، كەی دەبێ من لە شەڕی دەنگی نەحسی تۆ نەجاتم ببێ؟!

– خوا نەكا ئەو ڕۆژە بێ مریەم گیان. تازە ئەگەر بۆ دنیاكەی دیكەش بڕۆی، من هەر بەدواتدا دێم!

– قسەكەت بكە؛ دووبارە دەتەوێت من تالاّن بكەی.

– تالاّنكردن چییە، خۆشەویستەكەم؟ ئێستا دەبێ سوپاسی من بكەی كە یارمەتیت دەدەم، باخەڵەكانی مێردەكەت كەمێك سووك دەكەم. دەزانی دەڵێن ڕووبار كە پڕبوو ئاوەكەی لێی دەڕژێ و، بلاّو دەبێتەوە و، بە بەلاش دەڕوات. جا منیش یارمەتی مێردەكەت دەدەم تا لەبەر پارەی زۆر، بلاّو نەبێتەوە و، بە بەلاش بە زەویدا نەڕوات.

– توخوا كیانوش، وازم لێ بێنە، ئەكبەر خەریكە تێدەگات. لێم دەپرسێ: چی لەم هەموو پارەیە دەكەیت؟!

– خۆشەویستم، سەد تمەن، دوسەد تمەن لە گیرفانی ئەكبەردا پارەی وردەیە، شتێكی وانییە، خەمی ئەوە مەخۆ، بەكورتی: تەلەفۆنم بۆ كردی هەتا پێت بڵێم كە یەكێك لە هاوڕێیە دێرینەكانم هاتووە. دەمانەوێت ئەم شەو بۆ دەرەوە بچین. نزیكەی سەد هەزار تمەن خەرجیمان دەوێ. لەبیرت نەچێ ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ بۆم بێنی، قوربانت بم خواحافیز.

– كەی تۆ دەمری تا من لە دەستی تۆ ڕزگارم بێ؟

– هیچ كات! من لەگەڵ عیزرائیل پەیمانم بەستووە، لە دنیای ئەودیویش وازت لێ نەهێنم!

– هەر غەڵەتێك كە دڵت دەیەوێ بیكە، من پارە ناهێنم. تەلەفۆنەكەشی داخست.

بە پۆزەوە پێكەنیم و گوتم: دەڵێی تیرەكەت خراپ لە بەردیدا!



كیانوش دەستی لە شانمدا و گوتی: گیانەكەم ئەگەر ئارام بگری، ئەو سەعات ٤ی دوای نیوەڕۆ لەگەڵ كوڕەكەی لێرەیە. گرەوم لەگەڵ دەكەی؟

گوتم: نەء.

ڕێك سەعات ٤ پەترۆڵێك لەپێش ئارایشگاكە ڕاوەستا.

ئەسغەر گوتی: كیا، هات!

كیانوش ڕووی لە من كرد و گوتی: دیتت؟!

خانمێكی بە ڕواڵەت زۆر جوان و ڕێك و پێك، باڵتۆیەكی چەرمی گرانقیمەتی دەبەردابوو، عەینەكێكی ڕەشیشی لەچاو بوو لەگەڵ كوڕە ٣، ٤ ساڵەكەی بۆ ژووری ئارایشگایەكە هات. كوڕەكەی لە سەر كورسی دانیشاند و ئەسغەر سەرگەرمی چاككردنی پرچی بوو. چەند دەقیقەیەك دواتر مریەم بەبیانووی شۆردنی دەستی لەگەڵ كیانوش بۆ ژووری پشتی ئارایشگایەكە ڕۆیشت و، پاش چەند چركەیەك هاتە دەرێ و، چاوەڕوانی تەواوبوونی سەرچاككردنی كوڕەكەی بوو، لەو ماوەیەدا وردە وردە بە دەسەسڕەكەی فرمێسكەكانی ژێر عەینەكەكەی پاك دەكردەوە. هەروەها هەوڵیدەدا كە كوڕەكەی هیچ تێنەگات. پاش ڕۆیشتنی مریەم و كوڕەكەی، بە كیانوشم گوت:

كیا گوناهە لەبەر خاتری منداڵەكەی وازی لێ بێنە و، ژیانی لێ تێك مەدە.

كیانوش بە تووڕەیی گوتی: كوڕە، بۆ تۆ شێت بووی؟! من پاروێكی بەم چەوری و نەرمییەم لەبەر دەستدابێ، لەبەرچی وازی لێ بێنم؟! مەگەر من بێ عەقڵم. گوناهە، چییە؟! هەركەسێك تاوان بكات، ئۆباڵەكەی لە ئەستۆی خۆیەتی و، خۆی دەبێ باجەكەی بدات!

بە پاڕانەوە پێم گوت: ئێستا یەك جار هەڵەیەكی كردووە، نابێ تا كۆتایی ژیانی باجەكەی بدات و، تۆڵەی لێ بكرێتەوە. ئێستا ئەو بەتەنیا نییە، منداڵێشی هەیە. ئەگەر مێردەكەی تەلاّقی بدات، ئەو منداڵە بەدبەخت دەبێت. خۆشت منداڵی تەلاّقی. ئیتر خۆت لە من باشتر هەموو شتێك دەزانی!

کیانوش بە دڵشکاویی گوتی: عەلی گیان، سەیرکە بۆ ئەوە هاتووی شت تێك بدەی. من لە ڕوانگەی هاوڕێیەتییەوە ئەم شتانەم پێگوتی. گوناه و موناه بخە ئەو لاوە. چاوی کوێربێ و پەراسووەکانی نەرمبێ و بیەوێ ببێ بە مرۆڤ. ئاخر وشتر سواربوون بە خوار و خێچی نابێ. غەڵەتێکی کردووە کە دەبێ باجەکەشی بدات!

هەستم کرد ناکرێ بە کێشە و ناکۆکی لەگەڵ کیانوش دەست بە گفتوگۆ بکەم ؛ لەبەر ئەوە لە دەروازەی هاوڕابوون و دەستخۆشی لێ کردن و هەق پێدان و بە ڕاست زانینی سەرزارەکییەوە، لێیان چوومە پێشێ و، گوتم: کیا حەقیەتی، بۆچی مرۆڤ لەم سفرە ڕاخراوە سوود وەرنەگرێ؟!، لەگەڵ ئەم قسانەشدا، هەوڵمدا کە بزانم فلیمەکانیان لە کوێ داناون.

بە کیانوشم گوت: ئێستا ئەم فلیمانەت لە کوێ داناون؟

پێکەنی و گوتی: چییە، دەتەوێ بیان دزی؟

گوتم: بەڵێ، ڕێگەیەکی باشە بۆ پارە پەیداکردن. بۆچی منیش بە ئاسانی پارە بەدەست نەهێنم؟!

ماوەیەك بە قاقا پێکەنی، پاشان گوتی: گیانە، سەرەتا بزانە بە ڕێگەدا بڕۆ، پاشان ڕاکە. تۆ تازە بە تازە دەتەوێ ئەو کارانە بکەی. ئێستا هەرگیز کرۆمۆسۆمەکانت لەگەڵ ئەم قسانە ڕێك ناکەون!

گوتم: دەزانی لەبیری چیدام؟ شەوێك بەهێواشی بێم و، هەموو جێگەیەك بگەڕێم و، چەکمەجەکەت بشکێنم و، فلیمەکانیش بدزمەوە!.

کیا بە پۆزێکەوە پێکەنی و گوتی: منداڵ، ئەگەر من تۆ نەناسم، دەبێ سەرم بخەمە سەر زەوی و بمرم. باوەڕ بکە ئەگەر فلیمەکانیشت بدەمێ، ئەو کارە ناکەی، واتا تۆ بۆ ئەم کارە نابی و هیچت لەدەست نایەت!

گوتم: ڕاست دەکەی، فلیمەکانم بدەیە، ئەوجار سەیرکە!

کیا ئانیشکێکی لە کەلەکەی ئەسغەر دا و، پێکەنی و، گوتی: لەو دنیایە بڕوانە کێ دەیەوێ کێ چارە ڕەش بکات!. باشە، قسەیەکمان نییە، بڕۆ هەموو جێگەیەك ژێرە و ژوور بکە، ئەگەر توانیت بیان دۆزییەوە، با بۆ تۆ بن.



هەستام، دەستم بە گەڕان کرد، هەرچەندی زیاتر دەگەڕام، کیانوش و ئەسغەر زیاتر پێدەکەنین.

پاش سەعاتێك گەڕان، کیانوش گوتی: بە بەلاش خۆت ئەزیەت مەدە ئەگەر سەد شوێن هەڵگر بێنی، ناتوانی فیلمەکان بدۆزییەوە. چونکە ئەوان لە جێگەیەکن کە دەستی هیچ کەسێکیان پێ ناگات. ئەسغەر گوتی: هەموو ئەم کارانەی بە منیش کردووە. هەرچی زیاتر بگەڕێی، کەمتر دەدۆزییەوە، گیانە؛ بە گوتەی شاعیر، چاوەکانت ئازار مەدە، دووبارە هەردووکیان دەستیان بە پێکەنین کردەوە.

نیوسەعات دواتر ئەوێم بە جێهێشت، بە درێژایی ڕێگەی گەڕانەوە و، بە درێژایی شەو، مێشکم خەریکی دۆزینەوەی جێگەی فیلمەکان بوو، لە دڵی خۆمدا بیرم دەکردەوە، دەمگوت: لەوانەیە لەژێر جلەکانی بەری جێگەیەکی وەك جانتایەك، بۆ فیلمەکان ئامادەکردبێ. بەڵام ئەوە نابێ؛ چونکە لەو کاتەی کە بۆ حەمام دەچوو، یان لە کاتی نوستن بێشك ئەسغەر ئەو فیلمانەی دەدۆزییەوە؛ چونکە ئەو دوو کەسە هەمیشە پێکەوە بوون، لە ناکاو بیرم لە قسەیەکی کیانوش کردەوە.

ئەو گوتی: تەنها یەك نووکە جەرەس بۆ مریەم بەسە. تا یەك بەستە پارەی سەوز بخاتە سەر ژمارە حیسابی بانکی من. ئەوەیە! بێشك کیانوش لە بانکێك کە ژمارە حیسابی هەیە، سندووقێکی ئەمانەتیشی هەیە. بەڵام تازە کارەکە دژوار بوو. ئەم جۆرە سندووقانە تەنها یەك کلیلیان هەیە و، سندووقیش تەنیا بە خاوەنەکەی دەدەنەوە. ئەو شەوە تا نزیکی بەرەبەیان بیرم لەم بابەتە کردەوە. بەرەبەری نیوەڕۆ، بۆ لای دایەنگەی ((ستایش)) ڕۆیشتم و، چاوەڕێی کوڕەکەی مریەم بووم. سەعات یەك، هەمان پەترۆڵی دوێنێ لە پێش دەرگای دایەنگە ڕاوەستا و، مریەم لە پەترۆڵەکە دابەزی و، بۆ نێو دایەنگەکە ڕۆیشت و، چەند دەقیقەیەك دواتر، لە دایەنگەکە هاتە دەرێ. هێشتا دەرگای سەیارەکەی نەکردبۆوە، کە بۆ لای چووم و سلاوم لێ کرد. ئەو منی نەناسی و بە شێوازێکی بێ مەیلی و ناڕەحەتییەوە، وەڵامی سەلامەکەی دامەوە.

پێم گوت: من دوێنێ تۆم لە ئارایشگا بینی و، هۆی ناڕەحەتییەکەی تۆش دەزانم؛ دەمەوێت یارمەتیت بدەم!

مریەم لە پێشدا کوڕەکەی سواری سەیارەکە کرد و، لەنێو جانتایەکەی پارچەیەك چوکلیاتی کەکاوی دەرهێنا و، دایە دەستی و، دەرگای سەیارەکەی داخست. بە بڕوای من ئەم کارەی بۆیە کرد تا کوڕەکەی هیچ لە قسەکانی ئێمە تێنەگات. پاشان بە شێوەیەکی تووڕە و ناڕەحەت بۆ لای من هات و گوتی: من پێویستم بە یارمەتی کەس نییە، تێگەیشتی؟! ئێستا ملی ڕێگەت بگرە و، بڕۆ، لێرە نەتبینمەوە.

گوتم: باوەڕ بکە من جگە لە یارمەتیدانی تۆ، هیچ مەبەستێکی دیکەم نییە، تەنها لەبەر ئەوەش هاتم بۆ ئێرە، بەڵام ئەگەر بەڕاستی پێویستیت بە یارمەتی من نییە، هەر ئێستا دەڕۆم!

هەستم کرد تووشی شك و گومان بووە؛ بە دەنگێکی ئارامتر گوتی: سەرەتا پێم بڵێ تۆ کێی؟ چ شتێك لە بارەی منەوە دەزانی؟ بەڕاستی پێم بڵێ لەبەرچی دەتەوێت یارمەتیی من بدەی؟!

گوتم: من کێم یان کێ نیم تکایە واز لەوە بێنە. کیانوش هەموو شتێکی دەربارەی تۆ بە من گوتووە، دەربارەی فیلمەکان. کە من دەمەوێ یارمەتی تۆ بدەم، لەوانەیە لەبەر خاتری یارمەیدانی خۆم بێ.

گوتی: یەعنی چی؟! دەتەوێت فیلمەکان لە کیانوش وەربگری و خۆت سوودیان لێ وەرگری؟

گوتم: ئەمە چ قسەیەکە؟ دەمەوێت بە شێوازێکی دیکە قەرەبووی تاوانەکانی ڕابردووم بکەمەوە. هەست دەکەم لەوانەیە بە یارمەتیدانی تۆ کەمێك لە گوناهەکانی ڕابردووم بسڕێنەوە و خوداش لە کەم و کورتییەکانم خۆشبێ.

بە پۆزەوە پێکەنی و گوتی: سەیرە! ئەم دەور و زەمانە و ئەم جۆرە قسانە؟!

لەسەر قسەکردنیش بەردەوام بوو و گوتی: باشە، کوڕەکەم خەریکە سەیری ئێمە دەکات، وا هەست دەکەم گوێی قوڵاغ بووە و لەسەر هەستە، تکایە ئەسڵی بابەتەکە بڵێ، من دەبێ چ بکەم؟



- من زۆر بیرم لەو بابەتە کردەوە، بەو ئەنجامە گەیشتم کە لەوانەیە کیانوش فیلمەکانی لە سندووقی ئەمانەتی بانك دانابێ.

- ڕاستە، خۆشی هەر ئەمەی بە من گوتووە.

- باشە، وا هەست دەکەم ئەگەر تۆ تەماع وەبەر کیانوش بنێی و، پێی بڵێی دەزانم تۆ بۆ هەندەران دەچی و، منیش ئامادەم (٢٠) میلیۆن بدەم بە تۆ و، تۆش فیلمەکانم بۆ بێنە و، ئیدی بەو بڕە پارەیە فیلمەکانی لێ بکڕە، یان بە هەر شێوەیەك کە خۆت پێت باشە بە تەماعەوە گیرۆدەی بکە بۆ ئەوەی فیلمەکان لە بانك بێنێتە دەرێ، ئەوەشی کە دەمێنێتەوە بە منی بسپێرە و، لە من دڵنیابە هەموو فیلمەکان، بەبێ ئەوەی سەیریان بکەم، یان دەستیان لێ بدەم، بە دەستی تۆیان دەسپێرم.

- ئاخر(٢٠) میلیۆن، لەکوێوە بێنم؟!

- هەرگیز پێویست ناکات تۆ پارە بدەی، ئەمە تەنیا قسەیەکە دەیکەیت. مەبەست تەنیا هێنانە دەری فیلمەکانە لە بانك.

مریەم بەبێ دەنگییەکی کورت گوتی: من دەبێ بیری لێ بکەمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا من بە هیچ شێوەیەك متمانەم بە تۆ نییە.

- باشە، کێشەیەك نییە، تەنیا تۆ خێرا ئەم کارە ئەنجام بدە.

پاشان ژمارە تەلەفۆنی ماڵیم بۆ لەسەر پارچە کاغەزێك نووسی و گوتم: ئەگەر ڕازی بووی ئەم کارە بکەی، بۆ ئەم ژمارەیە تەلەفۆن بکە. ئەگەر سەعات (٧) پێوەندیی بکەی، خۆم تەلەفۆنەکە هەڵدەگرم.

- لە کاتێکدا کە دەرگای سەیارەکەی کردەوە، کاتێك ویستی سواربێ، گوتی: تۆ چۆن دەزانی بەم بڕە پارەیە تەماع دەیگرێ؟

گوتم: خۆی لەلای من گوتی: دەمەوێت (٢٠) میلیۆن پەیدا بکەم و بۆ ئەمریکا بچم، مریەم خواحافیزیی کرد و ڕۆیشت.

سەعات (٧) مریەم تەلەفۆنی کرد و گوتی: باشە چ زەمانەتێك هەیە کە تۆ فیلمەکان بەمن بدەیەوە؟

– زەمانەتی من، قسەکانمە و، ناتوانم زەمانەتێکی دیکە بەتۆ بدەم. من پێشتریش بە تۆم گوتبوو کە بۆ ڕزگاربوون لە ئازاری ویژدانی خۆم ئەم کارە دەکەم. بەهەرحاڵ خۆ بۆ تۆ هیچ جیاوازییەکی نییە.

پاشان مریەم گوتی: تەلەفۆنم بۆ کیانوش کردووە و ئەوم ڕازیی کردووە کە تا سێ ڕۆژی دیکە بڕی (٢٠) میلیۆن تمەن بە دەستی کیانوش بدەم و، فیلمەکانم بۆ بێنێ و، لە پارکی کۆکەرەوەی باج و دەرامەتی ناو حەوشەی شاری یاری مندالآن سەعات پێنجی دوای نیوەڕۆ، بیانداتەوە دەستی خۆم.

ڕۆژی پێنج شەممە، واتا ڕۆژی بڕیارەکەی مریەم و کیانوش، بەیانی لە ماڵ هاتمەدەرێ. لە دەرەوەی ئارایشگا چاوەڕوانی کیانوش بووم. ئەو ڕۆژە مۆتۆرسکلیتی یەکێك لە هاوڕێیەکانیشم بە ئەمانەت وەرگرتبوو. سەعات (١٠) کیانوش لە ئارایشگا هاتە دەرێ و، سواری سەیارەیەکی ڕەنگ لیمۆیی بوو و، بۆ بانك چوو. ماوەیەك چاوەڕوانم کرد. کاتێك هاتەدەرێ جانتایەکی ڕەمزداری قاوەیی پێ بوو. بڕیارمدا خێرا بڕۆم و جانتایەکەی لە دەست بڕفێنم، بەڵام ئەو زۆر خێرا خۆی گەیاندە سەیارەکە و، سواربوو. لەگەڵ ئەوەشدا زوو منی دەناسییەوە. بەڵام بە شێوەیەك کە هەست پێ نەکات تا ئارایشگا بەدوای کەوتم. پاشان بەخێرایی مۆتۆرەکەم بە خاوەنەکەی دایەوە و بۆ ئارایشگایەکە چووم. دەنگی مۆسیقای ساز هەموو جێگەیەکی پڕ کردبوو. کیانوش لە کاتێکدا کە خەریك بوو سەری موشتەرییەکی چاك دەکرد، بە سەر و لەشی ڕەقس و سەمای دەکرد و پێدەکەنی. وا دەهاتە بەرچاو کە زۆر خۆشحاڵە. ئەسغەریش کە خەریکی چاککردنی قژی کەسێکی دیکە بوو، ڕووم تێ کردو گوتم: وەك بڵێی کیانوش "بە فوو گوێز دەشکێنێ" چ لە گۆڕێیە و چ بووە؟

گوتی: ئەو خۆ هیچ شتێك بە من ناڵێ. دوێنێ شەو تەلەفۆنێکی بۆ هات لەو کاتەوە کیا خۆشحاڵە و لە خۆشیان نازانێ چ بکات.

ڕووم لە کیانوش کرد و گوتم: برادەر نەکا میراتێکی زۆرت پێ گەیشتبێ، پێمان بڵێ بابە. ئێمەش خۆشحاڵ بکە.



کیانوش هەر بەو شێوەی کە لە نێو مۆسیقادا نقوم بووبوو، بە چاوەکانی، کە بریسکەی شادیی و شەیتانیی شەپۆلیان تێدا دەدان، خەندەیەکی کرد و، دەستەکانی وەك فڕینی فڕۆکە بە ئاسماندا بەرزکردنەوە.

گوتم: بۆ کوێ؟

کیانوش دەستەکانیشی کردنەوە و، بە هاوارەوە گوتی: واشنتۆن (دی سی) باوەشت بکەوە، کیا دەیەوێ بێت و لە دڵتدا دابنیشێ.

بە سەرسوڕمانەوە گوتم: چۆن بەم شێوە چاوەڕوان نەکراوە، چەند ڕۆژێك لەوەو پێش هیچ هەواڵێك نەبوو، نەکا، خەزێنەت دۆزیبێتەوە؟ یان لەگەڵ ئەسغەر پێکەوە بانکتان دزیبێ و ئێمەش ئاگادار نین؟!

گوتی: خۆشەویستەکەم، چما مرۆڤ مێشکە کەری خواردووە کە بە یەك بانکی پارەوە، زەحمەتی دزینی بانك بداتە بەرخۆی.

دەنگی مۆسیقایەکەم کەم کرد و، گوتم: ناکا دووبارە تەلەفۆنت بۆ مریەم کردبێ!

کیانوش پێکەنینێکی شەیتانانەی کرد و گوتی: نا گیانەکەم، پێویست ناکات کاك کیانوش زەحمەتی تەلەفۆنکردن بداتە بەرخۆی؛ خانم خۆی تەلەفۆنی کرد!

هەر بەو شێوەیەی کە دەمەویست قسەی لێ دەربێنم، بە گاڵتە بە ئەسغەرم گوت: سەیرکە کیانوش ئێمە چەند بە خۆشباوەڕ دەزانێ، دەڵێت خانم خۆی تەلەفۆنی کردووەو گوتوویەتی وەرە پارە وەرگرە. کیانوش لەکاتێکدا کە دەنگی مۆسیقایەکەی زیاد دەکرد و لەسەر جووڵانەوە گاڵتەئامێزەکانی بەردەوام بوو، گوتی: ئەگەر دەتەوێ باوەڕبکە، ئەگەر ناتەوێ باوەڕمەکە. خۆی تەلەفۆنی کرد، دەیەوێت بەڵگەکان بکڕێت.

کاتێك موشتەرییەکان کارەکانیان تەواو بوون، پارەیان داو ڕۆیشتن.

گوتم: چەندت پارە بۆ دێنێ؟

لە کاتێکدا کیانوش لەشی ماندو و شەکەتی خستە سەر کورسییەکە، گوتی: ئەوە بامێنێ بۆ دوایی.

– ئێستا بەڕاستی دەتەوێ بڕۆی؟

کیانوش جانتایە قاوییەکەی کردەوە و بلیتێکی فڕۆکەی تورکیای دەرهێنا پاشان پاساپۆرت و بەڵگەنامەکانی دیکەی دەرهێنان و لە سەر مێزەکەی دانان و گوتی: ئێستا باوەڕدەکەی، ئەمە بلیتی فڕۆکەیە بۆ بەیانی سەعات (٤) ی پاش نیوەڕۆیە، ئەمەش پاساپۆرت و ئەمەش بەڵگەنامەکان.

- ئەدی کار و دووکانەکەت چی لێ دێ؟

- لێرە لەگەڵ خاوەنەکەیدا قسەم کردووە، هەر بەو مەرجانەی من ڕێگە بە ئەسغەر دەدات کار بکات. هیچ شتێکی دیکەش نەماوەتەوە کە بەجێی بێڵم.

- دەتەوێ لەوێ چ کارێك بکەی؟

- سەرەتا بۆ لای خوشکەکەم دەچم؛ بە دوای جێگەیەکی شیاودا دەگەڕێم بۆ ئارایشگا. هەر بگەمە ئەوێ خێرا ئارایشگایەك دەکرم و ژیانێکی خەیاڵی دەستپێدەکەم.

- یەعنی ئەم هەموو پارەیەت هەیە؟

- ئەدی ئەتۆ منت پێ چم؟ بە من دەڵێن کاك کیا، گیانەکەم، نەك پەلکە چەوەندەر!

- کەواتە ئاخیری وێنەکان و فیلمەکان وە مریەم دەدەیەوە.

- کوڕە تۆ چەند ساویلکەی! من بۆ دنیاکەی دیکەش ئەم بەڵگانە لەگەڵ خۆمدا دەبەم.

لەو هەموو بێ ویژدانییەی کیانوش، لە جێگەی خۆم ڕاچڵەکیم. بە دڵشکاویی گوتم: یەعنی تۆ وابیر دەکەیەوە مریەم ئەوەندە گەمژەیە بەبێ بینینی فیلمەکان و وێنەکان، پارە دەدات بە تۆ؟

- نا، گیانەکەم، ئەو گەمژە نییە، من زۆر زیرەکم، وێنەکان گرنگ نین. گرنگ فیلمەکانن، فیلمی تەزویری دەدەمێ. ئەو وێنانەی مریەم کە کێشاو من، وێنەی بە هەمان شێوەی کچێکی دیشم کێشاون... هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ فیلمە ئەسڵییەکاندا نییە. مریەمیش خۆ ناتوانێت لێکیان جیابکاتەوە، ئەوانەی کە دەیاندەم بە مریەم فیلمی ئەسڵی نین. بەڵام کاتێك مریەم ئەو فیلمانە ببینێ، یەکسەر پارەکە



دەداتە من و، منیش یەکسەر سواری فڕۆکە دەبم و باڵدەگرم، ئیدی لەگەڵ ئەسغەر دەستیان بە پێکەنین کرد.

گوتم: لەوانەیە مریەم تا فیلمەکان دەرنەهێنێ و نەیانبینێ، پارەکە نەدات.

- نا گیانەکەم، من لە فڕۆکەخانە مەوعیدم لەگەڵ مریەمدا هەیە، ئەویش سەعات (٣,٥) ی ڕۆژی هەینی، ئەوکاتە مریەم کاتی ئەوەی نییە فیلمەکان دەربێنێ.

لەم هەموو ناپیاوییە خوێنم وەجۆش هاتبوو. حەزم دەکرد هەتا هەڵدەگرێ بیکوتم، بەڵام خۆم ئارام کردەوە و گوتم: کوڕە، تۆ دەرسی شەیتانیش دەدەی، پاش کەمێك بیرکردنەوە لە سەر قسەکردن بەردەوام بوو و گوتم: کەواتە ئەمشەو هەمووتان لە دەربەند میوانی منن.

ئەسغەر گوتی: کوڕە وریابە، کیا خەریکی ئەویندارییە، کەچی تۆ زیادە مەسرەفی دەکەی. لێ گەڕێ با هەر نەبێ ئەمشەو " موویەك لەو بەرازە بکەینەوە! ".

کیانوش قاقا پێکەنی و دەستێکی بەهێزی لە شانمدا و گوتی: بەمە دەڵێن برادەری باش!، برادەری خۆی خۆش دەوێ!. بارەکەڵڵا زۆر کەیفم پێ هاتی!. کەواتە ئەمشەو لە دەربەند میوانی کاك عەلین، لە بڕیاری خۆت پەشیمان نەبییەوە، ها!

گوتم: نا، سەعات(٨) دێم، بۆ دەربەند دەچین، باشە.

ئەسغەر و کیانوش ڕازیبوونی خۆیانیان ڕاگەیاند. منیش خواحافیزیم کرد و ڕۆیشتم. لە سەر ڕێگە بۆ دەرمانخانەیەك چووم کە یەکێك لە هاوڕێیەکانم لەوێ کاری دەکرد. یەکێك لە کرێکارەکان پەردەی دەرمانخانەکەی دادەدایەوە، بە تکا و پاڕانەوە داوام لێ کرد کە بۆ ژوورەوە بچم. خواخوام بوو کە هاوڕێیەکەم لەوێ بێ، کە خۆشبەختانە لەوێ بوو. بۆ لای چووم و، گوتم: پارچەیەك حەبی خەوم دەوێ. سەرەتا نەیدامێ، بەڵام پاشان بە هێنانەوەی بەهانەیەك، ڕازیم کرد. کاتێك پارچە حەبەکەم وەرگرت، پێی گوتم کە یەك حەب بۆ چەند سەعات خەوە. منیش بۆ ماڵەوە هاتمەوە و لە مێشکمدا دەستم بە کێشانی پلان کرد. خۆم پێ سەیر بوو، بەبێ ئەندازە هەستم بە ئارامی دەکرد. تەلەفۆنم بۆ مریەم کرد و، بە شێوەیەکی تەواو بۆم باسی پلانەکە کرد.

سەعات (٨) بۆ ئارایشگا چووم. کیانوش و ئەسغەر ئامادە بووبوون. پاش چەند چرکەیەك، هاتینە دەر. کیانوش دەرابەی ئارایشگایەکەی قفڵ دا و، ڕۆیشتین. بە درێژایی ڕێگە، کیانوش بەردەوام لە مەڕ ئەمریکا و ئاواتەکانی قسەی دەکرد، بەڵام من و ئەسغەر بێدەنگ بووین و، جگە لە پێکەنینێك، ئەویش زۆر کورت، قسەیەکمان نەدەکرد. کاتێك کە گەیشتینە دەربەند، تەختێکمان هەڵبژارد، لەسەری دانیشین. لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرمایەکی کەمی هەبوو، کەش و هەوایەکە بێ ئەندازە ئارامبەخش بوو. ئارامیی ئەوێ هەستی سووکی و خۆشی دەبەخشی. هەمووومان داوای خواردنمان کرد؛ من چووم تا بلیتی خواردنەکان وەربگرم و، لە هەمانکاتدا سێ پەرداخ چام داواکرد و، چەند حەبێکی خەوم کردە نێو دوو لە پەرداخەکان. ماوەیەك ڕاوەستام تا حەبەکان بە تەواوەتی توانەوە. پاشان هەر پەرداخەی کیسەچایەکی سەفەریم تێکرد و، لە پێش ئەسغەر و کیانوشم دانان، کیانوش دەستەکانی لێك خشاند و گوتی: ئەی وەڵڵا کوڕی قۆز، لەم هەوا ساردەدا پەرداخێك چای گەرم جێگەی خۆی دەگرێ.

کەمێك لە چاخواردنەوە تێپەڕیبوو کە خواردنەکانیان هێنا و، هەمووومان خوارد، چاوەڕوان بووم حەبەکان کاری خۆیان بکەن و، ئەنجامەکەی ببینم. بەڵام تا دەهات شادیی و سەرمەستی کیانوش و ئەسغەر زیاتر دەبوو. پاش نان خواردن، ئەسغەر ڕۆیشت سێ ساردیی زیادە بێنێ، هەرچەندە من تکام لێ کرد کە من بیان هێنم، بەڵام ئەو قبوولی نەکرد و ڕۆیشت و، پاش چەند دەقیقەیەك بە سێ ساردییەوە گەڕایەوە. سەرەتا کیانوش دەستی بە باوێشك هاتن کرد و گوتی: نازانم بۆ ئەوەندە سەرم گرانە. هەر دەڵێی ناتوانم چاوان هەڵێنم. هەر لەوێ لەسەر تەختەکە درێژ بوو و خەوی لێکەوت. پاش چەند چرکەیەك ئەسغەریش هەمان قسەی کرد. هەروەها بە گوتنی ئەم قسەیە " شاییم لە دڵێدا دەگەڕا! ". بەڵام ماوەیەکی زۆری پێچوو، تا ئەسغەریش خەوی لێکەوت. وا دیار بوو ئەسغەر زۆر بە توندیی لەگەڵ خەولێکەوتندا دەجەنگی. دەبوو من چاوەڕێ بکەم تا ئەسغەریش خەوی لێ بکەوێ،



پاشان بۆ لای جانتایەکەی کیانوش بڕۆم. بەڵام سەیر لەوە دابوو کە سەرگێژە و خەوێکی بەهێز ئامانی لێ هەڵگرتبووم. بە شێوەیەك کە تەنیا هەستم کرد کە دەبێ سەرم لە سەر دەستەکانم دانێم و ماوەیەك چاوەکانم لەسەر یەك دانێم. نازانم ئەو چەند چرکەیە چەندە درێژەیان کێشا. تەنها ئەوەم لەبیرە کە بە ڕاتەکاندنە بەهێزەکانی خاوەن خواردنگەکە و هاتوهاواری شاگردەکەی، زۆر بەزەحمەت لە خەو هەستام. لە کاتێکدا کە هەرگیز نەمدەزانی لەکوێم. سەرگەردان و وێڵ سەیری دەورروبەرم دەکرد و، هەوڵمدەدا بیر لەو جێگە و کاتە نامۆیە بکەمەوە، کە تێیدا بووم. لە کۆتاییدا خاوەنی خواردنگەکە ناچاربوو یەك سەتڵ بەفراو بە سەر و ڕوخسارماندا بکات بۆ ئەوەی خەومان لێ بڕەوێنێتەوە.

پاش لەخەو ڕابوون، دەست بەجێ سەیری کیانوشم کرد. جانتایەکەی هەر وەك پێشێ لە باوەشدا بوو، وابزانم کیانوشیش یەکەم شت کە لە دوای بێداری کردبووی، لە باوەشگرتنی جانتایەکە بوو. ئەسغەریش یەکەم چاولێکردنی بۆ لای جانتاکەی کیانوش بوو. هەرسێکمان سەرمان سوڕمابوو، کە چۆن وێکڕا خەومان لێکەوتبوو! هەڵبەت من هۆی خەوی ئەو دووانەم دەزانی، بەڵام خەولێکەوتنی خۆم بۆ من جێگەی سەرسوڕمان بوو. لە کۆتاییدا یەکترمان بەوە ڕازیی کرد کە زۆرمان خواردووە و، پاشان خەومان لێکەوتووە.

لە ڕێگەی گەڕانەوەدا هەمووومان بێدەنگ بووین و، ئەسغەر سەیارەی لێدەخوڕیی؛ چونکە کیانوش گوتی خەوم زۆر دێت و ناتوانم لە پشتی سوکان دانیشم و شۆفێری بکەم. ئەو شەوە کە گەیشتمەوە ماڵێ، لە ماندوەتیان نەمزانی چۆن چوومە سەر قەرەوێڵە و نووستم. بەیانی سەعات (١٠) تەلەفۆن زەنگی لێدا. دایکم منی لە خەو هەڵستاند و گوتی: ئافرەتێکە، دەڵێ خوشکی یەکێك لە هاوڕێیەکانی عەلیم و، کارێکی بە پەلەم هەیە!

کاتێك تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، سەرەتا نەمناسی، پاش ئەوە خانم خۆی ناساند و، گوتی: من مریەمم و، لە بابەت ڕووداوەکەی شەوی ڕابردوو زۆر سوپاست دەکەم.

من به شەرمەزارییەوە گوتم: پێویستی بە سوپاسکردن نییە، دەبێ تۆ لێم ببووری؛ چونکە نەمتوانی هیچ کارێك بکەم. خۆشم تێنەگەیشتم چۆن خەوم لێکەوت!!

مریەم پێکەنی و، بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە و، گوتی: کاتێك کە تۆ تەلەفۆنت کرد و پیلانەکەت پێ گوتم، چونکە بڕوام بە تۆ نەبوو و، شایەنی جێبەجێکردن بوو؛ واتا زۆر ئاسان بوو کە بکرێت، تەلەفۆنم بۆ ئەسغەر کرد و، پێم گوت: دەمەوێ (٢٠) ملیۆن تمەن بدەم بە کیانوش بۆ ئەوەی وێنە و فیلمەکانی لێ وەربگرم، بەڵام چونکە بڕوام بە کیانوش نییە ئامادەم هەمان پارە بدەم بە تۆ، لەگەڵ بلیتی فڕۆکە بۆ تورکیا، بە مەرجێك تۆ بە هۆی حەبی خەوەوە کیانوش بخەوێنی و، جانتایەکە بۆ من بێنی. ئەسغەر سەرەتا ڕازی نەدەبوو. زۆر زمانلووسیم لەگەڵ بەکارهێنا تا ڕازی بوو ئەم کارە بکات ئەویش هەر وەك تۆ گوتی کە بڕیارە لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانمان بۆ دەربەند بچین. خۆم حەبەکەم دان بە ئەسغەر و کەمێکیش ئامۆژگاریم کرد. هۆی خەولێکەوتنەکەی تۆش ئەو حەبانە بوون کە ئەسغەر لەناو ساردییەکەی کردبوون. کاتێك ئێوە هەرسێکتان خەوتان لێکەوت، من هاتم و جانتایەکەی کیانوشم کردەوە و هەموو ئەو بەڵگانەی لە نێو جانتایەکە بوون، دەرمهێنان و، هێندێك کاغەزی بێ کەڵکم لە جێی ئەوان دانان.

– بەڵام خۆ ئەو جانتایە ژمارەی نهێنی هەبوو، چۆن توانیت بیکەیتەوە؟ چونکە کردنەوەی جانتای ڕەمزدار کاتێکی زۆری دەوێت!

پێکەنی و گوتی: کاك عەلی، من بیرم لەوەش کردبۆوە. یەك لە ناسیاوەکانی ئێمە دەتوانێت هەر جۆرە ڕەمزێك لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا بکاتەوە. جانتای زێڕەکانی منیش ژمارەی نهێنی هەیە، چووشم بۆ لای ناسیاوەکەمان و پێم گوت: ڕەمزی جانتای زێڕەکانی خۆم لەبیر چۆتەوە، ئەویش فێری ئەوەی کردم کە لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا ژمارە نهێنی هەر جانتایەك بکەمەوە و، لە بەرانبەر ئەمەدا منیش دیارییەکی گرانبەهام دایە. دوێنێ شەو یەکەم شەو بوو، کە پاش چەندان ساڵ، بە خەیاڵی ئاسوودە سەرم خستە سەر سەرین!



بەڵام لەوانەیە کیانوش تەلەفۆن بکات و، هەموو شتێك بە مێردەکەت بڵێ.

بەبێ بەڵگە ناتوانێت هیچ کارێك بکات. وێڕای ئەوەش، من تا ئەندازەیەك مێشکی مێردەکەم ڕووناك کردۆتەوە و، ئێمە ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆش بۆ ماوەی دوو هەفتە بەسەفەر دەچین. لەو باوەڕەدام کیانوش لە ماوەی ئەم دوو هەفتەیەدا یان شێت بووە یان جەڵدە لێی دەدات، کە ئومێدەوارم ئەوەی دووەمی بێت. لە کۆتاییدا دووبارە زۆر سوپاسی تۆ دەکەم، ئومێدەوارم تۆش ئەو شتەی کە دەتەوێ، پێی بگەی و دوعاش بۆ من بکە. سەرباری ئەوەش ئاگات لە کیانوش بێت. ئەو ئێستا وەك ماری ژەهردارە کە لە هەر کەسێك نزیك بێتەوە، پێیەوە دەدات. خواحافیز، سەرکەوتوو بیت.

لە دڵی خۆمدا ئافەرینی ئەو هەموو زیرەکی و تێگەیشتنەی مریەمم کرد.

کاك نازریی، من ئەم نامەیەم لەبەر ئەوە بۆ تۆ نارد کە ئەگەر شتێك بەسەر من هات، تۆ ئاگاداری هەموو بەسەرهاتەکە بی. کیانوش مرۆڤێکی وریایە و، بێشك دەزانێ کە من دەستم لەم ڕووداوەدا هەبووە و، بە گوتەی مریەم، لەوانەیە ژەهرەکەی لە مندا خاڵی بکاتەوە و، ڕقەکەی بە من بڕێژێ. لەو میانەدا من بەسەرهاتی پێوەندیی نێوان خۆم و حۆرام لەلای دایك و باوکم بە تەواوەتی باس کردووە و، داوام لەوان کردووە ئەگەر تا دوو یان سێ هەفتەی دیکە من هیچ شتێکم بەسەر نەهات، بە ڕوخسەتی جەنابتان بۆ ڕێوڕەسمی خوازبێنی بۆ ماڵی ئێوە بێین و، ئەگەر شتێك بەسەر من هات، بێشك تۆ لە ڕووداوەکە ئاگادار بکەنەوە.

لە کۆتاییدا ئارەزووی سەلامەتی و سەرکەوتن بۆ تۆ و بنەماڵەکەتان دەخوازم.

## ((عەلی ڕەزا))

لە دوای دوو هەفتە، نزیکەی سەعات (٨) ی شەو، زەنگی تەلەفۆن لێیدا. من تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، پیاوێك بە دەنگێکی بەهێزیی پڕاوپڕ لە نیگەرانیی، داوای باوکمی کرد. پاش خواحافیزیی، تەلەفۆنەکەم دایە دەستی باوکم. باوکم سەرەتا تۆزێك سەرلێشێواو بوو. پاشان هەواڵپرسییەکی گەرم و گوڕی کرد و، لە کاتی قسەکردندا وشەی کاك هۆشمەند بە شێوەیەکی سەیر منی بۆ لای تەلەفۆن ڕاکێشا و، منیش سەراپای لەشم بوو بە گوێ، نەبادا کە یەك وشە لە قسەکانیان تێنەگەم. بەڵام دەنگی باوکم هەرزوو شێوازێکی دڵەڕاوکێ و پەژارەی بەخۆوە گرت و، تووڕەبوونێکی تایبەتیش یەخەی منی گرت. وردە وردە نیگەرانی و دڵتەنگیم زیاتر دەبوو. لەگەڵ دەربڕینی ئەم ڕستەیەی باوکم کە گوتی کاك هۆشمەند ان شاء اللّە خوا یارمەتیدەر دەبێ، ئێمە خۆمان دەگەیەنینە نەخۆشخانە. دڵم ڕێکهات. نەوەك شتێك بەسەر یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی عەلی ڕەزادا هاتبێ، خێرا پرسیارم لە باوکم کرد کە چی ڕوویداوە!

باوکم چاوێکی دڵسۆزانەی لە من کرد. هەستم کرد دڵی باوکم بەرگەی دەردێکی گران دەگرێ. دایکیشم بۆ لای ئێمە هات و دەیویست بزانێ چی ڕوویداوە. باوکم بە دەنگێکی وشك گوتی: زۆر خێرا خۆتان ئامادە بکەن، دەبێ بۆ نەخۆشخانە بچین.

دایکم بە نیگەرانییەوە گوتی: بۆچی؟ کێ لە نەخۆشخانەیە؟ پاش سەیرکردنێکی گرانیش بە باوکمی گوت: باشە قسەیەك بکە، پیاوەکە، خۆ ئێمە لە نیگەرانیدا مردین! لە کاتێکدا باوکم هەوڵی دەدا خۆی کۆنتڕۆڵ بکا و ئارامی ماڵەوە بپارێزێت، گوتی: بە درێژایی ڕێگە بۆتان باس دەکەم و، دەستی بە جل دەبەرکردن کرد و گوتی:



من دەچمە نێو سەیارە و، دوو دەقیقەی دیش بەڕێ دەکەوم، تێگەیشتن؟ ئیدی دەرگای پێکداداو ڕۆیشت.

خێرا بۆ ژوورەکەم چووم و، نەمزانی چۆن مانتۆکەم پۆشی و لەچکەکەم لەسەرنا. دایکیشم سەرپۆشەکەی لەسەرنا و بە بینینی من هاواری کرد و گوتی: حۆرا، ساردە، باڵتۆ و ملپێچ بپۆشە، بەڵام من بەبێ گوێدانە قسەکەی دایکم بۆ دەرەوە چووم. هێشتا نەگەیشتبوومە لای سەیارەکە، لە دواوە دایکم باڵتۆکەمی خستە سەر شانم و ملپێچەکەمی دایە دەستم.

ماوەیەك بوو سەیارەکە بە جووڵە کەوتبوو، بەڵام باوکم هیچ شتێکی نەدەگوت. منیش بێدەنگ بووم، لە ڕاستیدا نەدەوێرام هیچ شتێك لە باوکم بپرسم و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: لەوانەیە لەناکاو کێشەیەك، یان بەڵایەکم تووش بێت.

بەڵام دایکم دەسبەردار نەبوو. بەردەوام پرسیاری لە باوکم دەکرد. لە کۆتاییدا باوکم بێدەنگیی شکاند و، بە ناڕەحەتی گوتی: کاك هۆشمەند، تەلەفۆنی کرد.

دایکم گوتی: هۆشمەند کێیە؟ ئێمە لە خزمان و دۆست و ئاشنایانمان کەسمان بە نێوی هۆشمەند نییە. باوکم بە بێ تاقەتی گوتی: باوکی عەلی ڕەزای خوازبێنیکەرەکەی حۆرا دەڵێم.

دایکم گوتی: باشە، شتێك بەسەر بنەماڵەکەیاندا هاتووە؟

- بەداخەوە، بەڵێ.

- بەسەر کێ؟ دایکیان؟

- نەخێر و، پاش بێدەنگیەکی درێژ، درێژەی بە قسەکەی داو گوتی: بەسەر عەلی ڕەزا، هەستم کرد حاڵم خەریکە تێکدەچێ. بەرگەی ئەم قسەیەم نەگرت. دڵم دەیەویست لە قەفەسەی سینگم بێتەدەرێ و، سەرم زۆر تەواو گەرم داهات. بەڵام دەتگوت لێوەکانمیان دروون و، هەناسەم نەدەهات. دایکم ڕووی بۆ لای من وەرگێڕا و، دڵسۆزانە سەیری کردم و گوتی:

ئێستا زۆر ناخۆشە، خوا نەخواستە تەسادوفی کردووە؟

باوکیشم بە نارەحەتی گوتی: نەخێر تەسادوفی نەکردووە!

- ڕووحی ئێمەت هێنایە سەر لێوان و زراوت بردین، باشە، پێمان بڵێ چی بووە. سوپاس بۆ خوا خۆ حاڵی خراپ نییە؟

باوکیشم کە لە حەیفان دەنگی زۆر بە کزیی دەهات، وەڵامی دایەوە و گوتی: بەداخەوە حاڵی زۆر زۆر خراپە!

نەمزانی چی ڕوویداوە؛ تەنیا ملپێچەکەم بردە پێش زارم و دڵم تێکهەڵات و ڕشامەوە و حاڵم بە تەواوەتی تێکچوو. باوکم سەیارەکەی لە تەنیشت پارکێك ڕاگرت. منی دابەزاند و لە لای بەلووعەیەکی ئاو لەگەڵ دایکم دەست و ڕوخساریان بە ئاو شردم. توند دەستی لە شانی دام و گوتی: کچم، دەبێ زۆر خۆڕاگر بی. لەوانەیە بەرگەگرتنی ئەو دیمەنەی کە دەیبینی زۆر ئەستەم بێت، بەڵام دەبێ دان بە خۆتدا بگری و خۆڕاگربی و، تەنیا پەنا بۆ خوا بەری. تۆ گەنجی و خوداوەندیش دوعای گەنجانی پاکی وەکو تۆ زوو قبووڵ دەکات. حاڵی عەلی ڕەزا خراپە، بەڵام هێشتا جێگەی ئومێد هەر ماوە. تەنیا بۆی لە خوا بپاڕێوە. لەو کاتەوە تا نەخۆشخانە هەر فرمێسکم بۆ باراند. کاتێك گەیشتینە نەخۆشخانە توانام نەبوو لە سەیارەکە دابەزم، لاقم لەرزین، باوکم ژێر باڵی گرتم و بەردەوام پێی دەگوتم: کچم، خۆڕاگر بە، پشت بە خودا ببەستە! کاتێك گەیشتینە نێو سالۆنی نەخۆشخانە، لە تەنیشت درگای ﴿CCU﴾ پیاوێکی باڵابەرز و چوارشانە و موو ماش و برنجی، کە زۆر بە عەلی ڕەزا دەچوو هاتە پێشێ. لەگەڵ باوکم تۆقەی کرد و یەکدیان لە ئامێز گرت. کاك هۆشمەند گوتی: کاك نازمی، ئارەزووم دەکرد لە جێگەیەکی دی و لە کاتێکی دی یەکدیمان بینیبا، گەورەییتان نواند، هاتن، ئەمە دوا داواکاریی خودی عەلی ڕەزا بوو. خانمێك، کە ئەویش باڵابەرز و جوان بوو، بۆ لامان هات. منی لە باوەش کرد و، بە توندی منی بە خۆیەوە گوشی و گوتی: تۆ بووکە جوانەکەی منی؟ حۆرای خۆشەویست، عەلی من زۆر بە باشی باسی تۆی بۆ من کردبوو. بووکە ناسکەکەم، بۆ دەبێ تۆ لەم بارە ناخۆشەدا ببینم؟! ئیتر توانای ڕاوەستانم نەما، باوکم دەستی گرتم و لە سەر



کورسییەك داینیشاندم. دایکم بۆ لای خانم هۆشمەند ڕۆیشت و، خانم هۆشمەندیش دەستی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکە کرد.

دوێنێ شەو کابرایەك تەلەفۆنی بۆ عەلی ڕەزا کرد؛ گوتی ناوم ئەسغەرە و یەکێك لە هاوڕێکانی عەلی ڕەزام. ئەسغەر ماوەیەکی کەم لەگەڵ عەلی ڕەزا قسەی کرد. پاش ئەو تەلەفۆنە، عەلی ڕەزا تەواو گۆڕا و ئاوەژوو بۆوە، هەستم کرد تا بەیانی نەخەوت. چەند جار لە خەو هەڵدەستام، دەمبینی خەریکی نوێژکردن بوو. عەلی ڕەزا هیچ کات شەو نوێژی نەدەکرد. زۆر سەرم سوڕما. کاتێك کە ڕۆژ بۆوە، هەموومانی ماچ کرد و بە گاڵتە و پێکەنینەوە داوای لێ کردین کە گەردنی ئازاد بکەین. قسە و هەڵسوکەوتەکانی بۆ من زۆر نامۆ بوون، هێشتا چەند چرکەیەك لە چوونە دەرەوەکەی تێنەپەڕیبوو، کە دەنگی ناڵەیەکی بەرزم گوێ لێبوو. باوکی خێرا بۆ دەرەوە ڕۆیشت و دواتر دەنگی هاوار و گریان و عەلی عەلی باوکیم گوێ لێبوو. نەمزانی چۆن خۆم گەیاندە دەرەوە، کە بینیم، چ ببینم! ناپیاوێك خەنجەرێکی تا بن دەسکەکەی لە دڵی عەلی کوڕم دابوو. ئەم ڕستەیەی دوایی بە هاوار و ناڵەوە دەربڕی و، دەستی بە گریان کرد. ئیتر نەمزانی چی بووە، تەنیا بینیم کە دایکم ئاو بە ڕوخسارمدا دەکات و باوکیشم بە دەست لە گۆنام دەدات بۆ ئەوەی من بە هۆش بێنێتەوە. داوام لە باوکم کرد بۆ ئەوەی ڕێگە بدەن عەلی ڕەزا ببینم. سەرەتا باوکم ڕازی نەدەبوو. بەڵام بە پاڕانەوەی من و تکای باوکم لە دوکتۆر و پەرستارەکان، ڕێگەیاندا چەند چرکەیەك بیبینم. بۆ ژوورەوە چووم. سەرەتا عەلی ڕەزام نەناسی. دەتگوت هەرچی ئامێری هەیانە بە لەشی عەلی ڕەزایانەوە خستووە. هێشتا سەر مل و ڕوخساری دڵۆپە خوێنیان پێوەمابوون. ڕوخساریشی وەکو گەچ سپی بووبوو و، هیچ جوڵەیەکیشی نەبوو. تەماشای ئامێری خوێندنەوەی هێڵکاریی لێدانەکانی دڵیم کرد، بە ئەندازەیەك هێواش بوو، کە ترسم لێ نیشت. توانای ڕاوەستان و بینینی ئەو دیمەنەم نەبوو، لە ژوورەکە هاتمە دەرێ. باوکم و کاك هۆشمەند خەریك بوون لەگەڵ دوکتۆرەکەی عەلی ڕەزا قسەیان دەکرد، منیش بۆ لای ئەوان چووم.

دوکتۆر قسەی بۆ دەکردن و دەیگوت: بەداخەوەم خەنجەرەکە زۆر بە خراپی پێی کەوتووە و، برینەکەی زۆر سەختە، کە دڵی تا ڕادەیەك لەکار کەوتووە و ئێستا ئامێرەکان خەریکن کاری دڵ ئەنجام دەدەن. بەڵام ئەم وەزعەش ئەگەر زۆر درێژە بکێشێ، تا دوازدە سەعاتی دیکە درێژە دەکێشێ و، ئێمەش هیچ کارێکمان لەدەست نایەت!

باوکم گوتی: بەڕاستی هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نییە؟

– بۆچی نا، دانانی دڵێکی دیکە لە جێگەی دڵی کوڕەکەتان، ئەوە باشترین چارەسەرە، بەڵام ئێمە دڵی ئامادەمان نییە.

من بە خێرایی گوتم: من ئامادەم دڵی خۆم ببەخشم.

دوکتۆر بە میهرەبانی و بەزەییەوە سەیری منی کرد و گوتی: دەزانم کچم، بەڵام خۆت پێویستیت بە دڵ هەیە.

باوکی عەلی ڕەزا گوتی: دوکتۆر، من تەمەنی خۆم تێپەڕاندووە، بەڵام کوڕەکەم گەنجە. ئەگەر دەکرێ دڵی من دەربێنن و لە جێگەی دڵی ئەوی دابنێن. هەر مۆر و ئیمزایەکیشتان بوێت، ئامادەم بیکەم.

دوکتۆر گوتی: بابە گیان، ئێمە مۆڵەتمان پێنییە. نە لە ڕوانگەی شەرع و نە لە ڕوانگەی یاسا و ویژدانەوە. کە دڵی مرۆڤێکی زیندوو و ساغ و سەلامەت دەربێنین و، بۆ کەسێکی دی بیچێنین. تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە باوکیش بێت و، خۆشی ئیمزای بکات. من دەزانم کە حاڵی ئێوە چۆنە، بەڵام من هیچ کارێکم لەدەست نایەت. هەڵبەت ئێوە یەك دەرفەتتان لەپێشە، بەڵام من یەك لە هەزاریش ئەگەری دەرەتانی تێدا نابینم و، پێتان دەڵێم زۆر بەتەما بن... لە بەشی (ICU) کوڕێکی ١٦ ساڵەی لێیە، کە نزیکەی یەك مانگە گیرۆدەی مەرگی مێشك بووە. باوکیشی دوو ساڵ لەوەو پێش بە هۆی کارەساتی سەیارە گیانی لەدەست داوە و، دایکیشی تەنیا ئەم کوڕەی هەیە، لەگەڵ سەروەت و سامانێکی زۆر. تا ئێستا هەموو پارەکەی داوە بۆ ئەوەی ئامێرەکان لە کوڕەکەی نەکەنەوە و، قبووڵ ناکات کە



کوڕەکەی بمرێت و ئامادەش نییە دڵی کوڕەکەی بە هیچ کەسێك ببەخشێ. بە هیچ شێوەیەکیش ناتوانێ بەرگەی باسکردنی ئەو بابەتەش بگرێت و، هەوڵدەدات لایەنی بەرانبەر بکوژێت. بەردەوام دەڵێ: دڵی کوڕی من لێدەدات کەواتە ئەو زیندووە؛ ئێوە دەتانەوێ کوڕی من بکوژن!

ئێستا ئەگەر بتوانن ئەو ژنە ڕازیی بکەن بۆ ئەوەی دڵی کوڕەکەی بە ئێوە ببەخشێ. کوڕەکەتان ڕزگاری دەبێ، بەڵام من پێشتر پێتان بڵێم کە زۆر ئومێدەوار نەبن. چونکە پێش ئێوەش چەند بنەماڵەیەك هەمان داواکارییان لێ کردووە، بەڵام بەرەوڕووی حاڵەتێکی خراپ بوونەوە. ئومێدەوارم ئێوە سەرکەوتوو بن. تەنیا لەبیرتان نەچێ کە کاتێکی زۆرمان لەبەر دەستدا نەماوە.

دایکی عەلی ڕەزا هەموو قسەکانی دوکتۆری گوێ لێ بووبوو، خێرا خۆی گەیاندە ئێمە و گوتی: جەنابی دوکتۆر، خۆم دەڕۆم و پێیەکانی دەگرمە باوەش و، بە گریان لەبەری دەپاڕێمەوە. تکایە پێم بڵێ لە کوێیە؟

سەرەتا دایك و باوکی عەلی ڕەزا بۆ ئەوەی، بەڵکو ئەو دایکە ڕازیی بکەن. پاش ماوەیەکی کورت دەنگی هاتوهاوارێکی زۆر لە نهۆمی ژێرەوە کە ژووری (ICU) لەم نهۆمە بوو، بیسترا. باوك و دایکی عەلی ڕەزاش کە دایکی هەر نەیدەتوانی بە ڕێگەشدا بڕوات و، باوکی عەلی ڕەزا یارمەتی ئەوی دەدا بۆ ئەوەی بتوانێ بڕوات. بە شێوازێکی نارەحەتکەر، هاتنەوە.

باوکم بۆ لایان ڕۆیشت و چۆنیەتی بارودۆخەکەی لە باوکی عەلی ڕەزا پرسی و، باوکی عەلی ڕەزاش بە سەر ڕاوەشاندن و دەربڕینی وشەی ((بێ سوودە و ڕازی نابێ!)) کۆتایی بە قسەکانی هێنا.

دووبارە بێدەنگی و ناڵە دەستی پێکردەوە. هەموو حاڵەتی ماتەمینیان هەبوو. بەرگەی بینینی ئەم بارودۆخە و چاوەڕوانی مەرگی عەلی ڕەزام نەگرت. ڕووم لە باوکم کرد و پێم گوت:

بابە، من دەمەوێ بچم لەگەڵ ئەو خانمە قسە بکەم. باوکم بە ئارامی گوتی: مەگەر نەتبینی کە سوودی نییە؟!

بەڵام بابە، من ناتوانم بەرگەی ئەم وەزعە بگرم. بەهەر حاڵ خۆ من هیچ شتێك لەدەست نادەم، لێم گەڕێ بابڕۆم!

باشە، بەڵام با منیش لەگەڵ تۆدا بێم.

بە هاتنی باوکم، ئازایەتیی زیاترم پەیدا کرد. لە ڕێگەدا باوکم گوتی: حۆرا گیان، ڕوخسەت بدە سەرەتا من قسە بکەم و، تۆ هیچ شتێك مەڵێ و، لەگەڵ من وەرە.

باوکم بۆ لای دەرەوەی نەخۆشخانە ڕۆیشت. بەرانبەر نەخۆشخانەکە گوڵفرۆشییەکی لێبوو. چەند چڵە گوڵێکی سوور و گوڵی مریەم و سەبەتە گوڵێکی جوانی کڕی. پاشان پێکەوە بۆ لای ژووری (ICU) ی نەخۆشخانە بەڕێ کەوتین. کاتێك بۆ ناو ژووری (ICU) چووین. سەرەتا باوکم بە هەر یەکێك لە نەخۆشەکان سەر و چڵە گوڵێکی سوور و چڵە گوڵێکی مریەمی دانێ و، لەگەڵ هەر یەکێکیان کەمێك هەواڵپرسی کرد. گەیشتینە قەرەوێڵەی ژمارە ٧ کە ئەو کوڕە ١٦ساڵەی لێ بوو. لە سەرەتای چوونە ژوورەوەمانەوە، دایکی کوڕەکە هەر تەماشای دەکردین. سەرەتا زۆر پەرێشان دەهاتە بەرچاو، بەڵام کەم کەم لەم حاڵەتە هاتە دەرێ. کاتێك گەیشتینە قەرەوێڵەی ئەو کوڕە. باوکم گوڵەکانی پێشکەشی دایکی ئەو کوڕە کرد. ئەو خانمە کە ناوی خانم فەقیهی بوو، سەرەتا بە گومان و دوودڵییەوە سەبەتە گوڵەکەی لە باوکم وەرگرت و گوتی: من ئێوە ناناسم. دەکرێ خۆتان بناسێنن و هۆی ئەم زەحمەتەم پێ بڵێن کە کێشاوتانە؟! پاشان سەیری گوڵەکانی کرد!

باوکم گوتی: خانم فەقیهی، من پێشتر تۆم نەدەناسی و کوڕەکەشت بە هەمان شێوە، بۆ سەردانی یەکێك لە ناسیاوەکانمان بۆ نەخۆشخانە هاتبووین. یەکێك لە دوکتۆرەکان بە کورتی باسی بەسەرهاتی تۆ و کوڕەکەتی بۆ کردم. لە لایەك زۆر تەئسیری لێ کردم و لە لایەکی دیکەوە، لە دڵدا ئافەرینم بەو هەموو خۆگریی و میهرەبانییەی تۆ گوت و بڕیارمدا بێم و، تۆ و کوڕەکەت ببینم؛ هەڵبەت ئەگەر لە



لایەن تۆوە کێشەیەك نەبێ!. خانم فەقیهی، کە بە ئارامی فرمێسکی گۆشەی چاوەکانی بە دەسەسڕ پاك دەکردەوە، گوتی: زۆر سوپاس کاکە، بە ڕاستی تۆ مرۆڤیت. هیچ کەس لێرە هەست بە من ناکات و، حیسابم بۆ ناکات. هەموو دەیانەوێت ئاواتی ژیانم لێ بستێنن!

لەو کاتەدا خانم فەقیهی سەیرێکی منی کرد. سڵاوێکی کورتم لێ کرد. بە سەرڕاوەشاندن گوتی: کچتانە؟

- بەڵێ. ناوی حۆرایە، من باوکێکم کە تەنیا ئەم منداڵەم هەیە. لەبەر ئەوە هەست بە ئازارەکانی تۆ دەکەم. بۆ باوك و دایکێك ئەمە گرانترین تاقیکردنەوەی خودایە، ئێستا تۆ چەند دوکتۆرێکی دیکەش بۆ سەیرکردنی کوڕەکەت بێنەوە. لەوانەیە ئەوان ڕایەکی دی دەرببڕن.

- کاك ـ کەمێك ڕاوەستا ـــ ببوورە نازناوی بنەماڵەکەی تۆ نازانم! نازناوی بنەماڵەکەم نازمییە.

جەنابی نازمی، لەوانەیە (٣٠) دوکتۆرم زیاتر بۆ کوڕەکەم هێنابێ. هەموویان یەك شت دەڵێن. {مەرگی مێشك} . ئەوان دەڵێن: ((فەرهود))ی من مردووە، لە ڕاستیدا تەنها دڵی لێدەدات!

زۆر بەداخەوەم، خانم فەقیهی، دوکتۆر ئەتهەریش هەر وای دەگوت. بەڵام دەیگوت پاش دوو سێ ڕۆژی دیکە ئامێرەکان لە کوڕەکەت دەکەنەوە، ڕاستە؟

بەڵێ، تا ئێستا میلیۆنان تمەنم خەرج کردووە، تا بتوانم ئەم ئامێر و قەرەوێڵەیەی بۆ دابین بکەم.

خانم فەقیهی، دەزانم زۆر سەختە، بەڵام بیر ناکەیەوە ئەوجار کاتی ئەوەهاتووە کە واقیع قبووڵ بکەی؟! نازانم تۆ چەندە بڕوات بە مەعنەویات و دنیای ئاخیرەت هەیە! بەڵام ئەوەندە دەزانم کە هەموومان بۆ ئەوە لەدایك دەبین کە ڕۆژێك دنیا بەجێ بێڵین و لە بەرانبەر ئیرادە و ویست و قەزا و قەدەری خوادا، هەموومان، چ پاشا بین و چ گەدا، دەبێ سەری تەسلیم بوون بەردەینەوە.

– واتا جەنابتان دەڵێن، لە کاتێکدا کە دڵی کوڕی من لێدەدات، من بڵێم کە ئەو بخەنە ژێر گڵ. ئێوە بوون ئەم کارەتان دەکرد؟ پاشان زۆر بەقەو گوتی: نا! من هیچ کاتێك کاری وا ناکەم.

– نا خانم فەقیهی، من هەرگیز مەبەستێکی وام نەبوو. تۆ ئێستا بێجگە لە دڵی، چ شتێکت لە کوڕکەت ماوە؟ دڵیشی دوو سێ ڕۆژی دیکە لەدەست دەدەی و ئەویشت نامێنێ. من لە نهۆمی سەرەوە لە ژووری (CCU) کوڕێکی گەنجم بینی کە هەموو لەشی ساغ و سەلامەتە، جگە لە دڵی. ئەگەر من لە جیاتی تۆبام، بە پێشکەشکردنی دڵی کوڕەکەم بەو گەنجە، زیندووبوونی کوڕەکەم تا چەندان ساڵ دەهێشتەوە و، بەم کارەش هەم بۆ قیامەتی کوڕەکەم کارێکم دەکرد و، هەم دڵی بنەماڵەیەکم شاد دەکرد و، گەنجێکم بۆ ژیان دەگەڕاندەوە. لەوانەیە ویستی خودای گەورە بەم شێوەیە بێت کە دڵی کوڕی تۆ لە لەشی کوڕێکی دیکەدا تا چەندان ساڵ لێبدات.

خانم فەقیهی بە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا ڕۆچووبوو. باوکم بە ئارامی خواحافیزیی کرد و، ڕوخساری (فەرهودی) ماچ کرد و، دەستی منی گرت و، بۆ نهۆمی سەرەوە ڕۆیشتین. لە دڵدا ئافەرینم لە زیرەکی و هەستی باوکم کرد. پاش ماوەیەك خانم فەقیهیم بینی کە بۆ نهۆمی سەرەوە بۆ لای ژووری (CCU) ڕۆیشت و، ناونیشانی کوڕە گەنجەکەی وەرگرت، کە پێویستی بە دڵێکی پێشکەشکراو بوو. پەرستارێك ئەوی بۆ سەر قەرەوێڵەی عەلی ڕەزا برد. خانم فەقیهی ماوەیەکی باش لە ڕوخسارە ڕەنگ پەڕیوەکەی عەلی ڕەزا ڕاما و، هەر سەیری دەکرد. کاتێك لە ژوورەکە هاتە دەرێ، بۆ لای دایکی عەلی ڕەزا ڕۆیشت و، لێی پرسی: کوڕەکەتان چەند کاتی ماوە؛ واتا: چەند سەعاتی دیکە دەژیت؟ دایکی عەلی ڕەزا بە دەنگێکی پڕ لە گریانەوە گوتی: زۆر زۆر ئەگەر بژیت ٧ یان ٨ سەعاتی دیکە دەژیت!

خانم فەقیهی بە ئارامی گوتی: بە دوکتۆر بڵێن من ئامادەم دڵی کوڕەکەم بە ئێوە ببەخشم و، بە خێرایی بۆ نهۆمی خوارێ ڕۆیشت.



دوای دوو سەعاتان عەلی ڕەزا و فەرهود و دوکتۆرەکان لە ژووری نەشتەرگەریی ئامادەبوون. ئێمەش لە پشت دەرگای ژووری نەشتەرگەریی ئامادەبووین، دایکیشم بە چرپە قورئانی دەخوێند و دوعای دەکردن. خوشکەکانی عەلی ڕەزا لەبەر دڵەڕاوکێ و دڵەکوتێ، بەردەوام یان هاتوچۆیان، دەکرد یان دەگریان و، دایکی عەلی ڕەزاش بەردەوام دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و، هاواری ئیمامانی دەکرد. باوکم و باوکی عەلی ڕەزاش، لە بێدەنگییەکی قووڵ لە دڵدا لەگەڵ خودای خۆیان ڕاز و نیازیان دەکرد. منیش هەر خێر لە خۆگرتن (نذر)ێکی کە دەمزانی لە دڵدا کردم. تەنیا خانم فەقیهی بوو هەر کە دەرگای ژوورەکە داخرا، ئەو لە نەخۆشخانە ڕۆیشتە دەرێ.

نەشتەرگەرییەکە ٦ سەعاتی تەواو درێژەی کێشا. کاتێك دوکتۆرەکان لە ژووری نەشتەرگەریی هاتنە دەرێ، ماندووبوونێکی لە ڕادە بەدەر بە تەواوی ڕوخساریانەوە دیار بوو. باوك و دایکی عەلی ڕەزا هەردووکیان بە سەرسامییەوە بۆ لای دوکتۆرەکان ڕۆیشتن، بۆ ئەوەی لە سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی نەشتەرگەرییەکە ئاگاداربن. دوکتۆر بە ئارامی گوتی: ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دا، لێرە بەدواوە لە دەسەڵاتی خوای گەورەدایە. دوو سێ ڕۆژی دیکە ئەنجامی نەشتەرگەرییەکە دەردەکەوێت. بۆ سەلامەتی کوڕەکەتان تەنیا داوا لە خوا بکەن.

پاش چەند دەقیقەیەك ئەو نەقالەی کە عەلی ڕەزای لە سەر درێژ کرابوو لە ژوورەکە هاتە دەرێ. هەموومان بۆ لای نەقالەکە چووین. بەڵام یەك لە پەرستارەکان، کە وا دەهاتە بەرچاو لێپرسراوی گشت پەرستارەکان بێت، بە ئاماژەکردن بە ئێمەی گوت: کە لە شوێنی خۆمان نەجووڵێین و، خۆی بۆ لای ئێمە هات و گوتی: نەشتەرگەریی نەخۆشەکەی ئێوە، نەشتەرگەری چاندنی دڵ بووە. واتا گرنگترین و ناسکترین نەشتەرگەریی، بچووکترین کاردانەوەی هەڵەی ئێوە بۆی هەیە، کە گیانی نەخۆشەکەتان بۆ بارێکی ترسناك بەرێ. زۆر بە ئارامی و بێدەنگی لە دوور تەماشای بکەن. ئێستا ئەو دەست بەجێ بۆ ژووری (CCU) دەگوازرێتەوە. تا چەند ڕۆژی دیکەش کەس بۆی نییە سەردانی بکات. ئێوە تەنیا دەتوانن تەلەفۆن لەگەڵ

لێپرسراوانی بەشدا بکەن و لە حاڵ و وەزعی ئاگاداربن، یان دەتوانن بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك لە دوورەوە سەیری نەخۆشەکەتان بکەن. کەواتە، بە هیچ شێوەیەك نابێ گریان و ناڵە و هاوار لە ئارادا بێت. هەتا نابێ ناوی نەخۆشەکەش بێنن و بانگی بکەن. کاتێك دوکتۆرەکان لە سەرکەوتنی تەواوی نەشتەرگەرییەکە دڵنیا بوون، ئەوجار ڕێگەی سەر لێدانی دەدرێت. کە سەردانیشتان کرد دووبارە دەبێ بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك و لە دوورەوە و بە ڕوخسارێکی شاد و هەواڵی خۆشەوە بێت. ئومێدەوارم هەمووتان لە قسەکانم تێگەیشتبن. پرسیارێکتان نییە؟ هەموومان بێ دەنگ بووین. پەرستارەکە خەندەیەکی کورتی کرد و گوتی: باشە، خۆشحاڵم، کەواتە ئیدی ئێمە هیچ کارێکمان بە ئێوە نییە. ڕۆژتان باش و بە ئومێدی دیدار. هەروەها بە ئاماژەی دەست بە ئێمەی گوت کە لە بەشەکە بچینە دەرێ و، پاشانیش ڕێنوێنی ئێمەی کرد بۆ ئەوەی لە نەخۆشخانەش بڕۆینە دەرێ.

لە بێدەنگییەکی تاڵدا هەموومان خواحافیزیمان لێك کرد. پاش چوار ڕۆژی زۆر سەخت، دوکتۆرەکان ڕایانگەیاند کە خۆشبەختانە نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بووە و، چاندنی دڵەکە سەری گرتووە. لە خۆشیان نەمدەتوانی لە سەر لاقان ڕاوەستم، ئەو ڕۆژە لەگەڵ باوکم و دایکم بۆ نەخۆشخانە چووین، بەڵام تەنیا ڕێگەیان دا کە بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك بە جلی تایبەتی و دەمامکەوە بۆ بینینی عەلی ڕەزا بچین. عەلی ڕەزا سەیری منی دەکرد. بەڵام وا دەهاتە بەرچاو کە هێشتا هەر شێواو و سەرگەردانە. دوای دوو ڕۆژ ئەویان بۆ ژووری ئاسایی گواستەوە.

ئەو ڕۆژە بەیانی زوو بە هەر زەحمەتێك بێ باوکم لە خەو هەڵستاند و تکام لێ کرد چەند سەعاتێك مۆڵەت وەبگرێ و، بۆ سەر کارەکەی نەچێ. بۆ ئەوەی بۆ سەردانی عەلی ڕەزا بۆ نەخۆشخانە بچین. لە کۆتاییدا باوکم ڕازیی بوو. بۆ نەخۆشخانە بەڕێ کەوتین. دەمەویست یەکەم کەس بم کە ئەو ببینم. سەرەنجام گەیشتینە نەخۆشخانە. ماوەیەك ڕاوەستاین هەتا گوڵفرۆشەکە بێت و دووکانەکەی بکاتەوە. من چەپکە گوڵێکی بچووك و جوانم داوا کرد، بەڵام باوکم چەپکە گوڵێکی جوان و گەورەی



ویست. ئەو ماوەیەی کە گوڵفرۆشەکە دەسکە گوڵەکەی بۆ باوکم ئامادە کرد، باشترین هەل بوو بۆ ئەوەی من بە تەنیایی بۆ بینینی عەلی ڕەزا بچم. باوکیشم ڕێی لێ نەگرتم. بە پەلە بۆ بەش ڕۆیشتم و بە وەرگرتنی مۆڵەت لە لێپرسراوی پەرستارەکان، بۆ ژوورەوە چووم. عەلی ڕەزا خەوتبوو. خەوێکی زۆر ئارام. ڕاوەستام و سەیرم کرد. کاتێك برینی دڵیم بە بیر دەکەوتەوە دڵم بە ژان دەکەوت. بەڵام دواتر قسەی لێپرسراوی پەرستارەکانم بە بیر دەکەوتەوە. بە ئارامی هەر بەو شێوەیەی کە ڕاوەستا بووم، گوڵەکانم لێك جودا جودا کردنەوە و چەند چڵە گوڵێکم لە تەنیشت ڕوخساری دانا. کاتێك پەڕی گوڵەکان بە دەم و چاوی کەوتن سەرەتا بە دەست گوڵەکانی لابردن، بەڵام پاشان وەك ئەوەی کە بۆنی گوڵەکانی کردبێ. چاوەکانی هەڵێنا. سەرەتا زۆر بە سەرسوڕماوییەوە سەیری منی کرد. پاشان بە پێکەنینەوە گوتی: حۆرا بە ڕاستی ئەوە خۆتی، یان خەریکم خەون دەبینم؟!

- هەر جۆرێك کە پێت خۆشە وا بیر بکەوە، بەڵام من حەزدەکەم وا بیر بکەیەوە کە بەخەبەری. چڵە گوڵێکی سووری بە ئارامی بە ڕوخسارمدا هێنا و گوتی: ئەمە جوانترین بەیانییە کە چاوەکانمی تێدا هەڵبێت. منیش هەر بە پێکەنینەوە سەیری ڕوخساریم دەکرد. یەك لە خونچەکانی دایە دەستم و گوتی: حۆرا، هەمیشە پێبکەنە؛ بە پێکەنین وەك فریشتەکان دەچی! پاشان گوتی: بە ڕاستی حۆرا، کاتێك بۆنی گوڵەکان بە لووتم گەیشت، وامزانی لە بەهەشتم و، ئەمە بۆنی گوڵی بەهەشتە کە بە لووتم دەگات. حۆریەکی زۆر جوانیش لە پەنام نیشتبوو، کە خەریك بوو گوڵی دەدامێ. نازانی لە چ خۆشییەکدا بووم!

بە ناڕەحەتی گوتم: ئەو حۆرییە شێوەی چۆن بوو؟

- زۆر جوان بوو، تا ئێستا هیچ حۆرییەکم بەم جوانییە نەبینیبوو. حەزم دەکرد ئەو چرکەساتە بە هیچ شێوەیەك تەواو نەبێت.

بە ناخۆشییەوە گوتم: کەواتە ببوورە، و دیارە من ئەو کاتە خۆشەم لێ تێکدای!

تۆ خۆت گەورە و بەسۆزی. پرسیاری ناوەکەشم کرد، دەتەوێ بزانی ناوی ئەو حۆریە چی بوو؟

نەخێر، هیچ پێویستم بە زانینی ناوەکەی نییە.

بەڵام من پێت دەڵێم. ناوەکەشی هەر وەك خۆی جوان بوو. ناوی حۆرا بوو!

گەڕامەوە بۆ ئەوەی خۆمی لێ مۆڕ بکەمەوە و نێوچاوانم گرژ بکەم، بەڵام نەمتوانی. پێکەنیم. ئێستا بە ڕاستی پێم بڵێ: بە ڕاستی بوو، یان گاڵتە بوو.

ئەگەر بەڵێنم پێ بدەی کە هەمیشە پێبکەنی و خۆت مۆڕ نەکەیەوە، گاڵتە بوو.

لە هەمانکاتدا پەرستارێکی پیاو، کە دەمامکی بە ڕوخسارەوە بوو، هاتە ژووریّ. سەرەتا سەیری منی کرد، پاشان بۆ لای عەلی ڕەزا ڕۆیشت و پاش ڕاوەستانێکی کورت، بەبێ ئەوەی کارێك بکات، لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەرێ. پاش ڕۆیشتنی ئەو، عەلی ڕەزا دالّغەی لێدا. هۆی بێدەنگییەکەیم لێ پرسی، گوتی: شێوازی سەیرکردنەکەی سەیر بوو. کەسێکی بە بیر هێنامەوە کە من هیچ یادگارییەکی باشم لەگەڵ ئەودا نییە، بەڵام هەر چەندە بیر دەکەمەوە بە بیرم نایەتەوە کێیە!

تکایە تەنیا بیر لە یادگاری خۆش و مرۆڤی باش بکەوە، باشە؟ بەڵێن دەدەی؟

بەڵێن دەدەم. بە ڕاست تۆ لەگەڵ کێ هاتییە ئێرە؟

لەگەڵ باوکم.

ئەدی باوکت لە کوێیە؟

وابزانم لە دەرەوە ڕاوەستاوە تا من بانگی دەکەم!

بە نارەحەتی گوتی: من لە شەرمان مردم. حۆرا ئەدی بۆچی لەم هەموو ماوەیەدا هیچت نەگوت؟

ڕاستییەکەی بۆ خۆشم لەبیرم چووبۆوە. پاشان بانگی باوکمم کرد، کە بە چەپکە گوڵێکەوە لە تەنیشت دەرگای ژوورەکە، لە دیوی دەرەوە ڕاوەستابوو، گوتم: عەلی ڕەزا ئێستا لە خەو هەستاوە، بابە، تکایە وەرە ژوورەوە!

**********



لە یەك لە جوانترین ڕۆژەکانی بەهاردا، جوانترین ڕۆژی ژیانی من و عەلی ڕەزاش داهات. کاتی بەیانی، قامکی ناسکی باران بە چەند لێدانی ورد و لەسەرخۆ لە شووشەی پەنجەرەکەم، لەخەو هەڵی ستاندم و، بە دەست خۆم نەبوو پەردەی سەر چاوانم لادرا. بۆنی گڵی شێدار بە شێوەیەکی بێ کۆتایی منی بۆ لای پەنجەرەکە ڕاکێشا. تاکەکانی پەنجەرەکە کە ئاشقانە پێکەوە نووسابوون، من زۆر بێ شەرمانە لێکم جودا کردنەوە و، هەوای شێدار و لەسەرخۆی کەش و هەوای دەرەوەم بە تامەزرۆییەکی لە ڕادە بەدەر هەڵمژی و، بۆ سییەکانم ڕەوانە کرد.

چاوم بە تاقە دار سێوەکەی نێوەڕاستی حەوشە کەوت، هێندە مەست و سەرخۆش بوو، کە لە جوانی و ناسکیدا لە نێو درەختەکانی دیکەدا سەرگەرمی مەکر و ناز بوو، خۆزگەم بەو دار سێوە خواست. بەڵام لە دڵدا دەمگوت مافی خۆیەتی کە بەم شێوەیە بێت. ئەو دارسێوە بەو جلە سپیانەی کە لە خونچەی بۆنخۆش دروستکرا بوون، سەراپای لەشی داپۆشرا بوو، بوو بوو بە بووکێك لەو نێوەدا هاوتای نەبوو، ئەو هەموو ناز و جوانیەشی لە بەرەکەتی خوا وەرگرتبوو. چاوم لەسەر ئەو هەموو جوانی و شکۆیە هەڵگرت و، خەریکی سەیرکردنی درەختەکانی دیکە بووم. لە دوورەوە چاوم بە گوڵە سوورەکەی گۆشەی باخەکە کەوت. چەند گوڵێکی سووری تازە پشکووتوو بوون و لە ژێر قەترە بارانەکان سەرگەرمی خۆ شۆردن بوون. وەسوەسەی لێکردنەوەی ئەو گوڵانە زۆر سەیر کەوتبووە گیانم. خێرا خۆم گەیاندە حەوشە و لە پەنا گوڵەکان ڕاوەستام. ئەوانیش بە بینینی من خۆشحاڵ بوون و زۆر بە دڵفراوانی و بەخشندەیی گوڵاوەکەیان لە دەوروبەر بڵاوکردەوە. بە شەرمەوە بەرانبەر ئەم هەموو دەست و دڵفرەوانییە، دەستم لە گەردنی یەك لەو گوڵانە نزیك کردەوە، بۆ ئەوەی بە یەکجاری تالانی بکەم. بەڵام دڵۆپە فرمێسکێك کە لە پەلکە گوڵێکی ناسك و تورتەوە بە سەر دەستمدا تکەی کرد، دڵمی شۆردەوە. گوڵەکەشم لاواندەوە و دەستم بە سەریدا هێنا و لێی گەڕام و، بۆ ژوورەکەم گەڕامەوە و، لە بەردەم ئاوێنە ڕاوەستام. مووەکانم بە

دەستە توند و تۆڵ و ڕێکەکانی شانە سپاردن، تا لە پەرێشانی و ئاڵۆزی ڕزگاریان بکەن. پاشان بە ڕوویەکی گەشەوە بۆ لای دایك و باوکم ڕۆیشتم.

دوای چەند دەقیقەیەك زەنگی دەرگا هاتنی عەلی ڕەزای ڕاگەیاند و ساتەکانی دواتر هەردووکمان لە تەنیشت یەك بە مەبەستی چوون بۆ ئارایشگا بە جووڵە کەوتین. مۆسیقایەکی هێدیش کە لە بڵندگۆکانی سەیارەکە پەخش دەبوو، لە سەر دڵەکانمان نیشتبوو و، لە جیاتی لێوەکانمان قسەی دەکرد؛ قسەگەلێکی شیرین و دڵگیر و خۆشەویست. هەموو شتێك بۆ من خەیاڵی بوو، حەزم دەکرد چرکە بە چرکە دیمەنەکانی ئەو ڕۆژە لە میشکمدا هەڵقەنم و، بنووسمەوە، بۆ ئەوەی لە چرکەساتە ناخۆشەکانی ژیانی هاوبەشیماندا، بە یادکردنەوەی ئەوانە، نەخشێکی نوێ لە سەر گیانی ژیان دابنێم. لە کوتاییدا گەیشتینە ئارایشگاکە. بینینی ڕوخسارە دڵگیرەکەی مریەم و مینا (خوشکەکانی عەلی ڕەزا) ئارامێکی زیاتری بە من بەخشی. بە درێژایی سەعاتەکانی چاوەڕوانی بە قسە و مەبەستە شیرینەکانی مریەم و مینا، خێرایی تێپەڕبوونی سەعات و دەقەکان زیاتر دەبوو. سەرەنجام چاوەڕوانی تێپەڕی و عەلی ڕەزا لەگەڵ وێنە گرێکی ئافرەت گەیشتە جێ. بەڵام جوانتر، میهرەبانتر، بە ڕوخسارێکی پیاوانەتر کە جیا لە هەموو کاتێك دەهاتە بەرچاو. هەر بەو شێوەیەی کە بە وریایی و تێڕامانەوە سەرگەرمی سەیرکردنی ڕوخساری من، لە ژێر تاراکەمەوە بوو، چەپکە گوڵێکی دایە دەستم.

وێنەگرە ئافرەتەکە دەنگێکی گڕ و ناخۆشی هەبوو، داوای لە هەمووان کرد بۆ ژوورێکی دیکە بچن و تۆزێك قەرەباڵغی کەم بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانێ لە کەش و هەوایەکی زۆر ئارامدا، کارەکەی بە باشی جێبەجێ بکات و، وێنەکانی ئێمە بگرێت. پاش چوونە دەرەوەی هەموانیش، خەریکی ئامادەکردن و ڕێك و پێك کردنی کامێرەکەی بوو. لەو کاتەدا عەلی ڕەزا هەوڵی دەدا من ڕازیی بکات بۆ ئەوەی تارایەکە لە سەر ڕوخسارم لابدات منیش ڕازیی نەدەبووم.



وێنەگرەکە تۆزێك بێ سەبر بوو، بە عەلی ڕەزای گوت: کاکی زاوا، پەلە مەکە بۆ ئەوەی بە زوویی تارا لە سەر ڕوخساری لابدەی، ئێستا پشت لە من بکەن و، ڕوو لە دیوار و، هەر کاتێك بانگم کردن، بە ئارامی ڕوو لە من بکەن.

هەردووکمان هەر وەك منداڵان کە گوێ لە فەرمانەکانی مامۆستا دەگرن، گوێمان بۆ قسەکانی شل کرد و، ڕوو لە دیوار و پشت لە وێنەگرەکە ڕاوەستاین. پاش چەند چرکەیەك، دەنگێکی پیاوانە داوای لێ کردین کە ڕوو بۆ دواوە وەرگێڕین. ڕوومان بۆ لای ئەو وەرگێڕا و، سەرمان سوڕما؛ لە جیاتی وێنەگرە ئافرەتەکە پیاوێکمان بینی! بەڵێ، ئەو پیاوێك بوو کە جلوبەرگی ئافرەتانی پۆشیبوو. دەنگێکی کز لە گەرووی عەلی ڕەزاوە بە گوێم گەیشت، کە گوتی: کیانوش!

کیانوش سیلاحێکی لە دەستدا بوو و، بە دەنگێکی ناخۆش و تاڵەوە گوتی: عەلی گیان، بیستبووت کە دەڵێن "کێو بە کێو ناگات، بەڵام مرۆڤ بە مرۆڤ دەگات" جا ئێستاش، لە باشترین چرکەساتدا، من بە تۆ گەیشتم. ماوەیەکە چرکە ژمێری بۆ دەکەم. ئێستا تارایەکە لە سەر ڕوخساری بووکەکەت لابە و، باش سەیری بکە!

عەلی ڕەزا دوودڵ بوو، بەڵام بە دووبارەکردنەوەی قسەکەی ئەو، تاراکەی لەسەر من لادا. کیانوش گوتی: بووکێکی جوان و ناسکت هەیە، پیرۆزباییت لێ دەکەم، بەڵام بە داخەوە دەبێ زۆر زوو خواحافیزیی لێ بکەی!

عەلی ڕەزا بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی: کیانوش، تو بۆ خاتری ئەو شتەی دەیپەرستی، واز لەو بێنە و، کارت بە سەر بووکەکەمەوە نەبێ. هەر بەڵایەکی دەتەوێ، بەسەر منی بێنە!

- نا، گیانە؛ لێرە بە هەڵە تێگەیشتوویی. بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ئامانجی من هاوسەرە جوانەکەتە. کاتێك لەشی بە گوللە دابێژراوی دڵبەرەکەت لە ئامێز گرت و هەموو ئاواتەکانت لەت و پەت بوون، بۆ خۆشت دەمری؛ بە ڕووح و لەش دەمری، هەر چۆنێك بێ، تازە مردووی. ڕێك وەکو من، وەك چۆن تۆ هەموو

ئاواتەکانی منت لە باوەشمدا لەت و پەت کردن، من هیچ کارێکم بەسەر تۆوە نەبوو. ئەوە تۆ بووی کە دەستت پێ کرد، کەواتە چۆنت چاندووە، ئاواش بیدروەوە!

باوەڕم بە ڕاستی ئەم دیمەنە نەدەکرد. وام بە بیردا دەهات کە من خەریکە فیلمێکی سینەمایی دەبینم. گێژ و لاڵ سەیری عەلی ڕەزام دەکرد، کاتێك دیتم عەلی ڕەزا دەستی لە سەر دڵیەتی و لە سەر زەوی چۆکی داداوە، بە خۆم نەبوو، تاهێزم تێدا بوو چریکاندم. دەنگی گوللەیەك بەرز بۆوە و، ئیدی من هیچ شتێك تێنەگەیشتم.

کاتێك بەهۆش هاتمەوە، جگە لە عەلی ڕەزا هەموو لە دەورم کۆبووبوونەوە. لە دەوروبەر چاوم بۆ عەلی ڕەزا دەگێڕا و، بە گریانەوە لە حاڵی ئەوم دەپرسی.

مریەم لە کاتێکدا کە دڵی دەدامەوە، بە میهرەبانی گوتی: نیگەران مەبە، حۆرا گیان! حاڵی عەلی ڕەزا زۆر باشە، ئێمە هەر لەبەر دڵی نیگەران بووین، بۆیە تەلەفۆنمان بۆ سەیارەی فریاکەوتن کرد کە بێت و عەلی ڕەزا بۆ نەخۆشخانە بەرێت و لەوێ حاڵ و وەزعی کۆنترۆڵ بکەن.

هاوارم کرد، گوتم: درۆ دەکەن!

مریەم و ئەوانەی کە لە دەوروبەری بوون، کە لەو کاتەدا هیچیانم نەدەناسی، بۆ سەلماندنی قسەکانیان زۆر هەوڵیان دا، بەڵام من باوەڕم پێ نەکردن. گوتم: ئەگەر ڕاست دەکەن، منیش بۆ نەخۆشخانە بۆ لای عەلی ڕەزا، بەرن.

سەرەنجام هەر بە هەمان جلوبەرگی بووکێنی و ئارایشەوە کە زۆر بە خراپیی تێکچووبوون، بۆ نەخۆشخانە ڕۆیشتین. عەلی ڕەزایان لە سەر قەرەوێڵەیەك خەواندبوو. پێیەکانم هێزیان لێ بڕابوو، توانای بە ڕێگادا ڕۆیشتنم نەبوو. باوکی عەلی ڕەزا بۆ لام هات و ژێر باڵی گرتم و، بە خۆشەویستی ماچی کردم و، بۆ لای عەلی ڕەزای بردم. چاوەکانی عەلی ڕەزا کرابوونەوە و، سەیری منیان دەکرد. باوەڕم نەدەکرد کە عەلی ڕەزا زیندوو بێ و، تەنانەت باوەڕم نەدەکرد کە ئەوە سەیرم دەکات. سەرم لە سەر سینگی دانا و، بە کەمێك لوشمە لوشم دەستم بە گریان کرد.



بەڵام ئەم جارە دەستە گەرمەکانی عەلی ڕەزا بە فریام کەوتن و بە دەست پێدا هێنانی سەر و ڕوخسارم، مزگێنیی زیندووبوونی دامێ و، منی لەم بارە ڕزگار کرد.

بەڵێ عەلی ڕەزا زیندووبوو، هیچ گوللەیەکیشی وێ نەکەوتبوو. تەنیا پاڵەپەستۆی تووڕە بوونی ئەو کاتە، ئازاری دڵی دابوو و، لە سەر زەوی چۆکی دادابوو.

بەڵام ڕووداوەکە، بەم شێوەیە بوو: کیانوش بە دزیی سۆراغی عەلی ڕەزای کردبوو و، زانیبووی کە ئێمە بۆ ڕۆژی بووك گواستنەوە بۆ کامە ئارایشگا دەچین. پاشان بە جلوبەرگی ژنانەوە بۆ ئارایشگاکە چووبوو، لە ئارایشگاکە بە وێنەگر خۆی ناساندبوو و، بە هەر شێوەیەك بوو، وێنەگرتنی ئاهەنگەکەی ئێمەی بە ئەستۆی خۆی گرتبوو. کاتێك کیانوش دەرگا لە سەر ئارایشگەرەکان و یاوەرانی بووك کە مریەم و میناشیان لەگەڵدا بوون، دادەخات، مینای خوشکی بچووکتری عەلی ڕەزا بە زۆرزانیی و خۆتێهەڵقورتێنیی خۆی، لە کونی کلیلی دەرگاوە هەموو شتێك دەبینێ و، بەوپەڕی ئازایەتی، لەسەرەخۆ دەچێتە نێو سالۆن و، بە جانتا قورسەکەی دەستی، توند لە سەری کیانوش دەدات و، بێ ئامانج گوللەیەك لە تفەنگەکە دەدەچێت. هەڵبەت گوللەکە بە بنمیچی ژوورەکە کەوتبوو و، لەو کاتەشدا من لە هۆش خۆم چووبووم و عەلی ڕەزاش بە بێ حاڵی لە سەر زەوی کەوتبوو. بە کورتی ئەوانی دیکەش بۆ یارمەتیدانی مینا دێن و، پاشان چەند نەفەرێك لە دەرەوەی ئارایشگاوە بۆ یارمەتی دێن و کیانوش دەسگیر دەکەن، دوایی عەلی ڕەزا بۆ نەخۆشخانە بەرێ دەکەن.

سەرەنجام ئەو شەوە بە جەخت و پێداگریی عەلی ڕەزا، بووك گواستنەوە سەری گرت و، ئەو یادگارییە تاڵ و ترسناکە بوو بە یادگارێکی شیرین و دڵگیر.

لە دواییدا کردار و ڕەفتاری شارەزایانە و کۆمیدیانەی مینا و مریەم دەرهەق بەسەرهاتی ئەو ڕۆژە، بووبوو بە بابەتێکی خۆش و بە تامی گەرم کردنی کۆڕ و مەجلیسەکانی ئێمە.

**کۆتایی**